# گەلاوێژی نوێ

گۆڤارێکی ئەدەبیو روناکبیرییە بنکەی ئەدەبیو روناکبیریی گەلاوێژە

34

**خاوەنی ئیمتیاز**

بنکەی ئەدەبیو روناکبیریی گەلاوێژ

**سەرنووسەر**

عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی

**دەستەی نووسەران**

سەلاح محەمەد -سامی هادی- محەمەد کەریم-

کاوەحاجی عزیز- محێدین محمود

**سەرپەرشتیاری هونەری**

بەختیار سەعید

**مۆتیڤ**

شوعلە سلێمان


پەیوەندی لەرێگەی سەرنووسەرەوە دەبێت

یان: Email

galawezhinwe@yahoo.com

گەلاوێژی نوێ لەتۆڕی ئەنتەرنێتدا

www.madaneat.org

ئەدرەس:

سلێمانی -شەقامی سالم- بنکەی ئەدەبیو

روناکبیریی گەلاوێژ

پەیوەندی کردن لەهەندەرانەوە:

سەنتەری سلێمانی

(تەلەفون ٠٠١٢١١١٢٨٩٦٣٣٠٤)

(فاکس ٠٠١٢١١١٢٨٩٦٣٣٠٥)



مۆنتاژی کۆمپیوتەر: یادگار عبدالله

پیتچن: ژاڵا خەیلانی

فەرز: جلیل حسین

ئۆفسێت: چاپخانەی داناز

چاپی بەرگ: ئۆفسێتی روون

ژمارەیەکی گەلاوێژی نوێ لە(مایسی ١٩٩٧)دا دەرچووە.


حوزەیران

2004

# لەم ژمارەیەدا


سپیدە ٣

مۆدێرنێتە
ئیسماعیل ئیسماعیل زادە ٥

شیعرو شارستانی
حەمەی ئەحمەد رەسوڵ ٩

نیتشەو شیعر
محەمەد سالار عەلی ١٨

چاوپێکەوتن لەگەڵ:
سیوران
سەلاحی موهتەدی
سامان محەمەد ٣٢

دەق و رەخنە:
زاهیر لەتیف ٧٧

دەق:
ئاکۆ کەریم مەعروف
رەسوڵ سۆفی سوڵتانی ٨٦

فەرەنسا بۆ سیمۆن دۆبۆڤوار گریا
شیرین .ك ١٠٦

چەمکی سیاسەت لای میکاڤیلی
مەجید ساڵەح ١١٧

نەتەوایەتی بوزی
فوئاد تاهیر ١٣٥

رۆشنبیرو کۆمەڵگا
دلاوەر عەبدوڵڵا ١٤١

شانۆیی نەوەتان مرۆڤ و شیکردنەوەیەکی رەخنەیی
زانا خەیلانی ١٤٩

گەشتی روناکبیری ١٥٤

# سپیدە

هاوڵاتیبوون خەونێکی دێرینی کوردبووە، چونکە هەمیشە پەراوێز خراو بووەو نەک بە پلەدوو بەهاوڵاتی پلەسێ وچوار وپێنجیش دانراوە، بگرەلەهەندێک شوێندا هەربەهاوڵاتیش دانەنراوە بچوکترین مافی خۆی،وەک ئینسان، لێزەوت کراوە. ئەمڕۆش لەقۆناغێکی تردا کەتێیدا بانگەشە بۆدیموکراسیو مافی هاوڵاتی و چۆنێتی بەهاوڵاتیبوون دەکری، دیسانەوە خەریکە دەخرێتە پەراوێزەوە وهەر دەبێتەوە بە هاوڵاتیە پەراوێز خراوەکەی جاران. نکۆڵی لەوەناکرێ کەسەردەم سەردەمێکی ترەو زەمەنیش زەمەنێکی تر، ترس و دڵە ڕاوکێو بێتەمانی نەماوە یان بابڵێین کەم بۆتەوە، بەڵام ئەبێ هەموولایەک تێبگەن کەئەمە هەرپۆکورد نییە، بەڵکو بۆهەموو عێراقییەکانە، بۆیە شیاونییە لەهیچ هێزێکی ناوخۆ و دەرەوە قبوڵ بکرێت ئەوەبدەنەوە بەچاو کوردا، کاتێک لەسەر مافە دێرینەکانی خۆی وکۆکردنەوەی پارچە بەزۆر لەتکراوەکانی، پێدابگرێت. کێشەی کورد هەرئەوە نییە زەبرو زەنگ و ترسی تۆپ و فرۆکەی لەسەر هەڵبگیرێت وبەس بەڵکو خاوەنی مافی ڕەوای نەتەوایەتی خۆیەتی، خاوەنی زنجیرەیەک شۆڕشی گرێدراوە بەیەکەوە، خاوەنی هەزارەها روباری خوێن و چەندین میر نیشین و شۆڕشی بەزۆر روخێنراوە، میللەتی کورد هەرلەمێژووەوە شەو ڕۆژی لەگەڵ زوڵمی داگیر کەراندا بەسەر بردووە بەڵام لەگەرمەی چەرمەسەری و شێوازی تۆقاندنی چەوسێنەراندا گوتاری بەرەنگاری خۆی پتەو کردۆتەوە. لەپارچە کوردستانێکی لکێنراو بەتورکیاوە لەساڵەکانی بیست و سیدا ، بەپێی ئامارێک کەلەلایەن حیزبی چەپی تورکیاوە بەئەنجام گەیەنراوە، یەک ملیۆن و نیو کورد کوژراون ئاوارە کراون، پاش چەندین دەیە بەسەر ئەوەدا شۆڕشی دەست پێکردۆتەوە. بۆیە بۆکەس ڕەوانییە مافە دێرینەکانمان بخاتە پەراوێزەوە بەبیانوی ئەوەی لەدەست زوڵم و زۆر ڕزگارمان بووە. هەرلێرەوە دەڵێین: هاوڵاتی بوونی راستەقینە ئەوە ناگەیەنێت کوردێک بۆی نەبێت پلەی یەک لەپێکهاتەی عێراقی نوێدا وەربگرێت، لەژێر سایەی هاوڵاتی بووندا کەسانی سەر بەکەمایەتیەکانیش وەک زۆرینەکان هەموو مافێکیان هەیە، خۆئەگەر بەرێژەی کوردیش بێت لەعێراقدا ئەوەبایی ئەوەندەی لەلایە کەیەکێک لەپلە سەرەکیەکانی پێکهاتەی حکومەتی دەست کەوێت. من وەک هاوڵاتییەکی کورد لەکوردستانێکی سەربەخۆ یافیدراڵدا ئامادەم عەرەبێک یائاشورییەکی کوردستان حوکم بکات پلەی سەرەکی حکومەتی پێبدرێت، بەڵام ئەوپلەیانەیش کە بوونی نەبووەو بەپێشنیازی نوێی هەندێک لایەنی عێراقی داوای (ئیستیحداسی)دەکەن ڕەنگە تێپەڕاندنی جۆرە فێڵێک بێت بەسەر کوردا بۆئەوەی وازلەپلەو پایە سەرەکییەکان بهێنێت، ئەگینا پێشنیاز کردنێک بۆداهێنانی پلەی سەرۆکی دەستەی راوێژکاران ودانی بەکورد ، خوێندنەوەیەکی سەرپێی بۆبکرێت، چ دەگەیەنێت تەنها سوکە قەناعەتکردنێک نەبێت بەکورد؟ چۆن چۆنی نیازو نییەتی ئەمریکیەکان بخوێنینەوە کەداوامان لێدەکەن واز لەداواکردنی پلە سەرەکییەکانی حکومەتی نوێ بهێنین، یا هەڕەشە دەکەن، یادەیانەوێ بەئەرمی قەناعەتمان پێبکەن. لەم سەرەتایەدا کەشتەکان دەچەسپێن و دەچنە سەر هێڵی خۆیان دەمانکەن بەپلە دوو ئیتر هیچ شتێک دەمێنێت وات لێ بکات و وابیر بکەیتەوە لەئاییندەدا ئەو زنجیرە شتی چەوری

بۆکورد دانابێت؟ یاخود هەرئەوەیە بەپێی سیاسەتەکەی خۆی دەجولێتەوە، کوردستانی عێراق ناوچەیەکی ئارامەو بێ مەترسییە بۆ بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا، شارەکانی خوارو ی عێراقیش ناوچەیەکی گەرمە، گەرمە بەئاگری ڕوداوەکان، بۆسارد کردنەوەی ئەو ناوچە گەرمەو وهێور کردنەوەیان وێستیان تێردەکات.. لەم حاڵەتەیشدا ئێمە دەبین بە قوربانی..

چاکتر وابوو سیاسەتی کوردی پەنای ببردایەتە بەر شێوازێکی دووسەر، لەپاڵ جموجول و هەوڵی خۆیان بۆیەك لاییکردنەوەی ئەم کێشانە وەك سیاسی، سیاسەتی ڕۆژانەی خۆیان بکردایە، بەڵام ڕێگایان بۆجەماوەر خۆش بکردایە بێتە سەر شەقام بەشێوازی جۆراو جۆر فشاریان دروست بکردایە. ڕیز بەستن ودیوار دروست کردن لەکوڕو کاڵ و کیژۆڵەو فەرمانبەر بەمەبەستی پێشوازیکردن کارێکی وا ئیجابی ناکاتە سەر سیاسەتیئەمریکی • • • چونکە سیاسەتێکە لەهەندێك ڕووەوە پشت بەفەلسەفەی پراکماتیزم دەبەستێت لەهەرکوێ لە هەرکاتێکدا کارەکانی عەمەلیو بەسوود هاتەدەست ئەوەهەندێك شت فەرامۆش دەکات، باپەیوەندیشی بەجەوهەری مەسەلەی تۆوەبێت. ئەترسم چەند مانگیکی تر زۆرینەی عێراق پێداگریو ئەو زلهێزەیش بێتەوە بۆلامان وپێمان بلێ: ئێوە دۆستی ئێمەن واز لەفیدرالیو • • • بهێنن.

نازانم ئێمە چۆن لەدۆستایەتی دەگەین؟ تەنانەت لەعورفی عەشایەریشدا ناکرێ دۆستو هاوپەیمان لەجیاتی سێبەری بندیوارو دیوەخان چاوەڕوانی خەنجەرو فیشەك بن لەیەکتر. دۆستایەتی سیاسەتی ئەمرۆ دەچێتە چوارچێوەی گۆڕینەوەی بەخشین وەرگرتنەوە. دۆستم بەڵام بەتەمای چ شتێك ببم لەتۆ؟ با ئەوەمان لەبیر نەچێت لەگەڵ ئەو هەموو پڕوپاگەندەو هەوڵو پەیمانبەستنە نێو دەوڵەتییانە بۆ مافی مرۆڤو دۆستایەتیو مرۆڤدۆستیی هێشتا هەر هێز زاڵە بەسەر ئەخلاقدا.. چەند هەوڵ بۆ مارەبڕینی ساسەت لەئەخلاق دراوە بەڵام هەر هێز لەسیاسەتەوە زەبرو زەنگیی خۆی بەسەر ئەخلاقدا دەنوێنێ.. ئێمە ئەمرۆ نە بەشێوازی غاندی مامەڵەمان لەگەڵ دەکرێو نە غاندیخوازیش هەیە لەسیاسەتدا. قەدەرێکی سەیرە، سەردەمێکی دوورودرێژ لەژێر سیاسەتی توندوتیژو بێیاساییدا دەچەوسێنراینەوە هەوڵی لەناو بردنمان دەدرا، ئەمرۆیش لەژێر سایەی کۆمەڵی مەدەنیو هاوڵاتیبوونو سەپاندنی ڕێژەو فرەدەنگیدا بەناوی یاساوە لێمان کەمدەکرێتەوەو خەونەکانمان کزدەکەن.

دەڵێی دارستان، بۆ ئێمە، شێرداربێت یا نەبێت، هەر لەسێبەری هەزارەها دار، سێبەری تاکە دارێکمان پێدەبڕێ.

***سەرنووسەر***

# مۆدێرنێتەو بەکار هێنانە مانابیەکانی

ن. کریشان کۆمار
و. لەفارسیەوە اسماعیل اسماعیل زادە

مۆدێرنێتە چەمکێکی دژوارە. ئەم چەمکە هەم لەبابەتە سەلبییەکانی خۆی ماناوەردەگرێو هەم لەبابەتە ئیجابییەکان. بەواتایەکی تر ساناکانی مۆدێرنێتە لەلایەکەوە لەو بابەتانەدا شاراوەیە کە خودی ئەوان (بابەتەکان) رەتدەکاتەوەو لەلایەکی ترەوە دەگەڕێتەوە سەر بابەت گەلێك کە قبوولیان دەکاو دەیانسەلمێنێ. بەم پێیە ئەم وشە یان زاراوەیە دەتوانێ لەسەردەمە جۆراو جۆرەکاندا بەماناگەلی تەواو جیاواز خۆی نیشان بدا، هەڵبەت ئەمەش پەیوەستە بەوەی کە چ شتێك رەتدەکرێتەوە یان لەبەرامبەریدا چ شتێك قبووڵ دەکرێو دەسەلمێندرێ. بۆ وێنە وشەی لاتینی "Modernus" لەسەدەی پێنجەمی زایینییدا بۆ "ئەگوشین" لەلایەکەوە نیشاندەری رەتکردنەوەی کفر، لارێییو بێ دینی بوو، لەلایەکی ترەوە دەرکەیەك بوو بەرەو سەردەمانی نوێی مەسیحی بوون.

ئەمە لە حاڵێکدایە کە بیرمەندانی چاخی (رێنیسانس) بەزیندووکردنەوەو دووبارە خولقاندنەوەی ئومانیسم (مرۆڤ خوازی)ی کلاسیك دەیانویست لەهەمانکاتی ئاوێتەکردنەوەی (ئومانیسم) لەگەڵ مەسیحی بوون، لەنێوان "لەمێژینە" و "مۆدێرن" و دەوڵەتو کۆمەڵگا مۆدێرنەکان جیاوازی دابنێن. کەمێك بەم لاترو لەسەدەی هەژدەهەمو چاخی رۆشنگەریدا شاهیدی ئەوەین کە بیرمەندانی رۆشنگەری نەتەنیا چەمکی "ناڤین" یان "ناوەڕاست" (سەدەکانی ناوەڕاست)–یان لەنێوان "لەمێژینە" و "مۆدێرن" داناوە، بەڵکو بەشێوەیەکی بنەڕەتیو دەست نیشانکەر چەمکی "مۆدێرن" یان بۆ پێوەندیو هەڵسوکەوتی نزیك لەگەڵ دوو چەمکی تر یانی "ئێرە" "هەنوکە" دیاریکرد.

ئەم چەشنە لێدوانە سەبارەت بە مۆدێرنێتەو ئەم چەشنە مانا دۆزینەوەیە بۆ (مۆدێرنێتە)، گەڕیانو هاتو چۆی نوێی پێ بەخشی. لەم دەورەیە بەدواوە بوو کە کۆمەڵگای مۆدێرن وەکو کۆمەڵگای ئێمەی لێهات، یانی ئەو کۆمەڵگایەی ئێمە تێیدا دەژینو ژیاوین، جا

چ کۆمەڵگای سەدەی نۆزدەی بێ یان کۆمەڵگای سەدەی بیستەمی. کۆمەڵگای ڕۆژئاوایی کە نیشاندەری ڕوونترین دژایەتی یان جیاوازییە لەگەڵ کۆمەڵگاکانی پێشوو یان کۆمەڵگاکانی تر، بۆتە نیشانەی مۆدێرنێتە. ئەم بزووتنەوەیە هەرێمو چوارچێوەو سنووری "مۆدێرنێتە"ی نیشاندا. مۆدێرنیزاسیون یان مۆدێرنیزەکردن هاوتاو هاوسەنگی ڕۆژئاوایی بوون یان ڕۆژئاواییکردن بوو.

بەم جۆرە لەسەدەی هەژدەهەمەوە کۆمەڵگای مۆدێرن بوو بەهەڵگری نیشانەکانی کۆمەڵگای ڕۆژئاوایی. کۆمەڵگای مۆدێرن کۆمەڵگایەکی پیشەکاریو زانستی بوو. قەوارە سیاسیەکەی "دەوڵەت–نەتەوە" دەوڵەتە نەتەوەییەکان بوو کە لەچەشنە جۆراو جۆرەکانی دەسەڵاتداریی خەڵکی، مەشرووع بوونی خۆیان وەردەگرت. لەکۆمەڵگای مۆدێرندا ئابووریو گەشەی ئابووری دەوری سەرەکیو لەهەمانحاڵدا ناسەرکەوتوو بوون. وەها جێیەکیان داگیرکردبوو کە هیچ هەرێم یان مەیدانێکی تر نەیدەتوانی لەبەرامبەر (ئەم چەشنە ئابووریانەدا) ڕاوەستێ یان ڕکەبەریی بکا. سیستمە ئەندێشەییەکانو سەرەکیترین ئاینە فەلسەفییەکانی نێو ئەم کۆمەڵگایە بریتی بون لە عەقڵخوازی (ڕاسیونالیزم)و یوتیلیتاریانیزم. مۆدێرنێتە لەگشت ئەم قەوارانەدا نەتەنیا ڕابووردووی خۆی ڕەتدەکردەوە، بەڵکو سەرجەم ئەو کولتورانەشی وەلادەنا کە نەیاندەتوانی بەئاستی هەستکردو تێگەیشتوویی خۆیان بگەن. ئەمە هەڵەیەکە بڵێین مۆدێرنێتە مێژوو ڕەتدەکاتەوەیان وەبەرچاوی ناگرێ، چونکە لەڕوانگەی مۆدێرنێتەدا بەراوردکاری، جیاوازیو دژایەتی لەگەڵ ڕابووردوو–شوناسێکە کە دایمە دەگۆڕدرێ– بەپێویستی ترین خاڵی گەڕانەوە دادەنرێ. تەنانەت شوناس دۆزینەوەی پەیوەستەبەم خاڵی گەڕانەوەیە، یانی پەیوەستە بە هەبوونی ئەو "ڕابوردوویە" کە مۆدێرنێتە لەدژایەتیو جیاوازی لەگەڵ (ڕابووردو) مانای پێ دەبەخشێو شوناسی خۆی دەدۆزێتەوە. بەڵام دروستی ئەم خاڵە لەوەدایە کە "مۆدێرنێتە" پێی وایە کە ڕابوردوو هیچ چەشنە ئەزموونو پەندێکی بۆ (مۆدێرنێتە) پێ نییە. سەرنجو ویستی "مۆدێرنێتە" دایمەبەرەو داهاتووە. کۆمەڵگای مۆدێرن بەپێچەوانەی کۆمەڵگاکانی تر پێشوازیی کردووە لە داهێنانو خوڵقاندنو تازەگەرییە نوێیەکانو هاندەریانە. دەتوانرێ بگوترێ کە لەڕاستیدا کۆمەڵگای مۆدێرن "سوونەتی نوێی" داهێناوە.

مۆدێرنێتە لەماناکەی تری خۆیدا(یانی کۆمەڵگای پیشەکاریی مۆدێرن) کەوتۆتە بەرباسو کێشەیەکی زۆری لەسەرکراوە. باشترینو کامڵترین لێکدانەوە سەبارەت بەم مانایەی مۆدێرنێتە لەبەرهەمی فەیلەسوفانو گریمانەنوسە مەزنەکانی کۆمەڵایەتی سەدەی نۆزدەدا



هیگڵ

یانی "هیگڵ، مارکس توکویل، وێبر، زیمبل ، دورکیم.. دەبینرێ. لێکدانەوەو روانگە گریمانەکانی ئەوان لەزۆر بواردا بۆ کۆمەڵگا هەنووکەییەکان وەڕاست گەڕاوەو باشو گونجاوە. تەنانەت هەرچەند لەزۆر شوێنی جیهاندا سوسیالیزمی دەوڵەتی شکستی خواردووەو بەئاکام نەگەیشتووە، بەڵام هەنوکەش باوەڕ بەلێکدانەوەکانی مارکس دەکرێو جێی متمانەن، کەچی گەشەی بەشێك لەبزووتنەوەکانی سەردەمای ئێمە (هاوچەرخ)-جیهانی بوونی ئابووری، شکستی دەوڵەتە نەتەوەییەکان، کۆچی مەزنی جەماوەر- بوو بەهۆی ئەوەی هەتا تاقمێك لە بیرمەندان وا دانێن کە "مۆدێرنێتە" بەرەو کۆتاییە. (جێفری باراکلڤۆك) (مێژووی هاوچەرخ)ی وەکوو شتێکی جیاواز لەمێژووی مۆدێرن، ئاڕاستەکرد. تاقمێکیش هەنگاویان خێراترکردو "سەردەمای پاش مۆدێرن"یان راگەیاند.



نیتشە

هیچ کام لەم داخوازییانە کەسیان رازی نەکردو قبووڵ نەکران. سەرجەم ئەو بزووتنەوانەی ئاماژەیان بۆکرا ریشەی نەگۆڕو لەمێژینەیان لەمۆدێرنێتەی کلاسیکدا هەیە. ئەم خاڵە بەتایبەتی سەبارەت بە داکۆکی دووبارە لەسەر چەمکی تێپەڕین یان TRONSIENCE، جیاکردنەوە، پرشو بڵاویو نەبوونی هەستی مانا بۆ رەوتی مێژوویی، راستە بیرمەندانێك وەکوو "بودلێر ،نیتشە، بورکهارت" پێشتر لەبابەت ئەم چەشنە لایەنگریانەی سەردەمای خۆیان دوابوون. "مرۆڤی داهاتوو"ی نیتشە لەڕاستیدا هەمان کێشە، دژواریو ئەو رەنجانەی ئەزموون کردبوو کە هەنوکە مرۆڤی "پاش مۆدێرن" لەسەر رێگای خۆیدا دەیبینێ.


"مۆدێرنێتە" هیچکات دیاردەیەکی تاك یان لەڕیزی دەستەیەکی نەگۆڕدا نەبوو، ئەمەش بە پێچەوانەی ئەوشتەبوو کە "مارکس وێبر"و بەتایبەتی "گیئۆرگ زیمبل" باوەڕیان پێی بوو. گەشەو دینامیزمی "مۆدێرنێتە" هەمیشە پاژو بەشەجۆراو جۆرەکانی پێکدادەدا، هەمیشە لەنێوان توخمەو پاژەجۆرە جۆرەکانی پێکهێنەری (مۆدێرنێتە)دا دژایەتیو تێکهەڵچوون دەبینین: ئابووریی دژی سیاسەت، کولتوردژی عەقڵمەندیی ئامرازیو شتەکانی تریش. زۆربەی ئەوشتانەی کە هەنووکە لەژێر سەردێڕی "پاش مۆدێرنێتە"دا لەئارادان، یەکەم جار لەشۆڕش یان سەرەکەشیی کولتوری دژبەمۆدێرنێتەدا خۆی نیشاندا کە لەسەرەتای سەدەدا نیشاندەری بزووتنەوەی "مۆدێرنیزم" بوو. لەڕاستیدا "مۆدێرنیزم" بریسکانەوەی داکۆکییەکانی مۆدێرنێتەبو. لەسەر کارکرد خوازیو ئاڵۆزیی تەکنەلۆژیا، بەڵام "مۆدێرنیزم" لەقەوارەی بزووتنەوەگەلێکدا وەکوو سوریالیزمو دادایزم لەبەرامبەر هۆکارەکانی "بنەمای راستەقینە"دا لایەنگریی دەکرد لەهۆکارەکانی

"ڕەگەزی زات". بەم شێوەیە بەشێك لەعادەت یان ڕەوشتە سەرەکییەکانی مۆدێرنێتەی بەدزێوی نیشاندا.

گومان لەوەدانییە کە کۆمەڵگای مۆدێرنی هەنوکەیی لەزۆرلایەنەوە هەمان کۆمەڵگای مۆدێرنی سەردەمای "مارکس وێبر" نییە. تەنانەت دەبێ لەوپەڕی ئەمەوە بگوترێ کە بەپێچەوانەی ئەوشتەی لەرابوردوودا چاوەڕوانی دەکرا، "مۆدێرنێتە" بەمانای کۆمەڵگای ڕۆژئاوایی لەهیچ کام لە قۆناغە تایبەتییەکانی ئەو (کۆمەڵگا ڕۆژئاوایی)دا نابینن. یان بەبۆچوونی "گیدینز" ئەم پرسیارە لەئارادایە کە ئایا لەبنەڕەتدا "مۆدێرنێتە" بە دیاردەیەکی ڕۆژئاوایی دادەنرێ؟ هەڵبەت "مۆدێرنێتە" بەیەکێك لە بنەڕەتەکانی کۆمەڵگای ڕۆژئاوایی ناسراوە. بەڵێن‌و باوەڕ بە پێگەیین‌و گەشەی هەمیشەیی‌و تازەگەری هەموو کات پێویستی بەوە هەیە کە ئەو قەوارەو وێنانەی هەن بەقەوارەیەکی کورتخایەن، زۆر تێپەڕ مەرجدار دابنرێن. بەم پێیە هەمیشە دەبێ چاوەڕوانی دەرکەوتنی تایبەتمەندی‌و قەوارە نوێیەکان بین. پرسیاری گرینگ ئەوەیە کە دینامیزمی سەرەکیی ڕەوتی پیشەخوازی چۆن هەڵسەنگێندرا، یان وەرێخرا؟ جیهانگیریی شێوەی ژیانی پیشەکاری شاهیدێکە لەسەر هێزو توانایی هەمیشەیی. لەهەمان حاڵدا ڕەوتی پیشەخوازی هەڕەشەیەکی جیدی بۆ ئەو سیستمانەی دادەنرێ کە لایەنگری ژیانی سەرئەم زەویەن. لەم بەشەدا کە پیشەخوازی ڕەنگە لەگەڵ بەرتەسکیەکانی خۆی رووبەڕوبێتەوە. دووبارە ئەندێشەکردن‌و ڕێ هەڵبژاردنێکی نوی کەلەسەر ڕێی ئەم بابەتەیە بەباشی دەتوانێ بەشێ لەهەڵسوڕانە سەرەکییەکانی "مۆدێرنێتە" وەلابنێ.

لێرەدا ئایا ئەم بابەتانە ئێمە بەرەو "ئەوپەڕی مۆدێرنێتە" یان "پاش مۆدێرنێتە" دەبا، ئەمە شتێکە کە لانی کەم هەنوکە وەڵامی پێنادرێتەوە، یان لەبارەیەوە هیچ تواناییەك بۆ لێدوان نابیندرێ.





مارکس

# (شاعیرو شارستانێتی)
# تێڕوانینێ بۆ سەردەم



حەمەی ئەحمەد رەسوڵ

(١)

ئەم سەردەمە/ چەرخی پووکانەوەو هەرەس‌و لەناوچوونە!
وتووێژ سەبارەت بەو کێشەیە خۆی لەخۆیدا لێدوانێکە دەربارەی مرۆڤ‌و ژیان‌و بیرەوەری‌و کۆمەڵگاو پەرەسەندنەکانی لەدووتوێی سەردەمدا ئاخنراون.. هیچ بابەتێکی دیکەی سەربە ئایدیۆلۆژیاو سیاسەت ناگرێتە خۆی، یان باسی پەرەسەندنی شارستانێتی‌و ئەلیکترۆن‌و تەکنۆلۆژیاو جیهانگیری‌و شرپشەکەی، یاخود باسی مۆدێرنێتەو بیناسازی‌و جوانی باڵەخانەکان‌و بریق‌و باقی ژیاریی نییە یان باسێك نییە لەسەر ئەوەی ئەمرۆ کە ئێمە لەسەردەمی پاش مۆدێرنێتەو ئەوپەڕی پەرەسەندنی پیشەسازیی بازرگانیدا ئەژین، ئیدی کەس شیعرێك ناخوێنێتەوەو شاعیرەکان چەند رێزیان لێئەگیرێ‌و چەند نامیلکەو دیوانیان بۆ لەچاپئەدرێت لە کاتێکدا خوێنەرەکانیان لەژمارەی پەنجەکانی دەست تێناپەڕن.. بۆچی ئەمرۆ کەس شیعر ناخوێنێتەوەو پەیوەندی ئەم هۆکارەش بەشارستانێتییەوە چەندە؟ باسێکە رەنگە لەئایندەیەکی نزیکدا ئاوڕێکی دڵسۆزانەی لێبدەمەوە؟!!!
بەڵام ئەم کورتە نووسینە ئاقارێکی دیکەی گرتووەو باس‌و خواسێکی ترە کە پەیوەندی بە مامەڵە و گوزەرانی شاعیرەوەیە لە شاردا، چەند سۆزو ئەوین، یان رق‌و بێزاری دەرهەق بەشارو رواڵەکانی شارستانی دەربڕیوەو دوو نموونەی جیهانیشی بۆ تاووتوێ ئەکەین بۆ سەلماندنی راوبۆچوونەکەمان..
ئاستەنگەکانی مرۆڤی ئەورۆ، تەنها لەسنووری (ژیان لەشارە گەورەو هاوچاخەکان)دا نەماونەتەوە، بەڵکو تەنگو چەڵەمەکە ئەچێتە قاڵبێکی ئەوتۆوە کە سەرقاڵی چۆنیەتی مامەڵەی مرۆڤە لەگەڵ ئەو گۆڕان‌و پەرەسەندنەدا کە زۆر خێراو تیژڕەوەو بەتەك مرۆڤی سەردەمدا تێپەڕێت‌و لەهەورێکی خەیاڵی یان لە مرۆڤێکی

فانتازی وەکو کاسپەر ئەچێت، لەخێویێك ئەچێت بەلاتا تێپەڕێت و هەستیشی پێنەکەیت!

لەسەرەتادا وادێتە بەرچاو کە هەردوو کێشەکە–واتە مرۆڤ و پەرەسەندن، واچڕژاونەتە نێو یەکترەوە، جیاکردنەوەیان لەیەکدی جۆرە هەڵەشەیی و سەرچڵییەك بگەیەنێ، کەچی لەگەڵ کەمێك لێوردبوونەوەدا ئاشکرابێت..

تێزەکە بەبارێکی دیکەدا کەوتۆتەوە.. مرۆڤی ئەمڕۆ، مرۆڤێکی شارستانییە، لەدایکبوون و چاوکردنەوەی لەشاردایە، گشت ڕواڵەتەکانی ژیانیشی لەشاردا پێکهێناوە.. کۆسپ و ئاستەنگی بنەڕەتیشی تەنها لەدیاردەی ژاوەژاوو قەرەباڵغی و ئاپوورەی ئۆتۆمبێل و چڕی دانیشتوان و ناڕێکی و بێسەروبەرەی جادەو کۆڵان و ڕێساو یاساو جێبەجێنەکردنی و پیسی دەرکۆڵان و لای شۆستەو پیسبوونی دەوروبەرەوە نەوەستاوەتەوە وەکو پسپۆرانی نەخشەدانانی ژیاریی رایئەگەیەنن، گوایە ئەو کۆسپ و ئاستەنگانە لە مەودایەکی تردا چارەسەرئەکرێن.. هەندێ گیروگرفت هەن چارەسەرکردنیان دژوارەو لەو کۆسپەسادانەی دونیای ماددی گەلێك ئاڵۆزترن و وان لەقوڵایی ڕۆحماناو بەدیواری هەناومانەوە هەڵواسراون، تۆزو گەردو سەرابی غوربەتین و لەگیان و دەروونمانا جێگیربوون.

بەکورتی، نەهامەتی ئاستەنگەکە لەوەدایە کە مرۆڤی سەردەم ناتوانێت تاقە جەمسەرێکی ئەو پەرەسەندنە مادییە بگرێتە خۆو لەگەڵیا بگونجێت.. ئەو ئینسانەی سەروەختێك بوو ڕەوڕەوەی پێشکەوتنی مێژووی مرۆڤایەتی بەدەستی خۆی ئەبزواند، ئەمێستا لەتوانایدا نەماوە بگاتە ئاستی ئەو پەرەسەندنە تەکنۆلۆژی و ئەلکترۆنییە.. وێڕای ئەو خێراییەی لەتەرزی تیشکی لێزەرە، لەژێر ڕکێفیدا نەماوەو وەختە رایبگەیەنێت کە ئامێرەکانن کە مرۆڤ بەڕێوەئەبەن، نەك بەپێچەوانەوە، وا وەدەر ئەکەوێت کە ئەو پەرەسەندنە لە سروشت بەدەرە، بەکاریگەری ئامێرێکی تایبەت بەخۆی نەك بە مرۆڤ، ئەڕوات بەڕێوەو ئەبزوێت.. کە هێندەی نەماوە گیان و بەدەنی مرۆڤیش بەدوای خۆیدا رابکێشێ و تۆوی ژان و برینێکی بێ هەتووان لەپانتایی دەروونیدا بچێنێ..!

لەم چەرخە تەکنۆترۆینیەدا، چەرخی کۆمپیوتەرو ئیمەیل و چات و ڕۆبۆت و شەڕە ئەستێرەو کەشتیە ئاسمانییەکان و دونیای بۆشایی ئاسمان، هاوسەنگی دەروونیی و ئاسوودەیی گیان و ڕۆح بەدیناکرێت.. وەختە پەیوەندی نێوان مرۆڤ و دەوروبەری، کۆمەڵگاکەی، خزم و کەسان و کۆڵانەکەی، مرۆڤ و خێزانەکەی هەڵوەشێتەوە، واپێئەچێت تواناشی نەمابێ، پەیوەندی نوێ و ژیانێکی پڕ لەئەوین و ڕێزو پێکەنین و ئاسوودەو گەشبین بنیاتبنێ.



بۆدلێر

لەبەرئەوەی پەیوەندی مرۆڤ بە ئامێرو ئاپارتمانو دەزگا بێ رۆحەکانەوە رۆژ لەدوای رۆژ لاوازتر ئەبێو مۆرکێکی رۆتینو مردوو وەرئەگرێت.. هەربۆیەشە مرۆڤی ئەمڕۆ هەست بە دڵسۆزیو هۆگری تێکەڵبوونیان ناکات، نەئەتوانێت پارێزگارییان لێبکاتو نەئەوانیش بەفریادی ئەم دێن..

مرۆڤی سەردەم، کە پابەندی خێزانێکی بچووکە، سەرجەمی داخوازییەکانی ئەوانیشی بۆ مەیسەر ناکرێت، تەنانەت، لادێو شارۆچکەو گەڕەکو بۆنو بەرامەی شەقامو گوزەرو ماڵو باخچەکانیش بەپڕتاوێ لەناوئەچنو سیمایەکی قێزەون ئافەریدە ئەکەنو.. مرۆڤ ئەیەوێت لەگەڵ ئەو دەعبایانەشدا ئاشنایەتیو هۆگرییەکی– گەر کاتیش بێت–پەیدابکات، کەچی لەئانوساتدا ئەپووکێتەوە! سەروەختێك بوو، کۆڵانو گەڕەکو لای کەسو خزمان بۆنو بەرامەیەکی خۆشو رۆحی هەبوو.. بەخزمو دۆستو ئازیز رازابوونەوەو جمەیان ئەهات، ئەمڕۆش بەکەسانی نەناسو نامۆو شارستانی پڕبوونەتەوەو، تەنانەت دراوسێکانیش بەیەکتر نامۆو نەناسن، ئەمڕۆ کاتو زەمەن هێندە کورتو خێرایە، مەودایەك نەماوەتەوە بۆ پشوودانێکی رۆحی، بۆ هەڵدانەوەی پەڕەکانی رۆژگاری زێڕینو بیرەوەریی شیرین، کات هێندە تیژڕەوە بەشی حەواندنەوەو راوەستانو تێڕامانو یادکردنەوەو، بگرە بەشی هەناسە هەڵکێشانیش ناکات، بۆیە مەودای دەروونی مرۆڤی سەردەم لەنگ بووەو هیلاکیو نامۆییو ناسۆریی باڵیان بەسەرداکێشاوە، ئەو ئالتەرناتیڤانەی کە لەم بوارەدا بۆی هەڵکەوتووە نەبوونەتە مایەی ئاسوودەییو بەختەوەریو دڵ پێی شادمان نابێت، بەجێگرو ئالتەرناتیڤی راستەقینەی ئەو بارودۆخە بێزراوە دانانرێن..

شایانی وتنە، ئەو رواڵەتانە تەنها لەوڵاتە پێشکەوتووەکاندا چەکەرەی سەرهەڵدانیان نەکردووە بەڵکو دیاردەیەکی جیهانییەو بەهەموو لایەکدا پەلی هاوێشتووەو بەنێوگیانی کۆمەڵی مرۆڤایەتیدا پەرشوبڵاوبۆتەوە ئەمە ئەو وتەزایە ئەسەلمێنێ کە جیهان بۆتە گوندێکی بچووکو دیاردەکانیش ئەڵێی کۆپیکراونو لەهەموو جێگەیەکدا لەیەکتر ئەچنو جیاوازیش لەنێوانیاندا لەڕوی ئاستو چەندایەتییەوە نەك لەڕووی چلۆنایەتییەوە... فاکتەری سەرهەڵدانی ئەم دیاردەیەش، یان ئەو نێوەندەی کە زیاتر کارەکەی ئاسانکردووەو بەتێکڕای تخووبو بەربەستەکاندا تێئەپەڕێو بەسنوور بەزێن ناوەزەدکراوە، ئەگەڕێتەوە بۆ فاکتەرو کاریگەری دەزگاکانو ئامرازی راگەیاندنو پەیوەندی بەهێزی دەزگاکانی میدیای جیهانییەوە کە یۆگین هابرماس بەکۆمۆنیکاسیۆن ناوئەباتو بەکاریگەری گرنگی فەرهەنگو کولتوورەکان دائەنێت..



هابرماس

بەو پێیەش ئەوەی ئێستاکە لەوڵاتە تازە پێگەیشتووەکاندا ڕوودەدات، تەنها بەشۆكو ڕاتەکانێکی ژیاریی دانانرێت، وەك زۆربەی کەس وای بۆ ئەچن، بەڵکو وێڕای ئەوەش دووچاری شۆكو ڕاتەکانێکی کۆنترو جەرگبڕیش بووە کە لەئەنجامی هاتنەناوەوەو دەستێوەردانی کۆلۆنیالیزمەوە بەرپابووە، وەلێ بەدبەختی لەوەدایە، پێش ئەوەی ماڵو ئاسەواری ئەو نەهامەتییە کۆنە پاکژبێتەوەو ریفۆرمی کۆمەڵایەتی بکرێت یاخوود بنەبڕ بکرێتو لەناوبرێت، ڕووبەڕووی کۆسپو ئاستەنگی فەرهەنگیو سیاسی نوێتربوونەتەوەو برینەکە قووڵتربووەتەوەو گرێکوێرەکە ئاڵۆزتر بووەتەوە.

(٢)

کێشەی پووکانەوەو هەرەسو لەناوچوونی پاش مۆدێرنێتەو سەردەمی تەکنۆلۆژیاو ئەلیکترۆنییو کارتێکردنی ئاسەوارەکانی بەسەر هەستی کەسانی کۆمەڵگاوە ڕێژەییەو لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە ئەگۆڕێت، بەڵام هەموان بەگشتی لەژێر باری ئەو نەهامەتییەدا ئەناڵێنن، بێگومان نارەزایی دەربڕینیش لەماندووبوونو نائومێدی گۆشەگیری لەژیان هەموو بەڵگەنو هەر ئەو هەست دەربڕینە ئەگەیەنن.. ئاشکرایە کە شاعیر لەگشت کەسێك زیاتر بیر لەدوا ڕۆژێکی ئاسوودە ئەکاتەوەو نەخشەی پیلانێ ئەکێشێ کە مرۆڤ بەچ ڕێگایەك لێی قوتاربێتو بۆ هەتا هەتایی لەچنگ نەهامەتی دەربازبێت..

ڕووبەڕووبوونەوەی گوزەرانو بەربەرەکانێی لەتەك ڕواڵەتە نوێیەکانی ژیاندا لای شاعیری شارنشینو کوڕی شارستانێتی، زۆرجیاوازترە لەگەڵ شێوازو ستایڵی مامەڵەکردنی شاعیرانی هەردوو چەرخی هەژدەو نۆزدەو بگرە شاعیرانی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمیش، بۆ وێنە شاعیرە ڕۆمانسییەکان، کە لەژێر سایەی دابوونەرێتو نورمی کۆمەڵگایەکی ئۆرستۆکراتیدا ژیانیان ئەگوزەراندو لەهەمان کاتدا بونیادی ئەو کۆمەڵە بەرەو قۆناغی پیشەسازی هەنگاوینا..

ئەوانیش لەبری ئەوەی بەرەنگاری ئەو گۆڕانکارییانە ببنەوە.. یاخود مامەڵەی تایبەتی لەتەکدا سازبدەنو هەڵوێستیان بەرامبەر مەسەلەی گۆڕان ئاشکرا بکەن، کەچی بە پێچەوانەوە ئەوان بە بارێکی تردا شکانەوەو تێڕوانینی خۆیان بە ڕەنگێکی دیکەدا ڕشت، کە ناوی لێئەنێم (تێڕوانینی کشتیارییو کشتوکاڵی).. چۆن؟! بەو جۆرەی شاعیری ڕۆمانسی خۆیان لەژیانی پڕژاوەژاوو ئاپۆرەی کۆمەڵ دائەبڕیو لەدەرەوەی چوارچێوەی شارەکاندا بەشوێن

**مرۆڤی سەردەم، کە پابەندی خێزانێکی بچووکە، سەرجەمی داخوازییەکانی ئەوانیشی بۆ مەیسەر ناکرێت، تەنانەت، لادێو شارۆچکەو گەڕەكو بۆنو بەرامەی شەقامو گوزەرو ماڵو باخچەکانیش بەپرتاوێ لەناوئەچنو سیمایەکی قێزەون نافەریدە ئەکەن.**

جوانیو پاکیو سەربەستیدا ئەگەڕان.. ئەوان گەڕانەوە نێو باوەشی سروشتو لادێو شەیدای ژانی راوشکاری نێو کۆمەڵە سەرەتاییەکان بوون، وەك ئەو ژیانە پڕنهێنییەی کە میللەتانی ئەوپەڕی رۆژهەڵات بەسەریانئەبرد.. زۆربەیان کەوتنە سەرقاڵی دونیای خوێندنەوەی ئەفسانەو داستانەکانەوە، لەخەڵوەتگاو تەنیایی رۆحدا چوونە فەلەکی تەسەوفەوە، خەونیان بە جیهانی والآو پاراوی نێو بەهەشتی چیرۆکە ئەفسانەییەکانەوە ئەبینی..

بەڵام جیهانی ئەوان لەکوێو واقیعی کۆمەڵگاکەیان لەکوێ، کە لەسەرخۆ بەرەو قۆناغی پیشەسازی هەنگاوی ئەنا.! لای شاعیرانی شارنشینو شارستانیی ئەو هەڵوێستو مۆدێلە بەجۆرێکی دیکە کەوتەوەو تێڕوانینێکی نوێ سەریهەڵدا کە ناوی لێئەنێم "تێڕوانینی مۆدێرن" ئەویش لەسەردەستی بۆدلێری فەرەنسیو واڵت وێتمانی ئەمریکی لەدایکبوو.. شار وەکو هێمای شارستانیو گۆڕانکاری ژیاریی نوێ لەوێناکردنو ئەفراندنەکانی شاعیرانی وەك: تی، ئێس، ئیلیەتو ریلکەدابەرفراوانتر رەنگی ئەدایەوە...

بۆدلێر کە هێندەی شاری خۆشئەویستو نەیئەتوانی ساتێك لێی دوورکەوێتەوە، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا بەناشرینترین شێواز وێنای ئەکردو خەونی بەدوورترین کەنارو دوورگەوە ئەبینی هەروەکو چۆن لە شیعری: "بانگەوازێ بۆسەفەر"دا بەئاشکرائەبینرێت..

ئەو شارەی بۆدلێر خۆشیئەویست، پاریس بوو، پاریسیش رۆژ لەدوای رۆژ قەشەنگترو جوانتر ئەبوو، شەقامو گۆڕەپانو کڵێساو مۆزەو خانووەکانی بەرگێکی رازاوەتریان ئەپۆشی.. ئەو شارەی لەلایەکەوە بەگڵۆپی گازیی بریسکەی ئەهاتو لەلایەکی ترەوە مەڵبەندی ئاهەنگو سەیرانگای خەڵکانی جیهان بوو..

بۆدلێر شەیدای پاریس بوو، زیاد لەهەموو کەس چێژی لەخۆشیو بەختەوەری شارەکەی ئەبینی، تا گەیشتە ئەو ڕادەیەی بەزیادەڕەوی ئیدمانی لەخواردنەوەو تلیاك کێشانو داوێن پیسیو هەموو بوارەکانی ژیاندا ئەکرد، پاشان بەجۆرێك خراپ شکایەوە بەسەریدا کە ویژدانیئازاری ئەداو لەنێو گەرداوی نەخۆشی دەروونیدا ئەتلایەوە.. بۆیە وردە وردە رقی لە شارو دیمەنو رووخساری نوێی شار ئەبووەوە.. هەرچەندە بۆدلێر لەنێو دژایەتیو ناکۆکیدا ئەژیا، نەیئەتوانی لە چارەنووسی سەردەمەکەی دەربازبێو هەمیشە خەونی بەشارێکی گەورەوە ئەبینی-شارێکی یۆتۆپیایی/خەیاڵی-کە بتوانێت گیانی بێگەردو سەربەستی (ئاوەز/ئەقڵ) بیپارێزێت وەکو لەشیعری-خەونی پاریس-دا دیارە.. هەربۆیەشە ئەبینین بۆدلێر سەبارەت بەشار رەشبین بوو، بە سیمبولی بێهوودەییو دۆزەخ ناوییئەبرد.

"تێڕوانینی مۆدێرن" ئەویش لەسەردەستی بۆدلێری فەرەنسیو واڵت وێتمانی ئەمریکی لەدایکبوو.. شار وەکو هێمای شارستانیو گۆڕانکاری ژیاریی نوێ لەوێناکردنو ئەفراندنەکانی شاعیرانی وەك: تی، ئێس، ئیلیەتو ریلکەدابەرفراوانتر رەنگی ئەدایەوە...

کەچی بەپێچەوانەی ئەم مۆدێلەوە، واڵت ویتمان، لە هەگبەکەیدا شار بریتی بوو لە کۆمەڵێ چالاکیو هاریکاریو کارکردنێکی ئەوتۆ کە مرۆڤیان بەرەو بەهەشتی ئاواتو نەمریی بەرێئەکرد، واڵت ویتمان حەزی لەکارکردن بوو، مەزنیی بەگشت پارچە زەوییەکی شارەکەی ئەبەخشی وەکو لەشیعری –گۆرانییەك بۆ تەوری ئەستور–دا و لەهۆنراوەی –سرووودی کار–دا کە بەگیانو رۆحی ئیشکردنو چالاکی مرۆڤدا هەڵێئەداو بەهەستێکی بەرزەوە لەگەڵ خەڵکیدا مامەڵەو پێوەندی ئەبەست، وەکو لەشیعری–گۆرانی دەروونم–دا ئێجگار شەیدای ژیانی نوێی هاوچەرخ بوو وەکو لە شیعری–نەوەی ئادەم–دا بەڕوونی دیارە..

هەروەها لەهۆنراوەی (پەڕینەوە بۆ هیندستان)دا توانای سەلیقەی ویتمان وەدەرئەکەوێت کە چۆن سەرسامی داهێنانو دەستکەوتەکانی بواری ئاوەدانکردنەوە بووە، ئەو ئەفراندنانەی توانیوویانە ئخووبو سنووری ئاسایی ببڕێتو هەردوو جیهانی دێرینو نوێ– رۆژهەڵاتو رۆژئاوای جیهان– پێکەوە ببەستێتەوە. شاعیرێ بەو نایابیو ئاستە بڵندە گۆرانی بۆ شارە سەرکەشەکانی جیهان بڵێ، بێگومان جێگەی سەرسوڕمانیش نابێت کە دیوانی گەڵاگیا–أوراق العشب–ی ویتمان بە ئینجیللا ئەمریکاییو بەداستانی چەرخی نوێ لەقەڵەم بدرێت!

لەپوختەکردنی ئەو دوو نموونە ناودارەدا ئەتوانین بڵێین:– شاعیران بۆدلێرو ویتمان هەردووکیان رووبەڕووی نەهامەتیو کارەساتەکانی سەردەمی شارستانێتیو مۆدێرنێتەو پۆست مۆدێرنێتە بوونەتەوە، وەکو شاعیرو ئەدیبە رۆمانسییەکان پاشەکشەی لێناکەن، بەڵکو لەگەڵ واقیعی چەرخەکەیاندا جەنگاون، لێ بەدوو تێڕوانینی جیاوازەوە کە دوو وێنەی دژ بەیەكو ناکۆك بوون..

وەك ئەبینین، ئاسۆی شیعریی بۆدلێر رەشبینییەو تێڕوانینی نەوەی کیشوەرێکی دێرینی داهێزراوو خەمبارو ماندوو دەرئەبڕێت لە دوو توێی هۆنراوەکانییەوە بە بێهوودەییو عەبەسو تووڕەیی سۆفیگەرانە پاداشتی واقیعەکەی ئەداتەوە، لەهەمان کاتدا ئاسۆی شیعری ویتمان تێڕوانینی نەوەی کیشوەرێکی نوێی تۆکمەو راپەڕیوو ئەگەیەنێت..

بەگەشبینیەوە لەمیانەی هۆنراوەکانییەوە مامەڵەی واقیعی لەتەکدا ئەکاتو مژدەی نەمرییو سەرمەدیی پێئەبەخشێت..

شاعیرانی دوای ئەوانیش نەیانتوانیوە لەسنووری ئەو دوو مۆدێلو ستایڵە بچنەدەر، گەرچی لەژێر کاریگەری ئەوانیشدا شیعریان نەنووسیبێ، وەلێ لەئاکامدا رەنگو سیمای هەمان روانینو بۆچوونیان رشتووە، بەو پێیەش دوو بەرەو لایەنیان پێکهێناوە، یەکەمیان


ئەندری بریتۆن

> مرۆڤی سەردەم بۆ کوێ قووتاربێت!!؟؟ تازە کار لەکار ترازاوەو شەپۆلی (چەرخی تەکنۆترۆنی) سەراپای سروشتو کونو کەلەبەری جیهانی گرتۆتەوە، تەنانەت بۆشاییو پانتایی ئاسمانیش بۆتە مەیدانی کەشتییە ئاسمانییەکانو بۆتە شانۆی شەڕە ئەستێرە..

بەرەی رەشبینو دووەمیان بەرەی گەشبینە، ئەتوانین بۆ بەرەی یەکەمیان شاعیرانی وەکو ئەلێکساندەر بلۆکو رێنێی ریلکەو تی، ئێس ئیلیەت بە نموونە بێنینەوە، بۆ بەرەی دووەمیش ، شاعیران گیوم ئەپۆلێنێرو ئاندرێی بریتۆنو پۆل ئێلوار دەستنیشان بکەین.

تێکڕایی ئەو شاعیرانە سەبارەت بە گۆڕانکارییەکانی سەردەمو بەرگی تازەی شار، رەفتارو مامەڵەی تایبەتییان لەگەڵدا نواندووەو هێماو پێناسینی نوێیان بۆ هەڵبژاردووە. بۆ وێنە (بلۆك) لەشیعرەکانیدا شاری بە (خاکی ونبوون) وێنائەکردو ریلکە بە (پایتەختی ئازار)و ئیلیەت بە (وێرانە خاك) ئاماژەیان بۆ ئەکرد.. کەچی لای هۆنەرانی بەرەی دووەم —ئەپۆلێنێرو بریتۆنو ئیلوار— بەپێچەوانەوە بەشانوشکۆی شارەکانو شارستانێتی هاوچەرخدا هەڵیانداوەو سیمبۆڵی جوانیو بێگەردیان بۆ دائەنا !

لەناوچوونی شتە دێرینەکانو نوێ بوونەوەیان لەبەرگێکی دیکەدا بەکاریگەری پێشکەوتنو گۆڕان، کە ناومان لێنا چەرخی هەرەسو پووکانەوە.. ئەمڕۆ لەسەرانسەری جیهاندا چەرخێکی تازەتری بەخۆوە بینیووەو مرۆڤی سادەش بەسانایی هەست بە نەشونماو سەرهەڵدانی ئەکات کە ئەویش بە چەرخی تەکنۆترۆنی ناوبوێر ئەکرێت..!

(٣)

شتێکی ئاشکرایشە شاعیری ئەم چەرخە بەکەسێکی شارستانیو کوڕی شارە گەورەکان لەقەڵەم ئەدرێت، هەرگیز ناتوانێت دەستبەرداربێت لێی.. لەئامادەکردنو خزمەتگوزاری بوارە بەرفراوانەکانی ژیاندا خۆیان لێ بێبەری بکات.. بۆیە پێویستە شاعیری سەردەم شاری نوێی خۆش بووێتو بیر لەخۆ قووتارکردن نەکاتەوە.. بەڵام بۆ کوێ خۆی دەربازبکات؟!!

لەپێشدەستیدا وتمان، جیهان بۆتە گوندێکی چکۆلە، بۆ هەرکوێیەك مل ئەنێت، مۆرکو جێ پەنجەی تەکنۆلۆژیاو ئەلیکترۆنی پێوە دیارە، لادێیو گوندنشینەکانیش سەرو مۆبایلێکیان بەدەستەوەیەو دیشی سەتەلایت وابەسەر ماڵەکانیانەوەو کۆنترۆڵ بەدەست زارۆکانیشەوە زەلالەتییەتیو رۆژی رووناك بەقەڵەمبازی نێوان کەناڵەکان ئەبەنەسەر (ئەگەر کارەبا لەوڵاتەکەی ئێمەدا بواربدات!!؟؟).

تەنانەت ئەتمۆسفێری گوندو دەرەوەی شارەکانیش دەستی چاوچنۆکی مرۆڤی ئەم سەردەمەی گەیشتۆتێو ئامێری ئەلیکترۆنیو سەربەشەکانی هەموو بن درەختێکی ئاسوودەو ژێر هۆبەی رەوەندەکانی گرتۆتەوەو مەودایەك نەماوەتەوە بۆ تێڕامانێکی قووڵو خەوبینینێکی ئاسوودەو بێوەی!

مرۆڤی سەردەم بۆ کوێ قووتاربێت!!؟؟ تازە کار لـەکار تـرازاوەو شەپۆلی (چەرخی تەکنۆترۆنی) سەراپای سروشتو کونو کەلەبـەری جیهانی گرتۆتـەوە، تەنانـەت بۆشایی‌و پانتـایی ئاسمــانیش بۆتــە مەیدانی کەشتیە ئاسمانییەکانو بۆتە شانۆی شەڕە ئەستێرە..

ئاستەنگو گرفتەکانی شاعیری سەردەم تەنها لـەبواری–چۆنیـەتی گوزەرانو ژیانی نێو شارەکەیدا نەگیرساوەتەوە، بـەڵکو سـەرەڕای رازیبوونیشی وەکـو خـەڵکی ئاسایی بەکێشـەی گۆڕانو ماکـەکانی، کەچی ئەبینین دووچاری تەنگو چەڵەمەیەکی تەنگەژە ئامێزی قووڵتر بووەتـەوە، چونکـە دەرك بـەوە ئـەکات کـە پەرەسـەندنی جیـهانی ماددی‌و ئامێرو (تـەکنۆ–ئەلکترۆنییـەکان) لەسـەر هێڵێکـی تـەریبی‌و بەهاوتایی لەگەڵ پەرەسەندنی مەوداکانی جیهانی رۆحـی‌و دەروونـی مرۆڤدا ناڕوات بەڕێوە.! بۆیە دەرئەنجام مرۆڤی سەردەم، بەتایبەتی کەسانی هەسـتیارو رۆشنفیکرو هۆشیار بـەزووترین کـات دووچاری پەشێویی‌و دڵەڕاوکێو نامۆیی‌و تێکچوونی باری دەروونییەکی دژوارو ناهەموار ئەبێت..!

*کەواتە شا عیر لەو بارەدا ئەبێت کاری چی بێت!؟

وتمـان، شـاعیر نایـەوێتو نـاتوانێت لەشــار قووتــاربێت، وەلێ ناشتوانێت وەکو بینـەرێك دەستەو ئـەژنۆ دانیشـێت.. ئـەی گوایـە شاعیر چی ئەوێت!؟ بەکورتییەکـەی شـاعیری شارستانی ئەیـەوێت خـەون ببینێــت، خــەونێك بتوانێــت بەهەشـتێکی ئاسـوودەی پــڕ بەختـەوەری دوور لـە لـەژاوەژاوو ئــاپوورەی خــەڵکی‌و ئۆتۆمبێــل‌و دووکـەڵو گریس‌و چاڵو چۆڵییـە زۆرەکـانی دەرکـۆڵانو شــەقام‌و گۆڕەپـانی سـیخناخو قـوڕو چلپـاوی رێگـاو بانــەکانی زسـتانی لەبیربەرێتەوە.. شاعیری راستەقینەی سـەردەم بەرلـەوەی چاڵ بـۆ براکـەی هەڵبکـەنێت، خـەون بـە باخچەیـەکی رەنگینـی پـڕ لـە ئـاوو تاقیگەو باڵندە بێوەیەکانەوە بۆ مرۆڤی برای بنیاتئەنێ..

ئەمجارەیان پێویست وایە ئەو خەونە بە تـێڕوانینێکی نوێـوەو پـێ بـەپێی مەعریفـەو ئـاوەزو لۆژیکـی دوور لـەبیری کۆنو سـەلەفییەت بتوانێت روانین‌و نیگای ئایندەیی بۆ خۆی‌و کۆمەڵگاکەی دابینکات..

شاعیری شارستانی‌و کـوڕی سـەردەمەکەی خـەون ئـەبینێت کـەوا، سەرلەنوێ مرۆڤ بە ئارەزووی خۆی رەوڕەوەی پەرەسەندنی مێـژوو بەڕێوە بەرێت.. ئەو خەونەی نەخشەی (ئـاوەز/ئـەقڵی) ئـەلیکترۆنی رەتئەکاتەوە کە ئەیەوێت مرۆڤ ببێتە نۆکەری ئامێرەکان (رۆبـۆت)، دیـارە ئـەوەش خـەونێکی پـاکو بێخـەوش‌و بـێ مەبەسـتی مادییــەو ماستاوکردنو مەراییکردنی دەسەڵاتو پیـاوانی سەرکورسـی زێڕینـی تیانییـەو بـەزمانی پـاراوو دەوڵەمــەندەوە وێنــەو وێنــای شـیعری‌و ئیستاتیکی هونەریی ئافەریدە ئەکات بۆ وەی لەگەڵ ئاستو رەوتـی ئەم ژانرە ئەدەبییە ناسـكو فەلسـەفییەدا/کـە شـیعرە جیهانییـەکانم

هەر ئەندێشەو
خەونی رۆمانسی‌و
واقیعی–
فانتازییانەیە کە
سەرلەنوێ پێوەندی
مرۆڤایەتی
ئەژێنێتەوەو سۆزو
ژیانی رەنگین
بەچارەنووسی
مرۆڤی هاوچەرخ
ئەبەخشن..

مەبەستە..! / دانەبڕێن و لەگەڵ بیری مرۆڤایەتی خاوێندا یەکبگرێتەوە..

شایانی باسکردنە، کە هەر ئەندێشەو خەونی ڕۆمانسیی و واقیعی-فانتازییانەیە کە سەرلەنوێ پێوەندی مرۆڤایەتی ئەژێنێتەوەو سۆزو ژیانی ڕەنگین بەچارەنووسی مرۆڤی هاوچەرخ ئەبەخشن..


یارمەتیان ئەدات چۆن بەرامبەر نەهامەتیی و دڵەڕاوکێ و نیگەرانیی و ئاستەنگەکانی ئایندەدا ڕابوەستن.

شاعیری سەردەم بە پاڵپشتی تێڕامان و ئەزموونی ڕاستەقینەی دوور لەدرۆو مەرایی و چاوەشی نواندن هەوڵئەدات دەستەوسان ڕانەوستێ.. هەمیشە لەئاسۆیەکی واڵاو نیشتمانێکی ئاسوودە ئەڕوانێت..

کۆتایی نەوەدەکانی سەدەی پێشوو

ئیسپانیا

بۆ نووسینی ئەم وتارە سوود لە ڕۆژنامەی ABC وپاشکۆ ئەدەبییەکەی وەرگیراوە: ١٩٩٨/٦/٢٨



# نیتشەو شیعر

نووسینی /د. عبدالرحمن بدوی
و. محەمەد سالار شێخ عەلی

نیتشە شاعیرێکی گەورەو دیارە، بە ئەندازەیەك پەخشانەکانیشی شیعریات لیٚ هەڵدەقوڵیٚو رەنگی شیعریان گرتووەو. وەك نەریتی خۆی هەڵوێستی بەرامبەر شیعرو شاعیران هەڵوێستێکی نەیاری روونە ئەوەتا لە وتوێژێکدا لەنێوان زەردەشتو قوتابییەکەیدا: قوتابییەکەی ئەڵیٚ: (لەڕاستیدا من گویٚ بیستی ئەوەبووم کە ئەتووت شاعیرەکان زۆر درۆدەکەن–بۆچی ئەڵێیت شاعیرەکان زۆر درۆئەکەن؟

زەردەشتیش لەوەڵامدا وتی: (لەبەرچی تۆ پرسیار ئەکەیت؟)
من لەو کەسانە نیم کە داوای ئەوەیان لیٚ ئەکریٚ هۆکارەکان بخەنەڕوو.
ئایا بۆ ئەزموونی من لەدوێنێوە دەستی پێکردوە؟
لەڕاستیدا زەمەنێکی زۆر دوورو درێژ تیپەڕیووە بەسەر ئەو کاتەدا کە من هۆکارەکانی هزری خۆمم تیادا تاقیکردۆتەوە.
ئایە دەبێت من ئەو بیرەوەرییە کە وەك کوونەپڕە بەدوای خۆمدا رایکێشم، بۆ ئەوە هەموو هۆکارەکان لەلای خۆم ئامادە بکەمەوە. نەخێر تەنها هێندەم بەسە کە هزرەکانی خۆم بپارێزم، لەراستیدا گەلیٚ لەباڵندەکانم داویانە لەشەقەی باڵو فڕیون.
(جارجاریٚ لەهێلانەی کۆترەکانمدا باڵندەیەکی پەناهەندە دەبینم کە نامۆیە بەمنو کاتێکیش دەستی بۆ دەبەم خۆی رادەپسکێنیٚو سڵدەکا. (پێشتر زەردەشت چی بەتۆ وت؟ ئایا پێی وتی لەڕاستیدا شاعیرەکان زۆر درۆ ئەکەن؟
–بەڵام خۆ زەردەشت خۆیشی شاعیرە. ئایە ئێستا تۆ لەو باوەڕەدایت زەردەشت لێرەدا هەقی وتووە؟ ئایە تۆ چۆن بڕوات وایە؟
قوتابییەکە وەڵامی دایەوە (من باوەڕم بەزەردەشت هەیە) بەڵام زەردەشت سەری لەقاندو زەردەخەنە گرتی. وتی: من باوەڕێکی

وانازانم که رزگارکەربێت بەتاییەت گەر بڕواکە بەخودی خۆم بێت! بەڵام گەر گریمان کەسێك زۆر بەجدی وتی شا عیرەکان زۆر درۆ دەکەن، ئەوە لەڕاستیدا لەسەر حەقەو! ئێمە زۆر درۆدەکەین.

ئێمەی شاعیر زۆرکەم دەزانین
وشارەزایشمان نییە
لەفێربووندا، هەرلەبەر
ئەمەیە ناچارین
پەنا بۆ درۆ بەرین.
ئایە ئەی جەماوەری
شاعیران
کام لەئێمە
مەی خۆی
رووکەش
نەکردووە؟
ئێمە لەپۆلەکانماندا
زۆرێك لەمەی ژەهراویمان
ئامادەکردووە
گەلێ شتیشمان
دروستکردووە
کە باس ناکرێن.
جا لەبەرئەوەی
ئێمە تەنها شتێکی
زۆر کەم دەزانین،
هەژارەکانمان
بەگیان خۆشدەوێ
خۆبەتاییەت


نیتشە

گەربێت و
ئەو هەژارانە
کیژانی دەروون پاک بن.
ئێمە چەژ لەوە وەردەگرین
کە گوێ لەچیرۆکی پیرێژنەکان بگرین لەدەمەو
ئێوارەدا
ئا ئەم
غەریزەیەیە
ناومان ناوە
مێینەی نەمر
لەخۆماندا،
وەك ئەوەی
زانستیش
دەرگایەکی
نهێنی تایبەتی هەبوایەو
ببوایەو ببوایە
بەکۆسپ لەڕێگای
ئەو کەسانەدا کەتامەزرۆی
فێربوونن، ئەوە ئێمە باوەڕمان بەگەلو (حیکمەتی گەل)
دەبوو.
تەواوی شاعیران
لەوبڕوایەدان
هێندە بەسە
تەنها شاعیرێکیان
لەسەر پڕۆێنێکی درێژبووەوەی





سەرو لێژگەی تەنها گردێکدا
رابکێشێو پاڵبداتەوەو
دواتر چاودێری
هەستی بیستنی بکات
بۆ ئەوەی بتوانێ دەست بەسەر ئەو شتانەدا بگرێ و بییان
قۆزێتەوە کە
لەنێوان
ئاسمانو زەویدا
گردەخۆن
بۆیە گەربێتو
شاعیرەکان
ناخیان رووبەرووی
هەڵچوون گەلێکی
ناسک ببێتەوە
وابۆی دەچن
کە سروشت
ئەویندارى بووە،
بەپەنهایی لێیان
نزیك دەبێتەوە
بۆئەوەی
چەندان نهێنیو وتەی
هەنگوینی
بەگوێیاندا
بچرپێنێ،
شاعیرەکان

بەمەوە شانازی دەکەن‌و
خۆیانی پێوە هەڵدەکێشن
لەبەردەم هەموو
زیندەوەرە تەمەن کورتەکاندا!
بەداخەوە لەنێوان
ئاسمان‌و زەویدا
چەندان شت هەن
کە تەنها شاعیران
نەبن
کەسی دی خەونی پێوە نەبینیون
بەتایبەت
لەسەر ئاسمان
چونکی خواوەندەکان
تەشبیهاتن بۆ شاعیران‌و
داهێنراوی ئەوانن.
لەڕاستیدا ئێمە هەمیشە
خەون بە بەرزییەکانەوە
دەبینین،
خەون بەجیهانی هەورەوە
دەبینین
لەوێدا کەل‌و پەلە رەنگاو رەنگە
کانمان دادەنێین
کەناومان ناون پەرستەران (القدسین)و
مەردومە پیرۆزە بەرزەکان.
گەوهەری ئەم بوونەوەرە



ئاسمانییانە زۆر ناسك و
بێکێشە
بەجرێ ئەم ئەسکەمبیلانە؟
تەواوی پەرستەران و (القدسین)
مەردوومە پیرۆزەکان
هەڵدەگرێ
ئاخر! من چەند ماندوو شەتەکەم
لەبەر لەدەستەوە نەدان و
کەم و کوڕی...،
ئەمە ئەوەیە کە دەیەوێ
بەهەرنرخێك بێت!
گەورەو مەزن بێت
ئیتر گرنگ نییە
ئاخ من چەند ماندوو بێزارم
لەدەست
هەموو شاعیرەکان!!
کاتێك قوتابییەکە
ئەم قسانەی لەزەردەشت
بیست زۆر توڕەبوو
بەڵام دانی بەخۆیدا
گرت و بێدەنگ بوو.
هەروەها زەردەشت خۆیشی
بەبێ دەنگی مایەوە
وادەردەکەوێت
کەسەرنجە قووڵەکانی





ئاڕاستەی
ناخی خۆی کردبێتەوە،
وەك ئەوە وابووە چەند
ئاسۆیەکی دوورو
فراوانی لەناخی خۆیدا
رەچاوکردبێت.
دواجار
هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشاو
ئاسایی بوووەوە.
وتی: من کوڕی ئەمڕۆ کوڕی
دوێنێم،
بەڵام لەناخمدا شتێك هەیە
کە پەیوەندیی بە بەیانیو دوو
بەیانیو پەیوەندە بەداهاتوویشەوە
من زۆرماندوو شەتکم لەدەست
شاعیرەکان، چ کۆنەکانیان
چ نوێخوازەکانیان،
چونکی ئەم شاعیرانە
هەرهەموویان ساویلکەن،
لەڕاستیدا هەرهەموویان
دەریای وشکو بێ ئاوان.
ئەمانە هزرو بیریان رۆنەچووە بەرەو قوڵای،
سۆزیشیان
دانەبەزیوە بەرەو کەندەلانی هەزار بەهەزار
کەمێك لەناو بانگ

کەمێك لەبێزاری، ئەمە باشترین شتە کە لەئەنجامگیری
تێڕامانەکانیانە
زرنگەی قیسارەکانیان
لەدیدی مندا دەشوبهێت بەتێپەڕبوونی
بەتارماییە چپەکانەوە،
هەتاکو ئێستا هەستیان
بەچیکردووە
لەجۆشو خرۆشی ئاوازەکان؟
من ئەو شاعیرانە بەخاوێنییەکی
وەها نابینم کە پێویستە
ئەوان دەچن ئاوەکان لێڵدەکەن
تاکو قوڵ دەرکەون
تامەزرۆی ئەوەن خۆیان
بەخاوەن ڕێزو تکاکار پیشان بدەن
بەڵام لەدیدی مندا ئەوان
مام ناوەندو تێکەڵو نیوە نیوەنو
خاوێنیش نین!
ئاخ! ڕاستە من ڕۆژێك
تۆڕەکەم هەڵدایە ناو
دەریاکەیانەوە، بەو هیوایەی
ماسی چاك ڕاوبکەم
بەڵام من هیچم تیادا ڕاونەکرد
بێجگە لە سەری بتێکی کۆن.
بەڵێ ئا بەو جۆرە
دەریا هیچی پێشکەش نەکردم،





تەنها بەردێك نەبێت
لەکاتێکدا کە زۆریشم برسی بوو
دیارە ئەوانیش
لەدەریادا پێگەیشتوون
راستە خەڵکی مرواریيان
تیادا بەدەست دێنن
بەڵام ئەوان زۆرتر
لەناوی دەریاکان
دەکەن کە خاوەنی
گەوهەرە رەقو سەرسەختەکانن.
لەبری ئەوەی کە رۆحێکیان تیادابیینم
بەپێچەوانەوە زیاتر
کەمێك کەرەو توێژی سوێر دەبینم
ئەم شاعیرانە لەدەریاوە فێری
لەخۆبایی بوونو بەخۆنازین بوون
ئایە دەریا تاوسی تاوسان نییە؟[i]
هەتا گامێشی زۆر بڵحیش
ئەوە دەبینێ کە دەریا
شەپۆلەکانی ئەدابەیەکدا شڵپو ووڕ.
هەرگیز ماندو نابیت لەیاری کردن
بەزیو ئاوریشمی
باوەشێنە چنراوە نەخشینەکەی
گامێش زۆر بەدرپییەوە تیادا
دەردەکەوێ،
گیانی گامێشە لەلم دەچێت،



بەڵکو زیاتر لەزەلکاو دەچێ.
چی بەلایەوە گرنگە
لەجوانی و فەنتازی دەریا
یان فریودانی دەریا
کە لەفریودانی تاوس دەچێت؟
ئەم پەندو وێنەیە
پێشکەش دەکەم بەشاعیران.
لەڕاستیدا گیانی ئەوان تاوسی تاوسانەو
دەریایەکە لەخۆپەسەندیو لەخۆبایبوون.
گیانی شاعیر عاشقی بینەرانە
دەیەوێ بینەران زۆربن،
قەیدی نییە بابینەرەکان
لەگامێشیش بن.
بەڵام من زۆر پەستم
بەم گیانە،
ئەوپێشبینییەش دەکەم
کە ئەم گیانە خۆیشی
بێزارو پەست دەبێ لەخۆی
لەڕاستیدا شاعیرەکانم
بینی پیاسەیان
دەکرد،
بینیمن
سەرەنجە قوڵەکانیان
ئاڕاستەی
دەروونی خۆیان دەکرد

بینیم تۆبەکاران لە رۆح

لەڕاستیدا ئەوان لەناو

شاعیراندا

ئاوەها زەردەشت ئەدوێ.

ئابەم شێوەیە لەم وشانەدا ئەبینین کە نیتشە چۆن شاعیرەکان بەرزدەنرخێنێو لەهەمان کاتدا نەفرەتیشیان لێدەکات: شاعیران تەنها کەمێك دەزانن ئەوان مامۆستاگەلێکی خراپن، شاعیران نیوە-نیوەن، چونکی ئەوان میانڕەوییان دەوێ لەکاروباردا، شاعیرەکان بەو دەریایانە دەچن قووڵاییان کەمە، لەبەرئەوە ساویلکەنو، باوەڕیان بەگشت حوکمی گشتین هەیە، گیانی شاعیران سیخناخە لە لەخۆبایبوون، شاعیر زۆر لەتاووس لەخۆبایو بەفیزترە: لەڕاستیدا شاعیر تاووسی تاووسانە لەرووی لەخۆرازی بوونو لوت بەرزیو خۆفشکردنەوەدا.

بەڵام دەبینین نیتشە لەجێگایەکی تردا ستایشی شاعیران دەکات بەوەی ئاسانکاری لەژیاندا دەکەن، واتە شەکەتی ژیان دەڕەوێننەوە. ئەوان گۆرانی بۆ ئەوە دەچڕن کە بتوانن چەرمەسەری لەژیاندا نەهێڵنو گرانباری ژیان لەسەر خەڵکی لابەرنو ئاسودەییان بۆدابین کەن، هەر لەپێناوی ئەوەدایە کە دەبینی شاعیرەکان رووی خۆیان لەم ژیانە دژوارە ئەشکەنجە ئامێزە وەردەگێڕن یان دێن ئەم ژیانەی ئێستا بەڕەنگی تازەو جوانو دڵفرین دەنەخشێنن. جا بۆ ئەوەی بتوانن ئەم خەونەبهێننەدی پێویستە لەزۆر لایەنەوە ئاوڕ لەدواوە بدەنەوەو رابردوو بکەنە رووگەی خۆیان! بۆ ئەوەی خەڵکی بتوانن پشتیان پێبەستنو وەك چەند پردێك لێوەی بپەڕنەوە بۆ کاتە زۆر دێرینەکانو بیرو تەسەورە کۆنەکانو شارستانیو ئاینە پوواوەکان بەڵام کەرەستەکانیان بۆ کار ئاسانی کردنیچەرمەسەرییەکانی ژیان لەهەندێ رووەوە ناتەواو نیگەتیڤن لەبەرئەوەی چارەسەرکردنەکانیان بنەڕەتی نییەو بەڵکو سرکەروکاتییەو تەنها بۆ ماوەیەکی کەمە، بەرگری لەخەڵکی دەکەن هەستن بەکاری پۆزەتیڤ بۆ چاکسازی لەکاروبارییاندا، بەشێوەیەکی گشتی بارسووککردنی ئەمان بۆ ژیان زەرەرمەندە، چونکە دەبێتە هۆی لاوازکردنی ئەو وزە بەهێزەی کە لەئەنجامی ئەم بارودۆخەی ئێستادا لەدایکبووە کە خەڵکی تیادادەژی.

بەواتایەکی روونتر دەتوانین بڵێین کاریگەری شاعیرەکان وەك کاریگەری بێهۆشکەر (المخدارت) وایە. کەوابێت زۆر ئاساییە نیتشە کە بانگەشە دەکات بۆ هێزو کاری زیندوو دڵەڕاوکێی هێرشی توندو تیژبکاتە سەر شاعیرەکان. نیتشە شیوەنی ئەوە دەکات کە شاعیر

**نیتشە لەجێگایەکی تردا ستایشی شاعیران دەکات بەوەی ئاسانکاری لەژیاندا دەکەن.**

خۆشەویستی نییە بۆ راستی واقیعی بەلآم لەبەرامبەر ئەوەدا دەبینین نیتشە شیعرو شاعیران بەرز دەنرخێنێ، ئەڵێ: لەڕاستیدا شاعیر گوزارە لەو راوبۆچوونە گشتیو بڵندانە ئەدات کە لەناو گەلێکدایە، لەگەلان شاعیر زمانحاڵی ئەو راو بۆچوونانەیە، شمشاڵە دڵ خرۆشەکەیەتی شاعیر بەهۆی کێشو جۆرەها تەکتیکی هونەرییەوە ئەم راوبۆچوونانە بەشێوەیەکی هێندە ناسكو دڵڕفێن نمایش دەکات کە خەڵکی بەوپەڕی رێزو سەرسامییەوە باوەشیان بۆ بکەنەوە تا ئەو ئاستەی خەڵکی باوەڕیان وابێت کە شاعیر زمانحاڵی خواوەندەکانە لەکاتی بڵندی دروستکردنی شیعردا شاعیر لەیادی نامێنێ ئەو هەموو حیکمەتەی لەکوێوە بۆهاتووە—کە هەمووی لەباوکیو دایکیو مامۆستاکانیو کتێبەکانەوە پێگەیشتووە بەهەموو جۆرە جیاوازەکانییەوە هەروەها لەسەر شەقامو کەهەنەکانەوە— بۆیە هونەرەکەی لەخشتەی دەبات لەسەر دەمی سادەو ساویلکەیدا بەوپەڕی قەناعەتەوە باوەڕی وابووە کە یەزدان بەزمانی ئەوەوە ئەدوێ، واتە شاعیر باوەڕی وایە شیعری بەنیگا بۆ دێت لەنیگاوە وەری دەگرێو دەینووسێ، بەلآم لەڕاستیدا ئەو لەوەندە زیاتر ناڵێت کە لە ڕێگای حیکمەتو حەماقەتی گەلەوە فێربووە.

ئا بەم جۆرە شاعیر هێندە دەنگی گەلە هێندەیش دەنگی — هێزێکی بالآدەستە.

نیتشە گرنگی بەلایەنی کێشی مۆسیقی ئەدات لەشیعردا زیاد لەلایەنەکانی تر، جا لەبەرئەمە نیتشە ئەو شاعیرە بەرزدەنرخێنێ کە زرنگەو زایەڵەی هۆنراوەکانی جوانو دڵفرێنو رتمی بالآیان هەیەو، ئەو شاعیرەی کە رستەی کێشەکانی کۆنترۆڵکردووە: گەورەترین جوامێری شاعیر لەوەدایە کە شیعرو چامەکانی زنجیرەیەك بن لەسرودی جوانو گونجاو بۆ سەما.هەتا لە (تراجیدیاکانیش)دا بەتەنها ئەو لایەنە مۆسیقیایە بەرزدەنرخێنێ کە لەکۆرسەکەدا دەنوێنرێت.

هەر لەبەر ئەمەیشە کە دەبینین لەناو شاعیراندا بەتایبەتی ئەو کەسانە بەرزدەنرخێنێ کە گرنگی بەمۆسیقای چامە ئەدەن. هەر ئەمەیشە کە نهێنی سەرسوڕمانی نیتشە دەردەخات بەرامبەر بەهیلدرلنو هینە چونکی ئەم دووشاعیرە بەناوبانگن بەدڵڕفێنیو جوانی مۆسیقا لەچامەدا. هەروەك سەرسامیشی بەرامبەر شلروگۆتە لەبەر لایەنی هونەری شیعری نەبووە، بەڵکو تەنها لەبەر ناوەڕۆکی شیعرەکانیان بووە.

هەرچەند کە چامەکانی هیلدرلن یەشتا نەدۆزرابوونەوەو بەهایان نەخرابووەڕوو چونکی وەك ئاشکرایە چامەکانی هیلدرلن لە ١٩١٠دا دۆزراونەتەوە واتە ١٠ ساڵ دوای مردنی نیتشە، بەلآم دەبینین نیتشە ستایشی ئەم شاعیرە دەکاتو ئەڵێ لەڕاستیدا هیلدرلن شاعیرێکی

گەورەترین جوامێری شاعیر لەوەدایە کە شیعرو چامەکانی زنجیرەیەک بن لەسرودی جوانو گونجاو بۆ سەما.

> **ئەو شاعیرەی کە دەیەوێ دراوبدات بەئاڵتون، پێویستە لەسەری کەتاقیکردنەوە زیندووەکانی خۆی پێشکەشبکات.**

لێهاتوو دڵفرێن‌و جادووگەرە جا ئەو کەسەی قسەکەی نیتشە راڤەدەکات ئەوەی لێوەردەگرێ کە هیلدرلن (فرتری یۆنانە)، هەروەها نیتشە ئەڵێ ئەووکلیست کوژراوی ئەصالەتی خۆیانن، چونکی نەیانتوانیوە بەرگەی ئەو کەشە کەلەپورەی ئەڵمانیا بگرن‌و خۆیان راگرن، چونکی ئەو کەشە لێڵە، لەدیدی نیتشەدا کەشێکی خنکێنەرو ژەهراوی بووە، هیچ کەسێك بەرگەی ناگرێ بەتەنها ئەو کەسانە نەبن کە سروشتێکی برنزییان هەیە وەك : بتهۆڤن‌و گۆتەو، شوبنهاوەرو فاگنەر. نیتشە دەربارەی هینە ئەڵێ ئەو کەسەیە کە بالاترین فکرەی داوە پێی لەو رووەوە کە شا عیرێکی غینائییە، تا ئەو ئاستەی کەرتێك ئەڵێ: ئەڵمانیا تەنها یەك شاعیری بەرهەمهێناوە کە لەگەڵ گۆتەدا دەبن بەدووان، ئەویش هینەیە، هینە بەلایەن نیتشەوە یاریزانێکی لێهاتوو چالاکە لەتاووتوێکردنی کێش‌و تێکەڵکردنی رەنگەکاندا.

بەڵام لێهاتووی گۆتە لەلایەن نیتشەوە ئەوپەڕی جێگای سەرسامییە، لەڕاستیدا نیتشە لەگۆتەدا نموونەی گەورەی دیوە هەروەها هەر لەویشدا نەزعە سروشتییە بێ قەرارەکەی رەچاوکردووەو دواتر پلەپلە گۆڕاوە بۆ جێگایەکی چاك.

گۆتە لەدیدی نیتشەدا جۆرە پیاوێکە کە گەیشتۆتە پلەو پایەیەك کە هیچ کەسێکی تر لەئەڵمانیادا پێی نەگەیشتووە پێویستیشە لەسەر ئێمە کە هەمیشە قوتابی ئەوبین گۆتە ئەو ئوڵمپییە نییە کە لەئاسمانەکانی هونەردا هەڵفڕێ‌و دەورەبکات، بەڵکو گۆتە پیاوە بەهەموو واتایەك بۆ وشەی پیاو دەست بدات، گۆتە پیاوێکی کاریگەرو لێهاتووبووە بەشداری کردووە لە ئازارەکانی ژیان‌و شانیشی داوەتەبەر بارە گرانەکانی بوون (الوجود) بەهەموو قورساییەکانییەوە. لەڕاستیدا سروشت هونەرمەندێکی گەورەی لێ دروستکرد، بەڵام گۆتە تووشی هەڵەبو لەوڕووەوە کە گومانی وابوو زاناو داهێنەرێکی گەورەیە، هەروەك لەبەشی یەکەمی ژیانیشیا هەر بە هەڵەداچوو کاتێك کە خولیای شتێك بوو لە شیعر بەرزتربێت.

لەگەڵ ئەم قسەو راو بۆچوون‌و دیدانە کە لەبارەی شیعرو شاعیرانەوە هەیە دەبینین نیتشە چەند خاتیرەیەکی پەرش‌و بڵاویشی هەیە کە پەیوەندن بەهەردووکیانەوە (شیعرو شاعیران).

وەك ئەوەی ئەڵێ: لەڕاستیدا شاعیر فێڵبازەو بۆیە شاعیرە لە مەردومی درۆزاندا برای شیری خۆی ئەبینێ-هیچ رێگای ئەو قسەیە نییە کە بووترێ ناکۆکی هەیە لەنێوان شاعیرو رەخنەگردا، بەڵکو تەعاروز لەنێوان شاعیرو کەرەستەی شیعردا سەرهەڵئەدا-شاعیر ناتوانێ لوجیکی بێت لەگەڵ خۆیدا- هەموو سەرەتایەك ترسناکە لەسەر شاعیر-شاعیرەکان هەمیشە بە بەردەوامی خزمەتکاری جۆرێکی دیاریکراون لەڕەوەشت‌و ئاکار شاعیر خەجاڵەت‌و

رووزەردنابێت لەتاقیکردنەوە زیندووەکانی خـۆی- شـاعیری گـەورە تەنها ئیلهام لەواقیعی خۆیەوە وەردەگرێ.

ئەو شاعیرەی کە دەیـەوێ دراوبـدات بـەئاڵتون، پێویسـتە لەسـەری کەتاقیکردنەوە زیندووەکانی خۆی پێشکەشبکات.

---

[1]-طاووس طواویس.



# وانەکانی پەندیاری

ميخائيل جاكۆب
گفتوگۆی لەگەڵدا کردووە
و. محێدین مەحمود

سیوران:

## ئای نووسین.. کە پیشەیەکی پۆخڵیت!

*ئـەو کەسـەی نووسـینەکانت دەخوێنێتـەوە وا دەزانـێ تـۆ گفتوگـۆ رەتدەکەیتـەوەو هـەموو بـــەڵێنێك بـۆ گفتوگۆکـردن بـەجۆرێك لـە سووکایەتی پێکردن دادەنێیت، من هەست بەو ناهەمواریە دەکەم کە لەوانەیە دواندنت بیسەپێنێت. بەڵام ئامادەم ئەنجامی بـدەم. ئەگـەر ئێمـە لەمناڵیتـەوە لـە (رۆمانیـا)دا دەسـتپێبکەین ئایا هێشـتا ئـەو سەردەمە هەر دەهێنیتەوە بەرچاوی خۆت؟

—بـەڵێ‌و زۆر بەباشـی دەیهێنمـەوە بـەرچاوی خـۆم. لـە (راسـنین) لەدایکبووم. دێیەکە دەکەوێتە ناوچەی (کارپـارتیس) شـاخاوییەوەو دوانزە کیلۆمەتر لـە شـاری (سـیبیۆ) دوورە. ئـەم دێیـەم زۆر خـۆش ویسـتبوو. لـەو رۆژەی بـۆ قوتابخانـەی نـاوەندی (سـیبیۆ)م بەجێهێشـت، دە سـاڵان بـووم. هـەتا لـەژیاندا مـاوم ئـەو رۆژەم لەیادناچێت یان باشتر ئەو ئەو کاتـەم لـەیادناچێت کە بـاوکم تیـایدا هاوڕێیەتی کردم و گالیسکەیەکی یەك ئەسپیمان بەکرێ گرت.

بەدرێژایی کات دەگریام، هەستم کردبوو کە ئیتر رۆژانی بەختەوریم بەسەرچوون. ئەم دێیە شاخاوییە بـۆ ئـەو منداڵـەی ئەوسـا—کـە مـن بوو—سوودی زۆربوو، ئەمتوانی بەر لـە نـانی بـەیانیان هـەتا نیـوەڕۆ خۆم ون بکەم پاش ئەوە بـۆ مـاڵ دەگەڕامـەوە تـاکو دوای ئـەوەش هـەتا ئێـوارە دیسـان ون ببمـەوە، ئەمـە هـەتا تەمـەنی دەسـاڵیم بەردەوام بوو، ئەو چیانشینیە سوودی تری هەبوو، چونکە لـەماوەی یەکەم جەنگی گەردوونیدا (هەنگار)ەکان دایك‌و باوکمیان بەو پێیـەی

ڕۆمانین ڕاپێچکرد، منو براکەمو خوشکەکەم لەلای داپیرەکەمان مابنەوە. بەتەواوەتی ئازاد بووین، بەگشتی ڕۆژگارێکی خۆش بوو، جوتیارەکانم زۆر خۆش ئەویستو شوانەکانم لەئەوان زیاتر خۆشئەویست، لەناخەوە ڕێزێکی تایبەتیم بۆیان هەبوو، ئەو ڕۆژەی ماڵئاواییکردن لەم جیهانەم بەسەردا سەپێنرا وەهام هەستکرد کە شتێك لەناوەوەمدا بۆ هەتا هەتا وردو خاش بووەو گریامو.. گریامو هەرگیز ئەوەم لەیادناچێت.

*ئەو کەسەی گوێی لەتۆ دەبێ وائەزانێ تۆ بەڕاستی لەزێدی خۆت هەڵکەنراویت..؟

–بەڵێ، لەزەوی هەڵکەنراوم، لەو جیهانە بەرابیەکە هەستکردنی بەئازادی پێ بەخشیبووم و زۆرم خۆشویستبوو هەڵکەنرام. کەواتە.. لە (سیبیۆ)، لەو شارە زۆر گرنگەی (نەمسا)ی (هەنگار)یدا خۆمم بینییەوە، بریتی بوو لە شارێکی سنووری کە لەسەرباز جمەی دەهاتو پێویستە ئاماژە بەوەبکەم کە تیایدا سێ نەتەوە بەبێ کێشەپێکەوە دەژیان: ئەڵمانو ڕۆمانو هەنگارەکان. ڕۆشنبیری ئەڵمانی بەدڵنیاییەوە ڕۆشنبیریەکی ڕاستەقینەبوو (هەنگار)و (ڕۆمان)ەکان هەر ئەوەندەبوون کە کۆیلەنو هەوڵی ڕزگاربوونییان ئەدا، لەشاری (سیبیۆ)دا کتێبخانەیەکی ئەڵمانی هەبوو، بەبۆچوونی من ئێجگار گرنگ بوو، بەهەر دۆخێکدابێ، (سیبیۆ) پاش دێکەی زێدمو (پاریس) بەخۆشەویسترین شاری جیهان دەمێنێتەوە، ئەگەر وشەی غەریبی کردن مانایەکی هەبێ ئەوە لەو بەداخەوە بوونەی منە کە ناچارکرابووم دێکەم بەجێبهێڵم، لەقووڵاییدا تاقە جیهانی ڕاستەقینە لەلام ئەو جیهانە بەرابیەیە کە هەموو شتێك تیایدا دەکرێو هیچ شتێك تیایدا شاراوەنییە.

*کەواتە.. هەڵکەنرایتو جار لەدوای جارەکەی تر؟

–بەدڵنیاییەوە زۆرجار، یەکەم لەوێ ئەو ڕاستیە هەیە کە من منداڵێتی خۆمم لەدەست داوەو پاش ئەوە هەموو ژیانم (لە سیبیۆ)دا. بۆچی شاری (سیبیۆ) لەلام شارێکی گرنگ بوو؟ چونکە لەوێ گەورەترین کارەساتی ژیانم دی، کارەساتێك کە ساڵانێکی دوورودرێژ بەردەوام بوو. کاریکردە هەموو ژیانی پاش ئەو،کارەساتەم هەموو نووسینەکانم، هەموو بیرکردنەوەیەکم، هەموو ئەنجامدراوێکم، هەموو وڕێنەکانم، سەرچاوەکەیان ئەو کارەساتە بوو، لەبیستەکانی تەمەنم دا هەموو توانایەکی خەولێکەوتنم لەدەست دابوو بەبیرم دێ کەچەندین کاتژمێر بەناوەڕاستی شاری (سیبیۆ)دا ئەگەڕام. شارێکی ئێجگار جوان بوو شارێکی ئەڵمانییە کە لەسەردەمە ناوەڕاستەکاندا دروستکرابوو. کەواتە لەدەوری نیوەی شەودا دەرئەچووم بەشەقەمەکاندا دەگەڕام، بەساکارییەوە، لەشارێکی چۆڵدا کە بێدەنگی باڵی بەسەردا کێشابوو، منو چەند سۆزانییەك نەبێ کەسی



سیوران

تری لێنـەبو. چـەندین کـاتژمێر وەکـو تارماییـەك بەکۆڵانـەکاندا وێـڵ ئـەبووم. مـن لەهـەموو ئـەوەی لـەدواییدا نووسـیومە قــەرزاری ئــەو شەوانەم. یەکەم کتێبم کە (لە لوتکەی نا ئومێدی)یە بۆ ئـەو قۆناغـە دەگەڕێتەوە. کاتێك نووسیم تەمەنم بیستو دوو ساڵ بوو. بریتی بوو لە وەسیەتنامەیەك چونکە بیرم لە خۆکوشتن ئەکردەوە، بـەڵام هـەر ژیام، پیشـەیەکم نـەبوو بیکـەمو ئەمـە شـتێکی ئێجگـار گرنـگ بـوو، لەڕاستیدا بەکەڵکی هیـچ کـارێك نەئـەهاتم، چونکـە هەمیشـە بێخـەوو لەگەڕانی شەوانەی ناو شاردا بووم، ئیـتر چۆن بـەڕۆژ کـارێك بکـەم، نەمتوانی کارێك بۆ خۆم بکـەم بـە پیشـە، بڕوانامـەی مۆڵـەتم هـەبو، خوێندنـی فەلسەفەشـم لـە (بۆخاسـت)دا تـەواوکردبوو. هتـد، بـەڵام کـاری مامۆسـتاییم ڕەتکردبوو، چونکـە پـاش ئـەوەی کـە هـەموو شەوەکەم بێخەو ئەبردەسەر پێم نەئەکرا قووتابیان بخلافێنم. باسـی ئەو شتانەیان بۆ بکەم کە مەبەستم نـەبوون. کەواتـە ئـەو شـەوانەی (سیبیۆ) بنچینەی تێڕوانینم بۆ جیهان بوون.

*ئەو شـەوانە دەرفـەتی دۆزینـەوەی فەزایـەکی سـەیرو سـەمەرەیە، دۆزینـەوەی شـتێکی کـراوە، شـتێکی سەرسـوڕ هێنـەریان بۆتـۆ ڕەخساندبوو؟

–ڕاسـتە، بـەڵام لـەدۆخی تایبـەتمدا چـەند پێشـینەیەك هـەبوو، تێڕوانینی خۆمم بۆ شتەکان زوو دەستکەوتبوو. ئەم تێڕوانینـەی کە هەر لەبیست ساڵی تەمەنمدا دەرکم بە دەلالەتەکانی کردبوو، ئەوسـا بەشێوەیەکی ڕێکوپێك لێـی تێگەیشتم. دەبـێ لەسـەرەتادا ئامـاژە بەوە بکەم کە باوکم قەشەبوو، بەڵام لە بەرامبـەریدا دایکـم ئیمـاندار نـەبوو، لەوانەیـە لەبـەر ئەمـە بووبێـت ئـەو پـتر لـەباوکم خـاوەنی سەربەخۆییەکی هزری بوو.. کەواتە لەتەمـەنی بیست ساڵیدا بـوو.. هێشتا ئەو ڕۆژەم لەبیرە کەنیوەڕۆیەکیان بەئامادەبونی دایکم خۆمم هاوێشتە سەر کورسییەكو بـەبیرمدا هـات بڵێـم : (تـەواو بێزاربووم) دایکم وەڵامـی دا یـەوە: (ئەگـەر ئـەمزانی چیـت بەسـەردێ، تـۆم لەبارئەچوو). ئەم ڕووداوە هەستێکی نامۆی لەلام دروسـتکرد، بـەڵام نەڕێیانە نەبوو ، لەبری ئەوەی هەڵچم بزەیـەکم کـرد. ئـەوەم لـەیادە کە ئەوە وەك سرووشێك بوو، کە تۆ بـەبێ پابـەندبوونو ناچارکردن بەری ڕێکەوتێکیت. ئـەوە لەمانایـەکدا جۆرە ئازادییـەك بوو، بەڵام پاش ئەوە ئەمە هەتاسەر کاریکردە سەر ژیانم، دایکـم پـاش ئـەوەی هـەندێ لەنووسـینەکانمی بـە(ڕۆمـانی) خوێنـدەوە (فەرەنسـی نەدەزانی) کەم یان زۆر پێیان قایل بوو، باوکم بە پێچەوانـەی دایکم کلۆڵ بـوو، ئیمـانداربوو، ئەگـەرچی بـەبێ دەمـار گرژی بوو، وەکو قەشەیەك ئەمە پیشەی بوو، بـەپێی سروشتی دۆخەکـە هەرچییـەکم نووسـیبوو ئـەو پێـی نـاخۆش بوو، نەشیدەزانی چـۆن ڕووبـەڕووم بێتەوە، تەنیا دایکم بوو کە دەرکی بەمەودای نووسینەکانم دەکـردو

یەکەم کتێبم کە (لە لوتکەی نا ئومێدی)یە بۆ ئەو قۆناغە دەگەڕێتەوە. کاتێک نووسیم تەمەنم بیستو دوو ساڵ بوو. بریتی بوو لە وەسیەتنامەیەک چونکە بیرم لە خۆکوشتن ئەکردەوە.

ئەمە شتێکی وروژێنەر، چونکە لەسەرەتادا بەکەمم دائەنان. بەڵام رۆژێکییان پێی وتم "بەلای منەوە جگە لە (سیباستیان باخ) هیچ شتێکی تر نییە"، لەو ساتەوە دەرکم بەو لەیەکچونەی نێوان منو ئەوکرد. راستە، نەگونجانێکی زۆرم لەئەوەوە بۆ مابۆوە، بەڵام هەندێ لە بەهاکانیشم بۆ مابوو، لێرەدا هەندێ بۆهاتن هەیە کە مۆرکی خۆیان بەتەواوی ژیانێك دەنێن، بەوردی لەم کاتەدا شتێکی دەلالەتدار روویدا، دەزانن کە من کتێبێکم نووسیبوو، دووەم یان سێهەمم بوو، ناونیشانی (فرمێسكو پیاوچاکان)م بۆ دانابوو، ساڵی ١٩٣٧ بەزمانی (رۆمان)ی بڵاوکرایەوە. لەسەرەتادا بەساردییەوە پێشوازی لێکرا. چونکە لەوساتەی کتێبەکە ئامادەکرابوو، پەخشکارەکە لە (بۆخارست)دا بوو لەهەمان کاتدا من لە (ڤۆسارب) بووم. تەلەفۆنی کرد تاکو پێم بڵێ بڵاوکردنەوەی کتێبەکە مەحاڵە ! ! لەو ساتەدا ئەو کتێبەکەی نەخوێندبووەوە. لەدواییدا ئەوەی کرد، پێی وتم: (لەسایەی خوا دەوڵەمەندبووم و لەبەر ئەمە کتێبەکەتان بڵاوناکەمەوە). (سیوران پێدەکەنێ)، رەفتارێکی لەخۆیی بوو، پێم وت : (لەقووڵاییدا ئەوە کتێبێکی ئاینییە، بەوتنی : (لەوانەیە، بەڵام بڵاوی ناکەمەوە) قسەی پێ نەهێشتم، ئەمە لەو ساڵەدابوو کە تیایدا بۆ (پاریس) هاتبووم و پێم وتبوو: (ناچارم وڵات بەجێبهێڵم، دەبێ پاش مانگێك لە پاریس) دا بم. پێی وتم: (لەوانەیە وابێ بەڵام من کتێبەکەتم پێویست نییە)، ئەمە هەموو وەڵامەکەی بوو. دڵشکاو خۆمم کرد بەناو قاوەخانەیەکداو لەدڵی خۆمدا وتم: (جا ئێستا چیبکەم). ئەو کتێبەم زۆر خۆش ویستبوو. بەرهەمی قەیرانێکی گرێداربوو. لەکۆتاییدا پەخشکارێك یان باشتر بڵێم کتێبکارێکم دۆزییەوە. پێی وتم: (من بڵاوکردنەوەی کتێبەکەت لەئەستۆ دەگرم). بەم شێوەیە بەرەو (پاریس) (رۆمانیا)م بەجێهێشت. کتێبەکە بەبێ ئەوەی لەوێ ئامادەبم ساڵی ١٩٣٧ بڵاوکرایەوەو ئەمە باوکمی خستە دۆخێکی سەختەوە. کە لە(پاریس)بووم دایکم بۆی نووسیم: (لەکتێبەکەت تێگەیشتم. بەڵام نەدەبوو کە ئێمە لەژیاندا بین بڵاوی بکەیتەوە، چونکە باوکتت خستە دۆخێکی ئێجگار نالەبارەوە، هەروەها منیش بەو پێیەی کە سەرۆکی ژنە ئەرسۆدوکسەکانم .. لەشاردا گاڵتەم پێدەکەن.) بەم شێوەیە، بەتەنگ پێهەڵچنینەوە داویانکرد کتێبەکە لەبازاڕدا کۆبکەمەوە، بەڵام کتێبەکە بەبێ پەخشکار چاپکرابوو لەبەر ئەمە پڕفرۆشیەکی نەبوو، دایکم لەگەڵ ئەوەشدا لەناوەڕۆکی کتێبەکە گەیشتبوو. پێی وتم: (تێبینی دەکەین تۆ تووشی کەرتبوون بوویت، چونکە لەپاڵ خوانەناسیدا غەریبی کردنێکیت هەیە). ئەو کتێبە ئەنجامی قەیرانێك بوو کە بەهۆی بێ خەوییەوە بوو، لەبەر ئەمە هەمیشە رقم لەو کەسانەبوو کە دەیانتوانی بخەون. من ئەوە



دۆستۆیفسکی

بەشتێك لیٚ تێنەگەیێنراو دەبینم. چونکە مـن خوازیـاری تاقـە شـتێك بووم کە بخەوم. فێری شتێك بووم شەوانی بێخەوی لەگەڵ ئەوەشدا هەر بایەخی خۆیانیان هەیە.

*شەوانی بێخەوییە کە تیایاندا بە بەرهەم دەبێت؟

-تیایدا تەنیا بەبەرهەم نابین، بەڵکو تیایاندا تیشـدەگەین‌و ئەمـەیان گرنگترە. بڕوانە: ژیان ساکارە، مرۆڤ لەخەو هەڵدەستێت رۆژەکـەی بـەکارکردن دەباتەسـەر، مـاندوو دەبێـت پـاش ئـەوە دەخـەوێت، سـەرلەنویٚ لەخـەو هەڵدەستێت بـۆ ئـەوەی هـەمان شـت دووبـارە بکاتەوە، ئەوەی کە نـامۆیی بـەدیاردەی بێخـەوی دەبەخشـێت، بـیٚ پسانەوەیی رەوتی خەوە، بەڵام بێخەو لەجەرگەی شەوداو بەدرێژایی شـەو بەئاگایـە، لـەلای ئـەو جیاوازییـەك لـەنێوان شـەوو رۆژدا نییـە. جۆرە کاتێکی بیٚ کۆتایی هەمیشەییە.

*ئەو کەسەی بێخەوە جۆرە کاتێکی تر دەژی؟

-بەڕەهاییەوە، هەتا ژیان هەر بـە پچڕپچڕی، بەنابـەردەوامی نـەبیٚ ئەوە کاتێکی ترە، جیهانێکی تـرەو بەرگـەی ناگـیرێت. لـەقووڵاییدا، ئێمە بۆ دەخەوین؟ ئێمە هەر بۆ حەوانەوە ناخەوین، بەڵکو هەروا بۆ ئەوەیـە کـە لەیادبکـەین. ئـەو کەسـەی پـاش خـەوتنی شـەوێك بـە ئاگادێت وادەزانیٚ بەشتێك دەستپێدەکات، بـەڵام ئەگـەر تـۆ شـەوێك بەبیٚ خەو بەریتە سەر هیچ شتێك دەستپێناکات. لەهەشتی بـەیانیدا تۆ لەهەمان ئـەو دۆخـەدایت کـە لەهەشتی ئێوارەدا تیـایدا بوویت، بەمە ئیتر تێگەیشتنت بۆ هـەموو شـتەکان بەناچارییـەوە دەگۆڕێت، بڕوانـەکردنی هەمیشـەییم بەبیرۆکـەی پێشـکەوتن‌و نـەبوونم بـە قوربانییەکی ئەو بیرۆکەیە بەوردی بۆ بێخەوی دەگەڕێتەوە.

*ئایـا دۆخەکـە بەسـاتێکەوە بـەندە کـە تیـایدا جیـهان بەنەرێیانـە دەبینین؟

-نەرێیانەبیٚ یان ئەرێیانە، ئـارەزووی تۆیـە، بـەڵام ئێمـە چـەمکێکی ترمـان بـۆ (کـات) دەسـت دەکـەوێت. ئیـتر ئـەوە (کـات) نییـە کـە تێدەپەڕێت بـەڵکو ئەوەیـە کـە تێناپـەڕێت‌و ئەمـە سروشـتی ژیـانت دەگۆڕێت. لەبـەر ئەمـە شـەوانی بێخـەوی بەگـەورەترین ئـەزموون دادەنێم کە دەکریٚ بە درێژایی ژیان دەست بکـەوێت‌و مۆرکـی خـۆی بەو رۆژانەی ژیانت دەنیٚ کە ماون، بەم شێوەیە تـیٚ دەگـەین بۆچـی لەکاتی سزاداندا پـەنا بـۆ بێبەشـکردنی تاوانبـاران لەخـەو دەبرێت، ئەوان پاش چەند شەوێکی کەم ددان بەهەموو شتێکدا دەنێن. نهێنی ژیان، نهێنی مرۆڤ لە خەودایە. خەوە کە وا لەژیان دەکات بەرگـەی بگـیرێت. مـن دڵنیـام ئەگـەر مرۆڤـەکانمان لەخـەو بێبەشـکرد قەسابخانەی وا روودەدات کە پێشتر رووی نەداوەو بەوە ئیتر مێـژوو کۆتایی دێت. ئەم دیاردەیە چاومی بۆ هەتا هەتا کردەوە تاکو دانـی پیـادابنێم‌و بڵێـم کـە تـێڕوانینم بـۆ شـتەکان لەئـەنجامی ئـەم

تەنیا دایکم بوو کە دەرکی بەمەودای نووسینەکانم دەکردو ئەمە شتێکی وروژێنەرە، چونکە لەسەرەتادا بەکەمم دانەنان.

بێخەوییەوەیە خەریکیشە بڵێم (بێخەوی ئەقڵ)، دان پیانانێکە زێدەڕۆیی تێدایە، بەڵام لەکۆتاییدا راستەقینەیە.

–سەرەڕای ئەوە– عیشقم بۆ فەلسەفەو بۆ زمانی فەلسەفە، کەئەمەشیان دیاردەیەکی وروژێنە چونکە خووم بە زاراوەی فەلسەفییەوە گرتبوو.. ئەم عیشقەم بەهۆی بێخەوییەوە کوژایەوە، زانیم فەلسەفە بەکەڵکی شتێکم نایەتو وام لێ ناکات بەرگەی ژیان– بەتایبەتی شەوان– بگرم. بەم شێوەیە هەموو ئومێدێکم بەفەلسەفە لەدەستدا.

*بەڵام لە گۆڕەپانە ئەدەبییەکەدا گەلێ برادەرایەتیت دەستکەوت.

–بەڵێ، بەدڵنیاییەوە، ئەمەش لەو رۆژەدا بوو کە تیایدا دڵنیابووم کە فەلسەفە بەکەڵکی شتێکم نایەتو من پێویستیم بەزمانی نامۆی فەیلەسوفەکان نییە، بەهەر دۆخێکدا بێ ئەدیبەکانم پێ باشترن، بە بۆچوونی من (دۆستۆیفسکی) بەهرەمەندێکی سەرئاسایەو رۆماننووسێکی ئێجگار مەزنە. هەموو ئەوەی ئێمە خۆزگەی بۆ دەخوازین، هەموو چاکەکان لەلای ئەو دەست دەکەون، ئەدەبی رووسیم زۆر خوێندوە، بێگومان (تشیکوف)یش.



چیخۆف

*بەوردی کەی دەستت بەخوێندنی (دۆستۆیفسکی) کرد؟

–لەسەرەتاوە، بەڵام لەدواییدا نەبێ لێی تێنەگەیشتم. لەشەوانی بێخەوییدا لەکارەکەی گەیشتم، لەهەموو دۆخێکدا من هەر نەخۆشە مەزنەکانم خۆش دەوێ. - لەلام– دەبێ راستی بووترێت– ئەو نووسەرەی نەخۆش نەبێت هەتا ئاستێکو بەڕاشکاوییەوە کەسێکی دووەم پلە.

*مەیلی (دۆستۆیفسکی)یانە بەڕوونی لەکتێبی (فرمێسکو پیاوچاکان)ت دیارە، لەو ژنەدا کە لەهەمان کاتدا سۆزانیو پاکیزەیە.

*بەڵێ، راستە، بۆتان دەگێڕمەوە بۆچی ئەم کتێبە بە بەردەوامی بایەخێکی تایبەتی لەلام هەبوو، لەو تاقە ساڵە کە تیایدا بە پیشەیەکەوە خەریك بوومو لەشاری (پاراسۆف)دا لەقوتابخانەیەکی ئامادەییدا مامۆستای فەلسەفەبوومو لەدواییدا بەدڵنیاییەوە بۆم دەرکەوت کە خەریکبوونم بەم پیشەیە مەحاڵە. هیچ شتێك بەخەیاڵمدا نەدەهات تەنیا بیرۆکەیەك نەبێ: رۆیشتنم بۆ (فەرەنسا) وەکو هەڵاتنێك لەم پیشەیەو لەکۆڵ کردنەوەشی، تێپەڕبوونم بەئامادەییەکەی (پاراسۆف) بەڕاستی کارەسات ئامێزبوو، گەلێ سەرگوزەشتەم لەگەڵ قوتابیان، لەگەڵ مامۆستایان، لەگەڵ بەڕێوەبەرەکەدا هەبوو، لەکۆتاییدا لەچوونم بۆ (پاریس)دا سەرکەوتم بەڵام–هەر وەکو پێشتر ئاماژەم بۆ ئەوەکردبوو–لەو رۆژەدا کە تیایدا کتێبەکەم دەربارەی پیاوچاکان دەرچوو، هەموو بەڕوومدا تەقینەوە، کچێکی ئەرمەنی گەنج نەبێ کە لەحەقدەهەمین



هیگڵ

بەهاریدابوو، نامەیەکی کاریگەری بۆ نووسیم، ئەوەی بەسەرمدا هات رووداوێك بوو منی خستە سەر ئەو بڕوایەی کە ئەگەر نیگەرانییەکی ئایینیشم هەبێ من هەرگیز ناتوانم ئیمانداربم، لە قووڵاییدا واهیمەیەکی مەزنم لەدەست دابوو، دووبارە سۆفیزمەکانم خوێندەوە، بەڵام ئەوەی لەئەواندا منی وورووژاندبوو ئەو شتە سەرئاسایە بوو کە خۆی لەتوانای قسەکردنیان لەگەڵ (یەزدان)دا دەنوێنێت و بەو شێوەیەی کە چۆن هەرکەسێك لەئێمەی مرۆڤدا لەگەڵ مرۆڤێکی تردا قسەئەکات. سەبارەت بەخۆم زۆر شادمان بووم بەوەی ئەمە تووشی گینگڵدانی ئەکردم. چونکە بەوە ئیمانداری هەر بە شێمانەیی دەمێنێتەوە. هەتا ئەمڕۆ ناتوانم بڵێم لەبڕواهێنان دوورم. بەڵام ئەوەی تێبینی دەکەم ئەوەیە کە من ناتوانم ئیماندارب‌م. ئیمانداری بەخشینێکە، راستییەك هەیە کە زۆر کەس ئەم کێشەیە بەشێوەیەکی تێکەڵ و پێکەڵ دەوروورژێنن. بەڵام سەبارەت بەمن ئەمەیان مەحاڵە.

*کەواتە هەر لەو پێش وەختەدا فەیلەسووف و سۆفیزمەکان لەلای تۆ لە فەیلەسوفێکی وەکو (هیگڵ) یان (کانت) گرنگتربوون.

-بەدڵنیاییەوە، لەئەوپەڕی گرنگیدا بوون. (تیریزادار فیلا)ی پیرۆز رۆڵێکی کاریگەری لەژیانمدا بینی بوو، سەربووردەی ژیانی خودی (ئیدیس شتاین) کاریگەرییەکی مەزنی تێکردم. ئایا دەزانی ئەم ژنە چۆن بۆخوا گەڕاوتەوە (تۆبەی کردووە). رۆژێکیان لەسەردانی دەستە خوشکێکی فەیلەسووفدا دەبێ و لەبەرئەوەی ئەو لە ماڵدا نابێ پارچە کاغەزێکی بچووکی بۆ ئەم بەجێهێشتبوو، تیایدا ئاگاداری دەکات کە پاش کاتژمێرێك دەگەڕێتەوە، (ئیدیس شتاین) خۆی بەخوێندنەوەی کتێبێك دەربارەی (تیریزا)ی پیرۆز خەریك دەکات، بەباشی بەلای خۆیدا رایدەکێشێ، ئەمە بووە هۆی بڕواهێنانی. هەموو ئەو نووسینانەی دەربارەی (ئیدیس شتاین) نووسراون سەیر پێهاتن و سەرسامییان لەئاستی ئەم کێشەیە نیشانداوەو کێشەکە هەرگیز مایەی سەرسامی و بەدڵبوون نییە، چونکە (تیریزا) شێوازێکی وەهای هەیە دەتوانێ بەتەواوەتی کارت تێبکات. ئەگەرچی من بەتایبەتی پاش خوێندنەوەی هەڵوێستی خۆمم نەگۆڕی. بڕوام نەهێنا، چونکە بۆهاتنی ئایینیم نییە، (تیریزا)ی پیرۆز زۆر شتی فێرکردم و بەڵکو تووشی پەشوکانیشی کردم. بەڵام ئیمانداری بەهرەیەکە لەگەڵ مرۆڤدا لەدایك دەبێ. دەتوانم لەهەموو کاتەکاندا بژیم ئیمانداری لێ دەرچێت کە لەخودی خۆیدا قەیرانێکە. بەڵام قەیرانی کەسانێکی ترەو هەرگیز قەیرانی من نییە، ئەمە مانای ئەوەیە کە لەوانەیە تووشی قەیرانەکە بم بەڵام بەدڵنیاییەوە تووشی ئیمانداری نابم.

*ئەی دەربارەی شاعیرەکان؟

-بێگومان شاعیرەکان منیان بەلای خۆیاندا راکێشابوو، بەڵام ئەو دیاردەیە کە ئێجگار (بەلکان)یەش هەیە، دیاردەی نووسەری نائومێد، بەو مانایە کە نووسەرێك ئێجگار بەهرەمەند دەبێ بەڵام هەرگیز نابێ بەنووسەر. ئەو بەڵێنێك دەدات بەڵام بەجێی ناهێنێت، برادەرە مەزنەکانی (رۆمانیا)م هەرگیز نووسەر نەبوون. بەڵام نائومێد بوون، بەتایبەتی یەکێکیان کە کاریگەرییەکی زۆری لەدرووست بوونمدا هەبوو، کەسێك بوو (لاهووت)ی خوێندبوو، دەبوایە ببێتە قەشەو بۆ ئەوەی وابێ هەر ئەوەندەی مابوو کە ژن بهێنێت. لەرۆژی ژنهێنانیدا هەموو خەڵك بەدرێژایی ئەو رۆژە لەکڵێسادا چاوەڕێی بوون، ئەو لەدڵی خۆیدا وتی: ئەمە گێلیەو دیارنەما، هەتا چەند مانگێك بەسەر ئەمەدا تێنەپەڕی دەرنەکەوت. کارێکی زۆری‌تێکردبووم. بەهرەمەند نەبوو، توانای نووسینی نەبوو، جاروبارێك نەبێ نەشی دەخوێند، بەڵام بەساکارییەوە لەسروشتی مرۆڤو رەمەکی مرۆڤ شارەزاییەکی دەگمەنی هەبوو، هەرگیز تێبینیم نەکردووە دەربارەی شتێك هەڵەی کردبێ، زیرەکیەکی رەهای هەبوو، تاوانبارو توندو تیژبوو، بەڕێکوپێکی تێکەڵاوی بووم. بیرەوەریەك لەوانەی لەبیرمداماون‌و هەر دەمێنن، بیرەوەری شەوێکە کە پێکەوە بەسەرمان برد، پیاسەمان کردو هەتا پێنجی بەیانی بەشەقامەکاندا گەڕاین، بەدرێژایی ئەو شەوە وێڵ بووین‌و لەکۆتایی گفتوگۆکانماندا گێژبووم. چونکە هەموو شتێك، هەموو شتێکمان وێران کردبوو، سەبارەت بە نکوولی کردن‌و رەتکردنەوە ئەو لەمن دلڕەقتر بوو، هەروا لەم گفتوگۆ بەتینەدا زۆر لە نهێنییەکانی ژیانی خۆیی بۆم درکاند کە رۆژێك لەڕۆژان لەلای کەس نەیدرکاندبوون، بەهۆی ئەوەوە فێربووم کە مرۆڤ هەتا چ مەودایەك دەتوانێ بڕوات، سەبارەت بەنکوولی کردن‌و رەتکردنەوە هەتا دوورترین سنوور رۆیشتبوو.

*ئەی رەتکردنەوەو نکوولی تۆ لە نووسینەکانتدا بەرجەستە بووبوون؟

-رەتکردنەوەو نکوولیەکە لەکتێبەکاندا بەردەوام بوون. بەڵام هەرگیز هەر لەکتێبەکاندا نەبوون، لەهەموو دۆخێکدا ئەم کەسە لەلام رۆڵی زیرەکی لەدەربڕینی دەبینی کاتێ لە هیوابڕان‌و مەترسیداریدابێ. لە قووڵایدا زیرەکی لەگەڵ ژیاندا ناکۆکە، ئەم جۆرە نکوولیە لەوانەیە خاوەنەکەی بگەیەنێتە خۆکوشتن، بەڕاستی نەبوونە، ئەو کەسە دەگاتە ئاگاییەکی رەها بە نەبوون، لەدۆخێکی وەهادا تەنیا خۆکوشتن یان ئایینداری یان.. نازانم.. لەبەردەمی مرۆڤدا دەمێنێت، سنوورێکن لەژیاندا زۆرجار پێیان گەیشتووم، بەڵام هەمیشە بەهەمان توندییەکەی ئەم کەسە نەبوون، ئەوەی لەئەودا ورووژێنەرە ئەوەیە کە ئەو کەسێکە هەستێکی وەها بەتۆ دەبەخشی


کانت

کە شادمان‌و دەروون پاکە. دوژمنکارو دەروون نزم نەبوو، بەڵام نەیدەتوانی بچووکترین واهیمە سەبارەت بەهەر شتێك بێ درووست بکات. ئەمەش بۆخۆی جۆرە زانینێك بوو، چونکە لەقووڵاییدا زانین چییە ئەگەر رماندنی شتێك نەبێ.
*زانینی چەواشەکار؟
-تەنیا چەواشەکارنییە، هەموو زانینێك بگاتە پۆپەی خۆی مەترسیدارو چەواشەکارە، چونکە ژیان-من لێرەدا باسی خوودی ژیان دەکەم نەك ئەو زانینە کە فەلسەفەی پێ دەووترێ-هەر لەبەرئەوە بەرگەی دەگیرێت چونکە ئێمە هەرگیز ناگەینە مەوداکەی. هەر پرۆژەیەك، هەرچییەك بێ ئەنجام نادرێ ئەگەر ئێمە دەربارەی ئەو نزمترین ئاست لەواهیمەمان پێ نەبێ. بەبێ ئەوە، بەبێ واهیمە لەکۆتاییدا بەشکستی دەگەین. زیرەکی رەهانەبوونە، نموونەیەکتان بۆ ئەهێنمەوە بۆ ئەوەی روونتر ئەو لایەنە شەیتانییەی کەسێتی برادەرکەمتان بۆ دیاری بکەم. رۆژێکیان شەیدای ژنێکی گەنج بووم. کاتێ بینی چۆن کەمەندکێشی کردووم پێی وتم: (ئەم خۆشەویستییە هەرگیز مانای نییە). تازە ناسیبووم، خۆشەویستییەك لەیەکەم نیگاوەوە بوو، ئەو ئەوەی دەزانی. بەڵام پێی وتم: (ئایا باش ئاگات لەپاشەوەی بوو؟). وەڵاممدا کەمن هەرگیز لەپاشەوە دەستم بەتەماشا کردنی نەکردووە، پێی وتم (باش سەرنجی بدە).
تەماشای پاشەوەی ژنەکەم کرد ئەگەرچی ئەوەم بەگێلێتیەکی تەواوو نەفس نزمیەکی دەگمەن بینی، تەماشام کردو تێبینی دوومەلێکم کرد کە لەپشتیەوە بوو، برادەرەکەم گوێی نەدابوو بەهیچ شتێك‌و ئەمە منی زۆر وروژاند، بەهۆی ئەم لایەنە شەیتانییەی ناو کەسێتیەکەی مەحاڵ بوو کەسێکی وەکو ئەم ببێتە قەشە، دەبووایە نائاگایانە ئاگای لەم مەحاڵبوونە بێ‌و لەرۆژی ژنهێنانیدا هەڵبێت. تێڕوانینی بۆژیان نەرێیانە بوو، تێڕوانینی نەرێیانە بۆ ژیان مەرج نییە زانینێکی هەڵەبێ، بەساکاری، شتێکە پێچەوانەی خودی ژیانە.
*ئایا ئەم کەسە بەرێکی (بەلکان)ی پووخت بوو؟
-بەڵێ، راستە، بەهۆی هەژاری لەمیانڕەویدا، با بۆ دوور بڕۆین تا ئەمە پتر لێکبدەینەوە، بیرۆکەی رێزگرتن‌و دەموودووی شیرین لە رۆژئاودا، بە وردی لەشارستانیەتی فەرەنسیدا، ئەم بیرۆکەیە بەگشتی چییە؟ سنوورێکن بەژیری پێیان قایل دەبین. بەڵام لەبەرامبەریدا مەحاڵە باس لە شارستانییەتی (بەلکان)ی بکرێت. بەڵگە بۆ بوونی ئەم شارستانیەتەمان پێ نییە. ئێمە لە (بەلکان)دا بەسەرپەڕی گۆشکراوین، (رووسیا)و بەتایبەتی ئەدەبی رووس لەئێمە دەچن. بۆ نموونە لەئاستی بێزاریدا هەستێکی بەهێزم هەیە، بەدرێژایی ژیانم بێزاربووم‌و ئەدەبی رووسی لەدەوری تەوەری بێزاریدا کۆدەبێتەوە، بێزاری نەبوونێکی هەمیشەییە، خوودی خۆم

کە لە(پاریس)بووم دایکم بۆی نووسیم: (لەکتێبەکەت تێگەیشتم. بەڵام نەدەبوو کە ئێمە لەژیاندا بین بڵاوی بکەیتەوە، چونکە باوکتت خستە دۆخێکی ئێجگار نالەبارەوە، هەروەها منیش بەو پێیەی کە سەرۆکی ژنە ئەرسۆدوکسەکانم .. لەشاردا گاڵتەم پێدەکەن.)

نەخۆش ئاسا لەدیاردەی بێزاریدا ژیابووم، ئەمەم کرد چونکە پێم خۆش بوو بێزاربم. بەڵام ئالۆزییەکە لەوەدایە کە هەرکاتێ بێزاری بوو بەخوو بۆشتێکی درێو دەگۆڕێت.

*ئایا بێزاری بەم مانایە بەشێکە لە(کات) کاریەکی جیاواز؟

-بەڵێ، لەکۆتاییدا هۆکاری بێزاربوون بۆ (کات)، تۆقین لە (کات)، ترس لە (کات)، ئاگابوون لە (کات)و دەرکەوتنی (کات) دەگەڕێتەوە، ئەوانەی ئاگایان لە (کات) نییە بێزارنابن، ژیان بەرگەی ناگیرێت ئەگەر ئاگاییمان لەهەموو ساتێکی کە تێدەپەڕێت لەدەست نەدەبن. بەبێ ئەمە ناتوانین بەردەوام بین، ئەزموونی بێزاری هۆکارەکەی بۆ ئاگابوونێکی تەنگ پێ هەڵچن لە (کات) دەگەڕێتەوە.

*بەر لەماوەیەکی کەم سەرگوزشتەیەکی دانسقەت گێڕایەوەو ئەوە روون دەکاتەوە کە هەموو نووسینێك دەنگێکی (ناوەکی) دەشارێتەوە.

-لەهەموو کردەوەیەکماندا شتی ناوەکی هەیەو لەڕووی دەروونییەوە ئەمەیان گرنگترە، ئێمە تەنیا رووالەتەکە دەزانین کە لایەنە دەستکردەکەیە. بەوە دەگەین کەشێوەییە، بەڵام گەیشتن بەلایەنە شاراوەکە گرنگترە، چونکە ئەو بۆخۆی نهێنی هەموو هەڵوێستو مەبەستێکە. لەبەرئەمە هەموو بڕیارێکمان لەسەر کەسانی ترو هەر وا لەسەر خۆمان لەئاستێکی رێژەییدا بڕیارێکی هەڵەیە، لایەنە نزمەکە حەشاردراوەو ئەویش لایەنە قووڵترەکەیەو بگرە ئەڵێم قووڵترین لایەنەکانی دەروونی مرۆڤە، لایەنە دوور دەستەکەیە، بەوردی نووسەرە مەزنەکان ئەوانەن کە هەست بەوە دەکەن کە ناوەکیە، بەتایبەتی (دۆستۆیفسکی). ئەو نهێنی هەموو حەشاردراوێك، هەموو نزمییەك دەخاتەڕوو، بەڵکو لەوە زیاتریش نهێنی هەموو تراجیدیایەك دەخاتەڕوو، هەر ئەوانیش دەروونزانە راستەقینەکانن، بەتایبەتی زۆر کەس ئەناسم رۆمانیان نووسیوە بەڵام سەرکەوتوو نەبوون، خوودی (میرسیا ئیلیاد) رۆمانی نووسیوە بەڵام سەرکەوتوو نەبوو، بۆچی؟ چونکە ئەوان تەنیا دیاردە دەرەکیەکان دەگوێزنەوەو سەرچاوەی هەستەکان فەرامۆش دەکەن. ئەستەمە سەرچاوەی هەست بگیرێت. بەڵام ئەو گرنگترە کە بەڕوونی ئەمە لەهەموو دیاردەکاندا دیارە، بۆنموونە بڕوای ئایینیو هتد.. هەستەکان چۆن دروست دەبن؟ بۆچی بەردەوام دەبن؟ ئەمەیە گرەوەکە، تەنیا ئەو کەسە کە هەستی پێشبینی هەبێت ئەتوانێ پەی بەسەرچاوەکە بەرێتو بە دڵنیاییەوە ئەقڵ توانای ئەم پەیپێبردنەی نییە.

*ئایا لە خوێندنەوەکانیشتدا بەدوای ئەم سەرچاوانەدا دەگەڕێیت؟

-بەڵێو هەروەها لەژیانمدا، ئەوەی کێشەدارە تەنیا بەشێکە لەراستێتی. لەبەرئەمە رۆمان نووسە راستەقینەکان کەمن، هەر

لەئاستی بێزاریدا هەستێکی بەهێزم هەیە، بەدرێژایی ژیانم بێزاربوومو ئەدەبی رووسی لەدەوری تەوەری بێزاریدا کۆدەبێتەوە، بێزاری نەبوونێکی هەمیشەییە

**خوودی (میرسیا ئیلیاد) ڕۆمانی نووسیوە بەڵام سەرکەوتوو نەبوو، بۆچی؟ چونکە ئەوان تەنیا دیاردە دەرەکییەکان دەگوێزنەوەو سەرچاوەی هەستەکان فەرامۆش دەکەن.**

کەسێك بێ دەتوانێ ڕۆمان بنووسێ بەڵام ڕۆمانێك بنووسێت بەس نییە، لەلای من (دۆستویفسکی)یە کە توانیویەتی هەتا سەرچاوەکان بڕوات. سەرچاوەی کردارەکان، باش دەزانین کاراکتەرەکانی ناو ڕۆمانەکانی بۆ ئەم کارە یان ئەویان کردووە، قسەکانم پەیوەندییان بە دەروونزانییەوە نییە، چونکە دەروونزانی هەوڵی چاککردنەوە دەداتو ئەمەیان گرنگ نییە، لایەنە شەیتانیەکەی ناو مرۆڤە کەدەبێ ئاشکرابکرێت، بەڵام بە کام ڕێگا بەوە دەگەین.

*بەدەستپێکردن بەم گریمانانە چۆن شیعر دەخوێنیتەوە؟

–پرسیارێکی باشە، بۆچی کەسێك دەبێتە شاعیرێکی مەزنو ئەوی تر نابێ؟ بۆچی شاعیر زمان نارێك دەبێ؟ بۆچی شیعرەکە لەبەردەمی ڕۆژگاردا خۆی ناگرێ؟ بۆچی ئەو شیعرە کە سەرچاوەی کردارەکان، قووڵایی شتەکان ڕاودەکات خۆی دەگرێت؟ هەمیشە ورووژێنەر، تێبینی کراو، شاعیرانەیە. بۆچی شاعیرێك کە ئەزموونی لەژیاندا کەمتربێ سەرنج ڕاکێش دەبێ؟ بۆچی لە سەرئاساو لەهەموو ئەزموونێك گەورەتر دێتە بەرچاو؟ چونکە توانیویەتی شتێکمان بۆ بگوێزێتەوە کە فێڵاوییەو لەگەڵ خودی خۆشیدا بەپێچو پەنایە، کەواتە ئەمە دیاردەیەکی سەیرە، ئێستا خەڵکێکی زۆر هەیە پەندی کورت دەنووسنو ئەمە بووەتە دیاردەیەكو بەڵکو لە (فەرەنسا)دا مۆدێك، بەڵام لەمە خراپترنیە، هیچ شتێکی تیادانییە، بەڵێنێکە بەبێ نهێنی، گەمەیەکی ئاشکراو بێ نهێنییە. ئەگەرچی بەکارامەیی دروستکراوە، بەبێ ئایندەیە. بەهای ژیان لەوەدایە کە کەسەکە نهێنی کەسێتی خۆی نەزانێت. هەروەها نهێنی لەیەك گەیشتنی مرۆڤەکان لێرەدایە، بەبێ ئەمە دەگەین بەگفتوگۆی کەڕەکان.

*بەڵام ئەمە لەدۆخە تایبەتەکەی تۆدا لەچاو زیرەکیتو چۆن دەنووسیت ئاڵۆزتر دەبێ، کەواتە چۆن شتێك بڵێین بۆ ئەوەی نەیڵێین؟

–ئێمە هەمیشە تەنیا نیوەی ڕاستی دەدرکێنین. لەئاخاوتندا شێوازە کە گرنگترە، ئێمە هەموو شتەکان نەك هەر مۆسیقا بەپێی ریتمێك ئەنجام دەدەین، زۆر جار ئەم ریتمەمان نابێ. بەبێ ریتم شت دەکەین یان دەڵێین، بەهەموو ساکارییەوە ئەمە شتێکی سەیرە، چونکە ناتوانین وەسفی بکەین بەڵکو هەر هەستی پێدەکەین، بۆ نموونە کتێبێك دەکەیتەوە، لاپەڕەیەك دەخوێنیت، بەلاتەوە هیچ ناگەیەنێت، بۆچی؟ لە مانا بەتاڵ نییە، بەڵام بەبێ سروشدانە، ئێمە سەرچاوەی ئەم ریتمە نازانین، لەهەموو ئەوەی کە ئەدەبییە جۆرێك لەناڕاستێتی هەیە، ئەوەیە کە بە (ناچاری ئامادە نەبوون)ی ناودەنێن، بەڵام ئەم (بەناچاری ئامادەنەبوون)ە، بۆ؟ ئەمە لەپەیوەندی ڕۆژانەی نێوان مرۆڤەکا تێبینی دەکەین، بەکەسێك - پاش ماوەیەکی دیارنەبوونی زۆر– دەگەیت، چەندین کاتژمێر

قسەدەکەن‌و بەیەك ناگەن. بەکەسێکی تر دەگەیت، کەمێ قسە دەکەن، پاش ئەوە کەمەندکێشراوو ئەفسوون لێکراو بۆ ماڵەکەت دەگەڕێیتەوە، رەسەنایەتی راستەقینەی بوونەوەرەکان لێرەدایە، لەوەیە کە مرۆڤ هەوڵی شاردنەوەی دەدات بەڵام ریتمی ئاخاوتنەکە ئابڕووی دەبات.

*خۆی شتێکە وەکو مۆسیقایە؟

–بەتەواوەتی وەکو مۆسیقایە، لەلای من ئەو مرۆڤەی دەڵێت: (مۆسیقا لەلام هیچ شتێك ناگەیەنێت) مرۆڤێکی شل‌و شێواوەو زۆر لەگەڵیدا هەڵناکەم، مەسەلەیەکە ئێجگار گرنگە، چونکە مۆسیقا لەگەڵ ئەو لایەنەی مرۆڤدا دەدوێ کە قووڵ‌و بەتینە، هیچ شتێك لەگەڵ ئەو کەسە کۆمناکاتەوە کە چێژ لەمۆسیقا وەرناگرێت، کەسێکی وا هەتا ئاستێك مەترسیدارەو بەر نەفرەتێك کەوتووە کە مەوداکەی نازانێت.

*ئێمە کەباس لەمۆسیقا دەکەین، دەبێ دەستبەجێ یادی (باخ) بکەین، ئەو (باخ)ەی بەر لەماوەیەکی کەم باستکرد.

–وادێتە بەرچاوم کە (باخ) ئەفسانەیەکە، ئەستەمە بەبوونی کەسانێك قایل بم کە مۆسیقای (باخ) نەیانهەژێنێ لەگەڵ ئەمەشدا ئەم جۆرە کەسانە هەن، لەو بڕوایەم مۆسیقا خۆی تاقە راستییەکی هونەرە کە دەتوانێت سازشێکی قووڵ لەنێوان دوو کەسدا درووست بکات،

شیعرنییە بەڵکو مۆسیقایە، مۆسیقایەو لەو بەولاتر هیچ شتێك نییە، ئەو کەسەی چێژ لەمۆسیقا وەرناگرێت تووشی دەردێکی گران بووە، شتێکە ئەقڵ نایگرێ، کەسێك هەبێ چێژ لە مۆسیقای (شۆمان) یان (باخ) وەرنەگرێت لەوانەیە چێژ لەشیعر وەرنەگرتنم پێ ئاسایی بێ، بەڵام ئەگەر کارەکە پەیوەندی بە مۆسیقاوە بوو ئەمەیان جیاوازدەبێ، چێژ وەرنەگرتن لەمۆسیقا مەسەلەیەکی ترسناکە.

*کەی گوێ لەمۆسیقا دەگرن؟

*هەموو کاتێك بەتایبەتی ئێستا کە ئیتر نانووسم. وازم لە نووسین هێناوە. وا دەهاتە بەرچاوم کە بەردەوامبوون بێسوودە، بەڵام ئەم بۆشاییە مۆسیقا پڕی کردۆتەوە. ژیان بەبێ مۆسیقا گێلێتییەکی راستەقینەیە. ئێمە هەتا نەتوانین بەوشە گوزارشت لە هەستێك بکەین کە مۆرکێکی مۆسیقایی هەبێ نووسینمان پێویست نییە، لەم جۆرە دۆخانە نووسین بۆچییە؟ لەهەموو دۆخێکداو لەبنەڕەتدا نووسین بۆ؟ بۆچی کتێب کەڵەکەبکەین؟ بۆچی بەزۆر هەوڵ بدەین ببین بەنووسەر؟ ماوەیەکە خەڵکی وایان لێهاتووە زۆر دەنووسن‌و ئەمە خودی کێشەکەیە، ئەم بەرهەمهێنانە بێ سوودو بێ مانایە، لە (پاریس)دا بەتایبەتی، ئەم لەسەر ڕۆیشتنە بۆ؟ من هەمیشەو بەتایبەتی بیرم لەنووسین وازهێنان‌و ولانانیەوە، یان هەتا دەکرێت



پیکێت

ئێمە هەمیشە تەنیا نیوەی راستی دەدرکێنین. لەئاخاوتندا شێوازە کە گرنگترە

کەمکردنەوەیـەم کـردووە، بـەڵام هـەموو جـارێ دوای گەمەکـە دەکەومـەوە، ئێستا لـەوە دڵنیـام کـە توانـای بـەردەوام بـوونم لـەم گاڵتەجارپیـە لەدەستداوە، کـرداری نووسـین بەدەنگـەوە چوونـی پێویستییەك بوو، نووسین لەلام شێوازێك نەبوو بۆ لەخۆ رزگاربوونم، دەبێ بووترێ کە چاکترین شێواز بۆ کورتکردنەوەی هەموو شـتەکان نووسینە، هـەر کەشـتێکت کـردە نووسـین وەهـای لێ دێـت کـە ئەفسوونی خـۆی لەدەست دابێ‌و بێ مانا بـووە، شـتەکە وەکـو خوودەکانمـان کوشـت. نووسـین بـە پێچەوانـەی ئێستا فـەرمانێکی هـەبوو، تێبینیـم کـردووە ئەوانـەی نانووسـن سـەرچاوەکانیان لـەو کەسانە زۆرتـرن کـە دەنووسـن، چونکـە هـەموو شـتێك بۆخۆیـان دەهێڵنەوە، کە بنووسیت مانای ئەوەیە کە خـۆت لـەجوانترین شتی ناوەوە بەتاڵدەکەیت، کەواتە ئەو کەسـەی دەنووسێت خۆی بـەتاڵ دەکاتـەوەو لـەکۆتاییدا دەبێتـە نـەبووێك، بـەم شـێوەیە ئـەو نووسەرانەی بێ بایەخن -بەڕاستی بڕوام وایە- خۆیانیـان لـەبوونێتی خۆیـان بـەتاڵ کردووە، بوونەتـە تارمـایی، ئـەوان کەسـانێکی زۆر دیارن بەڵام بەبێ بوونێتین.

*ئەی دەربارەی کەسێکی: وەکو (پێکێت) چی دەڵێن؟ لە کوێی ئەو نووسەرانەی دادەنێن کە تێکەڵاویان بوون؟

*تۆ دەزانیت کـە ئێستا کـەمتر پـەیوەندیمان بەیەکـەوە هەیـە. (پێکێت) کەسێکی زیرەکە. وەکو نووسەرێك رەفتارناکات، لەلای ئەو ئـەم کێشـەیە لەئارادانییـە، ئەمـە شتێکی دڵڕفێنـە لـە (پێکێـت)دا، هـەرگیز وەکـو نووسـەرێك رەفتـاری نـەکردووە، هـەرگیز کەسـێکی قـاڵبگرتوو نـەبووە، وەکـو هـەموومان، هەمیشـە خـۆی لەهـەموو ئەمانـەدا بـەرزگرتووە، شێوە ژیانێکی تایبـەتی هەیـە شـێوەیەکە بەگشتی دەگمەنە، تێبینم کردووە ئەو خەڵکـەی بەرهـەمیان-لەهـەر بوارێکدا بێ- زۆرە بەتێپەڕبوونی کات دەبنـە تارمـایی‌و لەبـەر ئەمـە ئاساییە ئەوانەی لەژیاندا ئامادەگیەکی بەهێزیان هەیـە ئەوانـەبن کـە هیچ شتێکیان بەرهەم نەهێناوە.

*ئایا بەر لەوەی بۆ (فەرەنسا) بێیت هەرسووربوویت هیچ کارێك لەم وڵاتەدا نەکەیت؟

-بەڵێ، دەرکم کردبوو کە دەبێ بەو سووکایەتیە یان ئازار چەشتنە قـایل بم کـە لەوانەیـە بـەهۆی رەتکردنـەوەی پیشـە تووشـم بـێ. رەتکردنی خەریکبوون بەو کارانەی خۆشمان ناوێن‌و ناکرێ خۆشمان بووێن. کارێکی تایبەت نین، تەنیا ئیشی دەست بوو کـە پێم دەکـرا پێی قایل بم. بۆ نموونە شەقام گسکدان یـان هـەر ئیشـێکی تـر بـێ، نووسین یان بەڕۆژنامەوانی خەریکبوونی لێ دەرچێت. دەبـێ مـەحاڵ بکەم بۆ ئـەوەی بژێوی رۆژانـەم دەست کـەوێ، مـرۆڤ بـۆ ئـەوەی ئازادبێت دەبێ بەرگەی هەموو سووکایەتی پێکردنێـك بگرێت. ئەمـە


هەتا ئاستێك بەرنامەی ژیانم بوو، لە (پاریس)دا ژیانم باش ڕێکخستبوو، بەڵام دۆخەکان بەو پێیە نەبوون کە ئارەزووم کردبوو، هەتا تەمەنی چل سالّی سەر بە (سۆربۆن) بوومو بەو پێیەی کە خوێندکارم ژەمی خواردنەکانم لە (زانکۆ)دا ئەخوارد، بەداخەوە، لەو ڕۆژەی تەمەنم گەیشتە چل، لە (سۆربۆن)ەوە نووسراوێکم بۆ هات: (بەڕێز: ئێستا بەسە تەمەنێك هەیە نابێ ببەزێنرێتو بە بیستو حەوت سالّ دیاریکراوە). لەناکاو، هەموو پرۆژەکانم بۆ ئازادی ڕمان، لەیادمە کە لەئوتێلێك کەلەم شوێنە نزیك بوو نیشتەجێبووم، ژوورێکی کۆنی سەربان بوو، زۆرم پێخۆشبوو، لەدڵی خۆمدا وتم: (وائێستا بارودۆخەکەم ترسناکتر بووە، هەتا ئەم سنوورە چارەسەرکردنی کێشەکان بەشێوەیەکی ئامێرانە بووە، هەر ئەوەندەم کەم بوو کە سەر بە (سۆربۆن)بم تاکو ژەمەکانی خواردنم لە (سۆربۆن)دا – هەتا ئاستێك بەخۆڕایی بوون– بخۆم. چی بکەم؟ توانای چوونە چێشتخانە یان گوزەرانی ژیانی ئاساییم نەبوو. ئەمە وەرچەرخانێك نەبوو لەژیانمدا، بەڵام خەمێکم بوو، چونکە خۆ خەریکردنم بە پیشەیەك ڕەتکردبوو کێشەکەم ئاڵۆزتربوو، خۆش بەختانە ژووری ناو ئوتێلەکەم لە دەست نەدابوو– کە تا ئاستێك بۆ من هیچی تێ نەئەچوو– بەڕاستی ئەو ماڵەم خۆش ویستبوو، ژوورێکی سەربانی خۆش بوو، لێرەوە نزیکە، لە شەقامی (مۆنسۆر لیبرنس)ە، پاش ئەوە تێبینم کرد کەوتوونەتە دەرکردنی جێ نشینە بەناوبانگەکان من نەبێ. ئاشنایەتیم لەگەڵ بەڕێوەبەری ئوتێلەکە هەبوو، دەری نەکردم، بەڵام لەدڵی خۆمدا وتم: لەدواییدا ڕۆژێك لەڕۆژان ئەمە هەر ڕووئەدات. کەواتە دەبێ بۆ جێگایەك لەبری ئەم جێگایە بگەڕێم، ئەمە لەساڵی ١٩٦٠دابوو، کتێبی (مێژوو و یۆتۆبیا)م بڵاوکردبۆوە. ژنێکم ناسی بوو کە خانوو بەکرێدانی لەئەستۆ گرتبوو، دانەیەك لەکتێبەکەمم بە دیاری پێشکەشکرد، بەڵێنیدا یارمەتیم بدات، پاش سێ ڕۆژ ژوورێکم دەسکەوت بەرامبەر بڕێ پارە کە بەڕاستی کەم بوو، لەخانەیەکی تایبەت بەکرێچییە بیرو پەککەوتەکاندا بوو. لەبەرئەوەی نەدەکرا کرێکەی زۆرتر بکرێ، منێکی لەپیرێتی ترساو سوودم لەو ژوورە وەرگرت، ئەگەرچی بە بڕوای من ئەو کردەوەیەم ستەمێك بوو لە خاوەن موڵکەکەم کردبوو، بەم شێوەیە لەچارەسەرکردنی کێشەکەم سەرکەوتووبووم، هەموو ئەمانە پێویست بوون بۆ خۆلادان لە خەریکبوونم بەپیشەیەك، لاوانی ئەمڕۆ ئەم جۆرە توانایەیان نییە، لاوانێك هەن بۆ سەردانم دێنو ئارەزووکردنی ژیانێك نیشاندەدەن کە وەکو ژیانم بێ، بەڵام تازە کاتی ئەوە بەسەرچووە، ئەمە هەمووی نەما، توانایەك نییە.

*بەڵام تۆ لەکاردا بەردەوام بوویت، بەهەر دۆخێکدا بێ لەنووسین بەردەوام بوویتو زۆرت بڵاوکردووە؟

-بەڵێ، ئەمە راستە، تۆ ناتوانی بەرەهاییەوە لە خۆشگوزەرانیدا بژیت، مەبەستم، لەسەرمافی کەسانی تر بژی، زانیم بەنووسینەوە پابەندمو ئەمە راستییەك بوو، هەستێکی ناخ بوو، بەم شێوەیە یەکەم کتێبم کە (کورتەی هەڵوەشانەوە)یە بەفەرەنسی بڵاوکردەوە. پاش ئەوە بایەخپێدراوی فراوانم بۆ بوو، لەو کاتەوەمن دەربارەی سوودی کتێب کەڵەکەکردنم دەپرسی، ئەگەر ئەوەی لەکەسێك دەمێنێتەوە چەند رستەیەکی کەم بێ ئیتر نووسین بۆ؟ وانییە؟ بەڵام دەبێ ددان بەوەدابنرێ ئەو رۆژانە ئێجگار درێژبوونو پاش ئەوە بەدڵنیاییەوە کارەکە بەمەبەستی خۆ دەرخستن بوو کە مایەی جۆرە بووژانەوەیەك بوو، بەدرێژایی سی ساڵی رەبەق نەناسراوبووم. هەرگیز کتێبەکانم نەدەفرۆشران. بەم دۆخە بەختەوەربووم کە لەگەڵ تێگەیشتنم لەشتەکان دەگونجا. هەتا سنووری ئەو قۆناغە کە تیایدا کتێبەکانم لە زنجیرەی (کتێبی گیرفان)دا بڵاو دەکرێنەوە وا دەهاتە بەرچاوم ئەوە تاقە شێوازێکی نموونەییە بۆ کارتێکردنم لەخوێنەرە دڵسۆزەکانم، پاش ئەوە ناچارییەکانی ئەزموونە ئەدەبیەکە هاتن، بەڵام خۆشترین ساڵ ئەو ساڵانەن کە نووسەر تیایاندا نەناسراو دەبێ، ئای کە خۆشە نەناسراوبیت. ئەم دۆخە هەندێ جار لایەنی تفتوتاڵی هەیە، بەڵام دۆخێکی دڵڕفێنە، بەدرێژایی چەند ساڵێك لەهۆڵەکاندا پێشکەشدەکرامو کاتێکی وەها بەسەرمداهات تیایدا ویسکی خواردنەوەم پێخۆشبوو، چونکە بێ پارەوپول بووم و بەوپێیە پێشکەشدەکرام کە برادەری (یۆنیسکۆ)و (پێکێت)م، بەوە قایل بووم نەناسراوبم، بۆچی نا؟ بۆچی پیاو هەولبدات ناسراوبێت؟.

*بۆچی لەناکاو بڕیاری بەفەرەنسی نووسینت دا؟

-بڕیارم دابوو هەرگیز بۆ (رۆمانیا) نەگەڕێمەوە. (رۆمانیا) لەلام کۆتایی هاتبوو، بەشێوەیەکی یەکجارەکی بووبوو بەبەشێك لەڕابردوو، لەسەر کەناری دەریاداو لە گوندێکی نزیك (دیپی)دا بووم، ساڵی ١٩٣٦ بوو کە هەوڵی وەرگێڕانی شیعری (مالارمێ)م بۆ رۆمانی ئەدا، لەدڵی خۆمدا وتم: (توانای ئەم کارەم نییە)و کتوپڕ بڕیاری بەفەرنسی نووسینمدا، هەتا نزیکی ئەو کاتە فەرەنسیم پشتگوێ خستبوو، لەهەمان کاتدا ئینگلیزیم زۆر خوێندبوو بەڵکو وانەکانی بڕوانامەی ئینگلیزی (سۆربۆن)یشم خوێندبوو، لەو رۆژەی بڕیاری بەفەرەنسی نووسینم دابوو بۆم دەرکەوت لەوەگرانترە کە وێنام کردبوو، ئەوە سزایەك بوو، یەکەم کتێبم چوار جار نووسییەوە، ئەمە وەهای لێکردم نووسینم خۆش نەوێ. پا ش ئەوەی لەنووسینی (کورتەی هەڵوەشانەوە) بوومەوە، لەدڵی خۆمدا وتم، پێویست بە خۆ ئازاردان ناکات، پاش ئەوە بەنارەحەتی (پێوانەکانی تاڵێتی)م بڵاوکردەوە، وتم: (پێویست بەڕستە پێکهێنان ناکات.. هتد، پاش



یونسکۆ

ئەوە سەرەڕای هەموو شتێك، لە نووسین بەردەوام بوومو دەبێ ئاماژە بەوە بکەم کە (یۆلهان) زۆری لێکردم مامەڵە لەگەڵ (N.R.E) بکەم، بەڵێنم پێ داو دەبووایە بەڵێنەکەم بەجێبهێنمو پاش ئەوەی کار لەکار دەترازێ پەشیمان ئەبم، بەم شێوەیە، بەتەواوەتی بەچوونە سەرچێوەی بازنەکە-بەجۆرە مانایەك- قایلبووم، بەتەواوەتی نەناسراو بووم، بەڵام لەکۆتاییدا ئەمە خراپ نییە، ئەوانە سالآنی نووسینی راستەقینەبوون، نووسەری بێ خوێنەر،کە بەئاستەم هەندێ کەس دەیناسێت. ئەم مەسەلەیە لەئاستی کردەییدا هەندێ خراپەی هەیە، بەڵام سەروبەندی نووسینی راستەقینەی نووسەرن، ئەو واهەست دەکات کە بۆخۆی دەنوسێت.

*ئایا هۆکاری رامیاری هەبوو پاڵی بەتۆوەوە نابوو لەزمانی (رۆمان)ی وازبهێنیت (رۆمانیا) بەجێبهێڵیت؟

-ئەبێ لە (پاریس)دا چی بەزمانە (رۆمان)یەکەم پێ بکرێت؟ دابڕانێکم لەگەڵ (رۆمانیا)دا کردبوو، ئیتر (رۆمانیا) لەلام نەماوە، پێش بەجێهێشتنی بەڵێنم دابوو تیژی بڕوانامەکەم ئامادەبکەمو ئەمە هەرگیز بەجێ نەهێنرا، بەهەر بارێکدابێ، (رۆمانیا) بووە رابردوویێكو هیچی تر، ئیتر لەدۆخێکی وەهادا، کەڵکی نووسین بە (رۆمان)ی چییە؟ بۆ کێ بنووسم؟ پاش ئەوە ئەوەی بمنووسیایە رژێمی فەرمانڕەوا هەرگیز پێی قایل نەدەبوو، ئێستا ئەوان رێگە بەدەستاو دەستپێکردنی نووسینەکانمو بڵاوکردنەوەی وتارەکانم لەگۆڤارەکاندا بە بەردەوامی دەدەنو بەڵکو لەوە زیاتر کتێبێکم بۆ بڵاودەکرێتەوە کە نووسینێکی زۆرم دەگرێتەخۆی، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا دەستاو دەستپێکردنی هەندێ لەدەقەکانم بە بەردەوامی رەتدەکەنەوە، بە بۆچوونی ئەوان ئەو دەقانە بێ شەرمن، ناوناتۆرەی وایان لێ دەنێن، کاتێ تۆ بوون بەمەحاڵ وەسف کەیت چاو دەپۆشن، بەڵام ئەگەر وتت کۆمەڵگا مەحاڵە، تووشی لێپرسینەوە ئەبی. ئەگەر باسەکە پەیوەندی بە (میتافیزیکا)وە بوو تۆ ئازادیتو دەتوانی نکوولی لە هەر شتێك بکەیت، بەڵام ئەگەر باسەکە پەیوەندی بە کۆمەڵگاوە بێ ئەوەیان باسێکی ترە، دەردی ئەم رژێمانە ئەوەیە ناچاری گەشبینیت دەکەن، چوونە ناو کێشە ئاڵۆزەکان رەتدەکەنەوەو نازانن کێشەی وا هەیە چارەسەر وەرناگرن، کێشەیەکن بەچارەنووسی مرۆڤو گاڵویی مێژوو پەیوەستن.


*ئایا راستە ئێوە لەکۆتایی چلەکاندا بەخۆشی خۆتانەوەو بەدەمارگرژییەوە دژی دیمۆکراسی وەستابوون؟

*ئێوە دەزانن کە دیمۆکراسی لە (رۆمانیا)دا دیمۆکراسیەکی راستەقینە نییە، دژی دیمۆکراسی بووم چونکە ئەم دیموکراسیە نەیدەزانی چۆن خۆی بپارێزێت، لەبەر زۆر لاوازی دژی جەنگام.



مالارمێ

دیمۆکراسی (رۆمان)ی سیستەمێك بوو بەبێ (غەریزە)ی مانەوە، جەنگم دژی کەسێك کرد کە رێزێکی زۆرم بۆی هەیە، کە (جۆلین مانیۆ)ی سەرۆکی دیمۆکراسی خوازەکانی (رۆمانیا)یە.
وتارێکم نووسی تیایدا دەڵێم: دەبوایە (مانیۆ) لە (سوید)دا یان لەوڵاتانی باکووری ئەوروپا سەرۆکی حیزب بێت. بەڵام بەڕەهاییەوە نەك لەوڵاتێکی وەکو (رۆمانیا).
دیمۆکراسی دەبێ بەهەموو توانایەکی خۆی بپارێزێتو بووژاوەیی خۆی بسەلمێنێت، بەڵام (مانیۆ) هەربە چەمکی رووت جەنگی دەکرد کە لەناوچەیەکی وەکو (بەلکان)دا کەمترین بەختی نەبوو، دیمۆکراسیەتی (رۆمانیا) بێدەسەڵات بوو، لە ئاستی سەردەمە مێژوویەکە نەبوو، بڕوابوونی وەها هەر لەبەر بڕوابوونی رووت بۆ کەس جوان نییە، یۆتۆبیای (بەلکان)ی فێڵاوییە. حیزبە لیبرالەکەی (مانیۆ) دیمۆکراسی بوو، بەڵام لەساتە دژوارەکاندا حیزبی وا ناتوانێ بمێنێ، چونکە لەڕووی مێژوویەوە بەجێماوە،
*ئەی دەربارەی دیمۆکراسیەتی رۆژئاوا چی دەڵێت؟
—دیمۆکراسیەتی رۆژئاوا بەهەر بارێکدا بێ، جۆرە بزووتنێکی تیادایە، چونکە لەوێ لەدایکبووەو ئەتوانێ بۆخۆی خۆی رزگاربکات مەگەر شکست بێنێ، کێ دەزانێ، کێشەی لیبڕالیزمو دیمۆکراسیەت لەوەدایە کە لە سەردەمە دژوارەکاندا لەوانەیە ببنە گەردوتۆز، ئەوەمان لەکاتی ئەزموونەکەی (هیتلەر)دا بینی کە بۆ خۆی ئاکامی لاوازیە دیمۆکراسییەکەبوو، ئەمە چیرۆکێکی روونو ئاشکرایە.
*ئایا ئەم تێڕامانەتان دەربارەی دیمۆکراسی دەستپێکی چەمکی ئێوەیە دەربارەی یۆتۆبیا؟
—بەڵی، کتێبەکەم دەربارەی مێژوو و یۆتۆبیا تێڕامان بوو لەناکامی دیمۆکراسیەت، لەو کتێبەدا وتم: هەموو ئایندەکە بۆ (روسیا)یە، بەڕاستی دۆخێکی سەیرە کە (روسیا) دەستی بەسەر هەموو ئەوروپادا نەگرتووە. بەڵام هێشتا زانست تەواو نەبووە، جێی داخە کە مێژوو برییەکی نییە بۆ فەرمانڕەواییە یەك لەدوایەکەکانی گەورەکان، (روسیا) لەڕووی مێژوو ویەوە لەلایەن سەرکەوتنەکانی خۆیەوە هەڕەشەی لێکرابوو، ئەمەش تاقە شتێك بوو کە توانی پاشماوەکانی ئەوروپا، گەلە ئازادەکانی رۆژئاوای ئەوروپا رزگاربکات.
*لەهزری تۆدا چی مرۆڤ بەمێژووەوە گرێدەدات؟
—ئەو گرێدانە بەشێوەیەکی خراپ، بەنیگەرانییەوە درووست دەبێت. پردێکی لێ نییەو هەرنیگەرانییە کە بەچارەسەر دەمێنێت، دەبێ کەسەکە زیرەك بێت، لەگەڵ ئاگابوونمان لەوەی زیرەکی پتر لەپێویست وا لەژیان دەکات بەرگەی نەگرێت، ژیان بەرگەی ناگرێت ئەگەر دواپوختەکانی فەرامۆش نەکەین.



هیتلەر

**لەوانەیە چێژ لەشیعر وەرنەگرتنم پێ ئاسایی بێ، بەڵام ئەگەر کارەکە پەیوەندی بە مۆسیقاوە بوو ئەمەیان جیاوازدەبێ، چێژ وەرنەگرتن لەمۆسیقا مەسەلەیەکی ترسناکە.**

*ئایا هزری هیندی سنووری بۆناو کارەکانتان نەبڕیوە؟چونکە ئێوە زۆرجار باسی (نیرڤانا) دەکەن، ئایا ئەمە دوورخستنەوەی زیرەکی و بوونی فەلسەفەکەتان لەدۆخی خەوتندا دەگەیەنێت؟

–من لەئەمەشیاندا دوورم، بەڵام بەدڵنیاییەوە بوودایی بەر لەدەساڵ رۆڵێکی بنەڕەتی لەلام بینیبوو، بە بەردەوامی هەتا ئاستێك بوودایی بووم ئەمە ئەگەر بکرێ مرۆڤ کەمێ بوودایی بێ، بۆ ئەوەی راستییەکە بەتەواوەتی بڵێم، ئەگەر سەر پشك بکرێمو بێجگە لە ئایینەکانی تر هەڵبژاردنی ئاینێك پێویست بێ بوودایيم هەڵدەبژارد، بوودایی لەچەند مەسەلەیەکی کەمدا نەبێ وا دێتە بەرچاوم کەشیاوی قایل پێکردنەو بگرە لەباریشە.

*بەڵام ئایا ئێمە لە هەڵبژاردنی ئاینێکدا ئازادین؟

–ئەم هەڵبژاردنە لەسەر ئامادەبوونێکی زەینی تەواودا خۆی دەگرێ. من هەندێ مەسەلەی دیاریکراوو زۆر کەم–نەبێ وەکو تێڕوانین بۆ ئازار، بە بوودای قایل دەبم، بەڵام بە بیرۆکەی گەشتکردن یان بە هەندێ سیمای تری بوودایی چۆن قایل دەبم؟ دەبێ مرۆڤ خاوەنی کەلەپوورێك بێ تاکو بە ئەم جۆرە شتانە قایل بێ، دەبێ شێوازی بیرکردنەوەو شێوازی جیهان بینی دابەشکرێت. بۆ نموونە مرۆڤ چۆن بە بیرۆکەی (گیان چوونە ناو جەستەیەکی تر–دونای دون)و بیرۆکەی قۆناغەکانی ژیان قایل دەبێ. من ئەوەی دۆگماییە لەبوداییدا رەتدەکەمەوە، بە پێچەوانە رۆحەکەی کە بەتەواوەتی پێی قایلم. هەرچی بوودایی دەربارەی ئازار، مەرگ.. هتد دەیڵێت قایل پێکراوە، واتە لایەنە رەشبینەکە، بەوردی ئەم لایەنە رەشبینە بوو پاڵی بە (بوودا)وە نا دەست لەجیهان هەڵگرێت، پاش ئەوە بوودایی–بەهەموو بارێکدا– ئەو ئایینەیە کە بڕواهێنانێکی کەمتری دەوێ. (مەسیحیەت)و (جو) شتی وردتر دەسەپێنن‌و داوای بڕوا هێنانت لێ دەکرێ ئەگینا گومان لەئیمانداریت دەکرێ. بە پێچەوانەی بوودایی کە بە بیرۆکەی وازهێنان قایل دەبێ، ئەو هۆکارانەی وەهایان لە(بوودا)کرد دەست لەژیان هەڵگرێت دەکرێ بەبێ گرانی پەسەندکراو بن. بەمەرجێك بوێرین دوا ئەنجامەکانی هەڵبهێنجێنین، بوودایی هیچ نەزرێك یان دان بە تاوان پیانانێك بەمەرج دانانێت‌و لەبەر ئەم هۆیە خەریکە جێگەی (مەسیحیەت) دەگرێ.

*ئایا هێشتا هەر ئەو پیاسەکەرە مەزنەی جارانیت؟

–بەڵێ، بەهەموو دڵنیاییەوە.

*هێشتا هەر دەچێتە گۆڕستانەکانیش؟

–نەك تەنیا گۆڕستانەکان، لەڕاستیدا من خووم بە سەردانی گۆڕستانەکانەوە گرتووە، بەڵام گۆڕستانەکانی ئەمڕۆ زۆر پڕن وەك گۆڕستانەکانی جاران جوان نین، ئاساییە، برادەرەکانم‌و بەڵکو ئەو

خەڵکەی کە ناشیانناسم بەماوەیەکی تەنگانەو بێ ئومێدیا تێئەپەڕن ئامۆژگارییان دەکەم بچنە گۆڕستان. بەپێیان دەڵێم: مانەوە لەناو گۆڕستاندا بۆ ماوەی بیست چرکە، بەسە نەك بۆ نەهێشتنی خەمۆکییان، بەڵکو هەتا ئاستێك وەهای لێ بێت بەجێماوبێ، لەم دواییانەدا، بەڕێکەوت کچێکم بینی کە ماوەیەکە دەیناسم بەهۆی خۆشەویستییەوە لەدۆخێکی تەنگانەو دڵتەنگییەکی زۆردا بوو، پێم وت: (گوێ بگرە، تۆ لە (مۆنبارناس)ەوە نزیکیت. بڕۆ بۆ ئەوێ بۆ ماوەی نیو کاتژمێر پیاسەبکە، ئەوسا دەبینیت ناخۆشییەکەت بەرگەی دەگیرێ)، سەردانی گۆڕستانێك لەسەردانی پزیشکێك بەکەڵکترە، گەڕانێکی خێرا بەناو گۆڕستانێکدا، وانەیەکی پەندیاری کاتییە، خۆم ئەم شتانەم کردووە ئەمە چارەسەرنییە، بەڵام بەشێوەیەکی ڕێژەیی بەکەڵکە، دەتوانین چی بەمرۆڤێك بڵێین کە نا ئومێدییەکی مەزن رایدەپێچێت؟ هەتا ئاستێك هیچ، کاریگەرترین هۆ بۆ بەرگەگرتنی ئەم جۆرە بۆشاییە ئەوەیە کە مرۆڤ ئاگاییەکی لەنەبوون هەبێ، بەبێ ئەوە ژیان بەرگەی ناگیرێت، ئەگەر مرۆڤ ئاگاییەکی لەنەبوون بوو ئیتر هەرچییەکی تووش بێ لە ڕێژە ئاساییەکەی خۆی دوور لەڕێژە شێتانەکە دەمێنێتەوە کە مۆرکی زێدەڕۆییە لەنائومێدیدا.

*ئەمەی ئێوە لێرەدا پێشکەشی دەکەن چارەسەرێکی ئاسانە؟

—بەهەموو دڵنیاییەکەوە، دەبێ مرۆڤ توانستەکانی خۆی بزانێ. بۆ نموونە.. زۆر لە نووسەرە لاوەکان دەناسم کە نیازی خۆکوشتنیان هەیە چونکە لەپرۆژە داهێنەریەکەیاندا شکستیان هێناوە، من لەئەمە باش تێدەگەم، بەڵام دڵنیاکردنی کەسێك کە گەیشتۆتە ئەم ئاستە گرانە بەئازارترین ئەزموون لەژیاندا، ئەزموونی شکستییەو هەموو کەسێك تامی شکستی دەچێژێت.

*بەڵام مرۆڤ لەئەزموونی شکستیدا بەچ ئەنجامێك دەگات؟

—شکستی ئەزموونێکی سەیرە، بەڵام زۆر کەس بەرگەی ناگرێ. ئەمە لەهەموو دەستەو توێژەکاندا دەبینین. لەلای خەڵکی ئاساییداو لەخەڵکی سەرەوە، بەڵام ژیان لەکۆتاییدا خۆی تەنیا ئەزموونێکی شکستییە، ئەوانەی بە ئومێدن‌و باش پلان بۆ ژیانی خۆیان دادەڕێژن‌و بەئایندە سەرقاڵن، ئەوانە زیاتر ئەزموونی شکستی کاریان تێدەکات، لەبەرئەمە خەڵکی بۆگۆڕستانەکان دەنێرم، ئەمە تاقە هۆیەکە بۆ کەمکردنەوەی گرانی بارێکی تراجیدییانە.

*وتت کە تۆ وازت لەنووسین هێناوە، لەو بڕوایەدای ئەم دۆخە درێژەبکێشێت؟

—نازانم، بەڵام ئەگەرێکی زۆر هەیە کە هەرگیز بۆ نووسین نەگەڕێمەوە، بینینی ئەم هەموو کۆمەڵە کتێبەی دەردەچن، دەمتۆقێنێ، ئەم هەموو نووسەرە کە بەلایەنی کەم ساڵی کتێبێك

سەردانی گۆڕستانێک لەسەردانی پزیشکێک بەکەڵکترە، گەڕانێکی خێرا بەناو گۆڕستانێکدا، وانەیەکی پەندیاری کاتییە

بڵاودەكەنەوە، ئەمە خووێكی خراپە، وا هاتە بەرچاوم كە ناشێ لەنووسین بەردەوام بم. دەبێ مرۆڤ فێربێت چۆن دەست لەم خووە خراپە هەڵگرێت. نووسین لەلام مانایەكی نەماوە. نووسین جۆرە خوێن گەرمییەكی ئەوێ، چاوەڕوانی ئەوێ، پاش ئەوە لە دڵی خۆمدا وتم: ئەوەندە جنێوم بە پیرۆزو بەجیهان داوە بەسە.

*بەڵام لە نووسینە هزرییەكانتدا هێشتا هەر جنێو دەدەیت؟

–بەشێوەیەكی كەمتر، ناچارم ئەوەبكەم، بەساڵاچوون جۆرە وازهێنانێكی ئارەزوومەندانە دەسەپێنێ، پاش ئەوە ماندووبوون ئێستا بووە بەڕاستییەك كە لێ دەربازبوونی نییە، دەتوانین لە نووسین، لەقسەكردندا بەردەوام بین، بەڵام ئەم كردەوەیە ئەگەر بەدەنگەوەچوونی بانگەشەیەكی ناوەوە نەبێ، تەنیا كردەیەكی ئەدەبی رووت دەبێو ئەمەیە كە من رەتی دەكەمەوە. هەمیشە بڕوام بەوەبوو كە ئەینووسمو بەوردی سافیلكەییم لێرەدایە، ئەم دەست هەڵگرتنە كارێكی چاك نییەو لەگەڵ سروشتی تێگەیشتنم لەشتەكان یەك ناگرێ، بەڵام با وابێ، بەڵگە نەویستە ئەگەر ئێمە چەمكێكمان بۆ نەبوون هەبێ، ئیتر بێ سودەو بەڵكو نووسینی كتێبێك مایەی خەنینە، نووسین بۆچی؟ بۆكێ؟ لەگەڵ هەموو ئەمانەدا، گەلێ پێویستی دەروونی ناوەوە هەیە، ئەم تێگەیشتنە دەبەزێنن. پێویستیەكن كە لەسروشتێكی جیاوازن، بەتینن‌و سەیرن‌و ئەقڵانی نین.

ئێمە ناتوانین نێوان نەبوون لە ئەوپەڕی دەركەوتنەكانیداو كارێكی تر كۆبكەینەوە. نەبوون هەموو شتێك وەلا دەنێ، بۆنموونە بیرۆكەی پێزانین یان بیرۆكەی رەسەنایەتی. بەڵام هیچ نەبێ ئەم بووژاوەییە هەیە كە پاڵ بەمرۆڤەوە دەنێ شتێك بكات، وادیارە ژیان لەم خۆ خەریك كردنە بێ قایلبوونە زیاتر نییە كە بەئەنجامدانی شتێكەوە دەبێ. هەتا ئاستێك ژیان خۆی ئەمەیە.

بەنازارترین ئەزموون لەژیاندا، ئەزموونی شكستییەو هەموو كەسێك تامی شكستی دەچێژێت.

---

سەرچاوە:

گۆڤاری (رۆی) ژمارە (٢٧) تەمموزی ٢٠٠١ لاپەڕە (١١٧هەتا ١٢٥).

(محمد الصالحي) كردوویەتی بەعەرەبی.

بەشی یەکەم

## سەڵاحوددینی موهتەدی:

# سێبەری "سوارە" هێشتا سێبەرێکی سەنگینە...

سازدانی/ فەرەیدون پێنجوێنی


تێبینی/ ئەم گفتوگۆیەی مامۆستا سەلاحوددین موهتددی (لەتەك گفتوگۆیەكی مامۆستا حمە امین پێنجوێنیێ كەبڕیارە لەژمارەكانی داهاتوی ئەم گۆڤارەدا بڵاو بێتەوە) نزیكەی دووساڵ لەمەوبەر ئەنجام دراوە، بەڵام لەبەر چەند هۆیەك

بڵاو كردنەوەی دواكەوتووە..

فەرەیدون پێنجوینی

فەرەیدون پێنجوینی:

كاك سەلاحوددین موهتەدی، ئەمن زۆر خۆشحاڵم بوارت پێداین ئەو گفتوگۆیە بۆ سازبدەین، گفتوگۆكەمان دابەش كردووە بەسەر چوار __ پێنج تەوەردا، تەوەری یەكەم: منداڵی و بۆكان و ژیانی خێزانی، ئایا ڕەنگدانەوەی پێگەی خێزان و بنەماڵە لەسەر ئێوە چۆن بو، ئەگەر بكرێ لەو دەروازەیەوە بچینە نێو قسە و گفتوگۆكەمانەوە؟



سەلاحی موهتەدی

سەلاحوددین موهتەدی:

سوپاست دەکەم ... ڕاستی نازانم ئەوە ژیاننامەی منە، یان هەر باسێکە بۆئەوەی ببێتە دەروازەیەك و بۆئەوەی لەوێڕا بچینە نێو باسەکانی ترەوە ؛ لە ڕاستیدا خەڵکی دیکەش لەو بارەیەوە زۆریان لێ پرسیوم .. من لە قەدەر توانای خۆم باسی ئەو ڕابردووەم کردووە.. بە تایبەت خەڵکی وا هەبوون بەشە سیاسیەکەیان زۆرتر مەبەست بووەو پرسیویانە، وا بزانم تۆ لێرە زیاتر بەشە ئەدەبی و فەرهەنگییەکەت مەبەستە.

* بەڵی بێگومان ...

– من لە ساڵی ١٩٣٨ ،چوار پێنج ڕۆژی ماوە بۆ ساڵی ١٩٣٩، لە گوندێك لەدایك بووم.. گوندەکە لە جنوبی بۆکانە و ناوی "قول قوڵە"یە.. بەڵام کەم لەوێ ماومەتەوە.. هاتوینەتە خوارێ بەرەو شاری بۆکان. بەرلەوە بێینە ناو شار چووینە گوندی "شێخلەر".. کاتێك هاتینە ناو شار من تەمەنم گەیشتبووە حەوت ساڵان، خوێندنم نەك لە مەکتەبی ڕەسمی بەڵکو لە حوجرەیەکدا خوێند،بەڵام نەك حوجرەی فەقێکان، بەڵکو حوجرەیەکی تایبەت بۆ پەروەردە و پێگەیاندنی کوڕەکانی بنەماڵەی خۆمان ؛ هەر بۆ ئەو مەبەستەش مامۆستایەك بانگکرابوو شوێنی درابوویێ ، جێ و ڕێی درابویێ لەلایەن بنەماڵەی ئێمە و باوکمەوە ! ناوی "شێخ ئەحمەد بوو" ،خەڵکی "کەسنەزان" بوو ، هەتا بڵێی پیاوێکی دروست و مامۆستایەکی جدی و دڵسۆز و باش بوو.. بەڵام هەتا بشڵێیت سەختگیر و توندوتیژ و دەستوەشێن ! من ئەوەندەی دواتر لە زیندانەکانی ئێران ئەشکەنجە دراوم، ئەوەندەش مامۆستا لێی داوم.. ئێمە، من و بڕێك لە براو ئامۆزاکانم، شوێنی تایبەتمان بۆ گیرابوو کە لە خزمەت مامۆستا "شێخ ئەحمەد"دا بخوێنین .. هەمووئەو وانانەی پێدەگوتین کە لە مەدرەسە بە خەڵك دەوترایەوە.. تەنانەت من ناویشم نوسرابوو لە مەکتەب گوایە شاگردی ئەو مەدرەسەیەم .. هەموو تاقیکردنەوەکانیش دەچووم ئیمتیحانم دەدا ، بەڵام دەوامم نەدەکرد لە مەدرەسە ؛ لە باتی ئەوە لەو حوجرە تایبەتییە دەوامم دەکرد. مامۆستا "شێخ ئەحمەد" نەك هەر مامۆستا بوو بەڵکو موڕەبی و سەرپەرشیاری ئەخلاق و ڕەوشتیشمان بوو و لە لایەن باوکمەوە بۆ ئەم کارە ڕاسپێردرابوو.. دوای مەدرەسەش ئەو سەرپەرشتی دەکردین کە ئێمە چۆن هەڵدەستین، چۆن دادەنیشین، لە مەجلیس و دیواخان دەبێت چۆن ڕەفتار بکەین، تەنانەت کاتی نانخواردن : نان چۆن بخۆین...؟ ئەمە بەشێکە لەو تەربییەت و ئەخلاق، یا لەو فەزا عالیەی عادەتەن خێزانێکی ئەرستۆکرات سازی دەکات! لە ڕاستیدا بنەماڵەی ئێمە تێکەڵێك بوو لە بنەماڵەیەکی: عەشایەری ، ئەرستۆکراتی ، دینی ،

**لەتەبریز باوکم گۆڕانێکی زۆری بەسەرداهات، هەم لەباری فیکرییەوە، هەم لەباری ئەخلاقییەوە...**

سیاسی... بابم و تەنانەت هەموو بنەماڵەکەش (بەڵام بە تایبەت بابم!) هەر چوار خەسڵەتی تێدابوو..

* بابت سیاسەتی کردووە؟

– بەڵێ بابم سیاسەتی کردووە ... ڕەنگە یەکەم جار کە دەروازەی بیری سیاسیی بۆ کرابێتەوە ئەو کاتە بووبێت کە "مستەفا پاشا" لە سلێمانییەوە هاتووە بۆ "کوردستانی ئێران" بۆ چاوپێکەوتنی "سمایل خانی شوکاک – سمکۆ" ... باپیرم کە خۆی کەسێکی خوێندەوار و ڕووناکبیری سەردەمی خۆی بووە، جگە لە پلەوپایەی عەشایەریش، کابرایەکی خوێندەوارو ئەهلی مێژوو و ئەهلی ئەدەبیات بووە.. داوای لە "مستەفا پاشا" کردووە کە مادام بەو ڕێگایەدا دەڕوا و دەچێ، بێت لە ماڵی وان میوان بێت ؛ خزمەتی بکات و خەڵکی لەگەڵدا بنێری بۆ لای "سمکۆ"... باوکم لەم سەفەرەدا (وەکو خۆی دەگێڕێتەوە) تازە گەیشتۆتە تەمەنی جحێڵی.. "مستەفا پاشا" کاریگەریی زۆر کردۆتە سەر؛ باسی بۆ کردووە کە بۆ پێویستە کورد دەوڵەتی خۆیان هەبێت ؟ بۆ پێویستە کورد سەربەخۆ بێت ؟خودی ئەو لەپێناوی چیدا خەبات دەکات ؟

ئەو باسە باسێکی دوور و درێژە، ڕەنگە کاتێك ببێ بە درێژتر لەسەری بنووسم، بەڵام ئەوەی کە ئێستا دەمەوێ بیڵێم ئەوەیە : "مستەفا پاشا" دەرگای ئەوەی بۆ باوکم کردەوە کە بیری دواڕۆژی کورد بکات، لەکاتێکدا کە باوکم تازە گەیشتبووە تەمەنی گەنجی یان نەگەیشتبوو.. دواتر لە کوردستاندا "حەسەنی سەیفی قازی" کە مەشهورە بە "سەیف ئەلقوزات" و شاعیر و ئەدیب و ڕۆشنگەرێکی سیاسی کوردبووە، کاریگەریی زۆری لەسەر باوکم کردووە و لە ڕێگەی ئەدەبەوە واردی سیاسەتی کردووە... باوکم خۆشەویستیی زمان، خۆشەویستیی ئەدەبی کوردی ، تێکەڵبوون و خۆ خەریککردن بە ئەدەبەوە،هەموو ئەوانەی لە "سەیفی قازی"یەوە وەرگرتووە.. لەبەرئەوە دەتوانین بڵێین : "مستەفا پاشای یامولکی" مامۆستای سیاسەتی بووە ، مامۆستای ئەدەبیاتیشی "سەیفولقوزات" بووە (دواتر لەقەبی "قوزات" بە پێی دەستوری زەمانی "ڕەزا شا" ڕەت کرایەوە، ئەویش ناوی خۆی گۆڕی بە "سەیفی قازی")...

لە کاتی شەڕی جیهانیی دووەمدا ، دوای ئەوە کە دەوڵەتانی هاوپەیمان هاتن و ئێرانیان گرت و حکومەتی "ڕەزا شا" ڕووخا، ڕووناکبیرانی کوردی ئێران، بە هاوکاری لەگەڵ ڕووناکبیرانی کوردستانی عێراق، یەکەمین حیزبی هاوبەشی کوردییان دانا کە بە کۆمەڵەی "ژ. ك" مەشهور بوو.. (کە دەڵێم "ژ.ك"یەکەمین حیزبی هاوبەشە ، واتە: یەکەمین حیزبە کە لە دانان و دامەزراندنیدا کوردی ئێران و کوردی عێراق پێکەوە دەستیان داوەتێ !) خەڵکی : وەکو "میرحاج" ،خەڵکی وەکو "مستەفا خۆشناو"، وەکو "عزەت



عەبدولعەزیز"، بەشدارییان کردووە لە دامەزراندنی کۆمەڵەی "ژ.ك"دا لە مەهاباد ..بەشداریی "عیزەت عەبدولعەزیز" و"میرحاج موئەکەدە و هەموو خەڵکی ئەو سەردەمە کە بیرەوەرییەکانیان نووسیوە، باسی دەکەن.. بەڵام ئەوەی من بیستوومە"مستەفا خۆشناو"یش لەگەڵ بووە... ئینجا زۆری پێ نەچووە لە دامەزراندنی حیزبی "ژ.ك" کە باوکم پەیوەندی پێوە کردوون و بۆتە ئەندام....

*کاك سەلاح جارێکیان لە دانیشتن و گفتوگۆیەکماندا، باسی ئەوەت کرد کە باوکت وەکو سیاسییەکی ڕیفۆرمیست جموجوڵی کردووە.. یان با بڵێم: بیرێکی ڕیفۆرمخوازانەی هەبووە.. تەنانەت ڕۆژگارێك خوێندکار و قوتابیی کوردی ئێرانی وەها ئاراستە کردووە کە هیچ فرسەتێك ، ئەگەر سازشکارانەش بێت ، لەدەست نەدەن، بۆئەوەی زمان و فەرهەنگی کوردی ببەنە پێشەوە....

پیاوێك بە بیرێکی لەو جۆرەوە ،چ ڕەنگدانەوەیەکی لەسەر ئێوە هەبوو؟ لەسەر تۆ.. لەسەر کاك "عەبدوڵڵای موهتەدی" ؟

پیاوێکی ڕیفۆرمیست نەوەیەك دەخاتەوە کە هەم کەسی ناسیونالیستی تیایە ،هەم کەسی مارکسیستی تیایە.. ئەم کاریگەری و جەدەل و بەرخوردە لە نێوان ئێوەدا شتێکی سەیرو جوانی لێ کەوتۆتەوە.. پێم خۆشە تیشکێك بخەیتە سەر ئەو حاڵەتە !

— ئەگەر وابێت من دەبێ بازبدەم لە منداڵیمەوە بۆ گەورەییم ... باوکم دوای ڕوخانی "کۆماری کوردستان" ژیانی لە کوردستان خۆش نەبوو.. خۆی نەگیرا ؛ بەڵام بە دڵ خۆشحاڵ نەبوو.. ڕازی و ئاسوودە نەبوو لەو وەزعە کە دوای "کۆمار" تێیدا دەژیا؛ لەبەرئەوە باری کرد و چوو بۆ "تەبرێز".. ئەو وەختە "تەبرێز" شوێنگەی ئایالاتی ئازەربایجان بوو ؛ کە ئازەربایجانەکانیش بە یەکەوە بوون ( ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا) تەبرێز پایتەختیان بوو.. لە تەبرێز باوکم گۆڕانێکی زۆری بەسەردا هات ، هەم لە باری فیکرییەوە ، هەم لە باری ئەخلاقییەوە..کە ژینگەی ژیانی خۆی گۆڕی ولە ژینگەی کوردەواری و بەتایبەت لە ژینگەی وڵاتی خۆمان هاتە دەرێ ،گەیشتەوە سەر ئەو خوێندەوارییەی کە هەیبوو و پێشتر کەڵکی لێوەرنەگرتبوو... باوکم علومی دینیی تەواو کردبوو، بەڵام قەت سودی عەمەلیی لێ نەدیبوو، قەتیش سودی دنیایی لێ نەدیبوو ؛ نەبووبوو بە پێشەوایەکی دینی، یان کارێك بە خوێندنە ئاینیەکەی خۆی بکات.. بەڵام کە هات بۆ تەبرێز، خەڵکە زانا و ئاینیەکانی ئەوێ کە دیارە هەم ئازەربایجانی و هەم شیعەن، زۆریان پێ خۆشبوو پیاوێکی وا لە کوردستانەوە هاتووە و کوردە و سونی مەزهەبە و شافعییە و زانایە و دەمارگیریش نییە.. زۆری پێ نەچوو کۆڕێکی گەورە لەو پیاوە زانایانە پێکهێنرا ، یەکێك لە کوردەکان

کە تیایدا بەشدار بوو جگە لە بابم ،" ئەحمەدی تورجانی زادە"یە..ئەم پیاوە پیاوێکی ئەدیب و زانای کورد بوو.. هەروەها لە تەبرێز مامۆستای زانکۆ بوو (مامۆستای ئەدەبی عەرەبی) ، لە بنەماڵەیەکی عیلمیی نەوەی "مەلا عەلی قزلْجی"یە ، "مەلا عەلی قزلْجی"مامۆستای هەموو مەلاکانی کوردەواری بووە.."ئەحمەدی تورجانی زادە" خۆیشی مەلایەتی تەواو کردبوو، دوای ئەوە علومی تازەیشی خوێندبوو، لە ئەدەبیاتی عەرەبدا زانا بوو.. مەلا شیعەکان لە تەورێز ، لەگەڵ باوکم و لەگەڵ ئاغای "تورجانی زادە"، جۆرێك ئەنجومەنی عیلمی و ئەدەبی و ڕووناکبیرییان پێکەوە نابوو کە لەوێدا لەسەر ئەدەبی فارسی و ئەدەبی عەرەبیش قسە دەکرا.. لەسەر علومی ئیسلامیش قسە دەکرا.. لەسەر کێشەی نێوان شیعە و سوننەش قسە دەکرا.. بەڵام هەموولا هەوڵیان دەدا جۆرێك تەفاهوم و تەبایی لە نێوانیاندا هەبێت، نەك ناکۆکی و دژایەتی.. گفتوگۆ لەگەڵ ئەوانە ، دانیشتن لەگەڵ ئەوانە ، گۆڕینی ژینگە ، یارمەتیی باوکمی دا کە زیاتر بچێتەوە سەر ئەو علومەی کە کۆن خوێندبووی و زیاتر پیایدا بچێتەوە..ئەوە پاڵی پێوەنا ، بە تایبەت بە هاندانی ئەو مەلایانە ، لیباسیشی گۆڕی.. لە حاڵێکدا تەمەنی تەواو بەرەو پیری دەڕۆیشت.... باوکم کاتێك لە کوردستان بوو جلوبەرگی کوردیی لەبەر دەکرد .. کاتێکیش دەهات بۆ تەبرێز و تاران‌و شارەکان ، جلوبەرگی ئەفەندی لەبەر دەکرد و بۆینباخی دەبەست.. بەڵام لە کۆتاییدا قەناعەتیان پێ هێنا کە : تۆ زانای ، لە کۆڕی زانستی‌دا بەشداری دەکەیت ، بۆ جلوبەرگی زانایانی ئاینی لەبەر ناکەیت ؟ ئەمە وای لێکرد جلوبەرگی گۆڕی و جلوبەرگی مەلایانەی لەبەر کرد!

*ئەی فیکری نەگۆڕی؟

– بەڵی ، زیاتر لە فیکرەکەی ئەخلاقی گۆڕا، چونکە من کوڕی گەورەی بووم ، زیاتر ئەوەم بە چاو دەدیت! باوکم لە گەنجیدا پیاوێکی توندوتیژ بوو.. پیاوێکی بە حوکم و سەختگیر بوو لەگەڵ مناڵەکانیدا.. هاتنی بۆ تەورێز و ڕەفتاری ئەو خەڵکە خوێندەوار و زانایەی تەورێز، گۆڕینی ئەو فەزا کۆمەڵایەتی و سیاسییەی کە پێشتر تێیدا بوو ، وای کرد کە ئەخلاقی گۆڕا.. یەکێك لەو شتە باشانەی کە بۆ من سودی هەبوو ئەوە بوو ڕەفتاری لەگەڵ مناڵەکانی گۆڕا ، بەرەو باشتر ، بەرەو نەرم بوون ، بەرەو ئەوە کە ئێمە وەکو هاوڕێ پێکەوە قسەمان دەکرد.. ڕەفتاری لەگەڵ دایکیشم گۆڕا بەرەو زیاتر حورمەت و زیاتر تەفاهوم و زیاتر تەبایی لەگەڵی.. ئەمانە هەموویان فەزایەکی تازەیان خوڵقاند.. ئێمە لەو فەزا تازەیەدا بە ئازادی باسی هەموو شێتکمان دەکرد.

*ئێوە لەو فەزا تازەیەوە دەستتان بەکار کرد:جەنابت، کاك "عەبدوڵڵا"و....

مەلا شیعەکان لە تەورێز ، لەگەڵ باوکم و لەگەڵ ئاغای "تورجانی زادە"، جۆرێک ئەنجومەنی عیلمی و ئەدەبی و ڕووناکبیرییان پێکەوە نابوو کە لەوێدا لەسەر ئەدەبی فارسی و ئەدەبی عەرەبیش قسە دەکرا..



– له پێشدا من ، چونکه "عەبدوڵڵا"ئێمە زیاترمناڵ بوو.. من و برایەکی لە من بچوکتر" محەمەد " ...ئێمە زیاتر لەو فەزایە کە لە تەورێز دروست بوو کەڵکمان وەرگرت. کەوتینە ناو قسەوباسی سیاسی ، فەلسەفی ، ئینجا ئێمە خوێندەوار بووین ، دەچووینە خوێندن..ئێمە چوار ساڵ لە تەورێز ماینەوە.. دوای چوار ساڵ چووین بۆ تاران .. کە چوین بۆ تاران باوکم ئەو فەزایەی فراوان و بەرینتر کردەوە.. ئینجا نەك هەر زانا و پیاوانی ئاینی بەڵکو پسپۆڕی بواری ئەدەب ، سیاسەت ، حقوق و قانون کە زیاتر مامۆستای زانکۆ بوون لێی کۆبوونەوە.. هاتووچۆی لەگەڵ ئەوان دەستپێکرد. خۆیشی لە تاران وەرگیرا ، وەکو مامۆستای زانکۆ لە تاران بۆ علومی ئیسلامی ، بەتایبەت فیقهی شافعی.. (دیارە ئەوە دوای ڕوخانی کۆماری کوردستان و ئەوانەیە).. ئەمە ڕێگای کردەوە کە خەڵکێکی زۆر لە مامۆستایانی زانکۆی تاران ، بەتایبەت ئەوانەی ڕابردووی سیاسییان هەبوو و دەشیانزانی باوکم ڕابردوویەکی سیاسیی هەبووە ، زەوقیان هەبوو هاتوچۆی بکەن، بانگی بکەن، دەعوەتی بکەن ؛ خۆیشی چونکە لە بنەڕەتدا بنەمایەکی سیاسی هەبوو ، زەوقی لەمە هەبوو! تارانیش شارێکی کراوە بوو، وەکو تەورێز نەبوو، شارێکی ئێجگار کراوە بوو ، پڕبوو لە خەڵکی ئۆپۆزسیۆن.. باوکم دەستی کرد بە دۆستایەتیی کەسی وەکو "د. سەنجابی" کە بە ڕەگەز کوردە (سەرۆکی جەبهەی ئێرانی و جێگری د. محەمەدی موصەدەق بوو) لەوێڕا دەستی پێکرد تا کەسی وەکو "فروزان فەڕ"ی ناسی کە سەرۆکی کۆلیژی خۆی بوو و باوکم لەوێ دەرسی دەگوتەوە.. لەوێڕا دەس کرا بە دۆستایەتیکردنی خەڵکی ئۆپۆزسیۆن و موعارەزەی ئێرانی.

*ئەی لەناو خێزانی ئێوەدا کەس سەروکاری لەگەڵ ئەدەبیاتدا هەبوو..؟

– لە خێزان و بنەماڵەی ئێمەدا هەموویان سەروکاریان لەگەڵ ئەدەبیات هەبوو.. من .. مامەکانم .. لەگەڵ ئەوەشدا بە مانای نووسەر نووسەر نەبوون ، یان شاعیر نەبوون، بەڵام هەموویان پەیوەندییان بە شیعرەوە هەبووە.. یەکی بە قەد شانامەیەکیان شیعر لەبەر بوو ، شیعری فارسی و کوردی.. لە ماڵی ئێمەدا قسەکردن لە ئەدەب و شیعر باسی هەمیشەیی بوو ؛ یانی کە دادەنیشتین دوو باس هەمیشە لە گۆڕێ بوو : یەکێکیان باسی سیاسەت ، یەکێکیان باسی ئەدەبیات و شیعر... بەڵام با من باسی ئەوەت بۆ بکەم کە چووینە تاران ... ئەم فەزا سیاسییە باوکمی جارێکی دی بردەوە ناو جیهانی سیاسەت، بەڵام ئەم جارە وەکو مامۆستای زانکۆ و سەوداسەری ئەدەبیاتی کورد و زمانی کوردی.. جا ئەوەی کە تۆ ئاماژەی بۆ دەکەیت و خەڵکی دیکەش ئاماژەی

**لە ماڵی ئێمەدا قسەکردن لە ئەدەب و شیعر باسی هەمیشەیی بوو ؛ یانی کە دادەنیشتین دوو باس هەمیشە لە گۆڕێ بوو : یەکێکیان باسی سیاسەت ، یەکێکیان باسی ئەدەبیات و شیعر...**

بۆ کردووە لێرەدا بوو.. ئەوسا ماڵی ئێمە لە تاران و، بەتایبەت باوکم خۆی، بوو بوون بە مەرکەزێك، بووبوون بە ناوەندێك بۆ کۆبوونەوەی قوتابیان و خوێندکارانی کورد.. خوێندکارانی کـورد لەهـەر کۆلیژێك کـە دەیـانخوێند : حقـوق ، ئـەدەبیات ، سیاسـەت ، ئـابووری ، هەندەسە ، و زۆر شتی تریش ، تەنانەت کۆلیژی (شەریعە) کە خۆی دەرسی تیا دەگوتەوە ، خوێندکاری هەموو ئەو کۆلیژانە دەهاتن بـۆ مـاڵی ئێمـە..لـە جەژنـە گـەورەکاندا مـاڵی ئێمـە وەکـو نـادیی لیّ دەهات..لـە جـەژنی قوربـان ، جـەژنی ڕەمـەزان ، جـەژنی نـەورۆز ، جەژنە میللییەکان و جەژنـە مەزهەبییـەکاندا ، دەبـوو بـە نادییـەك و خـەڵك لـەوێ کۆدەبوونـەوە!! تەنانـەت جـاری وا هـەبوو نوێـژی جەژنیشیان لەوێ دەکرد؛ جاری واش هەبوو سرودی نەورۆزیان لەوێ دەخوێنـد.. جگـە لـەوە مـاڵی ئێمـە بـوو بـە جێگـای مەشـورەت و لێکۆڵینـەوە و قسـەکردن لـە مەسـائیلی سیاسـی و باسـی کـورد و کوردستان ، بۆیە ئەو ماڵە بەهۆی باوکمەوە ، بوو بە ناوەندێك ، ئەم ناوەندە ڕووناکبیری و فەرهـەنگی و سیاسییە ، نـەك خوێندکـارانی گرتـەوە ، بـەڵکو خـەڵکی کوردی دانیشـتووی تـارانیش کـە پێیـان دەگوتن "کوردەکانی دانیشتووی تاران" دەهاتنە ئـەوێ ، بەتایبـەت ئەوەی پەیوەندیی بە سیاسـەتەوە هەبوایـە ،پـەیوەندیی بـە کـاری ئەدەبییەوە هەبوایە ، یان پەیوەندیی بە مەسائیلی کۆمەڵایەتییـەوە هەبوایـە !هـەموو دەهاتنـە ئـەوێ و لـەوێ کۆبوونـەوە و ڕاوێژیـان دەکرد...

ئینجـا لـەوێ نـەك تەنـها مـن و کۆمـەڵێکی تـر (بـۆ دەوری دووەم)پێگەیشتین ، بەڵکو بەشێکی زۆر لە سیاسییەکانی کورد کە دواتر هەرکەسە وناوێکی پەیدا کـرد ، هەرکەسـە و ڕێبـازێکی گـرت ، بـوون بە پێشـمەرگە ، بـوون بـە سیاسـی ، سـەرەتای گـەنجێتی و ئاشنابوونیان لەگەڵ کـاری سیاسـی و ئـەدەبی کـوردی لـەوێ پـەیدا کرد.. !ئەم ناوەندە بوو بە ناوەندی هـەموومان..سروشتی‌یە منیش تیایدا پێ بگەم بە ڕێبـازی خـۆم ، "محەمـەد"ی براشم تیـایدا پـێ بگات بـە ڕێبـازی خـۆی (کـە دواتـر بـوو بـە کەسێکی ڕووناکبـیر لـە ئەورووپا)، پاشان "عەبدوڵڵا"ش تیایدا پێ بگـات... ئێمـە (چونکـە بەحسەکان کراوە بوون !) کە دادەنیشتین ، بە تایبەت لەم ساڵانەی دواییدا باوکم ڕەوشێکی زۆر ئازادیخوازانە و لیبراڵی گرتبووە بـەر لـە ڕەفتـار لەگـەڵماندا ، بـە ئاشـکرا هـەموو شـتێکی سیاسـەتمان بـاس دەکـرد.. ! سیاسـەتیش قـەیناکا، باسـی مەسـائیلی فەلسـەفەمان دەکرد ، باسی عـەقیدەمان دەکـرد ، باسـی خوامـان دەکـرد، باسـی باوەڕبوون و باوەڕنەبوون بە دیانەتمان دەکرد.. ئـەو لەگـەڵ ئـەوەی زانایەکی ئاینی بـوو ، موفەسـیر بـوو ، موحـەدیس بـوو ، فەقیـهیش بـوو، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشدا کـە دائەنیشـت لەگـەڵ ئێمـە دەکەوتـە



جەدەلێکی فەلسەفییەوە.. ئێمە ئازاد بووین هەموو بیروباوەڕێکی خۆمان بڵێین ، ئەویش بیروباوەڕی خۆی لای ئێمە دەگوت، ئینجا لە فەزایەکی سیاسی و فیکری و فەلسەفیی ئاوادا ، کاریگەریی دەرەوەش لەبەرچاو بگرە : هەرکام لە ئێمە چوینە زانکۆ ، هەرکام لە ئێمە لەگەڵ جەرەیان و ڕەوتی فیکریی جۆراوجۆر ڕووبەڕوو بووین ، تێکهەڵکێشێك لە کاریگەریی ماڵەوە و کاریگەریی دەرەوە هەرکام لە ئێمەی بە لایەکدا برد..

*کاك سەلاح ببەخشە ، ئەو فەزا لیبراڵییەی کە خێزانی ئێوە دەستەبەری کردبوو بۆ ئێوە.. ئەو سەکۆ لیبراڵییەی کە سەکۆی خێزانی ئێوە بوو...چۆنە کەسێکی(لیبراڵ)ی لەناو ئێوەدا پێنەگیاندووە : ئەوتان مارکسیست ، ئەمتان ناسیونالیست ؟

— کێ دەڵێ جێی نەهێشتووە ؟ من خۆم زۆر لە فیکری لیبراڵی بە دوور نابینم ، چونکە ناسیونالیزم بە هیچ جۆر دژایەتی یان ناکۆکی لەگەڵ بیرێکی لیبراڵی نییە بۆ ژیان ، بیرێکی لیبراڵی بۆ ئابووری ، بیرێکی لیبراڵی بۆ قەبوڵکردنی بەرانبەر.. هیچ دژایەتییەك لەوەدا نابینم.. ناسیونالیزم هاندەر و پاڵنەری ئێمەمانانە کە چۆن ڕێبازێك بدۆزینەوە میللەتەکەی تێدا بپارێزین لە فەوتان و لەناوچوون....بیرم دێت :— لە تەورێز بووین..هێشتا منداڵ بووم (تەمەنم ١٤ ساڵ و ١٥ ساڵ بوو).. نەخۆشخانەیەکی گەورە هەبوو.. من بە بەردەم ئەو نەخۆشخانەیەدا دەهاتم و دەڕۆیشتم بۆ مەکتەب ..لە ماڵی خۆمانەوە بە پیادە دەڕۆیشتم..خەڵك لەبەر دەرکی خەستەخانەکە ڕیزی دەبەست بۆئەوەی بچێت بۆ لای دکتۆر نۆرە وەربگرێت..زۆرجار من کوردم دەدیت بە جلوبەرگی کوردییەوە ، زۆر هەژار ، ڕێگایان نەدەدا ، لە ڕیزەکەدا پاڵیان پێوە دەنا ، دەیانخستە پشتەوە، توانای نەبوو بچێت بۆ لای دکتۆری تایبەتیش، پریاسکەیەکی لە کۆڵە پشتەکەی دەردەهێنا کە هەندێك نانی تێدابوو ، نانێکی ڕەق ، یان پێخۆرێکی زۆر ناخۆش ، لە بن دیوارێك دادەنیشت دەیخوارد تا نۆرەی دەهات! من زۆر جار بە چاوی گریانەوە دەچووم بۆ مەکتەب ؛ خۆم پێڕانەدەگیرا تا مەکتەب..! لەوێ پێش ئەوەی بچمە ناو کلاسەکە، ئاوم بە دەم و چاودا دەکرد بۆئەوەی خەڵك نەزانێ گریاوم.. خۆ تۆ ناتوانی ناسیونالیست نەبی کە ئەمەت دەدی.. ئەو شتانە هاندەر و پاڵنەر و بزوێنەری من بوون ، ئەوە جگە لەوەی کە ماڵی خۆشمان و باوکم و مامەکانم و خەڵکی دیکەش هاندەرم بوون بۆئەوەی ئەم بیرە ناسیونالیستییە بێتە مێشکمەوە و بچەسپێت! تەنانەت ئەم گریانەش بەرهەمی ئەو باوەڕە بوو کە من لە منداڵییەوە وەرم گرتبوو، بەرهەمی ئەو خۆشەویستییە بوو کە بەرامبەر بە کورد و کوردستان و گەلی کورد

له منداڵییەوە چووبووە دڵمەوە.. ئینجا کە دەمدی ئاوا ، سروشتی بوو بگریم !!

ئێستا با وەڵامی سەرەتای پرسیارەکەت بۆ تەواو کەم : من لە بۆکان کە لە ٧ ساڵییەوە هاتم ، لە مەکتەب ناوم نوسیبوو؛ کاتەکەم تەنها بەشی ئەوە بوو ئیمتحان بدەم لە مەکتەب ، دەناخوێندنەکەم لای مامۆستا "شێخ ئەحمەدی کەسنەزانی" بوو، گۆڕی پڕ لە نوور بێت و هەموو ئەو لێدانانەی کە لێی داوم گەردنی خۆش و ئازا بێت، چونکە ئێستاش بە قەد باوکم خۆشم دەوێت، پیاوێکی ئێجگار شەریف بوو، بەڵام دوای چوار ساڵ مامۆستا هەرچی دەیزانی هەمووی فێرکردم ، لەبەرئەوە تازە پێویست بوو بگەڕێمەوە بۆ مەکتەب شتی تازەتر فێر بم! هەرچەندە من لای مامۆستا هەر لەم چوار ساڵەدا فارسی نووسین ، خوێندنەوە ، جوگرافیا ، مێژوو ، ڕیازیات ، هەموو ئەمانە فێر بووم .. باوەڕبکە بەم چوار ساڵە بەشی شەش حەوت ساڵی فێرکردم ، بەڵام ئیتر تەواو بووبوو ، گەورە بووبووم ، دەبوو بچمەوە سەر خوێندنێکی ڕێکوپێکتر لە مەکتەب.. پۆلی ٥ و ٦م لە بۆکان خوێند لە مەکتەب.. من شەشی سەرەتاییم تەواو کردبوو ئیتر ماڵمان چوو بۆ تەورێز.. بەڵام لە ڕاستیدا ئەوەی کە دوای ئەوەش فێری بووم ،هی ئەوە بوو کە لای مامۆستا "شێخ ئەحمەد" فێری بووبووم ، چونکە من کە چوومە تەورێز، بەتایبەت لە بواری ئەدەبیاتدا ، زانیم من لە خوێندکارەکانی ناو کلاسەکەمان زۆر زیاتر شت دەزانم ، ئەوە فەزڵی مامۆستا "شێخ ئەحمەد" بوو...

*ئەو مامۆستایە ئەدیب بوو ؟ هیچی جێماوە لای ئێوە ؟

– ئەو مامۆستایە پیاوێك بوو زۆر زەوقی ئەدەبیاتی هەبوو، زۆر شیعری لەبەر بوو ؛ بەڵام خۆی شیعری نەدەگوت.. کابرایەك بوو خەتی زۆر خۆش بوو ، وەك ئێرانییەکان دەڵێن (مونشی) بوو ، نامەی زۆر جوانی دەنووسی..خەڵکی دەیانهێنا فێری نامەنووسینیان بکات، فێری سەرەتایەکی ئەدەبیاتیان بکات، فێری بیرێك لە حساب و ڕیازیاتیان بکات...

باوکم چۆتە ناو کۆمەڵەی "ژ. ك"ەوە ، سیاسەت و پێویستبوونی دەوڵەتێکی کوردی ، کاتی خۆی لە "مستەفا پاشا"وە فێربووبوو ، دواتر خۆشەویستیی زمان و ئەدەبی کوردی و خۆتێکەڵکردن لەگەڵ ئەدیبی کورد، لە مامۆستای گەورە "مامۆستا حەسەنی سەیفی قازی"یەوە فێربووبوو ، بەم هەردوو بیر و بەم هەردوو فیکرەوە بوو ، یا بەو دوو باڵەوە بوو، کە دەفڕی و ، چووە ناو کۆمەڵەی "ژ. ك"... بە خێرایی لە کۆمەڵەی "ژ. ك" دا بەرزبۆوە و بوو بە یەکێك لە پیاوە ناسراوەکانی ... بەڵکو ماڵەکەی خۆیو توانا و ئیمکانیاتی مادی و قودرەتی سیاسی و عەشایەری و هەموو ئەوانەی

من کە چوومە تەورێز، بەتایبەت لە بواری ئەدەبیاتدا ، زانیم من لە خوێندکارەکانی ناو کلاسەکەمان زۆر زیاتر شت دەزانم ، ئەوە فەزڵی مامۆستا "شێخ ئەحمەدی کەسنەزانی" بوو...

کرد بە بنکەیەك بۆ پەرەپێدان و گەشەپێدانی کۆمەڵە.. لە کۆمەڵـەدا دوو ناوی هەبوو :– یەکـەمیان "بـرای ڕاست" بوو.. بـەڵام دوای ئـەوە کـە خـەڵکێکی زۆر موراجەعەیان دەکرد و دەناسـرا و نامـەی زۆری بۆ دەهات ( بەم ناوە) ، ناوەندی کۆمەڵەی "ژ. ك" ناوەکەیان گۆڕی و ناوێکی دیکەی نهێنیی بۆ دروست بوو بە ناوی "مرۆڤ"ەوە ! ئێستا لە گۆڤـاری "نیشتمان"دا کە زمانحاڵی کۆمەڵـەی "ژ. ك" بوو دەبینی مەقال و نوسراوەی تێدایە هەم بە ناوی "برای ڕاست" ، هەم لە ئەوانەی دواتردا بابەتی تێدایە بە ناوی "مرۆڤ".



*ببوورە با لـێرەدا ڕاتبگرم و بپرسـم : ئایا تـۆ بـۆ خـۆت دەتـەوێ "برای ڕاست"ی سیاسـەت بیت، یان "بـرای ڕاسـت"ی ئـەدەب ؟! دەتـەوێ ئـەو چـەند ساڵەی تەمـەنت کـە لـە ژیـاندا مـاوتن ، وەکـو "مرۆڤ"ێك لە خزمەتی ئەدەبدا بژییـت یان لـە خزمـەتی سیاسـەتدا ؟!

– من ئەگەر ئەوەم بۆ ساغ ببوایەتەوە (بـە درێژایـی تـەمـەنم ،لـە منداڵیمەوە تا ئێستا) کارم لە جێگایـەکی دیکـە بـوو.. یـا لـە نێـوان ئەدیباندا ساغ دەبوومەوە ، بە کابرایەکی ئەدیب و نووسـەر قـەبوڵ دەکرام لـە کـۆڕی نووسـەراندا..؛ یـا لـەناو سیاسـییەکاندا سـاغ دەبوومەوە:– پیاوێکی سیاسییە و لە حیزبێکدایە و کاری سیاسیی خۆی دەکات..!!

لە ڕاستیدا من وەکو کابرای کوردە لـە هـەردووك دیـن بـووم ! لـەناو ئەدیبـەکاندا دەگوتـرێ : فـلان کـەس هـەر بـە قسـە لەگـەڵ ئەدەبیات خەریکە و کوا ئەدیبە و ئەمە هەمیشە سیاسەت دەکات.. لەناو سیاسییەکانیشدا ڕەنگە بەهەند هەڵنەگیرێم، بڵێن سیاسییەکی جدی نییە ! بڵێن ئەمە بەشـی زۆری لەگـەڵ ئـەدەبیات خـەریکـە... شیعرێکی شـاعیرێکی بـەناوبانگی ئـێرانی هەیـە فارسـە ، نـاوی "فەخرەدینی عێراقی"یە ... "فەخرەدینی عێراقی" دەڵێ:

نە در مسجد دهندم رە : کە مستی
نە در میخانە : کین خمار خام است !
میان مسجد و میخانە راهی است
غریبم ، عاشقم ان رە کدام است ؟

من لـە نێـوان ئـەدەب و سیاسـەتدا وەکو "عـێراقی"ی شـاعیرم لێهاتووە، قەت نەمتوانیوە خۆم ساغ بکەمەوە.

***کەواتە کاك سەلاح با وردتر بچینە ناو ئەو (تـەوەر)ەوە کـە بـۆ ئـەدەب و سیاسەتم دانابوو : ئایا لـە تـۆدا بـەهرەی سیاسـەت و بەهرەی ئەدەب کامیان غـەدریان لـەوی تریان کـردووە و خوازیاری گەشەکردنی کامیان بوویت..؟ ئەگەرچی ئێستا سووکە وەڵامێکت بە برگەی دووەمی پرسیارەکە داوەتەوە...!**

- کاری من نییه لەسەر ئەوە قەزاوەت بکەم کە تو خوا من دەبوو کامەیان بکەم ؟! ئەدەب یان سیاسەت ؟! ئەو قەزاوەتە دەهێڵینەوە بۆ خەڵك .. بەڵام من خۆم نەمتوانیوە دەست لە هیچیان هەڵگرم.. لەڕاستیدا سەرەڕای ئەوە کە لەپێشدا پێم گوتی : وەك "عێراقی"ی شاعیر وام ، لە بەینی مزگەت و مەیخانەدا گیرم خواردووە ؛ بەڵام من ئەم گیرخواردنەی خۆیشم بە شتێکی خراپ نابینم..! یان تەنانەت ئەگەر خراپیش بووبێت ، ئەی چیی لێ بکەم؟! ئەمە سروشتی منە ! من خۆم لەگەڵ مرۆڤێکی یەك لایەنە کە تەنها یەك ساحە لە ژیانی خۆیدا ببینێ زۆر ڕازی نیم .. من خۆم بە گوێرەی سروشتی خۆم پێم خۆشە مرۆڤێکی فرە لایەن بم ! نەك تەنها سیاسەت و ئەدەب..؛ بەڵکو سیاسەت ، ئەدەب ، تەنانەت کاروکاسبی، بواری کاری کۆمەڵایەتی، تێکەڵبوون بە مەسائیلی عەقیدەو فەلسەفە.. لە هیچ کام لەوانەدا نەمتوانیوە خۆم بپارێزم ؛ دەنوکم بۆ هەموویان بردووە ؛ جا چەندی توانیبێتم و زانیبێتم و کاتیشم ڕێگای پێدابم و بەهرەم تێدا بووبێت، کەم مەجال لەوانەدا ماوە لەگەڵی خەریك نەبووبێتم و سەرێکم لەگەڵ نەسووبێتەوە !! دیارە ئەوە یەك شتی چاکی هەیە و یەك شتی خراپی هەیە : لە باری بەرینی بوارەکاندا تۆ بوارێکی بەرین بۆ خۆت فەراهەم دەکەیت ، یا بڵێین چەندین بوار بۆ خۆت فەراهەم دەکەیت کە لە دواجاردا مەیدانێکی گەورە دێتە گۆڕێ.. تۆ لە هەر کام دەتوانی شتێکی تێدا بڵێی.. بەڵام ئیرادێکی هەیە : لە هیچ کامیاندا ناتوانی زۆر قووڵ ببیتەوە .. لەسەردەمی ئێمەدا جیهان جیهانی پسپۆڕییە .. ئینجا سیاسەت وایە، ئەدەب وایە، فەلسەفە وایە، تەنانەت ئابوری وایە..!
*بە پلەیەکی تریش جیهان جیهانی تێکەڵاوکردن و لێکدانەوەی پسپۆڕیە جۆربەجۆرەکانە لەناو یەك کەسی دیاریکراودا ! ئەمڕۆ دەبینی کابرایەك کاتێك ئیش لەسەر بوارێکی مەعریفی دەکات ، زیاد لە میتۆدێك دەگرێتە بەر: دەرونشیکاری ، ئابووری ، ئەنترۆپۆلۆجیا، سۆسیۆلۆجیا..ئەمە پاساوێکیشە بۆ جەنابت کە لە سیاسەت و لە ئەدەبیشدا کار دەکەیت و هەموویان لێك دەدەیتەوە... بەڵام با بپرسم زۆرترین کاتت بۆ کامیان تەرخان دەکەیت؟ ئایا هاوڕێکانت زۆرترینیان ئەدیبن ، یان سیاسین؟ بە ڕاستی من حەز دەکەم پەلکێش بین بۆ ناو گفتوگۆیەکی ئەدەبی..!
- زۆرباشە با بچینە نێو ئەدەبەوە ...
لە سەرەتای ژیانمەوە ئەدەب بەشێك بووە لە هەڵسوکەوتی ڕۆژانەم:- لە دانیشتن، لە ماڵ، لە دیوەخان ، لە چوونە دەرێ ، لە دیتنی هاوڕێ ، لە هیچ کام لەو بوارانەدا نەمتوانیوە خۆ بدزمەوە لە ئەدەب، لە شیعر.

**من لە نێوان ئەدەب و سیاسەتدا وەکو "عێراقی"ی شاعیرم لێهاتووە، قەت نەمتوانیوە خۆم ساغ بکەمەوە.**

*پێم خۆشە بزانم ئێستا لەگەڵ ئەدەبدا بە چ ئەندازەیەك خەریکیت ؟ نووسینی تازەت هەن یان نا ؟



— ئەدەبی کوردستانی ئێران ، بە تایبەت ئەو ئەدەبەی لە سەرەتای شەستەکانی میلادییەوە سەریهەڵدا ، خەڵکی تریشی تێدا بوو.. منیش یەکێك بووم لەوانە.. دواتر باسی ئەوەت بۆ دەکەم...

نەخێر نوسینی تازەم نییە وەکو نووسین.. بە ڕاستی ماوەی چەند ساڵێکە کارەکانم زیاتر لەوەی نووسین بە خۆیەوە بگرێت سیمینار بە خۆیەوە دەگرێت.. بڕێك لەو سیمینارانە بڵاودەبنەوە و چاپ دەبن...ڕەنگە بتوانم باسی دوو سێ دانە لەو سیمینارانەت بۆ بکەم.. یەکێکیان لەسەر "حاجی قادری کۆیی" داومە و لە بڕێك شوێن و ڕۆژنامەکاندا بڵاوبۆتەوە.. کۆمەڵێك بە تەمان بیکەن بە نامیلکە .. چەندین سیمینارم لەسەر زمانی کوردی و دەوری زمانی کوردی لە پاراستنی بوونی نەتەوەیی لە جێگای جۆراوجۆر ساز داوە : لە واشنتۆن ، لە ئەڵمان ، هەروەها لە سوید "لە ستۆکهۆڵم" ، لەهەر کام لەوشوێنانە گۆشەی جیاجیای ئەو مەسەلانەم باس کردووە.. هەرچەند هەمووشیان دەچنە نێو یەك خانەوە : مەسەلەی زمان و گرنگی و دەوری زمانی کوردی ، بە تایبەتی لە ڕاگرتن و پاراستنی بوونی نەتەوایەتیی کورد بە درێژایی مێژوو تا ئێستا !! بۆیە کارەکانی ئێستای من زیاتر شێوەی سیمینار بەخۆوە دەگرن ... بڕێك لە هاوڕێکانم خەریکی ئەوەن و داوای ئەوەم لێ دەکەن ئەو سیمینارە جۆراوجۆرانە کە لە شاری جۆراوجۆر و وڵاتی جۆراوجۆر بەرگوزارم کردوون ، کۆبکەنەوە و لە چوارچێوەی کتێبێکدا بڵاوی بکەنەوە ... من ڕاستییەکەی خۆم بە دووی ئەو کارە ناکەوم ، بەڵام بەهەرحاڵ کۆمەڵێکی گەنجتر پێیەوە خەریکن ... من خۆم پەیوەندیم بە ئەدەبیات لەوەوە بوو کە گەورە بووم و هاتمە دەر و هاتمە ناو ماڵی خۆمان و دیوەخانی خۆمان ، سەیرم کرد هەموو کەس باسی زمان و ئەدەبیات دەکات ، بەر لە هەموویان باوکم..؛ دوایی مامەکانم و ئامۆزاکانم..؛ پاشان میوانەکانی باوکم... باوکم لە کاتی خۆیشیدا کە ئەندامی کۆمەڵەی "ژ. ك" بووە ئەم حاڵەتەی هەبووە کە ئێستا من هەمە.. ئەدیبەکانی ناو کۆمەڵەی "ژ. ك" دۆستی ئەو بوون ، بە پلەی یەکەم : "هەژار، هێمن ، زەبیحی، قزڵجی، سەید کامیلی ئیمامی، خاڵەمین، حەقیقی..." ، ئەمانە لە واقعدا حەلقەیەك بوون لە دەوری ئەو.. لە ماڵەکەی ئەو...تەنانەت "هەژار" دەڵێ: کەم جار هەبووە شیعرێك بڵاوبکەمەوە کە پێشتر پیشانی "کاکە ڕەحمان"م نەدابێ و ئەو نەزەری خۆی لەسەر نەدابێ و قسەی خۆی لەسەر نەکردبێ ..."کاکە ڕەحمان" باوکمە.. لە کۆمەڵەی "ژ. ك" هەر پێیان وتووە "کاکە ڕەحمان" چونکە گەنج بووە ... دوای ڕوخانی "کۆماری کوردستان" ، کە چووبوو بۆ حەج

**کارەکانی ئێستای من زیاتر شێوەی سیمینار بەخۆوە دەگرن ...**

، تازە ئەوجا پێیان دەگوت :"حـاجی ئـەوڕەحمان ئاغا" ! ! بـەڵام ڕەفیقـەکانی کۆمەڵـەی "ژ. ك" تـا ئـەو کاتانـەش کـە مـابوون ، تـا "زەبیحی" مابوو ، هەر پێیان دەگـوت : "کاکـە ڕەحمـان" ! ! ئـەم ئەدیبانە لە ماڵی ئەو بـوون.. پێکـەوە قسـەیان لـە شـیعر کـردووە.. شیعرێك کە بڵاوبۆتەوە بە یەکەوە خوێندوویانەتەوە.. یـان بڕیاریـان داوە ئەمە بۆ بڵاوبوونەوە دەبێت.. باوکم دەورێکی دیکەی هـەبووە، بێجگە لەوە کە ئەدیب بووە ، پارێزەر و پشتیوانیش بووە بۆ ئەمانە ! ! چونکە بـە شـیعرەکانیان هێرشـیان دەکـردە سـەر زۆر کـەس .. ئەمانە لە دەورەی خەباتێکی توندوتیژدا بـوون.. هێرشـیان دەکـردە سەر ئاغا گەورەکان، هێرشیان دەکردە سەر سەرۆك عەشیرەتەکان، ئەوکاتەش جەنگەی دەسەڵاتیان بوو.. ئەم شاعیرانە هەموو تـەهدید دەکران.. باوکم بە خۆیو بە قودرەتی بنەماڵەی و نفوزی ناوچەکـەی ، کـارێکی وای کردبـوو کـە پشـتیوانی ئـەم شـاعیرانە بێـت بـۆ پاراستنیان لە خراپەی خەڵکی بە دەسەڵات ! !

بازرگانەکان و ئاغاکان و سەرۆك عەشیرەتەکان و شێخ و مەلا گەورەکان ، هەموو ئەوانە دەکەوتنە بەر پەلاماری شیعر.. ! !

تەنانـەت "قـانع" کـاتی خـۆی بـۆی گێڕاومەتـەوە ، دەڵـی:— بۆئەوەی کە ئیتر قسەم لەسـەر نـەبێت و خراپـەم لەگـەڵ نـەکرێت ، دەچوومە ماڵی "کاکە ڕەحمـان" ، دەعوەتێـك سـاز دەکرا ، خـەڵك بـانگ دەکـرا ، یەکـەمجار بەشـی زۆری شـیعرەکانم لـەوێ دەخوێنـدەوە ..ئینجـا کـە لـەوێ دەمخوێندنـەوە ئەمـە دەبـووە جەوازێك بۆ ئەوەی کە دەتـوانم لـە شـوێنی تریش بیانخوێنمـەوە و کـەس نـەتوانێ خراپـەم لەگـەڵ بکـات (ئەمـە دوای ئـەوەی لـە کوردستانی عێراقەوە گەڕاوەتەوە بۆ کوردستانی ئێران) ! !

باوکم هەم وەکو ڕەخنەگرێکی ئەدەبی لەگەڵ ئەدیبان و شاعیران هەڵسوکەوتی دەکرد، هەم وەکـو پـارێزەر و پشـتیوانێکی سیاسـی ، بۆئەوەی پیاوی دەسەڵاتداری ناوچەکـە خراپـەیان بەرامبـەر نەکـەن ! !

من یەکـەمین کـاری ڕەخنـەگری کـە دەسـتم پێکـرد لـە بـواری ئەدەب و زمانی کوردیدا ، هەڵسـەنگاندنی شـیعر بـوو:— چاکـە یـان خراپ ؟! ! غەڵەتە یا ڕاست؟! ! پاش شیعریش پەخشان...

* باسـی ئـەوەت کـرد خـەڵکانێکی زۆر لـە دیوەخـانی بـاوکتدا ولـە حزوری ئەودا بەرهەمی ئەدەبیی خۆیانیان پێشکەش کـردووە.. ئایا ڕۆژێ لە ڕۆژان هیچ بەرهەمێکی خۆت لە حزروی باوکتدا خوێندۆتەوە ، یان بۆچوونی باوکت لەسەر وەرگرتووە؟

— زۆر نا، لە ڕاسـتیدا زۆرنـا، بـەڵام جارجـار ! ! بـە تایبـەتی لـە ساڵەکانی ١٩٦٦ و ١٩٦٨ دا بڕێـك چـیرۆکی کـورتم هەیـە( مـن خـۆم چـیرۆکی کـورتم دەنووسـی) جارجـار کـە بـە تـەنێ دادەنیشـت بـۆم

دەخوێندەوە.. بۆم دەخوێندەوە و بۆچوونەکانیم وەردەگرت .. دیارە ئەو چیرۆکە کورتانە کە من دەمنوسین شتی نوێ بوون.. ئەدەبێکی نوێ بوو! باوکم ئەدیبێکی قەدیمی بوو.. ئەدیبێکی کلاسیك بوو.. یان ئەدەب دۆستێکی کلاسیك بوو.. تەنانەت بۆ شیعری نوێی کوردیش هەروا بوو..ئەو قەت ئێمەی مەنع نەدەکرد لە گوتن ، یان لە پەرەپێدانی شیعری نوێی کوردی..؛ بەڵام بە ئاشکراش بۆچوونەکانی خۆی پێدەگوتین کە شیعری کلاسیك بۆ باشترە ؟! دەلیلی هەبوو ، دەیگوت: خەڵك لە بەری دەکەن ، ئێمە ڕۆژنامەمان نییە، گۆڤارمان نییە (دیارە تۆ دەبێ کوردستانی ئێران لەبەرچاو بگریت) ، ئێمە لە ڕادیۆ بۆمان بڵاونابێتەوە، TV مان نییە، گۆڤار و ڕۆژنامەشمان نییە بۆمان بڵابکەنەوە ، خەڵك ناچارە شیعر لەبەربکات ، بۆئەوەی شیعر لەبەربکات پێویستە شیعر وەزن و قافیەی هەبێت ...!

بابم لە ڕووی کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە تەماشای ئەم مەسەلەیەی دەکرد:— ئێوە شیعر بۆ دەڵێن ؟!مەگەر شیعر بۆئەوە ناڵێن خەڵك گوێی لێبێ و بیزانێت ؟! ئێوە شیعر بۆئەوە ناڵێن کۆمەڵگای کوردیی پێ هان بدەن ؟! بیگۆڕن؟! بەرەو پێشەوەی بەرن؟! ئەگەر وا بوو دەبێ شیعرەکانتان خەڵکی بتوانێ لەبەری بکات و لە مەجلیسدا بیانخوێنێتەوە..!!

بەڵام من لەگەڵ هاوڕێکانمدا، لەگەڵ "سوارە" (کە هەم هاوڕێم بوو، هەم ئامۆزام بوو) ، "عەلی حەسەنیانی"، "فاتیح شێخەلئیسلامی" ، یا ئەوانی دیکە کە لە بواری ئەدەبدا کاریان دەکرد، وەکو : "ئەمیری حەسەن پوور"، ئێمە بەرهەمەکانی خۆمان دەخوێندەوە بۆ باوکم.. جاری وا هەبوو ڕەخنەی لێ دەگرت و جاری واش هەبوو دەیگوت :— (موبارەکتان بێت ، هەرچەندە من لەگەڵ ئەم جۆرە ئەدەبیاتە نیم و زەوقی تەواوی لێ وەرناگرم و هەموو شیعرە نوێیەکانی ئێوە بە قەسیدەیەکی "نالی" ناگۆڕمەوە !!)

یان جاری وا هەبوو دەیگوت :— (هەموو شیعرە سیاسییەکانی ئێوە بە شیعرێکی "هەژار" ناگۆڕمەوە!) ،بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بۆچوونێکی وای هەبوو کە ئەمە شیعری ئەم سەردەمەیە.. با ئەم خۆی زەوقی لەگەڵی نەبێت.. بەڵام ئەوە شیعری ئەم سەردەمەیە و موبارەکتان بێت لەسەری بڕۆن.



*کاك سەلاح با من تەوەرێکی ترت لەگەڵدا بکەمەوە کە تەوەری ناسیونالیزم و ئەدەبە.. ئایا ئەدەب تا چ ڕادەیەك بەشداربووە لە دامەزراندن و ئاراستەکردنی گوتاری ناسیونالیستیی ئێمەدا ؟یان بە پێچەوانەوە : ئایا گوتاری ناسیونالیستیی ئێمە تا چ ڕادەیەك ڕۆڵی بینیوە لە ئاراستەکردنی ئەدەبەکەماندا ؟

– بەلای منەوە ئەوە لێکۆڵینەوەیەکی دووروودرێژی دەوێ، ئاسان نییە ئەوە.. ! لەم بوارەدا دەبێ لە "ئەحمەدی خانی"یەوە دەستپێبکەین.. "ئەحمەدی خانی" ئەو مامۆستایە بوو کە ئەدەب و سیاسەتی تێکەڵ کرد.. دوای ئەوەی "خانی" ئەم ڕەچەیەی شکاند ، ئەو کەسەی لە هەموو کەسی تر بە تواناتر ، زانایانەتر ، لێبڕاوانەتر..؛ کەوتە سەر ئەم ڕچەیە و دواتریش خۆی بوو بە مامۆستا ، خۆی بوو بە تیئۆرسیەنی بیروباوەڕەکە ، "حاجی قادری کۆیی" بوو! ! "حاجی قادر" کەوتە سەر ئەم ڕچەیە کە "ئەحەدی خانی" شکاندی ! ! من زۆر کارم لەسەر "حاجی قادری کۆیی" کردووە.. زۆریشم خوێندۆتەوە و ئێستاش بەردەوام لەسەری کاردەکەم.. "حاجی قادر" لە سەرچاوەی ماڵە بەدرخانییەکان زۆری وەرگرتووە... تێکەڵیی لەگەڵ فیکری ئەورووپی :– (ئەوەتا فەرەنسییەکان بورجی "Eevil"یان دروست کرد ، ئەوەتا لەوێ وایان کرد ، ئەوەتا لەشکریان بردە کوێ ، چۆن پیشەسازی دەکەن)...، تەنانەت ئەم فیکرە کە ئێمە کۆمەڵێکی تازە دروست دەکەین ، "حاجی قادر" یەکێك لەو کەسانەیە کە پێویستە کورد زۆری لێ بکۆڵێتەوە... ئەو کۆمەڵە کوردستانییە کە ئەو پێشنیاری دەکات ، هەر ئەوە نییە دەوڵەتێکی بۆ دروست بکەین، بەڵکو بۆ دروستکردنی ئەو دەوڵەتە پێویست دەبینێت کە کوردستان بگۆڕدرێت، یان ڕەواڵ و شێوەی تەقلیدی ژیانی کوردەواری بگۆڕدرێت ... ئەم دەڵێ :– دەبێ شوان و گاوان و میر و جوتیار یەك دەنگیان هەبێت لە بڕیاردا...ئەمەش لە شەرقدا و بە تایبەتیش لە کوردستاندا پێش ئەو نەوتراوە، عادەتیش نەبوو، ئەمە لاساییکردنەوەی ئەو فیکرە تازەیە بوو کە لە ئەورووپاوە دەهات ... لای "حاجی"دەنگی یەکسانی هەیە ، ئینجا باسی ژن و خوێندنی ژنان هەیە کە پێویستە کچ پێی بخوێندرێت ! ئینجا باسی ئەوە دەکات کە دەبێ پیشەسازی هەبێت ...

* پەرەدان بە پیشەسازی ، هەروەها هەوڵدان بۆ ئازادکردنی ژن، ئەمانە کۆمەڵێ چەمکی گشتگیر نین کە لەناو هەموو خەونە گەورەکانی تری لە چەشنی "ناسیونالیزم"یشدا جێیان دەبێتەوە؟! ئایا ئەمانە کۆمەڵێ بۆچوون و کۆمەڵی تێز و تێڕوانینی کۆمەڵایەتی نین کە دەتوانین بۆ نموونە لەناو "مارکسیزم"یشدا جێیان بکەینەوە ؟! ئەگەر "حاجی قادری کۆیی" تەنها بەمانە ئەدیبێکی ناسیونالیست بێت ، ئەوا من پێم وایە دەکرێت کەسێکی تریش هەمان شت بکات و لەڕیزێکی تردا (بۆ نموونە لە ڕیزی مارکسیەکاندا ! !) پۆلێن بکرێت ...! !

– وایە بەڵام ئەو کەسە کێیە و لە چ زەمانێکدا ژیاوە ؟ "حاجی قادر" لە دەورووبەری ١٨١٥ تا ١٨٢٠ لەدایك بووە.. ئەو لە چەرخی

**باوکم هەم وەکو ڕەخنەگرێکی ئەدەبی لەگەڵ ئەدیبان و شاعیران هەڵسوکەوتی دەکرد، هەم وەکو پارێزەر و پشتیوانێکی سیاسی ، بۆئەوەی پیاوی دەسەڵاتداری ناوچەکە خراپەیان بەرامبەر نەکەن !!**

نۆزدەهـەمدا ژیاوە..، ئەوکاتـە "مارکسـیزم" جارێ نـەبووە.. لــە ١٨٤٨دا "مـارکس" لەگـەڵ "ئـەنگلس" مانیڤێستیان نووسـی .. لـە نێوەڕاستی سـەدەی نۆزدەهـەمدا هێشــتا نەگەیشـتبووە "حــاجی قادری کۆیی" و لە ئەوروپاشدا بڵاو نەبووبۆوە ! بەڵام ئەمە چەمکی پێشـکەوتنخوازییە ، ئـەم چــەمکی گۆڕانکــاری کۆمەڵایەتییــە ، تایبەتمــەندیی کوردســتان نییــە، تایبەتمــەندیی بزوتنــەوەی ناسیونالیستیی کـورد نییــە.. بـۆ ئاگـاداریت "ناسـیۆنالیزم" دوو ڕووخسار و دوو سیمای هـەبووە ، بە دوو ئاقاریشدا ڕۆیشـتووە :- ناسیونالیزمێك کە تەنیا پێداگیریی لەسەر مێژووی ڕابردووی خۆی ، یان لەسەر بە دەستەوەگرتن و بەهێزکردنی دابونەریتی کۆمەڵگاکەی خۆی کردووە .. خۆی جیاکردۆتەوە لە خەڵك.. تەنانـەت دژایـەتی و دوژمنایەتیی لەگەڵ میللەتانی تر کردووە... لە ڕێگای دوژمنایـەتی لەگـەڵ میللـەتانی تـردا هەستی ناسیونالیســتی قەومەکـەی خـۆی بزواندووە... ئەمە لە زۆر جێگادا هەبووە ! !وەکو ئـەو "ناسیۆنال سۆشیالیزم"ەی کـە "هیتلـەر" گرتیەبـەرو دونیـای وێـران کـرد و ڕووخاند ! ! بەڵام ناسیونالیزمێکیش لەناو میللەتانی تـردا هـەبووە و تا ئێستاش هەیە ..، ناسیونالیزمێك بـە سیمایەکی ئینسانییەوە..، ناسیونالیزمێکی خێرخوازە، لە پێشدا بۆ میللـەتی خۆی ، بـەڵام بۆ میللەتانی تریش هەر بە هەمان شێوە..؛ نە دەیەوێ کەس داگیر بکـا ، نە دەیەوێ دوژمنایەتی لەگەڵ کەس بکا، نە دەیـەوێ بیروباوەڕی ناسیونالیستی و نیشتمانپەروەریی میللەتەکەی خۆی ، لـە ڕێگـای سـازکردنی دوژمنایـەتی لەگـەڵ میللــەتانی تــر و کوشــتن و بڕینــی ئـەقوامی تـرەوە هـان بدات ! ! ئینجا ئـەم بەشـەی ناسـیونالیزم ، ناسیونالیزمێکە بە ڕوخساری ئینسانییەوە ، لەهەر جێگایەك بووبێت ناوەڕۆکی کۆمەڵایەتیی لەگەڵ خۆی هێناوە.. !

پێویســتە ئێمــە خوێنــدن پــەرە پێبدەیــن.. پیشەســازی پەرەپێبدەین.. مافی ژنان بدەیـن .. ئـازادیی ناوخۆمـان مسۆگەر و دابین بکـەین .. دەنگی بەرامبـەر بۆ شــارۆمەندان و هاووڵاتیـان و گەلەکەی خۆمان فەراهەم بکەین.. لەگەڵ دواکـەوتوویی کۆمەڵایـەتی دژایـەتی بکــەین.... ئەمانــە لــە بەشــە پێشــکەوتنخوازەکەی ناسیونالیستی ناو هەموو میللەتێکدا هەبووە.. !

"حاجی قادر"یش لـەناو کورددا تیئۆرسیەنی ناسیونالیزمێکە کە ڕووخسارێکی مرۆیی دەدا بە باوەڕەکەی خۆی....

*من ویستم پرسیاری ئەوە بکـەم :- ئایا ئـەو سیمایانە چین کـە ناسـیونالیزمی "حــاجی قــادری کۆیــی" لــە ناسـیونالیزمێکی تــر جیادەکەنەوە ؟! خۆ چەمکی "دەوڵەت"ی لێ دەرچێت کە دەکرێت ناسیونالیستێك و (بـۆ نموونـە) مارکسیسـتێك جیاوازییـان لەسـەری هەبێت..، دەکرێت هەموو داخوازی و ڕیفۆرمە کۆمەڵایەتییەکانی تـر،



لە چوارچێوەی هەموو جەرەیانێکی فیکریدا جێ بکرێنەوە ! ئایا "حاجی قادری کۆیی" تەنها بەوەدا ناسیونالیستە کە داوای هەندێ چارەسەرو ڕیفۆرمی کۆمەلایەتیی کردووە ..، یان بەوەشدا کە داوای "دەوڵەت"ی لە چوارچێوەی فیکرێکی ناسیونالیستیدا کردووە ؟

– (بەبێ دامەزراندنی دەوڵەتی کورد ، مەسەلەی کورد چارەسەر ناکرێ..!)...

ئەمە سەرزوبەری هەموو قسەکانی "حاجی قادری کۆیی"ە !! هەموو شیعرەکانی کە لێکدەدەیەوە لەسەر ئەم ڕێگاچارەیە ساغ بۆتەوە ، بەلام پێی وایە بۆ دروستبوونی ئەم دەوڵەتە دەبێ ئەو ڕێگا سیاسی و ڕیفۆرمە کۆمەلایەتییانە بگریتە بەر کە ئەگەر ئەوە نەبێت ناتوانی دەوڵەت دروست بکەیت...

* ئایا دوای "حاجی قادر" کەسی تر دەرکەوتوون موتوربەکارییەکیان لە نێوان ئەدەب و سیاسەتدا کربێت ، سیاسەت لە ڕوانگە ناسیونالیستیەکەیەوە ؟

– هەموو کەس !! دوای "حاجی قادری کۆیی" ئیدی کورد کەوتە سەر ڕچەیەکی سیاسی .. هیچ شاعیرێکی کورد (کەم تا زۆر کە شیعری گوتبێ!) نەیتوانیوە خۆی دووربخاتەوە لە بیری سیاسی و مەسەلەی ڕزگاریی نەتەوەیی بۆ گەلی کورد...(بەلام خراپی بۆ چووم ، یان هەر بە ڕاستی باشی بۆچووم!؟) من پێم وایە دوای "حاجی قادری کۆیی" کەسی تر نەیتوانیوە شتێکی زیاد بخاتە سەر ئەو میراتە گەورەیە کە "ئەو" جێی هێشتووە...

*لە کاتێکدا کە سەردەم سەردەمی ئاوابوونی حەکایەتە گەورەکان و خەونە گەورەکانە ، ئێمە بۆچی ئەدەبەکەمان لە خەونی گەورە و حیکایەتی گەورەی وەك "مارکسیزم" و "ناسیونالیزم" باریکەین ؟! ئایا پێت وا نییە بارکردنی ئەدەبەکەمان بەم جۆرە خەونە گەورانە ، دەبێتە هۆی بەرتەسکبوونەوەی ئەو ڕووبەرەی کە ئەدیب تیایدا مومارەسەی خودگەرایی و تاکگەرایی دەکات ؟! پێت وانییە پێویستە ئەدیب ئەو ڕووبەرەی بەدەستەوە بمێنێتەوە ؟!!

– بە شێوەیەك دەتوانین بڵێین سەردەمی ئێمە (بەتایبەت ساڵانی ڕابردوو) سەردەمی قەیرانی ئایدیۆلۆجیایە.. قەیرانی ئایدیۆلۆجیا قەیرانێکی جیهانگیرە ، بەلام ئەمە وەکو بڕێك لە نووسەران یان لە موتەفەکیران نیشانی دەدەن ..، کۆتایی مێژوو نییە !! ئایدیۆلۆجیا بەرهەمی بیروکردەوەی مرۆڤە .. تا مرۆڤ مابێت هەم بیر و هەم کردەوەی دەمێنێت ! لەبەرئەوە ئایدیۆلۆجیا تەولید دەبێتەوە ! ڕەنگە ئایدیۆلۆجیایەك بۆ سەردەمێك زاڵ بێت بەسەر بەشی زۆری بیری مرۆییدا و سەردەمێکی دیکە جێگا جێبێلێت، بەلام ئەم جێگا بەجێهێشتنە ئەگەر لە کورتخایەنیشدا

هیچ شاعیرێکی کورد (کەم تا زۆر کە شیعری گوتبێ!) نەیتوانیوە خۆی دووربخاتەوە لە بیری سیاسی و مەسەلەی ڕزگاریی نەتەوەیی



بەتاڵاییەك و بۆشاییەك لە جیهاندا دروست بكات ، لە درێژخایەندا جێگای پڕدەبێتەوە : بە بیری تازە ، بە ئایدیۆلۆجیای تازە ! !

لەم سەروەختی بۆشایی ئایدیۆلۆجییەدا ، بیری تەسكی توندڕەوانە زاڵ دەبن بەسەر بەشێك لە كار و كردەوەی خەڵكدا ! ئەمە دەشێت لە بواری ئاییندا بێت ، لە بواری سیاسەتدا بێت ، لە بواری ئابووری و لە بیركردنەوەی فەلسەفیدا بێت ، بەڵام ئەم بۆچوونە سیكتاریستی و توندڕەوانە ، لەگەڵ سروشتی ژیانی مرۆڤدا ناگونجێن‌و هەر دەبێت جێگای خۆیان بەجێ بێڵن بۆ بیركردنەوەیەكی مەنتقی! ! لۆژیكێك دەبێت كە بتوانێت جارێكی دیكە پەیوەندیە مرۆییەكان ڕێك بخات .. بۆیە من وای تێناگەم سەردەمی ئێمە سەردەمی كۆتاییهاتنی خەونە گەورەكان بێت ! ڕەنگە گۆڕینی خەونە گەورەكانی یەك سەردەم بێت، بە خەونە گەورەكانی سەردەمێكی دیكە.. ! زاڵبوونی ئایدیۆلۆجیایەك بێت كە دێت جێگای ئایدیۆلۆجیایەكی كۆنتر دەگرێتەوە ! ئەوە سروشتییە لە جیهانی مرۆییدا ! بەڵام ئەوە كە ئێمە بارێك بخەینە سەرشانی ئەدەبی كوردی كە باری خۆبەستنەوەیە بە یەك جۆرە بیركردنەوەوە ، بە یەك جۆرە ئایدیۆلۆجیاوە ، ئەوە ئێمە نەمانكردووە و ئێمە نایكەین !ئەوە تەبیعەتی ئەو كۆمەڵگایە دەیكات كە ئێمە تێیدا دەژین! لە هەر كۆمەڵگایەكدا شتێك یان شتانێك دەبنە سیفەتی ئەسڵی و نیشاندەری ئەم كۆمەڵگایە لەو سەردەمەدا ! تۆ لە كاتێكدا كە لە شارەكەتدا "منع التجول"ە ، حكومەتی نیزامی خەڵك دەگرن، خەڵك لەسەر جادە هەڵدێن، گەنجەكان كۆڵانە و كۆڵان ڕادەكەن وعەسكەر وەدوویان دەكەوێ ، دەرگای ماڵەكان دەكرێنەوە بۆ ئەوەی ڕێگا هەبێت خەڵك خۆی پێدا بكەن ..، لەم كاتەدا زەحمەتە دانیشی و تەنیا بیر لە فەردییەتی خۆت و لە بۆچوون و ئارەزووەكانی تاكەكەسی خۆت بكەیتەوە ! ! ئەگەر زەمانە گۆڕا ، ئەگەر هەلومەرجەكانی ژیان گۆڕانیان بەسەردا هات ، دیارە شێوەی بیركردنەوەكانی تۆش دەگۆڕدرێت.. كۆمەڵگای كوردی بەتایبەتی لەم دوو سەد ساڵەی ڕابردوودا، هەرگیز ژیانێكی ئەمین و ئارام و ئاسودەی بە خۆیەوە نەبینیوە ؛ هەرگیز حەسانەوە و دانیشتن و دڵنیایی نە بە خۆیەوە نە بە دانەی هاوشارەكانی خۆیەوە نەدیوە ! لە بری ئەوە : دڵەڕاوكێ ، هەڵات هەڵات، گیران ، كوژران ،ئاڵۆزی ، شەڕ ، هەموو ئەو شتانە بوونەتە شێوازێكی ئاسایی بۆ ژیانی خەڵكەكە.. تەبیعییە ئەدەبیش ڕەنگدانەوەی ئەم وەزعە دەبێت !

*بەڵام ئایا بۆ ساغكردنەوەی ئەو چەندوچوونە ڕووبەرێكی ترمان نییە جگە لە ئەدەب ؟

> من زۆر کارم لەسەر "حاجی قادری کۆیی" کردووە.. زۆریشم خوێندۆتەوە و ئێستاش بەردەوام لەسەری کاردەکەم..

– بەڵی هەیە، بەڵام میللەتانی تر توانا و دەسەڵاتیان زیاترە بۆیە زیاتر لە ئێمە خەریك دەبن! ئێمە تواناکانمان زیاتر لە چوارچێوەی ئەدەبدا قەتیس بووە ، بۆیە کە تەعبیریش لێدەدەیتەوە لە ڕێگای ئەدەبەوە لێی دەدەیتەوە.. بۆ نموونە ئێمە فەیلەسووفی گەورەمان نییە! ئێمە زانکۆی گەورەمان نییە تا دەرسی فەلسەفی و فیکری بڵێتەوە ! ئێمە دەستە و کۆمەڵەی ڕۆشنبیری و هزریمان نییە ! ئێمە پیشەسازیمان نییە تا لە دنیای پیشەسازیدا بۆچوونی تازە سەرهەڵبدات ! تەنیا چەکی دەست ئێمە کە بۆ میللەتێکی کەم دەرامەتو کەم دەسەڵاتی وەکو کورد دەگونجێ ، شیعر و ئەدەبەکەیە کە ئاسانترە ! لە کۆنەوە عادەتمان پێوە گرتووە ! ئەدەب کەمتر پێویستی بە کۆمەڵگایەکی زۆر پێشکەوتوو و زۆر موعەقەدی کۆمەڵایەتی هەیە ! لە کۆمەڵگایەکی سادە و ساکاریشدا دەکرێ مرۆڤ لە ڕێگای شیعر و ئەدەبەوە بۆچوونەکانی خۆی بەیان بکات ! بۆیە ئێمە زیاتر ئەدەبمان کردووە بە چەکی تەنانەت لێکۆڵینەوە ! ! مێژوونووسی گەورەمان نەبووە ، تیئۆرسێنی جیهانی فیکر و فەلسەفەو فەرهەنگمان یان نەبووە ، یان زۆر کەم بووە ! لەبەرئەوە قورساییەك کەوتۆتە سەرشانی ئەدیب کە ئەم قورساییە جاری وا هەیە قورسایی کاری فەیلەسوفیشە ، کاری سیاسەتمەدارانیشە ، کاری خەڵکی مورەویج و ئایژاتۆری فیکری و کادری حیزبیشە ، هەروەها جاری وا هەیە کاری پێشمەرگەشە ! ! ئەو شیعرە کوردییەی کە دەڵێ : (هەر وشەیەك دەکەم بە گوللەیەك و سنگی دوژمنی پێ دەپێکم) لەڕاستیدا نووسەر لە ڕادەی نووسەری دەباتە بواری پێشمەرگایەتیش، جا با بە گوللەی وشەکانیش بێت ! لێرەدا ناتوانی بڵێی نووسەر یان شاعیر ئەمەی بە ئارەزووی خۆی هەڵبژاردووە.. ئەمە هەلومەرجی کۆمەڵایەتی، نەك ئەمساڵ و پار و چەند ساڵی ڕابردوو، بەڵکو دوو سەد ساڵی ڕابردوو، ئەوەی بەسەر شاعیر و نووسەر هێناوە.. ئەمە بە هیچ جۆر ڕێگا ناگرێ ، یان نابێ ڕێگا بگرێ کە شاعیر و نووسەر و ئەدیب بیری کەسایەتیی خۆی نەبێت ..، یان تاکە تاکەی بیرکردنەوەی خۆی بەکار نەبا ؛ یان ئەگەر بە کاری برد ڕەخنەی لێ بگیرێ و تاوانبار بکرێ: ئەی کوا خەمی تاکەکەسیی خۆت ؟ ئەی کوا ئەوین و عەشق و دڵداری؟ ئەی کوا خەمی غوربەت ؟ ئەی کوا خەمی توڕەیی و تۆران و ئاشتبوونەوەت لە ژیاندا ؟ هەموو ئەوانە هەقە شاعیر و ئەدیب و نووسەر خۆیانی پێوە خەریك بکەن، بەڵام لە ناو میللەتانی وەکو ئێمەدا بتەوێ و نەتەوێ پاناوکێکی زۆر گەورەتر لە دەروون و مێشك و بیرکردنەوەی مرۆڤدا تەرخان دەکرێ بۆ خەمە کۆمەڵایەتییەکانی کە بەرۆکمان دەگرێ! بەرۆکی ئێمەمانانی شارۆمەندی وڵاتی دەربەدەری و وڵاتی شەڕ و وڵاتی ئاوارەیی.. !تۆ سەیری ڕابردوو بکە

: کاتێك لەشکری "خەلیفەی عوسمانی" ، دێت و وڵاتی کوردستان دەگرێ و کۆتایی بە فەرمانڕەوایی "بابان" دێنێ لە سلێمانی؛ یەکێکی وەکو "نالی" ئەوەی بۆی دەکرێ ئەوەیە : هەڵێ و لە دەست ئەم وەزعە خۆی ڕزگارکات ... بڕۆ بۆ "شام" و لە شامەوە بۆ "ئەستەنبول"[٣] و ...؛ نایەوێ وەکو هاوڕێیانی ، شاهیدی ئەم خەم و خەفەتە بێت کە بەسەر میللەتەکەدا زاڵ بووە..! بەڵام ئایا هەموو کەس وەکو "نالی" وڵاتەکە بەجێ بێڵێ و بڕوا و خۆی دوورخاتەوە لە دیتنی ئەم هەموو دیمەنە ناخۆش و دڵتەزێن و جەرگ بڕە ؟! ئەی تەبعەن هەموو کەسێك ناتوانێ ئەمە بکات ! زۆر کەس لە وڵات دەمێننەوە ، یەك لەوانە "سالم"ە کە لە ڕووداوەکەدا ماوەتەوە و دەبێ ئەو شیعرانە بڵێت کە وتوویەتی!! لەبەرئەوە "نالی" دەتوانێ لە شامەوە قەسیدەیەك بنێرێ زیاتر خەمە فەردییەکانی خۆی تێدا باس بکات :- حوجرەکەم چیی لێ هاتووە؟! یارانم لە چیدان ؟! شارەکەم ئێستا چۆنە ؟! ئەم فەردییەتە کەسێك لە غوربەتەوە دەیڵێ.. بەڵام کە تۆ لەناو ڕووداو و کارەساتەکەدا بوویت وەکو "سالم" ، ئیدی ناتوانی هەمووی بکەی بە خەمی فەردیی خۆت !! ئیتر تازە باس لە هەر کوێیەکی شاری سلێمانی دەکەی ، ناتوانیت هەر تەنیا بەشە مرۆییەکەی کە خەمی غوربەتە بکەی بە مایەی باسکردن، بەڵکو تۆ باسی هەر شتێك دەکەی ، ڕەنگی داگیرکرانی پێوە دەبینی !! بۆ هەر جێگایەك دەچی سەرەنێزەی دوژمن نوکی تیژی دەکاتە چاوتەوە!! ناچاری ببی بە "سالم" و لە سنگی داگیرکەری بچەقێنی..! بۆ "نالی" دەتوانێ خۆی لە خەمە سیاسییەکە دووربخاتەوە ؟ دیارە خۆی بە تەواوەتی دوورنەخستۆتەوە.. بەڵام دەتوانێ لە پەردەدا بیڵێ.. بە ئارامییەوە بیڵێ .. زیاتر خەم و خەفەتە فەردییەکانی بکاتە بابەتی باس ..!! بەڵام "سالم" ناتوانێ وەکو "نالی"جواب بداتەوە .. "سالم" ناچارە وەکو شاعیری سەردەمی داگیرکەران بەگژ داگیرکەردا بچێتەوە:- باسی سەرچنار دەکا، باسی بەکرەجۆ دەکا، باسی شێخ عەباس دەکا، باسی حوجرەکەی "نالی" دەکا ، باسی کانیئاسکان دەکات ، باسی هەرکام لەوانە دەکات ، ڕەنگی داگیرکرانی نیشتمانی تێدا دەبینێ ! لەبەرئەوە ناچارە لەو ڕوانگەیەوە سەیری تابلۆکانی شاری سلێمانی بکات ! ئەمەیە هۆی ئەوەی کە شاعیرێکی وەکو "نالی" دەتوانێ ئاوا شیعر بڵێت ، "سالم" ناتوانێت لەناو شاری سلێمانی بەو شێوەیە بیڵێت ...



*کاك سەلاح من ناڵێم هیچ شاعیرێك ناتوانێ سەرکەتووانە خەم و دەرد و نەهامەتییە کۆمەڵایەتییەکان کە هێنی هەمووانن ، بکات بە شیعر و بکات بە ڕۆمانی سەرکەوتوو ، بەڵام تۆ خۆت چۆن داوەری دەکەیت لە کێشەیەکی ئاوادا:-

"محەمەد ئـۆزۆن" کـە ئێسـتا نیشـتەجێی وڵاتـی سـویدە و ئەدیبێکی کوردی کوردستانی باکورە ، لە بارەی خەمە گەورەکان و، لـە بـارەی بـاس و خـواسو نەهامەتییـە سیاسـی و کۆمەڵایەتییـە جۆراوجۆرەکـانی خـەڵکی کوردسـتانەوە دەنووسـێ! یـەکێك لـەو نامیلکـە شیعرییانەی کە ئـەو نوسـیویەتی بـە ناونیشـانی "مـەرگی قارەمـانێك"ە وپێشکەشـی شـەهیدێکی کـردووە ! ڕۆمانەکانیشـی هـەموویان هـەر بـاس و خواسـی نەتـەوەیی و ، هـەر باسـی چەوسانەوەی میللەتی کوردن ..!

"نزار ئاگری" لەبارەی بەرهەمـەکانی ئـەم نووسـەرەوە دەڵێت :- ئەوە هەر ئەدەب نییە کـە ئـەو خـۆی پێوە خـەریك کـردووە ! هـەروەها دەڵێـت :"ئۆزۆن" بـە فرسـەتی زانیـوە ، بـە بەهرەیـەکی خوایی زانیوە کە میللەتەکەی لەو بارە ناهەموارەدا دەژی و هاتووە کێشەی میللەتەکەی خۆی قۆستۆتەوە بۆئەوەی لەم ڕێگەیەوە خۆی بە پاڵەوان و بە گەورە ئەدیبی میللەتی خۆی بداتە قەڵەم !!

تۆ بۆ خۆت چۆن چۆنی داوەری دەکەیت لە نێوان ئەو جۆرە تـێز و تـێڕوانین و پێکدادانانـەدا..؟ ئایـا پێـت وا نییـە وەك چـۆن ڕەنگـە ئـەدیبی سـەرکەوتوو لـە بـواری خەمـە نەتەوەییـەکاندا هـەبن و سـەرهەڵبدەن و دروسـت بـبن ، بـە هـەمان شـێوە ئـەم خەمـە نەتەوەییانـە ئـەدیبی (ناسـەرکەوتوو) دروست بکـەن ؟ئایا زۆرجـار هۆکاری شکستخواردنی ئەدیبی کورد ئەوە نییە بە کێشـە گـەورە و خەمە کۆمەڵایەتیەکانەوە خۆی هەڵواسیوە ؟

- دیارە ئەوە باسێکی گرنگە !! زۆریش وردەکاریی دەوێ!! بەڵام من دوایی دەچمەوە سەر ئـەو باسـە... بـا لـە "نـزار ئـاگری"یـەوە دەست پێبکەم :- "نزار ئـاگری" نوسـەرێکە بـۆ نووسـینی بابـەتی سیاسـی پیـاوێکی بەتوانایـە ! بـەڵام ئـەوەی لێـی نـەزانێ ئـەدەبی کوردییە !هەر کوردی نازانێ تا ئەدەبی کوردی بزانێ !!

*ببوورە کاك سەلاح ... "نزار" بۆ خۆی "ئـۆزۆن" تاوانبـار دەکات بەوەی کوردی نازانێ ! ئەو دەڵێت :- عەیبە "ئۆزۆن" بـە کـوردی دەنووسێ و باسی میللەتی کورد دەکا چونکە زمانەکەی نازانێ !!

- "نزار ئـاگری" کـە هاتـە نـاو مـەیدانی نووسـینەوە، بـە شـتە سیاسییەکان دەستی پێکرد؛ بەڵام زۆر کاڵ و کرچ بوو.. پەیدابوونی ئەو دەگەڕێتـەوە بـۆ شـەڕی دووەمـی کـەنداو (لـە ١٩٩٠ بـەدواوە) ، نووسینەکانی لە ڕۆژنامەکاندا ، بەتایبـەتی لـە ڕۆژنامـەی "حیـاە"دا بڵاودەکردەوە، بەڵام پیاوێکی زیرەکە، توانا و بەهرەی خۆفێرکردنی زۆرە !! بۆ ماوەیەك کە تێپەڕی توانیی لە بواری سیاسـیدا ببـێ بـە نووسەرێکی باش و وەکو نوسەرێکی کورد کە بە عەرەبی دەنووسـێ ناو دەربکات ..کوردیش چونکە عەرەبی بـاش نـازانن ، کـە عـەرەبی نوسێکی وایان تێدا پەیدابوو، زۆریـان پـێ خـۆش بـوو، زۆر باشـیش

بنەماڵەی ئێمە تێکەڵێک بوو لە بنەماڵەیەکی: عەشایەری، ئەرستوکراتی، سیاسی ...

ناوی دەرکرد! ئەمە وای لێکرد بەو قەناعەتە بگات کە چۆن دەتوانێت لێکۆڵینەوەی سیاسی بنووسێ ، ئینجا بۆ ناتوانێ لەسەر ئەدەبیاتیش دەست بکات بە نووسین ؟ یەکێك لە نووسینەکانی ، ئەو حەملە توندە بووە کە کردی بۆ "ئەحمەدی خانی" !


*بۆ سەر ئەویش حەملەی کردووە ؟!

– بەڵێ... !

دەڵێ :– "ئەحمەدی خانی" شاعیر نییە ، شیعرەکانی هیچ نین و "مەم و زین" هیچ قیمەتێکی ئەدەبیی نییە! یەکێك لەو شتە سەیرانەی کە لە "خانی"ی بە ئیراد دەگرێ ، دەڵێ:– کتێبەکەی پڕە لە وشەی عەرەبی!! ئینجا کەسێك نەزانێ پێش سێ سەد ساڵ شێوەی نووسینی کوردی هەر ئاوەها بووە ؟!! بێگومان پێش "خانی" و دوای "خانی"یش ئەمە شێوازی بەیانکردنی ئەدەبی ئەو سەردەمە بووە ...

لەو بابەتەی "نزار ئاگری"دا کە باسی "خانی" دەکات ، تۆ تەنها یەك شتت لێ حاڵی دەبێ : ("نزار ئاگری" ئاگای لە ئەدەبی کوردی نییە!!) ... ئەمەش هیچ عەیبی تێدا نییە !! زۆر نووسەری سیاسی هەن لەسەر ئەدەب شت نازانن، زۆر پێشمەرگەی ئازا هەن بەڵام ناتوانن شیعر بڵێن !!

ئەم حەملەیەی "نزار ئاگری" کە کردوویەتی بۆ سەر "محەمەد ئۆزئۆن" هەروەکو حەملەکەی سەر "خانی" وایە ! "ئۆزئۆن"پێش ئەوەی ئەدیب بێت و بێتە ناو دنیای ئەدەبەوە تێکۆشەرێکی سیاسی بوو.. ئەندامێکی چالاکی ئاڵای ڕزگاری بوو.. بەشێك لە ژیانی خۆی تەرخان کردووە بۆ ئەم کارە.. بەشێك لە ژیانی خۆی خستۆتە مەترسیی بوون و نەبوون.. تۆ لەسەر ئەوانە بیرەوەری وەردەگری! ئەمە بەشێکە لە بوونی تۆ، بەشێکە لە ژیانی تۆ.. چ کێشەیەك یان چ پروبلەمێك لەوەدایە کە مرۆڤ باسی بەشێك لەم ژیانەی خۆی بکات ؟! "محەمەد ئۆزئۆن" بۆ بۆی هەیە لەڕوانگەی تاکگەراییەوە باسی ئەم دەورەیە بکات کە لە سوید دانیشتووە ، فەردییەتی خۆی تێدا نیشان بدات "– چۆتە دەرێ چیی کردووە؟ چاوی بە ژنێك کەوتووە، عاشقی بووە..؛ یان لەگەڵ سەرۆکی دەزگاکەی خۆی تووشی کێشە بووە.. یا برادەری خۆی چۆن دیوە... هەرکام لەوانە !! بۆ ئەگەر ئەوەی نووسیبا مایەی ڕەخنە نەبوو ؟! بۆ ئەوەی کە لە شاخ و کێو بووە، گیراوە، چیی بەسەرهاتووە و خۆی شاردۆتەوە، چ جۆرە بەسەرهاتێکی هەبووە ،بە عەیب بدرێتە قەڵەم ؟! لە ڕاستیدا ئەمە بەشێکە لە ژیان و ئەزموونی خۆی.. "محەمەد ئۆزئۆن" کتێبەکانی بەشێکن لە ئەزموونی خۆی.. ئەزموونەکەی ئەویش ئەزموونێکە کە لە خەباتی گەلی کوردەوە هەڵقوڵاوە.. ئەگەر ئەو خەباتە بێتە ناو چیرۆك و ئەدەب چیی تێدایە..؟! بەلای منەوە



> **داهێنانی ئەدەبێکی جوان و سەنگین، ئەوەندەی پێویستی بە ئیمکانیاتی زانی هەیە، ئەوەندە پێویستی بە ئیمکانیاتی مادی نییە...!**

هەڵەی گەورەی "نزار ئاگری" لەوەدا بووە کە نەك ئاگای لە ئەدەبی کوردی نییە، بەڵکو ئاگای لە ئەدەبی جیهانییش نییە ..! هەرە کتێبە گەورەکانی بەناوبانگ لە ئەدەبی جیهانیدا ئەوەن کە باسی خەباتی گەورەی میللەتان دەکەن !! کام ئەدیبی گەورە لە ڕوسیای کۆن و سۆڤیەت شك دەبەیت ، لە "تۆلستۆی"یەوە تا دەگاتە خاوەنی "دۆنی ئارام" ، باسی خەباتی گشتیی میللەتەکەی خۆی نەکردبێ ، یان باسی شەڕە گەورەکانی نەکردبێ ؟! وەرە ناو ئەدەبی ئەمەریکییەوە ... باشترین کتێبەکانی "جۆن شتاین بێگ" ئەو بەشە لە کتێبەکانییەتی کە باسی خەباتی ناوخۆیی یان هەلومەرجی کۆمەڵایەتیی ئەمەریکا دەکات .. وەرە ناو ئەدەبی فەرەنسییەوە.. جوانترین بەرهەمەکان ئەوانەن کە لە دوای شۆڕشی فەرەنسییەوە، تا سەردەمی "ناپلیۆن" و تا دوای ئەوەی کە پێی دەڵێن :"کۆماری بچکۆلە" و تا دوای هاتنەسەرکاری دیموکراسی لە فەرەنسا نووسراون...بەڵام خۆ مەرج نییە ئەم کتێبانە چەمکی کتێبێکی سیاسی بەخۆوە بگرن ! وەزعی کۆمەڵایەتیی فەرەنسا وەها لە کتێبەکانی "بالزاك"دا وەسفکراوە کە یەکێك لە نووسەران دەڵێ :- ئەگەر ڕۆژێ فەرەنسا و مێژووی فەرەنسی لەناو بچێ ، لە ڕێگەی چیرۆکەکانی "بالزاك"ەوە جارێکی دی دەتوانی بازسازی بکەیتەوە..ئەمە مانای ئەوەیە "بالزاك" توانیویەتی هەموو کون و کەلەبەری کۆمەڵگای فەرەنسا لە کتێبەکانی خۆیدا حەشار بدا ، بەبێ‌ئەوەی کتێبەکەی ڕاستەخۆ ببێتە تەبلیغێکی : سیاسی ، دیکۆمێنتی، مێژوویی ...

بەڵام کاك سەلاح، پێم خۆشە زیادەیەك بخەمە سەر قسەکەی جەنابت : "مارکیز" کاتێك ناوی دێت، هەموو خوێندەوارێك ئەمەریکای لاتینی دێتە زهنەوە.. یان با بڵێین: وێنەیەك لە ئەمەریکای لاتین دێتە بەر خەیاڵی... واتە : "مارکیز" و ئەمەریکای لاتین وەکو دوو دیوی شوناسێك وان کە هەردوولایان سەرکەوتووانە بەکەڵکی یەکتر هاتوون ! ئەگەر کارکردن لە بواری ئەدەب و لە بواری پیشاندانەوەی خەمە گەورەکان و کێشە جۆراوجۆرەکانی میللەتێك بەم جۆرە بکرێ ، ئەمە هیچ کەس نکوڵی لێ نییە ! بەڵام ئەگەر سەرنەکەوتووانە دەست بۆ ئیش ببرێت ، ئەمە خراپە ! ئەوەیە کە "نزار ئاگری" ڕەخنەی لێی هەیە...!

– جا چی بکەین ؟! ئەوە بەندە بە توانا و لێهاتوویی نووسەر! خۆ تۆ ناتوانی لەسەر گەلی کورد ئیراد بگری بەو پێیەی کە ئێمە بۆ تەیارەیەك دروست ناکەین بە قەد تەیارەکانی "بوینگ"ی ئەمەریکی چاك و بەتوانا و قایم و خۆڕاگر و جێگای متمانەی خەڵك ؟!! ئەی بۆ ناتوانین لە بواری دەرماندروستکردندا بە قەد "هۆخست"ی ئەڵمان، کارگەی باشمان هەبێت بۆ دەرمان دروستکردن ؟!!

میللەتی دواکەوتوو، میللەتێك کە هێشتا پێشکەوتنی پیشەسازیی تێدا جێبەجێ نەبووە ، کە لە بوارەکانی ژیاندا ئەو پێشکەوتنەی نەبووە کە میللەتانی تر بەدەستیان هێناوە لە بوارەکانی : ئەدەب ، فیکر ، فەلسەفە ، پیشەسازی ، تەنزیمی کۆمەڵگا، تەنزیمی شارەکان ، ئەندازیاری..؛ هیچ سەیر نییە ئەگەر ئەم میللەتە ڕۆمانیشی نووسی ڕۆمانەکەی نەگاتە ئاستی جیهانی و نەگاتە ئاستی ئەو ڕۆمانەی کە خەڵاتی نۆبڵی پێبەخشراوە...



*بۆچی ؟!! خۆ ئەگەر دروستکردنی فڕۆکەیەکی پێشکەوتوو ، یاخود شەمەندەفەرێك، یاخود ئۆتۆمبیلێکی پێشکەوتوو، پێویستی بە دەستەبەرکردنی ئیمکانیاتی مادی هەیە ..؛ داهێنانی ئەدەبێکی جوان و سەنگین، ئەوەندەی پێویستی بە ئیمکانیاتی زاتی هەیە، ئەوەندە پێویستی بە ئیمکانیاتی مادی نییە...!

– با من پرسیارێکت لێبکەم :– بۆ ؟ میللەتانی هەژاری جیهانی سێهەم کامەیان تا ئێستا توانیویانە خەڵاتی نۆبڵ بۆ فیزیا و کیمیا و پزیشکی نا ، بەڵکو بۆ ئەدەبیش وەربگرن ؟!! لە ماوەی ئەم چەند ساڵەی کە هەبووە ڕەنگە یەك یان دوو لەسەد بووبێت ...!

* "ویل سوینکا" کە ئەدیبێکی نەیجیرییە وەریگرتووە ! خۆ وەزعی نەیجیریا لە ئێمە باشتر نییە !!

– نا "نەیجیریا" حاڵی لە ئێمە زۆر باشترە !! وڵاتێکی زۆر گەورەیە، لە کۆنەوە داگیرکراوی بەریتانیا بووە، تێکەڵاوییان لەگەڵ زمان و ئەدەبی ئینگلیزی زۆر بووە، ئەمە یارمەتی داون بۆئەوەی بتوانن لەگەڵ ئەدەبی جیهانی تێکەڵبن ! بەڵام با ئەوەت پێ بڵێم نەکا ئێمە تووشی ئەو هەڵەیە ببین کە پێمان وابێت گەشەکردنی مەعنەوی لە گەشەکردنی مادی جیایە !! لەناو میللەتێکدا ڕەنگە ئەمە زۆر بە دەگمەن هەڵکەوێت! بەپێی لۆجیکی تەکامولی مرۆیی، مرۆڤ واحیدێکی(واتە : یەکەیەکی) بە یەکەوەنووساو و بە یەکەوە تێکەڵبووە لەگەڵ بەشەکانی ژیانی .. زۆر زەحمەتە لە بەشێکدا کۆمەڵگا لە دواکەوتووییدا بمێنێتەوە ، بەڵام لە بەشێکی دیکەدا پێشکەوتوو بێت ! ئەی چۆنە گەورەترین کتێبەکان کە لە سەر فیکر و فەلسەفە و ئەدەب نووسراون ، کە پێویستیشیان بە پیشەسازی نییە ، هینی ئەو وڵاتانەن کە شۆڕشی پیشەسازی تیایاندا ڕووی داوە و پێشکەوتنی ئابوورییان هەیە و ئاستی ژیانی خەڵك لەسەرەوەیە ...

پ/ئایا ئەم باسوخواس و چەندوچوونە ، وەکو ئەدیبانی گەورەی جیهان ، بۆ نموونە وەکو "سارتەر" ، "بارگاس یۆسا" تووشی ڕامان و وردبوونەوە لە وەزیفەی ئەدەب و ، واسواسی بەرامبەر بە وەزیفەی ئەدەبی نەکردوویت؟

و/خۆ "سارتەر"یش لەپێشدا بەشێك لە کارەکانی چیرۆکنووسین بووە، بەڵام "سارتەر" لە سەردەمێکدا کەوتە سەر بیرکردنەوەی فەلسەفی کە کۆمەڵگای ئەورووپا بە گشتی و هی فەرەنسا بە تایبەت کەوتبووە ناو قەیرانێکەوە.. بیرمەندێکی وەکو "سارتەر" نەیدەتوانی خۆی لەم قەیرانە دوور ڕابگرێ ..ئەمە لە کاتێکدا بوو کە شەڕی جەزائیر لە گۆڕێدا بوو .. "ئەلبێر کامۆ"، یان "ژان پۆڵ سارتەر"، بەرهەمی ئەم چرکەیەن لە ژیانی ئەدەبی فەرەنسادا، کە ژیانێکی ئاوا دەوڵەمەند و لە مێژینەی هەیە ...ئەوان نەیاندەتوانی خۆیان بدزنەوە لە شەپۆلی ئەو بیرە توندوتیژەی کۆمەڵگای گرتبۆوە کە : ئایا ئەوەی ئێمە دەیکەین ڕاستەو ڕەوایە، یان ناڕەوایە ؟ ئایا کۆمەڵگا لە سەر حەقە ، یان لەسەر حەق نییە ؟! ئەمە وردە وردە بیری فەلسەفیشی بەرەو وجودییەت برد... من بە هیچ جۆر ئەو ئەرکەی کە ئەدەب و شیعر لەسەر شانییەتی وبریتییە لە : دەربڕینی هەست و بیر و ئارەزووەکانو خەم و خەفەتەکانی تاکە مرۆڤ ، بێبایەخ دانانێم و ئینکاریی ناکەم ! تا ئەمە مامۆستایانەتر، زانایانەتر، شارەزایانەتریش، بەیان بکرێت ؛ بێگومان جوانترە و جێگای ڕەونەقەو هەموومان دەبێ پشتیوانی لێبکەین! بەڵام من دەمەوێ بە شێوەیەکی بابەتیانە ئەوە بڵێم کە لە ئەدەبی کوردیدا ئەمە بۆ کەمە ؟! ئەو بیرە وردە جوان و مرۆییە کە لە ئەدیب و شاعیردا دەبێ ببێ و خۆی لەگەڵ خوێنەر بگونجێنێ، ئەدیب هەستە مرۆییەکەی خۆی وەها دابڕێژێت کە خەڵکی دیکە شەریکی خەمی بن ..؛ ئەمە بۆچی کەمە ؟!.

"ژان پۆڵ سارتەر"، بەرهەمی ئەم چرکەیەن لە ژیانی ئەدەبی فەرەنسادا، کە ژیانێکی ئاوا دەوڵەمەند و لە مێژینەی هەیە ...ئەوان نەیاندەتوانی خۆیان بدزنەوە لە شەپۆلی ئەو بیرە توندوتیژەی کۆمەڵگای گرتبۆوە کە : ئایا ئەوەی ئێمە دەیکەین ڕاستەو ڕەوایە، یان ناڕەوایە ؟

# پیاچوونەوەیەکی خێرا

رەخنە: پرۆفیسۆر .د.زاهیر لەتیف
دەق: نیان نەوشیروان

سیفەتی هەرە دیار لەشیعردا بریتیە لەگەیاندن و پەیوەندیو کارتێکردن لەنێو یەکەکانی دەرەوەو ناوەوەی دەقدا. واتا هیچ دەقێك بەسانایی لەدایك نابێت ئەگەر پەیرەوی ئەم جۆرە ڕژێمە نەکات...لەکاتی لەدایك بوونیشدا ئەو دەقە خۆی جودا دەکاتەوە لەدەقەکانی تر لەهەمان شیعر یان شاعیرانی ترو خەسڵەتێکی تایبەت بۆخۆی دروست دەکات. تەنانەت لەزۆر کاتدا خۆشی دەسەپێنی بەسەر ئەوانی دیدا. بێگومان گریمانەیەکی گەورە هەیە کەبیرو شێوازی شاعیرێك کار بکاتە سەر دەورو بەر، جاریواهەیە ئەو کاریگەرییە چەند شێوەو ڕێگایەك دەگرێت و هەوڵی گونجاندن دەدات بۆخۆی یان بەپێچەوانەوە لەخۆ دەگرێت. بەم پێیە لەدایك بوونی دەقێکی رەسەن لەوەدا خۆی دەنوێنێ کە سەرنجی خوێنەر بەشێوەی سەرسوڕمان بۆخۆی ڕابکێشێ لەزۆربەی کاتیشدا دژ بەیاساکانی لۆجیك و هەستەکانەوە بوەستێتەوە لەهەندێکی تردا بەرەو جیهانی ناهەستیاری (لاوعی) بڕوات هەروەك چۆن سلڤادۆردالی جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کەدەرون ئازاد نابێت ئەگەر مامەڵە لەگەڵ جیهانی خەیاڵ و نەستدا نەکات کەئەم دوانە لەڕێگەی خۆیانەوە دەتوانن شتەکان، یەکەکان بەیەکەوە ببەستن بەبێ ئەوەی هیچ پەیوەندییەکی لۆجیکی لەنێوانیاندا هەبێت. زۆربەی فەیلەسوفە گەورەکان جەختیان لەسەر پێویستی ئەم حاڵەتە کردۆتەوە بانگە وازەکانیشیان بریتی بوو لەشۆڕش کردن بەسەر هەموو شتەکاندا..

- فرۆید لەتیۆروسایکۆلۆجییە کەیدا جەخت لەسەر هێزی هۆشمەندی دەکاتەوە کەبەچەندین کاری ناڕاستەوخۆو شاراوەهەڵدەستێ کەلەلای کلاسیکییەکان بەشێوەیەکی تێروتەسەل بەندکرابوو.

— هیگڵ لەبۆچونە هەمیشەییەکاندا بانگەواز بۆدامالینی ڕابووردوو دەکات و پێشبینی بۆئایندەیەکی گەشبین دەخوازێت. بریتۆن و

بودلێرو رامبو لە ڕێبازە سریالییەکاندا سانسۆری بیریان بەرپەرچ دایەوەو پشتیان بەڕێبازە فەلسەفییەکان بەست کەبانگەوازە بۆسەرو ڕیالست لەڕێگەی ناهەستیارییەوەو گەڕانەوە بۆحاڵەتە ئاڵۆزەکانی ڕابووردوو کەبوون و نەبوون وهەموو هێمایەکی ڕیالیستی و لۆجیکیو دەمامکی ڕاستەقینە پوچەڵ دەکەنەوە. کاریگەرێتی ئەمانەی سەرەوە لەسەر شیعری خاتوو(نیان نەوشیروان) بەڕونی ئاشکرایە لەکاتێکدا شیعرەکانی وێنەیەك نیە لەڕاستیە بینراوەکانی واقیع و گواستنەوەی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بۆخوێنەر بەڵکو حاڵەتێکی دەرونی سۆزدارییە کەلەنێو وشە دووبارەکراوە سەر بەستەکاندا کۆمەڵێك ڕەنگی شاراوە بەدی دەکەین کەلەدوایەوە خۆی دەبینێتەوە لەچەندین ماناو بیرۆکەو هەستدا. لێرەدا کاری سەرەکی شاعیر–خاتونیان–دۆزینەوەی شێوازێکە بۆگەیشتن بەجیهانە ویستراوەکەی– یوتوبا– لەهەمان کاتدا ئەم شێوازە یارمەتی دەرێکە بۆلەدایك بوون و دۆزینەوەی گەشە شیعریەکەی. خۆئەگەر سەیرێکی شیعرەکانی بکەین تێبینی ئەوە دەکەین کە خاتو نیان پەیوەستە بەشێوازێك کە جیاوازە لەشێوازی شاعیرەکانی سەردەم.. کەئەم شێوازە دەتوانێت بەکۆڵێك ماناو وێنەی شاراوە خوێنەر بجولێنێ.. بەمانایەکی تر، شاعیر شاراوەیی کردۆتە کەرەستەیەکی سەرەکی بۆئەزمونە شیعریەکەی ئەم شێوازە حاڵەتێکی سایکۆلۆجی دروست کردووە لەچوار چێوەی چەندین فریزەی پڕلەسەما کەهەست و نەست، جیهانی شاراوە و جیهانی بینراو بەیەکەوە دەبەستێتەوە کەلەبنەڕەتا بانگەوازە بۆچەندین دەنگ و ڕەنگ و هەست لەجیهانی سوسولوجیای ماتەریالیدا.



رامبۆ

### دەریای ئەستێرە

ئەستێرەکان

لەدەریای گوڵدا

گۆرانی ئەڵێن وەنەوشەکان

لەدەریای ئاسماندا

چەپکە شیعر

ئەهۆننەوە گەڵاکان


ئەستێرە

وەنەو شەکان ئەستێرە

ئەستێرەکان


پەپولە

١٩٩٥/٥/١٤



## وەرزی پەپولە

وەرزی من
یەك وەرزە
وەرزی پەپوولە
پایز پەپوولە
بەهار پەپوولە
زستان پەپوولە
هاوین پەپوولە
وەرزەکان دەگۆڕێن
دێن و دەچن
پەپولە دەفڕێت
ون دەبێت
بەڵام...
وەرزی من
یەك وەرزە
وەرزی پەپوولە
٩٥/١١/١



پەپوولەی بێڕەنگ

هەورەکان

بێ هەناسە

هاتو چۆدەکەن

بێهەناسە

* * *

چۆلەکەکان

بێجریوە

هاتوچۆ دەکەن

بێجریوە

***

گوڵەکان بێگیان

هاتوچۆ دەکەم

بێ گیان

***

هەورەکان

چۆلەکەکان

گوڵەکان

بێهەناسە

بێجریوە


بێگیان دەبن

کەپەپولەکان

بێڕەنگ

دەبن

٩٦/٣/١٢



## پەپوولەم پەپوولەکەم

هەتاوی هاوین
گڕەبا
بەدوای پەپوولە و گوڵا
دەگەڕا پەپوولەی شاردەوە.
گوڵ لەگێژەڵوکەی گریان
بێڕەنگ
بێدەنگ بوو..

***

گوڵ لەگێژاوی
هەتاوی هاوین
گڕەبای هاوین
ڕۆژگاری ..درێژ
هاواری دەکرد    پەپوولەکەم
بەدەم گریانەوە    پەپوولەکەم
بەدەم ڕاچڵەکینەوە    پەپوولەکەم
بەدەم تەنیاییەوە    پەپوولەکەم
بەدەم ڕۆژەکانەوە    پەپوولەکەم
گوڵ لەچاوەڕوانی    پەپوولەکەم
بەچاوەڕوانی پەپوولەی    دەژی

٩٦/٧/١١

بەشێك لەڕۆمانی گەردەلوول و فریشتەکان.

# ڕەنگی با... بۆنی ئاگر



ئاكۆ كەریم مەعروف

(( ئەی زیندەگانی ! ئەو ڕۆژەی چاوم لە چاوت هەڵچەقی وامزانی کەوتوومەتە بنەوەی ناخەکانەوە..، بەڵام تۆ منت بەتۆڕی زێڕین هەڵکێشایەوە، کاتێ ناوی قوڵایتم هێناو گووتم بێ بنە، قاقایەکی گاڵتەچیانەت ڕەها کردو پێت گووتم: (( ئەمی تۆ دەیڵێی هەر ئەوەیە کە ماسییەکان دەیڵێن، ئەوانیش کەناتوانن بگەنە بنی قوڵایی وادەزانن قوڵاییەکە بێ بنە، تۆبڵێی بێبارو بێ میزاج بم؟! تۆ بڵێی ئافرەتێك بم..، بەڵام ئافرەتێکی بێبەش لە ئاکارو پەسەندی؟.. لەبارەی سیفەتەکانمەوە دەم هەڵبەستی خەڵك زۆرە..، بەڵام هەمووشیان لەسەر ئەوەن کە پڕم لە نهێنی و کۆتایم نایە.)).

زەردەشت ئاوای گووت. بەڵێ سورەییا پڕە لە نهێنی و حیکایەتەکانی کۆتایی بۆ نییە..، ئەو کە پێدەکەنی ڕەنگ و رووی دەبوو بە هەلاڵەو.. کە دەگریا دەبوو بە باران.. دەبوو بە ڕووناکی..ئەو سەمای نوورێك بوو.. نوورێك کە تەواوبوونی بۆ نەبوو.. نوورێك ئەگەر شەڕی براکان نەبوایە حیکایەتەکانی بەم زوانە کۆتایی نەدەهات.. من بیدەنگی کوشتومی.. من گیانم پڕپڕە لە ئارامییەکی کوشندە.. من دەمەوی پشوویەك بەم ، ئارام بخەوم..، بەڵام دەنگێك بانگم دەکات..(( سورەیا.. سورەیا )).

ئەو خەڵکانەی کە دەمناسین باوەڕیان بەنووسین نەبوو، تەنها باوەڕیان بەوەهەبوو کەژیان بۆ خۆی حیکایەتێکی کورتەو سات بەسات.. ڕۆژ لەدوای ڕۆژ.. نەوە لەدوای نەوە لەیاد دەکرێو لەبیردەچێتەوە. ئەوان باوەڕیان وابوو کە تەنها حیکایەتی شەڕەکان دەمێنێتەوە.. ئەگەر نا هەموو حیکایەتەکانی عیشق لەیاد دەکرێ.. ئەوان دەیانگووت.. عیشق نەفرەتێکی خودایییە. هەر کاتێك دوو عاشق بە یەك دەگەن خودا بەڵایەك دەبارێنێ.. کێوەکان لەیەك دەترازێن.. ئاسمان یەکپارچە دەبێتە ئاگر.. خۆڵ و با دەبنە مۆرانە.. یاخود هەندێکیان پێیان وابوو زۆربەی ئەوانەی دەنووسن دەبنە فریشتە..، ئەگەر نا جگە لە جانەوەرێکی دڕندە هیچی تر نین..!!.

زۆرجار وارێکدەکەوێت کە ژیان دەمانباتەوە بۆ خەونێکی سەیر، خەونێك کە پێچەوانەی هەموو پێشبینییەکانە، هەڵبەت لەو جۆرە خەونانەی کەنووسین ناتوانێت وێنەیەکی راستەقینەی نیشان بدات، یاخود نزیك بێتەوەلەئاماژەیەکی، رەنگە هەر بەو جۆرەش بێت.. پێدەچێ خەون و نووسین جیاواز بێت لە من و ئاوێنە.

بۆ ئەوەی لەنووسین تێبگەین دەبێ چاوەکانمان پڕ بێت لەتیشکی خۆر.. بۆ ئەوەی لەنووسین تێبگەین دەبێت رۆحمان پڕبکەین لەشەپۆلی ئاو..بۆ ئەوەی لەنووسین تێبگەین دەبێت جەستەمان پڕبکەین لە با.. بۆ ئەوەی لەنووسین تێبگەین دەبێت بتوانین لەسەر شەونمێك دوو درەخت لەیەکتری مارە بکەین.. بۆ ئەوەی بنووسین دەبێت شەیتان بکەین بەدۆستی خۆمان..


بۆ ئەوەی بنووسین دەبێت ببین بەبەرد.. بە خۆڵ.. بەتۆزو با.. ببین بە سەحرا.. بەدیوار.. ببین بە شمشێر.

ئەم چەند دێڕەی سەرەوە دوا دەستنووسی ئەو نامەیەبوو کە چەند رۆژێك بەرلەوەی پاڵەوانی شەڕی ناوخۆی کوردەکان سەرزەمینی بێ نووسین بەجێبێڵێ، لە ناو نامەیەکی داخراودا کە بۆنی بارووتی لێدەهات خرابووەوە سندوقی پۆستەکەمەوە، هەڵبەت لەونامانەی کەهیچ کەسێك هەست بەوە ناکات کە چ کەسێك پۆستی کردووە.

ئەو کەسەی نامەکەی بۆناردبووم بەرلەوەی شەڕی ناوخۆی کوردەکان هەڵگیرسێ، کەسێك بوو تەنیا.. هەمیشە لەگۆشەی چایخانەیەکدا بەبێدەنگی دادەنیشت و بە تەنیا بیری لە دونیا دەکردەوە.. ئەو لەخەیاڵاتی خۆیدا هەندێجار بیری لەوە دەکردەوە کەناکرێ وەکو باڵندەیەکی دیل کوشتەی خەیاڵاتی خۆی بێت... خەیاڵاتی فڕین.. خەیاڵاتی خەوبینین.

دەنگی بەرزو ناسازی رادیۆکان لە هەموو شوێنێك دەبیستران، لە ماڵەکان.. لە چایخانەکان.. لەناو یاریگاکان.. لەناو ئۆتۆمبیل و پاسی هاتوچۆکان.. لە باخچە گشتییەکان و حەوشەی قوتابخانە سەرەتاییەکان، ئامبۆلانسەکان و ئۆتۆمبیلی پۆلیسەکان ببوونە بڵندگۆی شەڕو سروودە نیشتمانییەکان.. لەو کاتانەدا کە چەکدارەکان بە ئاشکرا بەچەك و کەرەستەکانی شەڕەوە رووەو بارەگاکانیان دەڕۆیشتن، هەواڵی یەکەمین گوللەو یەکەمین هەڵمەت کرابووە مانشێتی رۆژنامەکان..، خەڵکی بۆ بەدەستهێنانی رۆژنامەیەك لێیان دبووە شەڕی دەستەو یەخەو قین وتۆڵەی سەنگەرەکانی پێشەوەیان بە یەکتری دەرشت..، لەو بەیانییە ساردەدا تەنها زەردەخەنەیەك، یاخوود روانینێك بەسبوو بۆ ئەوەی وەك خائینێك بە مێژوو بە ئەرزو ئاسمان تەماشا بکرێت..، ئالەو رۆژەدا من ئەو کوڕەم ناسی.. کاتێك لە ناوەراستی حەشاماتێکدا





راوەستابوو.. ژن و منداڵ و چەکدارەکان دەوریان گرتبوو.. ئەو لە ناوەراستدا وەك دیلێك دەهاتە بەرچاو.. قەفەزێکی لە باوەش گرتبوو.. بەدەم روانینی ئەو خەڵکانەی لە دەوری کۆبووبوونەوە دەگای قەفەزەکەی دەکردەوەو یەك یەك ئەو باڵندانەی ئازاد دەکرد کەلە رۆژە خۆشەکاندا بەدیل گیرابوون..، هەستێکی سەیربوو کە منداڵەکانم دەبینی بۆ فرینی باڵندەکان دەگریان و ئافرەتە رەشپۆشەکانیش بۆ قەفەزە ئاسنینەکە..، ئەوە یەکەم بینینی ئەو کوڕە بوو کە دڵنیام ئێستا لە سەنگەرەکانی پێشەوە بەجێماوە.. سەیرە..!! چەند جەنگاوەرێکی تەنیایە..!! مەگەر خودا لەو تەنیاتر بێت!!

ئەو پاڵەوانە ئێستا ناوی خۆشی لەبیرنەماوە، تەنانەت ناوی نزیکترین دۆست و هاوڕێکانیشی.. وەکو لێی دەگێڕنەوە، ئەو کاتانەی کەنیشانەی لە کوردەکان دەگرتەوەو کاتێکی هەبوو بۆ یاری کردن.. بەنووکی پێڵاوەکەی شەقی لەو بەردانە هەڵئەدا کە گوللەی براکەی لە سەنگەرە نزیکەکانەوە پێکابوویان.. کوردەکان هەموو شتێك بریندار دەکەن.. تەنانەت بەردیش، بۆیان بلوێ رووناکیش کوێر دەکەنەوە..!

جارێکیان کوردێك دوعا دەکات خودا رێگەیەکی راست و دروستی نیشان بدات.. خودا کۆترێکی بۆ دەنێرێ، کۆترەکە چڵێك رێحانەی بەدەنووك هەڵگرتبوو.. کوردەکە بەرلەوەی بۆنی رێحانەکە بکات و چارەنووسی رێگای خۆی دیاری بکات.. بەبەر چاوی کانییەکەوە کۆترەکەی سەربڕی وبێباکانە گۆشتەکەی دەخوارد. لەدوای ساڵانێك ئەو کوردە بۆی دەرکەوت کە نیشانەکانی بەدبەختی چەند زوو دەردەکەون.

کورد هەموو شتێك دەخوات تەنانەت گۆشتی براکەی خۆشی.. نەخواستە گۆشتی کۆترێك.. ئەو تەنها هەست وخەیاڵی لای یەك بۆنە.. ئەویش بۆنی مەرگە.. مەرگ لەخەونی کوردەکاندایە.. مەرگ لەنێوان پەڕەی گوڵەکاندایە.. لای کوردەکان عیشق لە نێوان ئاگری تفەنگەکاندایە. سەیرە کوردەکان ئەوەندەی سەنگەر بۆ شەڕەکان لێئەدن، هێندە خەریکی هەڵکەندنی بستە خاکێك نین بۆ ناشتنی نەونەمامێك.. ئای چ بەدبەختییەکە بۆ باخچە.. بۆ دارستان.. بۆ جەنگەڵ.. بۆ ماسییەکی بچکۆلانە.. بۆ سێبەری قورسی درەختێك.. کەبیر لەسەنگەرلێدان ناکەنەوە..!.

من سەیرم لێهات کەئەو نامەیەم بەدەست گەیشت.. چونکە باوەڕم وابوو کوردەکان لەکاتی شەڕدا باوەڕیان بە نامە ناردن نییە.. لەبەرئەوەی ئەوانەی بەشداری شەڕەکە دەکەن هەرخۆیان بەچەندین جۆری جیاواز حیکایەتی سەیر.. سەیر لەبارەی شەڕەکانەوە دروست دەکەن و دەگێڕنەوە..یاخود ئەگەر نامەیەکیش نوسرابێت

خۆ ناکرێ باسی پاڵەوانێتی نەکات.. کەمن بەشبەحاڵی خۆم هەرگیز نامەیەکم لەو نامانە نەبینیوە.. هەڵبەت هەرواش بووە، چونکە کوردەکان لەسەرزەمینێکدا شەڕ دەکەن مەگەر هەر خۆیان و خودا بزانن کە چی بەیەکتری دەکەن.. وەکو دەڵێن تفەنگ قسە دەکات و تفەنگ گۆرانی دەڵێ و تفەنگ سەما دەکات... ئاگر داستانەکان دەنووسێتەوە.

ئەو رۆژانەی شەڕی ناوخۆ هەلگیرسا من تازە ببوومە فەرمانبەر، فەرمانبەر لەبەشی کتێبخانە.. بۆ چەند رۆژێك دەبوو حەزم بەوە دەکرد کەبزانم لەناو ئەو لاپەڕە کۆنانەدا چی هەبووەو باسیان لەچ شتێك کردووە.. کتێبەکان بە حوکمی ئەوەی ساڵانێکی زۆر بوو هەتاو لێی نەدابوو.. بۆنێکی ناخۆشی لێدەهات.. بۆنی رۆژگارێك کە بەسەر چووە.. من لەیەکەمین رۆژدا هەستم بەو بۆنە کرد.. هەر ئەو رۆژە بە سەرۆکی بەشەکەم گووت:ئەکرێ ئەو کتێبانە بەرینە دەرێ، پێم باشە کەمێك هەتاو لێیان بدات.. خۆت دەزانیت کتێب پێویستی بەرووناکییە.

پێدەچوو بەقسەکانم قەڵس بووبێت.. بێئەوەی هیچ بڵێت لەژێر چاویلکە تۆزلێنیشتووەکەیەوە سەیرێکی کردم ..لەوساتەدا کتومت سیمای لە کتێبێك دەچوو کە هەرگیز پەرەیەکی هەڵنەدرابێتەوە.. کتێبێك کەنازانێ دۆستایەتی لەگەڵ رووناکیدا بکات. لەدوای ئەوەی کە زانیم هیچ ناڵێت بەبێدەنگی ژوورەکەیم بەجێهێشت.. پێدەچوو نووستبێت.. بەهێواشی دەرگاکەم لەسەر داخست.. ئەو دەرگایەی تا ئەو ساتەی کتێبخانەکە سووتا دەستێ نەبوو بیکاتەوە.

ئەو رۆژەی کتێبخانەکە سووتا کەسێك نەبوو هەست بەوە بکات کە کۆنترین کتێبخانەی شار ئاگری گرتووە.. کەسێك نەبوو هەست بەوە بکات کە دووکەڵێکی چڕ نیوەی ئاسمانی شاری تەنیوە.. تەنها ئەو نەبێت کە دوا کەس بوو چاوەکانی بچێتە خەونێکی قوڵەوە هەستی بەبۆنێکی کوشندە کرد.. بۆنی مەرگی کتێبەکان.

لە دوای سووتانی کتێبخانەکە بۆ ماوەی چەند ساڵێك دووکەڵێکی زەردباو لەژێرابی ماڵەکانەوە دەهاتە دەرێ، تەنانەت هەندێجار لە گەڵای درەختەکانەوە بۆنێك دەهات کە هەمان بۆنی بەرگ ولاپەڕە سووتاوەکانی هەبوو..لە مەحزەرێکدا کە فەرمانبەرێکی ئاگر کوژێتەوە نووسیبووی نووسرابوو، نەمان دەزانی لە کوێوە بچینە ژووری دووکەڵ هەموو رێگەیەکی لێگرتبووین.. زۆر هەوڵماندا رێگە چارەیەك بدۆزینەوە.. چونکە ئەوەی بەلای ئێمەوە گرنگ بوو ئاگرەکە نەبوو، بەڵکو هاواری ئەو پیاوەبوو کە بە باوشێ ئاگرەوە بەناو دووکەڵدا رایدەکردو پەلاماری کتێبەکانی ئەدا.. لە کۆتایی مەحزەرەکەدا نووسرابوو.. ئەو پیاوە دەمێك بوو دەسووتا، بەڵام درەنگ ئاگادار کرابووینەوە.بڵێسەی ئاگر بۆ ماوەی شەو رۆژێك




بەردەوام بوو، لەهەموو کون و کەلەبەرێکی شەقام و کۆڵانەکانەوە دووکەڵ دەهاتە دەرێ.. لەدوای خامۆشبوونی ئاگرەکە دەرگا ئاسنینەکەی کتێبخانە شکێنرا.. لەژوورەوە بێجگە لە دووکەڵێکی زەردباو و خۆڵەمێشێکی سەوز کە وەك تۆز بەوناوەدا پژابوو هیچی تر نەمابووەوە.. لە نێوان تەختەو داری سووتاوو داڕمانی دیواری گڵین چەند پەڵە ئاگرێك دۆزرایەوە.. پەڵە ئاگرەکان وەکو ئەستێرە دەدرەوشانەوە.. سەرۆکی ئاگرکوژێنەوەکان دەیگووت (( ئەستەم بوو بتوانیت چاو لەو جوانییە سەرسوڕهێنەرە گێل بکەیت، بەڵام هەستمان بەوە دەکرد لە خەونێکی ناخۆشداین و بۆنی تاڵیمان گرتووە.. لەو کاتەدا کە هاواری یەکتریمان دەکرد وەکو ئەوە وابوو پارچە گۆشتێکی تاڵ لەناو دەمماندا بێت.. ئێمە بەدرێژایی ئەو ساڵانەی خەریکی ئەم کارە بووین ئەوە یەکەمین جار بوو پیاوێك بە سووتاوی ببینین وەکو ئەڵماس بدەرەوشێتەوە)).

لەو رۆژەدا بەرلەوەی هەواڵی یەکجاری سووتانی کتێبخانەکە ببیستم.. وەك رۆژانی ئاسایی چوومە سەر کارەکەی خۆم.. سەرۆکی بەشەکەمان بەلایەوە گرنگ نەبوو چۆن دێم و چۆن دەڕۆم.. هەربۆیە ئەو رۆژەش وەکو رۆژەکاتی تر بەسادەیی و بە ئاسانی تێپەڕی.. ئەوەی بەلای منەوە گرنگ بوو.. کەچۆن لەو کتێبانە بگەم..؟ یاخود چۆن ژۆنی لاپەڕەکانی هەڵدەمەوە..؟ ئەو لاپەڕانەی کە رۆژگار لەبیری بردبوونەوە.. لەیەکێ لە رۆژەکاندا هەستم کرد بوومەتە بەشێك لە زیندانی کتێبەکان.. یاخود بەمانایەکی تر.. من و کتێبەکان بەشێك بووین لەو زیندانە تاریك و نسرمەی پێیان دەگووت کتێبخانە.. خەریکی هەڵدانەوەی لاپەڕەی کتێبەکان بووم.. ساتێکی سەیربوو کە لە نێوان لاپەڕەکانی کتێبێکدا ئەو چەند دێڕە کورتەم هاتە بەرچاو کە لەسەرەتای نووسینی ئەم چیرۆکەدا وەکو خۆی نووسیومەتەوە.. مێژووی لەچابدانی کتێبەکە بۆ رۆژگارێکی زۆر دوور دەگەڕایەوە.. بەشێکی زۆر لە وێنەو رستەکانی تاریکی شوێنەکە کاڵ کاڵی کردبوونەوە.. لەبەشێکی تری کتێبەکەدا.. لەنێوان دوولاپەڕدا کە پێدەچوو بەدەستی ئەنقەست لێکرابێتەوە دوو چڵە گیام بەرچاو کەوت.. دوو چڵە گیا.. کەوەك دوو عاشقی دوورەو پەرێزو پەراگەندەو شەرمن لە ترسی رووناکی هەڵهاتبوون.. ئای لەو کتێبە کۆنەو لەو دوو چڵە گیایە.. چەند خەیاڵێکی سەرسوڕهێنەر بوو.. خەیاڵی دووچڵە گیا کەبۆنی لەدایکبوونێکی ترو رۆژگارێکی تری لێدەهات.

- لەو کتێبە گەڕێ بادەستەکانت نەسووتێن..!!

بەپێچەوانەی قسەی سەرۆکی بەشەکەوە دەستەکانم ساردبوون.. سارد، ساردتر لەجەستەیەك کەبەفر دایپۆشیبێ.



کتێبەکەم لەشوێنی خۆیدا دانایەوە بەو نیازەی کە ڕۆژێکی تر سەیری بکەم و هەوڵبدەم وشەو ڕستە لەبیرکراوەکانی بخوێنمەوە.. سەرۆکی بەشەکە وەك ئەوەی دەستی نەخۆشێك بگرێت لەگەڵ خۆیدا بردمییە ژوورەکەی خۆی.. پاش کەمێك لەبێدەنگی پێی گووتم: دەتوانیت بڕۆیت، بەڵام هەوڵبدە جارێکی تر بیر لەو کتێبە مەکەرەوە..!.

پاش ئەوەی کەمێك هاتمەوە سەر خۆم، لە لێپرسراوی کتێبخانەکەمان پرسی:

- ئەتوانم بزانم نووسەری ئەو کتێبە کێیە..؟

نازانم، بەڵام ئەتوانیت ببیتە بەشێك لە خەیاڵی نووسەر.. ئەوە تەنها کتێبێکە کە بەرلەوەی ئاگر بدۆزرێتەوە نووسراوە، تۆ ئەتوانیت تەواوی بکەیت.. هەروەك چۆن بەرلەتۆش کەسانی تر هەبوون، بەڵام بۆیان تەواو نەکرا..! ئەو کتێبە بۆ ئەو کەسەیە کە دەتوانێ تەواوی بکات، ئەگەر چی کتێبەکە تەواوبوونی بۆ نییە..، ئێستا دەتوانیت بڕۆیت، هەروەکو پێشم گووتی هەوڵبدە جارێکی تر لێی نزیك مەبەرەوە..!.

کاتی ئەوە هاتبوو بڕۆم.. دەبوو زۆر زووتر لەوەی بیرم لێدەکردەوە ئەم شوێنەم بەجێبهێشتایە.. چونکە بۆ کاتێك دەگەڕام بە هێمنی بیر بکەمەوە.. بەهێمنی بۆ رابوردوو.. بۆ چەند ساتێك لە یادەوەرییەکانم .. بۆ ئەو ڕۆژانەی کە وەکو _با_ بەناو خەون و خەیاڵمدا تێدەپەڕین.


کە هاتمە دەرەوە بارانێکی بەخوڕ دەباری، شەقام چۆڵ.. کۆڵانەکان مات و خامۆش، بەتەنیا دەرۆیشتم.. بەڵام بۆ کوێ..؟! هەستم بەوە کرد کە دوا بوونەوەری سەرزەمینێکی لە بیرکراوم.. بوونەوەرێك وەك ئاو.. وەك با.. وەك زەنگێکی ناوەخت.. وەك تۆفان.. وەك مەنگی دەریا..، بۆ ماوەیەك کەنازانم چەندی خایاند بێ ئاگا لەخۆم ڕێگەم دەبڕی..، ئارەزوم بوو باران تەڕتەڕم بکات.. باران بمگەڕێنێتەوە بۆ یەکەمین دڵۆپە ئاوی ڕژاو.. بۆ سەرەتاکانی خەلیقەت.. بۆ ناو یەکەمین تیشکی ڕژاوی تاریکی..، دەڕۆیشتم و دەمزانی باران ناتوانێ ئەو ئاگرەی لە سینەمدایە خامۆشی بکات.. ئاگری یەکەمین حەرفی کتێبێك کە خانە بە خانەی جەستەمی لێوان لێو کردووە لە سیحری خەیاڵ.. بەبۆنی پایزی شەونمێك.. پایزی یادەوەری.. پایزی خەونێکی شیرین لەسەر کەشتی خەیاڵی منالی.. پایزی ڕوانین بەنێو دەروونی خۆمدا بۆ گەیشتن بە نیشانەکانی ئازار.. ئازاری ڕۆح.. ئازاری نووسینی کتێبێك کە هەرگیز تەواو نابێت و تەواوبوونی بۆ نییە.

باران دەبارێ.. باران بەبەردەوامی دەبارێ.. بەم نزیکانە خۆشناکاتەوە.. نازانم چەند دوورکەوتبوومەوە لە فەرمانگاکەم..



کاتێ دەنگی ئامبۆلانسێ رایچڵەکاندم.. بێ ئاگا ئـاورێکم لێدایـەوە.. لە ماوەیەکی کورتدا بەبەرچاوما تێپـەڕبوو.. ئامبۆلانسـەکە نـەجامی پێشەوەی پێوە بوو نە دەرگای دواوە.. هێندە بەخێرایی دەڕۆیشـت کـە بێجگـە لـە قـوڕو چڵپـاو هیچی تـری بەجێنەدەهێشـت.. ئـەوە یەکەمین ئامبۆلانسو دوا ئامبۆلانسی شەڕی ناوخۆ بوو کـە لـەو رۆژە باراناوییـەدا بینیـم..! روانینێك بەسە بۆ ئـەوەی لـە رووداوەکـان تێبگەین.. روانینێك بەسە بۆ خوێندنەوەی خوێـن.. روانینێـك بەسـە بۆ ئافاتی مەرگ.. ئامبۆلانسـەکە تێپـەڕی لـەدوای خـۆی چۆراوگـەی بریـن بەسـەر شـەقامەکاندا دەرژا.. سـەدای هـاوار تێکـەڵ بـەباران دەبـوو.. هـاواری شـۆفێرەکە کەبەدەستێکی بڕاوەوە سـوکانەکەی توونـد گرتیوو دەینالاند.. من ئـەو هـاوارەم ناسـییەوە.. ئـەوە نالـەو هاواری یەکەمین جەنگاوەری شـەڕی نـاوخۆ بـوو.. ئـەو کـوڕەی کـە دواجار سـەری خـۆی هـەلگرت و لـە دوای سالانێکی دوورو درێـژ بـۆ تەنـها یـەك جـار هـەواڵیم زانـی.. ئـەویش رۆژێـك بـەر لـە سـووتانی کتێبخانەکە هەواڵێکمان پێگەیشت..،لەراستیدا هەواڵەکە تایبەت بوو بـە لێپرسـراوی کتێبخانەکـەمان، ئـەو هەواڵـە بۆ ئێمـە بـووە مایـەی دڵخۆشی و بۆ ئەویش بووە مایەی دڵتەنگی و بێدەنگی و گۆشەگیری ..، هەواڵکە دەماو دەم دەهات..، وەك ئەوەی نهێنییەکی گەورە لـە ئارادا بێـت بەچرپـە باسـدەکرا.. رێکـەوت وابـوو ئـەو رۆژە تووشـی نەخۆشـییەکی سـەیر ببـووم، تەنـها خـۆم هەسـتم بـەو نەخۆشـییە دەکرد.. نەخۆشییەك جیاواز لە نەخۆشـییەکانی تـر.. لـەو ماوەیـەدا زۆر هەوڵمدا بچمە لای دوکتۆرێك، بەڵام تـرس و گومـان وایلێدەکـردم کە زۆر بە زوویی پەشیمان ببمەوە، پێشتریش هەستم بـەوە کردبـوو کە شتێکی سەیر بەجەستەما دێت و دەڕوا.. هەمان ئەو هەستەی کە بـۆ یەکـەمین جـار لـە رارەوە تـاریك و شـێدارەکەی کتێبخانەکـەدا رووبەرووم بویەوە.. هەسـتی کوێربـوون و تێپـەڕبوونی بۆنێکـی تـاڵ بەناو یەك بەیەکی دەمارەکانی جەسـتەمدا..، هـەوڵمدا خـۆم دوورەو پەرێز بگرم لەو هەواڵە..، بـەڵام چارەیـەك نـەبوو.. چونکـە دەبوایـە بـەو حیکایەتـەم بزانیایـە کـە چـەند سـاڵێك بـوو بـە تـەم و مـژی و شاراوەیی دەیانگێڕایەوە.. حیکایەتێك کە بـە جۆرێـك لـە جۆرەکـان ببووە ئەفسانە.. حیکایەتی کتێبێك کە بەرلـەوەی بنووسرێت تـەواو کراوبوو..!!.

لە پـەیوەندی نێـوان سـەرۆکی بەشـەکەمان و ئـەو کـوڕە تێنەدەگەیشتم، بەڵام هەستم دەکـرد لـە پـەیوەندی نێـوان بـاران و زەوی دەچێـت.. لـە پـەیوەندی نێـوان بـا و دووکـەڵ دەچێـت..، لـە پـەیوەندی نێـوان ئـاو ئـاگر دەچێـت..، لـەو رۆژەدا بـەهۆی ئـاژاوەو پشێوی شەڕەوە ژمارەی فەرمانبەرەکان بەرەو کەمبوونەوە دەچوو، هـەر بۆیـە لـەو رۆژەدا مەگـەر چۆنـها فەرمانبـەرێکت بدییایـە لـە



ژوورەکەی خۆیدا..، لە ناکاو وەکو ئەوەی پایز لەدەرگا بدات، کەسێك بە روخساری خۆڵاوییەوە دەرگای هۆڵی کتێبخانەکەی کردەوە..، لە دوای کەمێك روانین لەسەر کورسییەکی بەتاڵ دانیشت..، بەبێدەنگی لێی نزیك بوومەوە لەسەر کورسییەکەی بەرامبەری دانیشتم..، بێئەوەی سەیرم بکات پێی گوتم:

+ رەنگە ئەمە دواجار بێت بێمە ئێرە، بەڵام پێم باشترە ئەو پیاوە نەمناسێت..!

- بەڵام ئەو پیاوە دەمێکە چاوەڕوانی تۆ دەکات..!!

+ ئەو چاوەڕوانی تەواوبوونی خۆی دەکات..!

- رەنگە ئێمەش هەروابین بەڵام بەجۆرێکی تر..!

لە ناکاو هەستا بڕوات.. لەشوێنی خۆم هەستام و تاوەکو بەردەم دەرگای هۆڵەکە رۆیشتم.. لە ئاوڕدانەوەیەکدا پێم گوت:

- دەتوانی تاوێکی تر چاوەڕێ بکەیت تاوەکو ئەم بارانە خۆشدەکاتەوە.

بەرلەوەی بە پلیکانەکەدا بچێتە خوارەوە ئاوڕێکی خێرای لێدامەوەو پێی گووتم:

+ ئەو پیاوە حیکایەتەکەی پێ تەواو نەکرا، دڵنیام بەتۆش تەواو ناکرێ..!!

لەو خەونە راچڵەکیم..، بەڵام پاش ئەوەی کە هەستم کرد پیرترین کەسی ئەم دنیایەم.. لە شوێنی خۆمەوە دەستم درێژ کرد بۆ چەکمەجەی مێزەکەم.. لەتە ئاوێنەیەکم دەرهێنا.. هەستم کرد لەنێو روونی ئاوێنەکەدا بۆنێك دێت..، بۆنی پیاوێك کە هەرگیز ناتوانیٚ بە تەنها خەونێك لە ئەفسانەیەك تێبگات کە لەبیرکراوەو لەبیر دەکرێت..، ماوەیەکی زۆر لە شوێنی خۆمدا بەبێدەنگی دانیشتم..، بایەکی سارد لە درزو کون و کەلەبەری دیواری شێدارو پەنجەرە شکاوەکانەوە دەهاتنە ژووریٚ.. جیاوازییەکی گەورە هەبوو لە نێوان بای ساردی دەرەوەو خەیاڵی گەرمی مەراقمدا..، هەربۆیە هەستم بەو تۆفانە نەدەکرد کەلەو دیو خەیاڵی تەنیایی خۆمەوە هەموو شتێکی رادەماڵی.تۆفانی ئەو مناڵانەی بە درووشمەکانی دەستیانەوە بەرەو نادیار دەڕۆیشتن. لە پەنجەرەیەکی تەم لێنیشتووەوە کە دەیڕوانی بەسەر شەقامە گشتییەکەدا ئەو دیمەنە سامناکەم بینی. دیمەنی ئەو مناڵانەی کە بێجگە لە خەمی دنیا دەبێ خەمی سیاسەت و شەڕی گەورەکان هەڵگرن.. ئەو دیمەنە چەند ترسناك بوو، بەڵام لە رێوڕۆیشتنیاندا بەژێر بارانە بە خوڕەکەدا وەکو پۆلیٚ کۆتری تەڕ دەهاتنە بەرچاوم.، پۆلیٚ کۆتر..، بەڵام برسی.. ماندوو.. باڵ شکاو.. هەناسە سارد..، لێپرسراوی کتێبخانەکەمان پێی گووتم:- شەڕی گەورەکان کۆتایی نایەت..، تۆ بڕوانە منداڵەکان چەند ماندوون..!.




زۆر بەکەمی لەبەردەم پەنجەرەیەکدا راوەستاوم، لە بیریشم نایەت کە رۆژێك لەرۆژان یادەوەرییەکم هەبێت.. چونکە دەمزانی پەنجەرە جگە لە کارەساتی تاڵ و جەرگبڕ هیچی تر بەجێناهێڵێ. دنیا لەودیو پەنجەرەوە شتێکی ترمان پێدەڵێت..، شتێك لە سکون.. لە نائارامی.. لە شێتبوون..، ئەو رۆژانەی کە بۆ یەکەمین جار هاتمە ئەم شوێنە دیمەنی پەنجەرەکان بە وردی سەرنجی راکێشام..، پێدەچوو سالانێك بێت – با_ یەکی پیا تێپەڕ نەبووبێ، یاخود رووناکی لێی نەدابێت..، یان رەنگی شەوو شینایی ئاسمانی نەدیبێت..هەروەك ئەو مندالانەی کە ئێستا رەنگ و روویان پێوە نەماوە، لە هەمووشی سەرنجراکێشتر دیمەنی ئەو منداڵەبوو کە لە دواوە دەڕۆیشت و تفەنگێکی لە تەختە دروستکراوی پێبوو..، بە جۆرێك دەڕۆیشت وەك ئەوەی کۆمەڵێ دیلی پێش خۆی دابێت، هەندێجار هاواری دەکردو هەندێجاریش بە خەیاڵ تەقەی لە ئاسمان دەکرد، ئاگام لێبوو کە گەیشتنە بەردەم پەنجەرەی کتێبخانەکە من و لێپرسراوی کتێبخانەکەی بەرچاو کەوت، ئەو بە خێرایی لە پەنا بەرمیلێکی نەوتی بەتاڵدا خۆی شاردەوەو وەك ئەوەی بۆ بۆسەیەك دانیشتبێ نیشانەی لە ئێمە دەگرتەوە..، لەگەڵ هەرنیشانەیەکدا هاوارێکی دەکرد.. هاواری خۆشییەك وەك ئەوەی پێمان بڵێت گوللەکانی من بە هەدەر ناچێت..، لەو دەمانەدابوو کەمن بەدەم خەیاڵی ئەو منداڵەوە پێدەکنیم، لێپرسراوی کتێبخانەکە پێی گووتم:

- ئاگاداربە.. لێرەوە شەڕی راستەقینە دەست پێدەکات..!!.

+ دەزانم..، بەڵام دڵنیام ئەوان شەڕەکە دەبەنەوە..!!.

ئێمە لەبەرپەنجەرەکەدا راوەستابووین وەك ئەوەی چاوەڕوانی شتێك بکەین، بەجۆرێك راوەستابووین لە دوو پەیکەر دەچووین کە لە ناو شووشەیەکدا مۆمیا کرابین.


پایز بوو چەند مانگێك بەرلەوەی شەڕی ناوخۆی کوردەکان دەستپێبکات بۆ تەنها جارێك ئەو جەنگاوەرە بچووکەم بینی..، ئەوکات لە بازاری ئاسنگەرەکاندا شاگردی پیاوێك بوو کەلە شورشی رزگاری خوازی دا دوو کوڕی بە دیلی گیرابوون و پاشان لە زیندانەکانی موسڵ و ئەبوغرێبدا لە بەرەبەیانێکی زوودا لە سێدارە درابوون، لە دوای ئەو کارەساتە ئەو پیاوە جگە لە بێدەنگی هیچی تری بۆ نەماوەتەوە..، وەکو دراوسێ دوکانەکان دەیانگووت..، جارجارە دەنگێك دێت.. دەنگێك لە دەنگدانەوەی هیچ کانزایەك ناچێ.. پێدەچێ ئەو دەنگە هاوارو سەدای دڵی بێت.. دڵێك بێجگە لە بەردبوون هیچی تری بۆ نەماوەتەوە. ئەو دوکانە جێگەی خەوتن و جێگەی خەڵوەتی بوو.. جێگەی گریان و جێگەی بێدەنگی بوو.. هەندێجار بە چەکوشەکەی دەستی یاری بە ئاسنەکان دەکرد، بەڵام بێئەوەی ئاگای لەخۆی بێت وەکو ئەوەی یاری بە ئازارەکانی



بکات.. ئازارەکانی رابوردوو.. ئەو ئازارانەی تا ئەو رۆژەی بە پارچە ئاسنێکی سورەوە کراو زمانی پێسووتاندو چاوەکانی پێ کوێر کرد لە بیری نەدەچوونەوە، ئەم رووداوەش لە نیوەشەوێکی درەنگدابوو ئەو کاتەی کە هەواڵی ئەوەی پێگەیشت کە کۆنترین کتێبخانەی شار بە ئاگری شەڕی کوردەکان ئاگری گرتووە. دوکانەکە لە گۆشەیەکدا بوو کە بەدیوی ئەودیودا دەچووە سەر بازاری دارفرۆشەکان،کە ئەو بازارەش لە ئێوارە وەختێکدا ئاگری گرت کە ئەو کات حکومەت ناچار بوو لە شارەکانی ناوەراست و خوارووەو پیاوانی ئاگر کوژێنەوەو ئوتومبێلی فریاگوزاری بنێرێت بۆ خامۆشکردنی ئەو ئاگرەی کە هیچ کەسێك نەیزانی کێ لە پشت ئەو ئاگرەوە بووە، بەلام ئەوانەی دوورو نزیك ئاگرەکەیان دیبوو دەیانگووت، حکومەت دەستی هەبووە بۆ ئەوەی بە یەکجاری شارێك بکات بە سوتماك، بەڵام دواجار پەشیمان بووەتەوە، چونکە زۆربەی بەرژەوەندییەکانی دەبوونە خۆڵەمێش، هەندێکی تر دەیانگووت، حکومەت هەستی بەوە کردبوو کە ئەو شوێنە بووەتە مایەی جموجۆڵی سەیرو لە ناکاوی پارتیزانەکان بە تایبەتی کەلەو ماوەیەدا زیانێکی زۆر بە پیاوانی رژێم دەگەیشت، بە هەرحاڵ هەریەکەو بەجۆرێك قسەی لەو روداوە دەکرد، تەنها ئەو ئاسنگەرە نەبێت کە دواجار وەکو شایەتحاڵێکی تەنها بەجۆرێکی تر ئەو رووداوەی دەگێڕایەوە، بەڵام پاش ئەوەی کە بەزۆر دوای چەندین رۆژ زیندان و ئازاردان بەڵێنی ئەوەیان لێوەرگرت کەحاشا لەو دوو کوڕەی بکات، ئەگەر چی پاش ئەو بەڵێنەش لە بەرەبەیانێکی زوودا تەرمی هەردوو کوڕەکەی لە حەوشەی مزگەوتێکدا فرێدرابوون، پاش ئەوەی کە نامەیەکیان دابووە دەست مجەوەرەکە..، لەو نامەیەدا نووسرابوو(( ئەمە چارەنووسی خائینەکانە، گوێمان لە دەنگی گریان نەبێت، پرسە بۆ ئەم جانەوەرانە قەدەغەیە، ئاگاداری هەموو جموجۆڵێکتانین..!!)).

لەو رۆژەدا تەنها کەسێك کە فریای کەوت و تەرمەکانی بە بێدەنگی لە گۆڕستانێکی دوورە دەستی شاردا شاردەوە لێپرسراوی کتێبخانەکەمان بوو، کە تا ئەو رۆژەو پاش چەندین ساڵ کە وشەیەکیان لەگەڵ یەکتریدا نەبووە بە هانایەوە چووە، ئەگەر چی ئەم بەدەنگەوە هاتنە هیچ کاریگەرییەکی نەبوو لەسەر ئاشتبوونەوەی ئەو دوو برایە، هەروەك دەیانگێڕایەوە کە تەنها لە باوکەوە برای یەکترن..، ئەگەر نا لێپرسراوی کتێبخانەکەمان تا ئەو دەمەی کە بۆ یەکەم جار تەرمەکانی بینی بڕوای بەوە نەدەکرد کە جەستەیەکی ساردوسڕ رەنگی ئاگری گرتووەو لە نێوان لێوەکانیانەوە بۆنی بایەکی کوشندەئەو بەیانییە سپییە پڕ دەکات لە بۆنی خۆڵ، ئەوە یەکەم بەیانی بوو کە ئەو دوو برایە یەکتری تیا ببینن..، دوو برا مەگەر تەنها مەرگ کۆیان بکاتەوە، بەڵام چی





دەکەیت مەرگ وشەیەکی نییە، ئەو رۆژە مردو شۆرەکە هەستی بەوە کرد کە ئەو دوو برایە تا ئەوپەڕی نائومێدی خوێن ساردن بەرامبەر بە یەکتری..!!.

ئەو رۆژە چوار کەس.. تەنها چوار کەس بە ناو با یەکی سپیدا تێدەپەڕین.. با یەك وەك پشکۆ بەناو ئێسقاندا تێپەڕێ.. با یەك کەبۆنی کۆتایی هەلگرتووە.. با یەك جارجارە بەفری لەگەڵ خۆیدا دەهێناو جارجارەش رووناکی.. ئەو بەیانییە هەموو شار نووستبوون تەنها ئەو دوو تەرمە بە خەبەر بوون..!.

لە دوورەوە چرایەك بە کزی دەسووتێت..ئەوە تەنها رووناکاییەك بوو لە پەنجەرەیەکی ژووری زێوانەکەوە دەڕژایە ناو تەمی ئەو بەرەبەیانییە.. هێشتا ئاسمان تاريك ولێڵ بوو کاتێ تەرمەکان گەیشتنە نزيك گۆرستانەکە.. دوو براکە لە پیکابەکە دابەزین.. لە دوای کەمێك رامان لە دەورووبەريان بۆ جێگەیەك دەگەڕان تەرمەکان بشارنەوە.. لە ماوەیەکی کورتدا زۆربەی گۆرستانەکە گەڕان.. جێگەیەکیان شك نەدەبرد.. لە پاش کەمێك پیاوێك کەلە شەبەنگی بەیانی دەچوو بە باوەشێ رووناکییەوە دەرکەوت.. بەرلەوەی لێیان نزيك بێتەوە پێی گوتن: من ناسری زێوانم، ئێوە بگەڕێنەوە من خۆم تەرمەکان دەشارمەوە.. بێئەوەی هیچ بلێن بە پەلە تەرمەکانیان لە پشتی پیکابەکە داگرت.. مجەورەکە بە ناسری زێزانی گووت: ناسر وریابە نیشانەیەك لەسەر گۆڕەکان دابنێ..، ناسر کە تەرمی کوڕە بچووکەکەیانی لە باوەش گرتبوو بە مجەوەرەکەی گووت: ئەمە یەکەم جارم نییە.. تۆ ئاگاداری ئەو دوانەی تر بە..، بە چاو ئاماژەیەکی بۆ دوو براکە کرد.. کە تا ئەو کاتەی گۆرستانەکەشیان بەجێهێشت ورتەیەکیان لە دەم نەهاتە دەرێ. لێپرسراوی کتێبخانەکەمان کە تاوەکو ئەم ساتەوەختەش نەیدەزانی گریان چییە بێ ئاگا لەخۆی دایە پرمەی گریانێکی بە کوڵ، بەلاّم گریانێك لە ناخی دڵەوە.. بۆ چەند ساتێك لە تەرمەکانی روانی کە لەسەر ئەو زەوییە ساردەی دوارۆژەکانی زستان راکشابوون وەکو یەکەمین دوو چڵە گیا کە لە ناو تاریکایی خاکەوە سەريان دەرهێنابێ دەهاتنە بەرچاوی.. دوو چڵە گیا کە دواجار بوونە دەستنووسی حیکایەتێکی لەبیرکراو.

ئیحساسێك لە با ناسکتر ئەوناوەی داپۆشیبوو.. ئیحساسی (سورەییا) کە تەنها کەسێك بوو لەوديو پەنجەرەی ژورەکەیەوە سەيری ئەو دیمەنەی دەکردو بەبێدەنگی دەگریا.. ئیحساسی گەرمی دڵی کچێکی تەنیا کەبەرلەوەی کوڕە گەورەکەیان لە سێدارە بدرێت بۆ چەند جارێك لە نێوان کێلی داروخاوی گۆرستانەکەدا چاوە هەنگوینییەکانی ماچ کردووەو دڵی پڕ ترس و گەرمی لە نێوان دەستەکانیا بەجێهێشتووە. ئەو دەستانەی کەبۆنی ئەوینیان گرت

که دواجار تاوەکو ئەو ڕۆژەی بەشووشـەی شکاوی پەنجەرەی ژوورەکەی شا دەماری خۆی بڕی ئەو بۆنەی لێنەبوویەوە.. ئەو بۆنەی تێکەڵ بە ئاو.. بە با.. بە خوێن بوو.. ئەو بۆنـەی تێکـەڵ بـە ئەوینێکی راستەقینە بوو.. تێکەڵ بـەرەنگی گوڵەکان .. تێکـەڵ بـە ئاسمان بە ئەستێرەکان بوو.. ئەو بۆنەی تێکەڵ بە بۆنی باو رەنگـی ئاگر بوو. ئەو بۆنەی کە ناسری زێوانی سەرمەست کردبـوو.. هـەموو جارێك دەیگووت: بۆنێك دێت لە بۆنی مردوان ناچێ.. دوایی لـەدوای ساڵانێکی دوورو درێـژ ئەو تەنها کەسێك بوو لـە ژووره بـە پارچـە تەنەکە درووستکراوەکەی پەیوەندی نێوان ئەو دوانـەی رێکدەخست تاوەکو هیچ کەسێك بـە نـهێنی نێوان ئـەو دوو دڵـداره نـەزانێ.. بـە تایبەتی باوکی سورەییا کە ئامادە بوو لـە پێنـاوی مانـەوەی خۆیـدا بێ هیـچ دودڵییـەك کچـە تاقانەکـەی بداتـە دەست پیـاوانی ئـەمن و ئیستخبارات.. کە بۆ خۆی ئەو کات یـەکێك بـوو لـەو کەسانەی کـە حکومەت زۆر متمانەو باوەڕی پێی هەبوو چـەند جارێك بـەهۆی ئـەو کارانەی ئەنجامی دابوو خەڵاتی تایبەتی وەرگرتبوو. سورەییا هەموو ئەم شتانەی بۆ ناسری زێوان گێڕابوویـەوە، بـەڵام هـەروەك خۆی دەیگووت کە دڵی نایەت ئـەم چیرۆکانـەی باوکی بۆ ئـەمیری دەلاك بگێڕێتـەوە نـەبادا لێـی سـارد بێتـەوەو بـە جێـی بـهێڵێ و لێـی دووربکەوێتـەوە..، یـاخود دەیگووت دەترسم توشـی بەڵایـەك بم، چونکە دەزانم کەس باوکی منی خۆشناوێت. سورەییا راستی کرد رۆژگار چارەنووسی دەردەدارو گرفتار کرد. چارەنووسێك مەگـەر تەنها ناسری زێوان بتوانێ ئەو حیکایەتەمان بۆ بگێڕێتەوە.

ئەو رۆژە تەرمەکان بە بێ پرسـەو گریان بـەڕێوە چوو، لێپرسـراوی کتێبخانەکەمان ئەو شەوە لە ناو ترسێکی کوشندەدا دەژیا، ترسێك کە ئەو شەوە ببووە وەحشەتێکی گەورەو لە خەیاڵی نـەدەبووەوە.. ترسی براکەی کە تاوەکو ئەو رۆژە وەها بەو بـێ ورەییـە نـەیدیوە.. هەستی دەکرد ئەو بێدەنگییـەی کارەسـاتێك دەقـەومێنێ.. ئـەو لەبەرخۆیەوە دەیگووت، من دەزانم نهێنییەکی لە گیانیا حەشارداوە، نهێنییـەك کـە رەنگـە بـۆ دواجـار بنەماڵەیـەك مـەحف بکاتـەوە، هەندێجاریش دڵی بەوە دەدایـەوە کـە ئەستەمە کەسێك بتوانـێ لـە بەرامبەر کارەساتێکی وەهادا وشەیەك بدرکێنێ، ئەو شەوە درێژترین شەو بوو.. لە دوای ساڵێك لێپرسـراوی کتێبخانەکـەمان مجەورەکـەی بینیبوو باسی ئەو شەوەی بۆ کردبـوو پێی گوتبـوو، دەترسام ئـەو شەوە رۆژ نەبێتەوە.. ئـای چـەند بـە سـەختی تێپـەڕی !!، پاشان هـەواڵی ناسـری زێوانـی پرسیبوو، مجەورەکـە پێی گووتبـوو، مـن ئاگاداری نیم و هیـچ هـەواڵێکی نـازانم.. لــە دواییـا لەبەرخۆیـەوە گوتبـووی، هـەردووکمان یـەك کـارو یـەك پیشـەمان هەیـە، کـەچی کـەسمان ئاگامـان لـە یـەکتری نییـە.. دەبـێ یـەکێکمان چـاوەڕوانی



ئەویترمان بکەین، بەلأم لەوە دەچێ هەردووکمان لە یەك چاوەڕوانیدا یەك بگرینەوە..!.. چاوەروانییەك کە رەنگە کەسمان پێشبینی ئـەو رۆژە رەشـە نەکـەین.. لـە دوای سـالأنێکی دورو درێـژ لێپرسـراوی کتێبخانەکەمان بـۆی دەرکـەوت کـە مجەورەکـە چ درۆیـەکی لەگـەڵدا کردووە.. چونکە دەمەوئێوارەیـەك ئەوکاتـەی کـە تـەنیایی هـەناوی دەخوارد.. هات بە خەیاڵیدا کـە سـەردانی گۆڕی برازاکـانی بکـات.. ئەو رۆژە وەکو عادەتی رۆژانـەی بـە هیـچ کەسێکی نـەگووتبوو کـە بـەرەو کویێ دەڕواو لـە چ کـاتێکدا دەگەڕێتـەوە..، سرووشتی ئـەو پیاوە هەروابووە وەکو با دەرۆیشت و وەکـو سـەراب دەردەکـەوت.. کۆڵانەو کۆلأن دەرۆیشت.. لە ماوەیکی کەمدا بێئەوەی بەخۆی بزانێ بەبەردەرگای مـالّی سورەییادا تێپـەڕی.. هەستی بـەوە نـەکرد کـە جارێکی تر سورەییا پەردەی پەنجەرەکەی لاداو ئەو رۆژەی هاتـەوە یـاد کەسالأنێك لەمەوبـەر ئـەو پیـاوە هـەمان خـەیالأتی هـەبوو.. لەبەرخۆیەوە گووتی، دەبـێ قسـە بکـەم، دەبێ ئـەو پیـاوە هـەموو شتێك بزانێت..!!.

ئەو پیاوە هیچـی نـەزانی، چونکـە ئـەوە دوا بینـین بـوو لـەو ئێـوارە باراناوییـەدا.. ئێوارەیـەك کەتەنـها بـاران دەتوانـێ ئـەو حیکایەتـە بنووسێتەوە...!.

بۆنی با..تۆفانی وشەکان

((پیر دەڵێت :


بنووسە! هەرچیت دەوێت بینووسە، نامە، بیرەوەری رۆژانـە، یـان تەنانـەت ئـەو یاداشـتانەی کـە لـەوتوووێژی تەلەفونێکـەوە کـە هەڵیدەگریت بینووسە_ تەنها بنووسە!.

بەنووسین لـە خـواو لـە خـەڵکی نزیك دەبیتـەوە، گـەر دەتـەوێت بگەیت بە درکێکی باشتر لەمەڕ پێگەی خۆت لە جیهاندا، بنووسـە. هـەولبدە حـەزت لـە نووسـین بێـت، تەنانـەت ئەگـەر هیـچ کەسـێك وشەکانیشت نەخوێنێتـەوە_ یـان لـەوە خراپـتر، ئـەو شتانەی کـە نەتدەویست بخوێندرێتەوە، کەسێك بیخوێنێتەوە.

نووسین یاریدەمان دەدات سەروسامان بـە بیروبۆچوونمـان بدەیـن، ئەوشتانەی لە چواردەورمانە بەروونییەکی زیاترەوە ببینین.

پێنـووس و کاغـەز موعجیزە دەکـەن، ئازارەکـان سـووك دەکـەن، بـەرگی کـردەوە دەکـەن بەبـەری خەونـەکانمانداو ئومێـدە لەدەستچووەکان زیندوو دەکەنەوە.. وشە دەسەلأتی هەیە)).کتێبـی مەکتووب


لەناو بادا وشە هەیە.. لەناو رووناکیدا وشە هەیە.. لەناو خاکدا وشـە هەیە.. لەناو تۆدا وشە هەیە،بۆ ئەوەی رۆژە خۆشەکانمان بێتەوەیاد پێویستە بچینـە بـەرباران.. رۆحمـان پڕبکـەین لـە درەوشـانەوەی ئەستێرە.




بۆ لێپرسراوی کتێبخانەکەمان بەردەوام زەمەنێك هەبوو لە دەرەوەی ئەو زەمەنەی تیایدا دەژیا..، ساتێك هەبوون کە سەدای دەنگێك لەدەرەوەی بوونی خۆی بانگی دەکردو وشەبارانی دەکردو گیانی پڕ دەگرد لە نەمری..، ئەو هەرکاتێك بیرکردنەوە ماندووی دەکرد لەبەردەم پەنجەرەیەکدا رادەوەستاو لە سکێچێك دەچوو لە بەرامبەر کۆنترین کتێبدا راوەستابێ.

چەند رۆژێك دوای ناشتنی تەرمەکان ویستی(( ئەگەر)) بۆ تەنها جارێکیش بێت سەردانی براکەی بکات، هەرچۆنێك بوو دەرفەتێکی بۆ رەخسا..، یان باشتر وایە بڵێم هەلێکی بۆخۆی قۆستەوە کە بڕیاری ئەوە بدات بچێت براکەی ئاشتکاتەوە..، گەرچی ئەو بڕیارە بۆ ئەو ئەستەم بوو، چوونکە لەو رۆژەدا پیاوانی رژێم چاودێری هەموو ئەو کەسانەیان دەکرد کە هاتووچۆی ماڵی ئاسنگەرەکەیان دەکرد..، لێپرسراوی کتێبخانەکەمان پێی گووتم: زۆرم پێناچێ.. ئاگات لە کتێبەکان بێت..!. ئەو رۆیشت و من و کتێبەکان بە تەنیا ماینەوە.

بۆ چەند رۆژێك دەبوو شار بۆنی دووکەڵ و خۆڵەمێشی لێدەهات، ئاسمانی شار بە شێوەیەك رەنگی کاڵ ببوەوە وەکو ئەوە وابوو کە تاوێکی تر خۆر دەگیرێ و گەردوون دەبێتە شەوەزەنگ، لەودیوو پەنجەرەی خەیاڵاتەوە بە وردی لەو خەڵکانەم دەڕوانی کە وەکو پووشی دەم با دەهاتن و دەچوون.. لەناکاو گەردەلوولێك هەڵیکرد.. ئافرەتیکم بینی گەردەلوول منداڵەکەی لەدەست رفاند..((ئێستاش زۆرجار ئەو ئافرەتە دەبینم لە ئاسمان دەڕوانێ و بۆ منداڵەکەی دەگەڕێ..))، دنیا تۆفانی با رایدەماڵێ و گوێم لە کەوتنەخوارەوەو هاڕەکردنی شتێك بوو.. شتێك وەك دەنگدانەوەی دڵێکی شکاو.. شتێك وەك ئەوەی دنیا ئیدی کۆتایی هاتووە.. لەناو ئەو گەردەلوولەدا کەوەك تاریکی هەموو شتێکی دادەپۆشی لەناکاو دەرگای هۆڵی کتێبخانەکە کرایەوە.. بەخێرایی بەرەو رووی دەرگاکە چووم.. تاوەکو فریای متێبەکان بکەوم.. دەستێکی خوێناوی شانی گرتم (( فریام کەوە))، هاواری ئەو پیاوە خوێناوییە لە دەنگی ئەو کتێبە دەچوو کە دەستێکی غەریب لاپەڕەکانی هەڵداتەوە..، هەرچەندە بۆ ئەو ساتە وەختە سەرم گێژی دەخواردو دنیام بەلێڵی دەبینی.. باوەشم پیاکردو بەرەو هۆڵەکە رامکێشا.. ئەو منی نەناسییەوە.. بەلام من هەر زوو ئەوم ناسییەوە.. ئەو کەسە، ناسری زێوان بوو، کە بەرلەوەی گەردەلوول هەڵبکات بە جەستەی بریندارەوە کە ئاسەواری شوێن گوللەی پێوەبوو شکست و هیلاك لە گۆرستانەکەوە خۆی گەیاندبووە ئەم شوێنە.. پێدەچوو رێکەوت ئەو پیاوەی فرێدابێتە ئێرە..! وە رەنگە پێشتر پرسیاری جێگەو رێگەی منی کردبێ..! یاخوود لەوانەیە ئەو پیاوە تەنها باوەڕی بەمن





هەبووبێت.. !هەموو ئەم پرسیارانە دژوارترین ساتە کوشندەکانی من بوون.. ئەشێ تەنها باوەڕبەخۆبوون بەس بێت بۆ ئەوەی دنیا ببەیتەوە.. بۆ من ئەم ساتە گرانترین تاقیکردنەوەی ژیان بوو کە هەرگیز باوەڕم نەدەکرد بەم شێوەیە ڕووبەڕووی ببمەوە.. بۆ من ئەم ساتە بڕیارێکی قورس بوو.. بەڵام بڕیاریش هاوشانی باوەڕەو بڕیارمدا ژیانی ئەم پیاوە بە دەست بێنمەوە.. بەڵام ئێستا من چیم پێدەکرێ لە بەرامبەر نەزیفی خوێنێکدا کە وەستانی بۆ نییە.. ! نەزیفی خوێنێك کە وەك باڵدارێکی بریندار کەوتوەو لە ناو خوێنی خۆیدا گەمەی فڕین دەکات.. لەناو ئەو خوڵبارانەدا کە ئاسمان ڕەنگی مردنی گرتبوو.. لە خوێنی ڕژاوی ناسری زێوانەوە بۆنێك دەهات کە دنیای پڕدەکرد لە خۆشبەختی و ڕووناکی.. بەدەم ئازارەوە وەك ئەوەی ساڵانێك بێت لە خەونێکی خۆشدا بێت چاوەکانی لێکنابوو.. ئەو چاوانەی کە ڕەنگی بارانی گرتبوو.. من ڕەنگی ئەو چاوانەم لەکاتی ناشتنی تەرمەکاندا بینی.. ئەو چاوانەی هەمیشە دەگریان، بەڵام بێئەوەی کەسێك هەبێت فرمێسکێکی ببینێ.

ناسری زێوانم بەبرینداری لە هۆڵی کتێبخانەکە شاردەوە، ئەو شوێنە تەنها جێگەیەك بوو کە هیچ کەسێك نەیدەتانی گومانی ئەوە بکات کەسێك بە برینداری لەوێدا شاردراوەتەوە، تەنانەت تا ماوەی چەند ڕۆژێکیش تائەو کاتەی وردە.. وردە برینەکان بەرەوە سارێژبوون دەچوون لێپسراوی کتێبخانەکەمان ئاگادار نەکردەوە..، تاوەکو بەیانییەك خۆی هەستی بەوە کرد کە بۆنێك دێت جیاوازە لە بۆنی کتێبەکان..، لێپرسراوی کتێبخانەکەمان نەك تەنها بۆنی کتێبەکانی دەناسییەوە، بەڵکو بۆنی وشە بە وشەو ناونیشان و ڕستە بە ڕستەی کتێبەکانی وەکو بیرەوەرییەکانی خۆی دەناسییەوە..، ئەم ڕووداوە پاش ئەوە بوو کە هەواڵێك بە چرپەو بە بێدەنگی بە ناو شاردا بڵاوبووەوە کە ناسری زێوان باوکی سورەیای کوشتووە.. هەواڵەکە دەماودەم بڵاوبببووەوە، بەڵام کەسێك نەبوو بزانێ چۆن و بە چ شێوەیەك ناسری زێوان باوکی سورەیای کوشتووە.. !.


بەدرێژایی ئەو ڕۆژانەی بە نهێنی برینەکانیم سارێژ دەکرد، بەردەوام لەناو ترس و دڵەراوکێیەکی سەیردا دەژیام.. ترس و دڵەراوکێیەك کە هەرگیز لەوەوپێش هەستم پێنەکردبوو، بەڵام گەردەلوولی ئەو چەند ڕۆژە بوو بە فریادرەسێك بۆ ژیانی ئەو، چونکە لەو ڕۆژانەدا هەرچییەك ڕوویبدایە هۆکارەکانیان دەگەڕاندەوە بۆ کارەساتی گەردەلوولەکە، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ترس لە گیانم نەدەبووەوە، من دەمزانی دۆزینەوەی تەنها برینێك بەس بوو بۆ ئەوەی دنیا ببێتە دەریایەك لە خوێن، هەرچۆنێك بوو لەدوای

ماوەیەك لەو شوێنەی کەرووناکی تێنەدەکەوت ناسری زێوانم دەربازکرد، بەڵام بۆ کویێ..؟ حیکایەتی ئەم دەربازبوونە تەنهاو تەنها سورەییا دەیزانێ..! پاش ئەوەی کە ناسری زێوان پێی گوتم: من ئەو کارەم تەنها لەبەرخاتری ئەمیری دەلاك ئەنجام داوە..، بەزەردەخەنەیەك کە ئازاری برینێکی قوڵی پێوەدیاربوو بەجێی هێشتم..، ئەو ڕۆیشت دواتر هیچی نەگوت. من گەڕامەوە بۆشوێنەکەی خۆم سەیرێکی ئەو کتیبە ئاگرینەم کرد کە ئاسەواری چەند پەڵە خوێنێکی لەسەر بوو..، پێکەنینێکی سەیر دایگرتم.. لەبەرخۆمەوەگووتم: ئەم تۆفانە کۆتایی نایەت.. ژیان لێرەوە دەست پێدەکات..!.

ئێوارەیەك کە خۆڵ بەباوە دەباری دەرگایەك لە ناوختا کرایەوە.. دەرگاکە بەشێوەیەك کرایەوە کە سورەیای لە خەونێکی قوڵ ڕاچڵەکاند، ئەو ڕاچەنینە سەرەتای هەڵکردنی گەردەلوولە گەورەکە بوو.. سەرەتای ئەو ڕووداوە بوو کە هیچ کەسێك چاوەڕوانی نەدەکرد، دەرگاکە دادەخراو دەکرایەوە.. دەکرایەوەو دادەخرایەوە، باکە خێراتر هەڵیدەکرد.. تۆزو خۆڵ زیاتر پەنجەرەکانی دادەپۆشی.. ئەو ئێوارەیە هیچ شتێك دیارنەماو بە چاوی ئاسایی نەدەبینرا..، تەنانەت چرای هەڵکراوی ناسری زێوانیش وەك خۆرو مانگ ئاوابوو.. سورەییا نەیدەزانی ئەوەی ڕوودەدات خەونە یان ڕاستییەکی بەرجەستەکراو، بەڵام ئەوەی دەزانی خەونی ئەو دوا نیوەڕۆیەی دۆزینەوەی نیشانەیەکە بۆ هێنانە دی خەونەکانی.. خەونێك کە بۆ هەمیشە دەبێت تەنیا بێت و لەم سەرزەمینە بەرینەدا دەبێتە تاقانەترین بوونەوەری دنیا..(( کەوتبوومە ناوەراستی دەریایەك، بەڵام دەریایەك لە بەرد، دەمویست بگەمە تروسکەی ڕوناکاییەك کەلەو پەڕی دنیاوە بەحاڵ دیاربوو، بەڵام هیچم پێنەدەکراو بەتەنیا دەگریام، دەگریام و فرمێسکەکانم دەبوون بەبەرد، لەشوێنی خۆمدا هیچم پێنەدەکرا تەنها دەگریام، هیچم بۆنەمابۆوە هەردەگریام، هەردەگریام وتاوەکو بەرد دایپۆشیم.. بەرد هەموو دنیای داپۆشی، ئەوە بۆدواجار بوو ڕووناکی ببینم، من ئیتر ڕووناکی نابینمەوە))، بەدەم گریانەوە لەوخەونە سەیرە ڕاچڵەکی، ناسری زێوان کەئەم خەونەی سورەیای بۆگێڕامەوە دەیگوت، بەدەم گریانەوە لەوخەونە سەیرە ڕاچڵەکیبوو، سورەیا دەیگوت، نەمدەزانی چی بکەم، بەڵام ئەوەی هەستم پێدەکرد شتێك کەلەدرەوشانەوەی ئەستێرە دەچوو بەناو ژوورەکەمدا.. لەنێوان ئەلبومەکانمدا، لەبەر ئاوێنەو مێزی ئارایشتەکەمدا بڵاو بوبۆوە، ئەو شەوە ژوورەکەم ڕووناکترین ژووری دونیابوو، بۆبەیانی کەڕۆژ بۆوە، نەمدەزانی بەکێ بڵێم کەژوورەکەم پڕبووە لەمرواری..! .سورەیا دەیگوت: باوکم لە ژوورەوە مەرگ دایپۆشیبوو.. گوڵەکانی باخچەش



بۆنێکی ناخۆشیان لێوەدەهات.. هەرچەندە ئاسمان روون بوو خۆر پرشنگی ئەدایەوەگوێم لە گمەگمی کۆترەکان بوو بەسەر لق و چڵی درەخت و دارسنەوبەرکانەوە.. لەگەڵ ئەوەشدا تاریکی دەبینم ماڵەکەمانی پڕکردووە لە کارەسات.. خۆزگە تێبگەیشتمایە بۆ دەبێ بەرلەمردن دەبێ بەدەم ژیانەوە پێبکەنین.. یاخود هەموو ئەو شتانەی کە دیومانەو خۆشمان دەوێن لە چەند ساتێکی کەمدا بەسەریان بکەینەوە.. چەند رۆژێکە هەست بە بۆنێکی ناخۆش دەکەم گیانی باوکمی داگیرکردووە.. نازانم ئەمڕۆ وەك ئەو رۆژانە نییە کە بێدەربەستانە یاریم دەکردو شەوانەش پڕبەدڵ بۆنم بە ئەستێرەکانی ئاسمانەوە دەکرد.. ئێستا هەموو شتێك گۆڕاوە..، مەرگ دەبینم بەیانیان بەرلەوەی پاسارییەکان لەخەو هەستن پەنجەرەکان دەخاتە سەرپشت.. نیوەشەوان دەرگاکان پێوە ئەداو.. هەندێجار لەناو رەنگی باخچەکەدا سەرخەو دەشکێنێ.. هەندێجار دەیبینم وێنەی پیرێك چەترێکی بە دەستەوەیە بەژێر بارانێکی بەخوڕدا رێدەکات.. یان زۆرجار لەلێواری شەقامێکدا پاڵکەوتووە داوای قەرزی فرین لە کۆترەکان دەکات.. دەیبینم و هەستی پێدەکەم، دەچێتە بەر ئاوێنەو لە سیمای خۆی دەڕوانێ.. هەندێجار دەستەکانی بۆ ئاسمان بەرزدەکاتەوە وەك ئەوەی لە خودا بپاڕێتەوە کە بۆ تەنها جارێك چاوەکانی پڕ بکات لە گریان.. مەرگ ئێواران لەسەر سفرەی ماڵەکەمان دادەنیشێ پەرداخێ روونـاکی دەخواتەوە.. مەرگ لە هەموو شوێنێکدایە.. مەرگ قەت ناخەوێ.. چەند رۆژێکە تاریکی وەك با لەگیانی باوکم ئاڵاوە.. ئێستا چەند رۆژێکە هەستی پێدەکەم.. مەرگ لەهەرشوێنێکدا بێت باڵەفڕەی کۆترێك نابیستی.. رەنگ وبۆی گوڵەکان وەك جاران نامێنێ.. تەنانەت خەونەکانیش سادە نابن و دەگۆڕدرێن.. هەروەك چۆن بەرلەوەی خامۆشی و بێدەنگی ماڵەکەمان داپۆشێ، زۆرجار دەمبینی لەسەر بەردو دیواری حەوشەکەمان گوڵ و گیا دەڕوا..، یاخود باڵندەکانی شەویش تینوێتیان بە پاشماوەی ئاوی باخچەکە تەنیاکەمان دەشکاند.. ئێستا هەموو شتێك گۆڕاوە.. من بەتەنیام و باوکم مەرگ دایپۆشیوە... باخچەکەمان نوقمی خەوێکی قوڵە.. بەتەنها لەچاوەکانی باوکم ورد دەبمەوە کە لەبنمیچی ژوورەکەی دەڕوانێ.. جاربەجارێك بایەکی ساردی تاسەشکێن پەردەی پەنجەرەکەی دەهێناو دەبرد.. هەستم بە ماندوێتی ئەو بایە دەکرد کە وەك غەریبێك لەدوورەوە هاتبێ.. گوێم لەهەناسەی با بوو کاتێ بەناو دیوارو کێلی گۆڕکان و کۆڵانە تاریکەکاندا تێپەڕدەبوو.. باوکم بە بەتانییەکی گوڵ رەنگ خۆی داپۆشیوە.. شووشەی پەنجەرەکەی غەرقی تۆزو خۆڵە.. مەرگ پەنجەرەکەشی داپۆشی.. دەنگێك بەناو تاریکیدا دێت و دەچێ.. دەنگێك لە قوڵایی ژیانەوە هەڵدەقوڵێ و






بانگم دەکات و پێم دەڵێ ئاو.. لەتاریکیدا هەست بە هەموو شتێك دەکەم، تەنانەت دەنگی ئەو بوونەوەرانەش کە بەچاوی ئاسایی نابیندرێن.. نەمانگ دیارەوە نە ورشەو پرشەی ئەستێران.. نە_با_هەیەو نە جوڵەی گەردو خۆڵ.. نەرەنگی گوڵ دەبیندرێ نەبۆن و بەرامەی شەو.. پەپوولەیەکی پیر لەسەر کەناری پەنجەرەیەك بۆ رووناکی دەگەڕێ لە چاوەکانیدا خوێندمەوە گوڵەکان وێڵی دوای ئاون.. بیرلەئاو دەکەنەوە.. هەرئەو ساتە بۆم دەرکەوت باخچەکەمان تاریکی میوانێتی.. ئاو مەرگ دایپۆشی.. بیر لە هیچ شتێك ناکەمەوە.. نەلەخەمی دەستە ساردەکانی باوکمدام و نەلەخەمی وشکبوونەوەی گوڵەکان..، ئەگەرچی من تاقانەترین کچی دنیام کە رەنگی باخم گرتووە..بۆنی ئەو سرووتانەم لێدێت کە لەزەوییە پیرۆزەکانەوە دێت رۆشنایم پێدەبەخشێت.. ئەو زەویانەی بە شمشێری رووناکییەوە رووبەڕووی تاریکی مەرگ دەبێتەوە.. من کچی ئەو زەوییە دوورانەم گەردو حۆڵی وەك ئاڵتوون دەدرەوشێتەوە.. من جوانترین شۆخی ئەو خاکەم کە بەرد بە بەردی لێوان لێوە لە رووناکی.. من گیانم پڕبووە لە شەیتانێکی میهرەبان.. من ماندووم ئەمیر.. من ئەمشەو زۆر ماندووم.

ناسری زێوان وەکو حیکایەت خوانێکی سەردەمە کۆنەکان ئەو شەوەسامناکەی سورەیای بۆ دەگێڕامەوە.. پاشان وتی، من هەستم بەوە کردبوو کە شتێك روودەدات، چونکە ئەو شەوە ژوورەکەی سورەیام دەبینی لە ئاوێنەیەکی تاریك دەچوو... ئاوێنەیەك کە هەرگیزاو هەرگیز رووناکی نەدیبێ.

من تائەو ڕۆژەی وازم لەکارەکەم هێنا نەمدەزانی ناوی لێپرسراوی کتێبخانەکەمان چیە، بۆخۆشم نەمدەزانی ئەمە چ جۆرە ئارەزوییەکە، بەڵام هەمیشە ئەوەم لەبەرچاو بووە کەناسینی ئەوانە هیچ شتێك لەژیانی من ناگۆڕێت، بەڵام زۆرجار ڕێککەوت لەناوەختا کەسێکت پێدەناسێنێ کەهەرگیزناتوانی لەیادی بکەیت، جارانیش هەروابووم.. بۆنموونە زۆر بەدەگمەن دەمتوانی ناوی هاوڕێو کەسوکارەکەم یاخود مامۆستاکانم لەبەربکەم، بەلام زۆربەئاسانی دەمتوانی ناوی شێوەکانی کۆلارەو.. گۆلاوەکانیشارو جۆرەکانیباڵندەو بۆنی دوکەڵی کارگەکان و ناوی کێڵی گۆڕەکان..شێتەکانی ناوبازاڕ لەیاد نەکەم و لەبیرم نەچنەوە لەیادمە باوکم پێی دەگوتم: زۆربەزووی زمانت گرت، بەلام نەمدی ڕۆژێك بەناوی خۆمانەوە بانگمان بکەیت، ئەوکات خۆشم هەستم بەوەکرد کەبێجگە لەهێماو ئاماژەکانی زمان و قسەکردن نیشانەیەکی ترهەیە بۆناسینەوەی کەسەکان و شتەکانیدەوروبەرم، من دەمتوانی هەمووکەڕو لاڵەکان بێنمەقەسە بێئەوەی خۆم وشەیەك بدرکێنم،من دەمتوانی باڵندەکان دەستەمۆبکەم بێئەوەی گەنم و دانیان

بۆڕۆبکەم، من دەمتوانی هەمووشێتەکانی شار بێنمە پێکەنین بێئەوەی ئازارێکم بدەن. ڕۆژێکیان باوکم کەلەسەفەری دوور گەڕابۆوە شکست وماندوو خۆی‌کرد بەژورەکەی خۆیداو بانگی دایکمی‌کرد، ئاگام لێبوو بەدایکمی دەگووت: بەدرێژایی ئەم سەفەرە خەونم بەوبێچووەشەیتانەوە دەبینی، سەیربوو چەندوور دەڕۆیشتم دەنگی‌ئەو بەشوێنمەوەبوو. پاشان خەونێکی بۆگێڕایەوە کەلەوسەفەرەیدابینی‌بووی، لەخەونەکەیدا من بەتەنیا لەناو سەحرادا بەجی‌مابووم، ڕێکەوت وایدەکرد هەرکاتێك کاروانچیەکان بەلای‌مندا تێپەڕبوونایە لەخەونێکی قوڵدابووم گەردەلولی بیابان دایدەپۆشیم، کاروانچیەکان هەستیان بەوەنەدەکرد کەمناڵێك لەشیرین خەودایەو لەنێو تەنهایی بیاباندا بەجێماوە، باوکم دەیگوت: لەگەڵ ئەو کاروانچیانەدا ڕێگەم دەبڕیو هەرچەند دەڕۆیشتین دەگەیشتینەوە هەمان ئەوشێنەی کەبۆیەکەمینجار هەنگاومان لێنابوو، کاروانچیەکان بی‌ئاوڕدانەوە ڕێگایان دەبڕی، لەوسەفەرەبازنەییەدا نەخۆر هەبوو نەتروسکایی ڕوناکیەك، نەدرەخت هەبوو نەشەقەی باڵی باڵندەیەك، ئەوەی هەبوو تەنهادەنگی ئەم بێچووەشەیتانەبوو کەلەگەڵ بادا تێکەڵاو بوبوو. باوکم هەرکاتێك کەلەسەفەرێك دەگەڕایەوە حیکایەتی سەیرو ترسناکی بۆدایکم دەگێڕایەوە، سروشتی دایکیشم هەروابوو هەرکاتێك حیکایەتێك تەواودەبوو بۆماوەی چەند ڕۆژێك بەبێدەنگی دەگریا، باوکیشم چێژی لەوگریانەی دایکم دەبینی، هەربۆیە لەیادم نیە بۆتەنهخا جارێك دایکم ڕۆژێك لەڕۆژان پڕبەدڵ پێکەنیبێت.

لەدواسەفەردا دایکم مرد، من دڵنیام دواحیکایەتەکەی باوکم کوشتی، زۆری پێنەچوو باوکیشم مرد، چونکە ئیتر کەسێك نەبوو حیکایەتەکانی بۆبگێڕێتەوە، من ئەوکات بوومە تەنیاترین منداڵ، کتومت لەدواخەونەکەی باوکم دەچووم کەپێشبینی کردبوو، ئێستاش لەدوای تێپەڕبوونی ئەوهەمووساڵانەی کەلەیاد ناکرێن هەمان ئەوخەونە دەبینم، هەمان ئەوکاروانچیانە دەبینم کەبێهەودا ڕێگەی خۆیان دەبرن وبێئەوەی بگەنە ڕوناکی.. بێئەوەی بگەنە قوڵایی دەرونی خۆیان.



زۆرجار لەخۆم دەپرسم، کواناسری زێوان و دەستەخوێناویەکانی؟ کوائەمیری دەلاك و دەستەساردەکانی سورەیا؟ کوابرای لێپرسراوی کتێبخانەکەمان کەشەوی ئاگرکەوتنەوە گەورەکە زانیم ناوی جەعفەری ئاسنگەرە؟ کواباوکی سورەییا کەپیاوانی‌ڕژێم لەمەستیدا پێیان دەگووت ئەبونظال؟ کواپاڵەوانە تاقانەکەی شەڕی ناوخۆ؟ کواشەوەتەنیاکانی سورەییاو گریانەکانی کەساڵانێکە بێجگە لەچەند ئینجانەیەکی خاڵی.. بێڕەنگ وبۆ هیچ شوێنەوارێکی نییە؟.

کوا نامە شاراوەکانی ئەمیری دەلاك، کەحەرفەکانی بەئاگری چراکەی ناسری زێوان نووسراون.. کوا؟!.

# لێرە دڵم ناکرێتەوە

ڕەسووڵ سۆفی سولتانی

بیرەوەری: شەوە زەنگ
ئێستا: ژووری بارووتو دووپشك
سبەینێ: کۆڵانێکی تەنگەبەرە
شانەکانمی پیاناچێ،
مانگ: ماچێکی تاڵی خوێناوییە
بەسەر ڕومەتی ساردی پەنجەرەوە

دادەنیشم لەرۆخ ئەم هەناسە هەتیوەمدا
با–لك و پۆپم دەلاژێنێ
شەپۆل–خاكو خوێنی جەستەم دەشواتەوە
لێڵتر دەبێ
تۆ بیر لەمن دەکەیتەوە
کە خەریکە حکوومەت دەکەم
بەسەر سێبەری خۆما !
با بیر لەزنارێك دەکاتەوە
ڕایبژێنێ


"چۆم" بیر لەترۆپکێك،

رایبمووسێ.


لەنێوان سێبەری خۆمو خۆتا
نارنجۆکێك چاوی کینەی چرە.
لەنێوان دڵـــی منو پەنجە—ی تۆدا
شمشێرێك راکشاوە.

لێرە دڵم ناکرێتەوە

هەنگاو.. هەنگاو.. رێگە دەمبڕێ
کچێکی سیمانی چاوحیزە—شەقام،
سەر دەردێنی
لەبووتیکی کرێوەو دووکەڵەوە
دەست لەگەردنم دەکا
رێکم دەگوشێ توند توند،
من—تەنیا باسی دڵشکاوی خۆمی بۆ دەگێڕمەوە
ئەو—پێدەکەنێ قاقاقاقا
هەناسەی
هەنگوینی ترین ژەهری ئەم غەریبیە،
ددانەکانی
دلۆڤان ترین چەقۆ.
دێم پەژارەم هەڵدەکەنم
لەسەر بەردێك



باران دەیشواتەوەو
ناوی دەنێ "گۆڕستانی جندۆکە"
سەرم دەنێمەوە سەر سینگی بنارێك
گوێ لەترپەی دڵی شەهیدبگرم
برووسك سەمای تیادەکاو
دەیکا بەخەڵووز.
جارێك
تەنیا جارێك
دایکم ماچ کرد
شەقام بوو بە گورگ
بوو بەگڵکۆی ماچی منو
دەستە سپییەکانی ئەو.
رەنگە ئەگەر بشڵێم "خۆشم دەوێی"
بێن بەگوێما بچرپێنن:
"دەزگیرانە چاو رەشەکەت
باڵای بەرزە. بەرز بەرز
بەقەت دارە مەیتەکەی
سبەینێ بەیانی زووی تۆ..."




پەردەی ئەم ژوورە گریاوەم لامەدە!
لەوەتاریك ترم
پێکەنینت دامبگیرسێنێ.
لێی گەڕێ!
با نەژاکێ ناهومێدیم
تەنیا بۆ یەك "سڵاو".

بۆ یەك "چۆنی".

من بیر لەدارمانی ئەندێشە
بیر لەدارزانی ئەستوونی جەستەم
دەکەمەوە.
تۆ
لەمنێکی سەوزی سەوز
لەبزەیەکی مێلاقەیی
لەوشەیەکی
ئازادی
بەر پەنجەرە دەڕوانی.

(بێدەنگی)
—بۆ بێدەنگ بووی !!!؟
+...
—بۆ بێدەنگ بووی!!!؟
+ه... خخخخخەریك بووم
ئاوارەیی گەڵایەکم دەخوێندەوە لەمەندی چاوەکانی تۆدا
کە



(با—ئەیبرد
تۆ بۆ ناسرەوی؟!
دەفتەری یاداشتەکەم بۆ وادەپشکنی
ئەوەتا
لەبیلبیلەی چاوی منا غەم دایگرتووە


ئەو پەریەی خۆشترم دەوێ لەتۆ

تەم دایگرتووە

ئەو وڵاتە چاو رەشەی

دەمهەوێ بچم

خۆمی تیا وێران بکەم



لێرە دڵم ناکرێتەوە

سەرم تەراوی ساڵی

"چۆلەکە کوژرانەکەیە"

یاخیترە

لەدان

لەئاو

لەحەسانەوەی سەر هەوری شانی تۆ

"لێرە دڵم ناکرێتەوە"

پێنووسێک و

هەگبەیەك شیعری (شێرکۆ بێکەس)و

لەچکەیەکت

بۆ نامە قاچاغەکانم

کات: درەنگە

رێگە: دوورە

بێ تێشوو ناژی رێبوار

سەرماوەرزی ١٣٧٦

# فەرەنسا بۆ سیمۆن دۆ بۆڤوار زیاتر گریا
# هەموو پیاوان تیاچوون..
# ئایا دۆ بۆڤواریش بەڕاستی تیاچوو؟

سیمۆن دۆ بۆڤوار ساڵی (١٩٠٨) لەخێزانێکی بۆرژوایی لەدایکبووە، ساڵی (١٩٢٣) سارتەری ناسی ئەو کاتەی هەردووکیان خەریکی وەرگرتنی بڕوانامەی باڵابوون لەفەلسەفەدا ئیتر لەو کاتەوە ژیانیان تێکەڵ بوو تامردنی سارتەر ساڵی (١٩٨٠).

بەردەوام لەهەڵوێستە سیاسییەکانیاندا هاوڕا بوون هەر لەوجودیەتی قۆناغی دوای جەنگەوە تا دەگاتە بەرگریکردن لەخەباتگێڕە ماوییەکانو شەڕی جەزائیر، بەڵام سیمۆن ئیلتیزامێکی‌تریشی بۆخۆی زیادکرد کەمەسەلەی ژنان بوو، بەڵام ئەو ئیلتیزامەی هیچی لەئیلتیزامەکانی‌تری کەم نەکردەوەو ساردیشی نەکردەوە لێیان.

لەگەڵ بڵاوکردنەوەی کتێبەکەیدا (رەگەزی دووەم) ساڵی (١٩٤٩) رێی خۆشکرد بۆدەرکەوتنی چەندین رەنگو رووی جیاواز لەبواری بزووتنەوەی ژنان لەرۆژئاوادا، هەموو ئەمەش بەنێو جۆرەها تۆمەتو بەدحاڵیبوونێکی گشتیدا تێپەڕی، ناوبانگی دۆ بۆڤوار گەیشتە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو ئیدی ژنە نووسەرە ئەمریکاییەکان دەستیان کرد بەباسکردنی بابەتی رەگەزی دووەم لەکتێبەکانیاندا، لەوانە بیتی فریدن، میلیت، سۆزان سۆنتاگ.. بەسەریرکردنێکی سەر پێی کتێبەکانی سیمۆندا بۆت دەردەکەوێ کەسارتەر تەمسیلی فەلسەفە دەکاتو سیمۆنیش ئەدەب، بێگومان کتێبی (رەگەزی دووەم) لەو کاتەدا بووە هۆی لەقاندنی بیرە باوەکان.

ساڵی (١٩٢٩) سارتەرو سیمۆن وەکو هەر لاوێکی دی بەرەو شەقامی گرینبڵ بەپەلە دەڕۆشتن تائەنجامی تاقیکردنەوەکانیان لەفەلسەفەدا بزانن هەردووکیان بەدڵخۆشی گەڕانەوە چونکە یەکێکیان یەکەم ناو بوو کە(جان پۆل سارتەر) بوو ئەوی تریشیان دووەم ناو بوو کە(سیمۆن دۆ بۆڤوار) بوو، لەو کاتەوە هەردووکیان

و/ شیرین . ك

دڵنیا بوون کەچارەنووسیان بۆئەبەد پێکەوە بەستراو مەرگ نەبێت هیچ شتێکی‌تر جودایان ناکاتەوە، سیمۆن هەر وەکو سارتەر سەرەتا لەدوا ناوەندی مۆلێر لەپاریس خوێندویەتی‌و ئینجا لەمەرسیلیاو روان.

سیمۆن لەتەمەنی پازدە ساڵیدا نوسیویێتی‌و دەڵێ؛ (سیمۆن دۆبۆڤوار خەو بەوەوە دەبینێ بەپیاوێك بگات بەزیرەکی‌و روناکبیری‌و دەسەلاتی خۆی شەیدای بکات) دیارە ئەمانەی لەسارتەردا دۆزییەوە، ئایا دەتوانین بڵێین سارتەر هێند سیمۆن-ی شەیدا کرد تا ئەو رادەیەی هەموو ئیرادەیەکی تیا چەپاندکە نەتوانێ لەبواری فەلسەفەدا هیچ ئەفراندنێکی رەسەن بکات؟ کاتێك رۆژنامە نووسێك پرسیاری ئەوەی لێکرد ئاخۆ ئەو شەیداییەی بۆسارتەر ئەو حاڵەتە دژەی لەلا دروست کردبێ کەفەلسەفە پشتگوێ بخات‌و لەبواری ئەدەبدا ئەفرێنەر بێت؟ سیمۆن وەڵامی داوەتەوەو وتویەتی کەوا کارە ئەدەبیەکانی لەڕووی ئەفراندنەوە هاوتای کارەکانی سارتەرەو هەروەها وتوشێتی (لەبواری فەلسەفەدا ئەفرێنەر نەبووم، لەبواری‌تردا نووسیوومە، لەبارەی کەسانێکەوە نووسیمەو باشم پێکاوون ئەمەشم بەسە) لە(یاداشتەکان)یشیدا دەڵێ: (ئەو سیمۆن دۆبۆڤوارەی لەهەموو دنیادا بەکارە ئەدەبیەکانیەوە ناسراوە لەبواری فەلسەفەدا هەر ئەوەندەی کردووە کە لەدامێنی لاپەڕەکاندا چەند پەراوێزێکی نوسیوە، ئەو خاڵێك یان زیاتری لەفیکری فەلسەفی سارتەر روونکردۆتەوە).

(ناوبراو) یەکەم کتێبی سیمۆن دۆ بۆڤوارە کەساڵی (١٩٤٣) دەریکردووە، بیرۆکەی کتێبەکە لەسەر گوزارەیەکی هیگڵ بنیاتنراوە کەدەڵێ (ویژدان لەدوای مەرگی ئەوی دییەوە دێ) ئەو کتێبە رۆمانێکە لەگەڵ شێوازی هەڵهێنجانی سایکۆلۆژیدا یەکتری دەبڕن، دەتوانرێ وەکو رۆمانێکی میتافیزیکیش سەیر بکرێ یان بەرجەستەکاری ئەو بابەتانەن کەوجودیەت بڵاوی کردبۆوە، کاریگەرێکانی بەسەر کارەکانی سارتەر خۆیەوە دیاربوو، دوای ئەو کتێبە چەندین کتێبی‌تری بڵاوکردەوە لەوانە چیرۆکێکی فەلسەفی بەناوی (هەموو پیاوان فەوتاوون) ساڵی (١٩٤٦)، (لەمانایەکی نادیاردا) ساڵی (١٩٤٧) (وجودیەت‌و حیکمەتی نەتەوەکان) ساڵی (١٩٤٨)، (ئەو تایبەتمەندییەی بەرز دەبێتەوە بۆ) ساڵی (١٩٥٢) ئەم کتێبە دەنگدانەوەیەك بوو بۆ کەشی جەنگی ساردی ئایدۆلۆژی ئەو قۆناغە، ئیدانەیەکیش بوو بۆفەلسەفەی بۆرژوایەتی میسالی کە لەسەر درك پێکردنی وشیارانەی تەواو بنیاتنراوە لەپاڵ پشتگوێ خستنی کێشە کۆمەڵایەتییەکان، هیچ کەسێکیش لەوانەی ژیاننامەی سیمۆن-یان نوسیوە ئەو کتێبەیان بەهەند وەرنەگرتووە، (بەرگریکردن لەوجودیەت‌و روونکردنەوەیەك بۆی) ئەم کتێبەش



سیمۆن دۆ بۆڤوار

هەوڵدانێکە بۆئەوەی ناوەڕۆکێکی ماددی ببەخشێتە شتە مەعنەوییەکان بەڵام هیچ چارەسەرێکی بنەڕەتی بۆئەو کێشانە پێنە بوو کە لەو کاتەدا مشتو مڕی لەسەر دەکرا هەر لەو خوێندنەوەیەی بۆکیرگارد کراوە تا دەگاتە جاسپر هیگڵو شیستۆن، لەهیچیاندا چارەسەرێکی بنەڕەتی نادۆزینەوە.

سەبارەت بەوتارەکەشی (pyrhuset cineas) سیمۆن نکوولی لێنکات بەڵکو بەفاشیلی دادەنێو دەڵێ (لەو چرکەساتەدا کەپێموا بوو لەدەست تاکڕەوی رزگارم بووە تیایدا نووقم دەبوومو زاتیەتم دووقات دەبۆوەو دەبووم بەمیسالیەك کەهەموو مەوداکانی بەردەم تێڕامانەکانمی دەسڕیەوە).

(لەمانای نادیاردا) کەبەگرنگترین کارە فەلسەفیەکانی سیمۆن دادەنرێ بارێکی ئاڵۆزو نادیاری عەقڵی سیمۆن-ی تیایە، هەر چەندە باسی ئەو کتێبە دەکرا سیمۆن تووڕە دەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا کتێبەکە رەنگدانەوەی جەوهەری کاری سارتەرو ئەو بوو، سەیریش لەوەدایە سیمۆن لەو باوەڕەدا بوو بەو کتێبەی کێشەیەکی داخست کەسارتەر بەکتێبی (کەینبوونەو عەدەم) کردبوویەوەوبە کتێبی (چەند دەفتەرێکی ئەخلاق)دانە دەخرایەوە، داخۆ وجودیەت کەفەلسەفەی ئازادییە دەتوانێ ئەخلاق دەستەبەر بکات؟ سارتەرو سیمۆن ژنو مێردێکی فەلسەفی بوونو ئەو ئیشکالییەتەی لەو چوارچێوەیەدا یەکیخستبوون دەیتوانی لەفەشەلیشدا یەکیان بخات.

دەربارەی کتێبی (مانای نادیار)ەکەی سیمۆن وتوویانە ئەو کتێبە ئەوە رەت دەکاتەوەو نکوولی لەوە دەکات کەژیانە ناجۆرەکان پێکەوە ببەسترێن، ئازادی تاکە کەسیش دەتوانێ یاسای شیاو هەڵهێنجێ بۆگشت، کەواتە سارتەر چ کێشەیەکی چارەسەر کردووە گەر ئەم کێشەیەی چارەسەر نەکردبێت؟

ئازادییەکان چۆن لەسیستەمێکەوە دەردەچن، تا لەسیستەمێکیتردا رێکبخرێنەوە، لەکتێبی (چەند دەفتەرێکی ئەخلاق)دا کەدوای مەرگی سارتەر خۆی بڵاوکرایەوە، سارتەر ئەو پرسیارە دەکات کەمانای ژیانی مرۆڤایەتی پشتی پێدەبەستێت، دۆبۆڤواریش لەو کتێبەیدا کە لەهەموو کتێبەکانیتری فەلسەفیترە، ئەمە باسدەکات، ئەمەش بەڵگەیە بۆئەو سەرکێشییە روناکبیرییەی پێکەوە تیا ژیاون، یان ئەو ژیانە هاوبەشەی کەئەو گرفتەی بەشێوەیەکی عەمەلی چارەسەر دەکرد بەتەنیا بەشێوەیەکی عەمەلی.

سەبارەت بەپرۆژەی ژیانی هاوسەری هەردووکیان هەزار نموونە هەیە کەشایەتیان بۆدەدا، هەر لەگۆڤاری (زەمەنە نوێیەکان)ەوە تا جەنگ دژی کۆلۆنیالیزم، لەبەرگریکردن لە(ئەدەبی مولتەزیم)ەوە بۆخەبات لەپێناو سەربەخۆیی جەزائیر، کەم شت هەبوو رێڕەویان لەیەك جودا بکاتەوە، بەڵام هەریەکەشیان خاوەنی سەربەستی خۆی



بوو بەڵام هیچ کێشەیەکی یان مەسەلەیەکی تیوری یان هەڵوێستێکی ئەخلاقی یان سیاسی نەمابوو پێکەوە لێی نەکۆڵنەوە، نامەکانی سارتەر بۆکاستۆرو نامەکانی کاستۆر بۆسارتەر شاهێدی بۆئەمە دەدەن، بەڵام هەریەکەیان ڕێگەیەکی جیاوازی هەڵبژارد بۆئەوەی هەمان شت بڵێت، یەکەمیان (سارتەر) فەلسەفەی هەڵبژاردو دووەمیان (سیمۆن) ئەدەبی بەباشتر زانیو وازی لەفەلسەفە هێنا، بەڵام ئەگەر هێزی فەلسەفە -کە وەکو جاران دەوترا- بەو گۆڕانکارییانە بپێورێ کە لەدنیای واقیعدا دەیهێنێتە ئاراوە ئەوا سیمۆن دۆ بۆڤوار فەیلەسوفی ڕاستەقینەیە نەك سارتەر، سیمۆن لەکتێبی (ڕەگەزی دووەمدا) جیهانو ئەو عەقڵانەی گۆڕی کەسارتەر نەیتوانی بەکتێبی (الکنیونەو العدم)و (نقد العقل الجدلی) بیگۆڕێ، سیمۆن خەونی سارتەری هێنایە دیو ئەویش یارمەتیدا تاپرۆژەکەی لەژیاندا ئەنجامبدات، بەمجۆرە هەریەکەیان کاریگەری لەسەر ئەوی دی هەبوو.



دەرکەوتنی ڕەگەزی دووەم

ماری جۆدافیرناس-ی ڕەخنەگر دەڵێ: ڕەگەزی دووەم ئەو کارە بوو باسی لەو ژنانە دەکردلە نەوەیەك بوون لە ڕووداوەکانی ئایاری (١٩٦٨)دا وەکو ئەزموونێکی تاکەکەسی تیا ژیا بوون، زۆریشمان کەئەو کتێبەمان خوێندەوە هەستمان بەئاسوودەیی کرد چونکە ئەوەی هەستمان پێدەکردو بیرمان لێدەکردەوە سەبارەت بەو پێگەیەی لەکۆمەڵگەداو لەو گوتارە باوەدا بۆمان دیاریکراوە ئەم نووسەرو فەیلەسووفە بەناوبانگە ڕاڤەی کردوە، هەندێ کەس پێش دەرکەوتنی بزووتنەوەی ژنان ئەم کتێبەی نەخوێندبووەوە هەندێکیتر بەهیچ جۆرێ نەیخوێندۆتەوە، بەڵام ئەو بیرو باوەڕە سەرەکییانەی لەکتێبەکەدایە بەبەربلاوی بلاو بوونەوە، بۆنموونە (ئێمە بەژنێتی لەدایك نابین بەڵکو دواتر وامان لێدێ)ئەم جەخت کردنە لەسەر تایبەتمەندکردنی ڕەگەز لەنێو کلتووردا بوو بەیەکێك لەدروشمە بەناوبانگەکانی ژنان هەرچەندە هەندێکیان بەتوندی ڕەخنەیان لێدەگرت.

بەپێچەوانەی ئەوەیبیریان لێدەکردەوە، سیمۆن دۆ بۆڤوار نکوولی لەتایبەتمەندی جەستەیی نەدەکرد بەڵکو ڕۆڵێکی گرنگی پێدەدا لەدرووستبوونی زوڵمی باوکانەو ئەزەلییەتی ئەو زوڵمەدا.

ئەوەی ئێمە ڕەتی دەکەینەوە بایۆلۆژییە کەچارەنووسی سایکۆلۆژیو کلتووریو سیۆسۆلۆژی ژنان بەسروشتێکەوە گرێدەدا کە بەتەنیا بۆپاراستنی چۆنایەتی تەرخانیان دەکات، سیمۆن لەو باوەڕەدایە، پیاوان ژنانیان خستۆتە شوێنی (ئەوی دی)و لەیەك ئاسۆدا دایانناوە هیچ دانپیانانێکی ئیجابیان نییە بەو (ئەوی دییە)دا

لەهەمان کاتیشدا ئەو ئەفسانانە شیدەکاتەوەو ریسوایان دەکات کەباس لەنەمری ژن دەکەن، هەروەها نەشکەوتۆتە نێو ئەو تەڵەو داوەی وادەزانێ کەسیستەمی دایك سالاری بەهەشتێکی بزرە، گەر مێینەیەتی قۆناغێك لەدەسەڵاتی بەخۆیەوە دیبێت، وەکو لەهەندێك لەئایینە دێرینەکانو لەبوونی خوداوەندە مێینەکانو خواکانی جوانیدا دەیبینین، بەڵام ئەمە بەمانای ئازادی ژن نایەت بەڵکو جۆرێکە لە بەتاڵکردنەوەی ژنو مرۆڤایەتیش لەمانای راستەقینەی خۆی، چونکە هەموو مەسەلەکە لەچوارچێوەی ئەو بیرو باوەڕە نادیارەدایە کە لەسەر بنەمای ترس لەسروشتێکی زۆر بەهێز دامەزراوە نەك لەسەر بنەمای هەڵسەنگادنی بارودۆخی راستەقینەی ژن، بەجۆرێك کەس خەم بۆمەرگی مێینە نەخوات، وەکو لەم پارچەیەدا دەبینین کەرۆح بەسەر ژیاندا زاڵدەبێت، تەکنیك بەسەر سیحرداو عەقڵیش بەسەر خورافاتدا زاڵدەبێ.

(هەڵسەنگاندنی ژن قۆناغێکی پێویستو گرنگی مێژووی مرۆڤایەتییە، چونکە ژن لەو قۆناغەدا هێزی خۆی لەبەهای ئیجابی خۆیەوە وەرنەدەگرت بەڵکو لەلاوازی پیاوەوە ئەوبەهایەی بۆخۆی دەستەبەر دەکرد، لەژندا نهێنیەکانی سروشت ئەونهێنیانەی مایەی نیگەرانی بوون بەرجەستە دەبوو، هەر ئەو کاتەشی پیاو لەدەست سروشت رزگاری بوو لەدەسەڵاتی ژنیش رزگاری بوو، بەڵام لێرەدا دۆ بۆڤوار دەڵێ کەوا ژنیش بوونەوەرێکەو خولیای دەسەڵاتی هەیەو پرۆژەکەشی پەڕینەوەیە بەرەو ئایندەیەکی جیاواز، بەمجۆرە پرۆژە سیاسیەکە (رەگەزی دووەم) یەك ناگرێتەوە لەگەڵ هیچ پاساوێکدا بۆجیاواز بوون، بەڵام هیچ لاسایی کردنەوەیەکی ئەو پیاوانەی تیا نییە کەهەوای میسۆلۆژیا داویەتی لەکەللەیانو خۆیان ئەو میسۆلۆژیایانەیان داناوە هەر وەکو چۆن خۆیان پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیان بۆ رەگەزێك داناوەو بەسەریاندا سەپاندووە).

(١٩٤٩) دەنگە دەنگو بەدحاڵی بوونو مشتو مڕێکی زۆر ساڵی (١٩٤٩) کەکتێبی (رەگەزی دووەم) بڵاوبووەوە، هەرایەکی گەورەی نایەوە، دۆبۆڤوار ژمارەیەکی یەکجار زۆر نامەی بەدەست گەیشت، لەرۆژنامەکانیشدا ژمارەیەکی زۆر وتاری تووڕەو سەیرو سەمەرەو پێکەنیاویو گاڵتەئامێز دەرکەوتن، هەندێکیان دەیانووت، ئەم ژنە داوای مافی دەنگدان دەکات بۆژنان، هەندێکیتریشیان دەیانووت ژنێکە لاسایی پیاوان دەکاتەوە، هەندێکیکە دەیانپرسی ئاخۆ ئەم ژنە دەیەوێ چی بەژنان بڵێ؟ کۆلیت ئۆدری دەڵێت: (من یەکێك بووم لەهاوڕێکانی سیمۆن، داوایان لەمن دەکرد سیمۆن کۆڕیگرێ لەبرۆفانسو یانەکانو سەندیکاکانو ئەڵقەکانی وانەوتنەوەدا، من تێبینی ئەوەم کردبوو کەکتێبەکە سەرنجی زۆر کەسی راکێشاوە



سارتەر

بەڵام کەمێك لەخوێنەرانی لێی تێگەیشتبوون، ساڵانی (١٩٣٥-١٩٣٦) کەمن‌و سیمۆن پێکەوە لەقوتابخانەی روان دەمانخوێند، من بیرم لەکتێبێك دەکردەوە سەبارەت بەژنان، بەڵام سیمۆن ئەو کاتە کتێبێکی لەو جۆرەی بەپێویست نەدەزانی، دوای بڵاوبوونەوەی (رەگەزی دووەم-یش دەیووت؛ من پەلکێش کرام بۆئەوەی ئەم کتێبە بنووسم دەنا من دەمویست ژیاننامەی خۆم بنووسم)

هەمیشە دەیپرسی؛ چی تیایە ئەگەر کەسێك ژن بێ؟ بۆیە وای دەووت چونکە سیمۆن لەگەڵ سارتەرو قوتابیەکانی‌تر دەژیا وەکو ترۆن‌و نیزان‌و پەیوەندییەکانیشی هاوسەنگ بوون‌و وەکو ئەوەی ژنێکە هیچ گوشارێکی بۆدروست نەکردبوو، دواتر جەنگ روویداو دوای ئازاد بوونیش، وتی: ئەو کتێبە دەنووسم، رۆژێکیان کتێبەکەم بەدەست گەیشت، بەڵام زۆر کەس نەیانتوانیوە لێی تێبگەن چونکە ئەو کاتە دژایەتی لەنێوان سروشت‌و کلتووردا باو نەبوو، بەڵام کتێبەکەی ئەو دژایەتیەی دروست کرد لەمیانەی ئەو رستەیەوە کەدەڵێ: ئێمە بەژنێتی لەدایك نابین بەڵکو دواتر وامان لێدێ، بەڵام ئەمڕۆ ئەمە پەسەندە، ناکرێت کلتوورێك بەسەر رەگەزێکدا بسەپێنرێ لەچرکەی لەدایکبوونیەوە، رەنگ‌و شێوازی بەرگ پۆشین‌و بوونی بۆدیاری بکرێ، چونکە گەر ئێمە بەژنێتیش لەدایك بووبین،ئەوە هەرکۆمەڵگەیە ئێمەی بەژن کردووە، کتێبی (رەگەزی دووەم)یش هەروا دەڵێ، ئەگەر ئێمە وەکو رەگەزی ژن لەدایك بووین نەك وەکو رەگەزێکی‌تر ئەمە ئیتر چارەنووسێکی رەها نییە، هەروەها ئەوەی سیمۆن سەبارەت بەژن دەیووت زۆر جیاواز بوو لەوەی هەر خۆی بەشێوازێکی فەلسەفی بەڵام ورد سەبارەت بەژن دەیووت (ژن ئەوی دییە بەڵام بەرێگەیەکی ناسەرەکی) بیرۆکەیەك لەپیاودا سەقامگیرە کەخۆی سەرەکییەو دەبێت ژن لەمیانەی ئەوەوە هەبێ، سیمۆن دەڵێ: من هەمیشە بیرم لەو گوتەیەی حوا دەکردەوە کە لە(بەهەشتی بزر)ی ملیتۆن دا بەئادەم دەڵێ (خوا دەسەڵاتی تۆیەو تۆش دەسەڵاتی منی)، کتێبی (رەگەزی دووەم) نەوەیەك لەژنان‌و ژنی خوێنەری دروست کرد، بەڵام دۆ بۆڤوار سوور بوو لەسەر ئەو قسەیەی خۆی کەدەیوت، کتێبەکە لەچرکەی نوسینیدا کتێبێکی خەباتێگڕ نەبووە، دەبوو سی ساڵ لەکاری ژنانەو بزووتنەوەی ژنان تێپەڕێ تا کتێبەکەی دۆ بۆڤوار ببێتە ئەو کتێبەی لەبەر رەسەنی خۆی خەڵك داوای بکات.

ژنە نووسەری ئەمریکایی (کیت میلیت) دەڵێ: دۆ بۆڤوار دەرگای بۆهەموو ژنانی دنیا خستە سەرپشت، من ئەو کاتەی خوێندکار بووم لەئۆکسفۆرد کتێبی (رەگەزی دووەم)م خوێندەوە سەرلەبەری ژیانی گۆڕیم.

### من‌و ئەنتوانێت فۆك

ئەنتوانێت فۆك دەڵێت: سیمۆن دۆ بۆڤوار بەلێهاتوویی خۆی سەدەی بیستی داگیر کرد، نەك هەر بەهۆی بەرهەمە

کاریگەرەکانییەوە بەڵکو بەهۆی کەسێتی خۆیەوە، کۆڕی دەبەستو جەختی لەسەر هەڵوێستی خۆی دەکرد سەبارەت بەمەسەلەی ژنان لەهەموو جیهاندا ئەو مەسەلانەی پەیوەندی بەیەکسانییەوە هەیەو هەرچیش لایەنگریی نەکردایە هێرشی دەکردە سەری، مەرگیشی کودەتایەك بوو بەسەر ئەو دیمەنە مێژووییەدا کەوایکرد ژنان زووتر بچنە ناو سەدەی بیستویەکەوە.

هەروەها سیمۆن دەیووت: منو ئەنتوانێت دوو جەمسەری ئەکتیڤی بزووتنەوەی ژنانین.

ئەنتوانێت فۆك دەڵێت: سیمۆن دۆ بۆڤوار بەلێهاتوویی خۆی سەدەی بیستی داگیر کرد، نەك هەر بەهۆی بەرهەمە کاریگەرەکانییەوە بەڵکو بەهۆی کەسێتی خۆیەوە

## دیدربییر ژیاننامەی دۆ بۆڤوار دەنووسێتەوە

ژنە نووسەری ئەمریکایی دیدربییر کەپێشتر ژیاننامەی سامۆئیل بیکیت-ی نووسیبوو،ساڵی (١٩٨٦) لەنووسینی ژیاننامەکەی سیمۆن دۆبۆڤوار بووە بەیارمەتی سیمۆن خۆی، لەبەرئەوە بەمانگێك پێش مردنی دۆ بۆڤوار بییر هەوڵی بینینیدا ئەم ژنە نووسەرە ئەمریکارییە دەڵێ:

(هەموو رۆژەکەمان بەهەڵبژاردنی وێنەی فۆتۆگرافی بۆکتێبەکە بەسەر برد، بەکارەکەم شادمان بوو، گرنگی بەهەموو شت دەدا هەر لەمافی مرۆڤەوە تادەگاتە هەڵبژاردنەکانی پارلەمان، کاتێکی درێژی لەگەڵ ئەو کچەدا بەسەر دەبرد کەکردبووی بەکچی خۆی چونکە هەستیدەکرد زۆر لێوەی نزیکە، ژیانی رۆژانەی سیمۆن زۆر ئاسایی بوو دەچوو بۆسینەما، سەیری تەلەفزیۆنی دەکرد، ژیانی زۆر ساکار بوو بەیانیان دەینووسیو دەیخوێندەوەو دواتر نانێکی سوکەڵەی دەخوارد، ئێوارانیشی بۆبینینی ئەو ژنانە دادەنا کەسەردانیان دەکرد، گەلێك قوتابی بیانیشی دەبینی، نامەیەکی زۆریشی بەدەست دەگەیشتو سوور بوو لەسەر ئەوەی خۆی هەموویان وەڵامبداتەوەو نەیدەهێشت سکرتێرەکەی لەو کارەدا یارمەتی بدات رۆژانە چەندین دەستنووسی دەخوێندەوە کەبەدەستی دەگەیشت، نانی ئێوارەشی لەگەڵ هاورێکانیدا دەخوارد، تائەوپەڕی سەخی تەبیعەت بوو، ئیمزای لەسەر پێشەکی کتێبەکان دەکردو ناوی خۆی دەبەخشییە کۆمەڵەکانی ژنان لەهەموو دنیادا، بەلای منەوە سیمۆن دۆ بۆڤوار نموونەیەکی درەوشاوەی ئەو ژنە بوو کەدەبێت وابێت، زۆر پێی سەرسام بووم، ئەو کاتەی ژیانی دۆ بۆڤوارم دەپشکنی هیچ شتێکم تیا نەدۆزییەوە کەنەزانراو بێت، ئەوە سەرسامی نەکردم چونکە ئەو هەموو راستییەکی دەوت، هیچ درۆیەکم لێ نەدی، زۆر پاك بوو، دیارە چەند قۆناغێك لەژیانیدا هەبوو کەخۆشی نەدەویست بەڵام

بەگشتی قەناعەتی بە ژیانی خۆی هەبوو، هێشتا پرۆژەی هەبوو، باسی ئەوەی بۆکردم کە بەتەما بوو لەهاویندا سەفەر بکات چونکە زۆری حەز لەسەفەر بوو، ئەوەی زۆر دلگرانی کردم لەڕۆژی مردنەکەیدا زۆر لەژنە فەرەنسابییەکان ناویان نەدەزانی و نەیاندەزانی سیمۆن پێش کتێبی (رەگەزی دووەم)و دوای ئەو کتێبەش چی بۆئێمە هێنا بوو، ژنە نووسەری ئەمریکایی (کیت میللیت) دەڵێ:

دۆ بۆڤوار دەرگای بۆهەموو ژنانی دنیا خستە سەرپشت، من ئەو کاتەی خوێندکار بووم لەئۆکسفۆرد کتێبی (رەگەزی دووەم)م خوێندەوە، سەرلەبەری ژیانی گۆڕیم، بەهەواڵ مەرگی ساکام، چونکە میللیت نزیکترین هاوڕێی دۆ بۆڤوار بوو لەنێو ژنە نووسەرە ئەمریکاییەکاندا، ئەو کاتە بەپاریسدا تێپەڕیبوو کەهەواڵی مەرگی دۆ بۆڤواری بیستبوو.

میللیت دەڵێ: دوای خوێندنەوەی کتێبەکە ئیتر تەنیا نەماوە بۆیەکەمجار دەنگێك باسی نایەکسانی بۆدەکردم، باسی ئەزموونەکانی خۆی دەکرد، کتێبەکە زۆر ئازادانەیە، دژی ئاشتبوونەوەیە لەگەڵ جیهانی نێرایەتیدا، بیرمە ئەو کاتە من لەبەریتانیا دەمخوێند کەکتێبەکە دەرچوو لەوێ کتێبەکە واپێشوازی لێکرا کەکتێبێکی رووخێنەرەو باسی ریسواییەکان دەکات، ئیتر بەدرێژایی چەندین هەفتە مشت و مڕم بووم لەگەڵ هاوڕێکانمدا چ کچەکان و چ کوڕەکانیش لەسەر بابەتەکانی ناو کتێبەکە، من لەناخی خۆمدا چاوەڕێی کتێبێکی ئاوەهام دەکرد، بووە هاوڕێیەکی گرنگ، ئیدی دوای خوێندنەوەی هەستم دەکرد لەجاران ئازاترو بەهێزترم لەخەباتمدا دژی ئەو ستەمەی لەژنان دەکرێ)

دوای ئەوەی میللیت خوێندنی لەئۆکسفۆرد تەواو کرد گەڕاوەتەوە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆبەشداریکردن لەبزووتنەوەی مافە مەدەنیەکاندا.

دۆ بۆڤوار لەڕوانگەی هوگیت بورشاردۆ-ەوە

بۆرشاردۆ دەڵێ: سیمۆن دو بۆڤوار بەخانمی بزوتنەوەی ژنان دادەنرێ لەفەرەنسادا، کاریگەری لەسەر هەموو نەوەکەم هەبوو، کەسێتیەکی گرنگ بوو هەر بەتەنیا خاوەنی فیکرێکی تیوری نەبوو بەڵکو خاوەنی میتۆدی خۆی بوو لەهەڵس و کەوت و کارەکانیدا ژنێکی چالاك بوو، خەباتێگرو عەقڵانی بوو، تەمەنم بیست و پێنج ساڵ بوو کەکتێبی (رەگەزی دووەم)م خوێندەوە، لەقوتابخانە ئاینییەکاندا پێیان دەوتین: گەر یەکێکتان کتێبەکەی سیمۆن دۆ بۆڤواری بەردەست کەوت بایەکسەر بیسوتێنێ، دوایی کەبوومە مامۆستا زۆر سوودم لەنووسینەکانی وەرگرت، دۆ بۆڤوار بەهەق مامۆستایەکی ناوازە بوو.

**ساڵی (١٩٣٩) هەڵوێستەیەک بوو لەژیانمدا، وازم لەخۆپەرستی و توڕەیی خۆم هێنا، ژیانم لەڕەگ و ریشەوە هەڵگەڕایەوە، نووسین داگیری کردم و ئیتر بۆنەبەد ئازادی نەکردم**

### لەکچێکی بەڕەوشتەوە بۆئاهەنگسازی ماڵئاوایی

سیمۆن لەڕێی (رینیە ماهۆ)وە سارتەری ناسی، ساڵی (١٩٣١)یش کرا بەمامۆستا لەمەرسیلیا بەڵام سارتەر بوو بەمامۆستا لەهاڤر، لەهاوینی ئەو ساڵەدا چوون بۆئیسپانیا، ئەو کاتە ئەوەندەی رووداوی لاوەکی سەرنجی رادەکێشان رووداوە سیاسییەکانیان هێندە بەلاوە گرنگ نەبوو، دوای ئەوە شەڕی ئیسپانیا سەرنجی سیمۆنی راکێشاو ئیتر ئەو خەمساردییەی لەئاست دونیادا هەیانبوو وەکو خۆی نەما، بەڵام بەشداریان لەو هێزە دەوڵەتیانەدا نەکرد کەهاتبوونە ئەوێ، سیمۆن دەیووت؛ ئاخر سارتەر چی لەتفەنگ بکردایە !، هەروەها دەیووت ساڵی (١٩٣٩) هەڵوێستەیەك بوو لەژیانمدا، وازم لەخۆپەرستیو حۆپەرستیوتوڕەیی خۆم هێنا، ژیانم لەڕەگو ریشەوە هەڵگەڕایەوە، نووسین داگیری کردمو ئیتر بۆئەبەد ئازادی نەکردم، هەرواش بوو نیوەی یەکەمی چلەکان زۆرترین شتی تیا نووسی، ساڵی (١٩٤٣) رۆمانی (نابراو)ی نووسی کەسەرکەوتنێکی گەورەی بەدەستهێنا، تیایدا باسی هەندێ لەئەزموونە شکست خواردووەکانی ژیانی خۆی کردبوو، ساڵی (١٩٤٤) شانۆگەری (Lesbouchesinutiles) بڵاوکردەوە کە لەهەمان ساڵدا لەسەر تەختەی شانۆ نمایش کراو ئەوەتاکە شانۆگەری‌بوو کە لەژیانیدا نووسیوێتی، هەر لەم ساڵەشدا رۆمانی (خوێنی ئەوانی‌تر)ی دەکرد، ساڵی (١٩٤٥)یش رۆمانی (هەموو پیاوان تیاچوون)ی بڵاوکردەوە، ساڵی (١٩٤٨) کتێبی (هەموو رۆژێ ئەمریکا)ی بڵاوکردەوە پێش ئەوەش چەند لێکۆڵینەوەیەکی بەناوی (وجودیەتو حیکمەتی نەتەوەکان)ەوە بڵاوکردەوە، ساڵی (١٩٤٩) کتێبی (رەگەزی دووەم)ی بڵاوکردەوە، کە بەبنەمای بزووتنەوەی هاوچەرخی ژنان دادەنرێ دوای ئەم کتێبەی ناوو ناوبانگی هەموو دنیای گرتەوە، بەڵام ئەو ناوبانگە گەورەیە وای لێنەکرد دەستەبەرداری هەندێ لەو کارە بچووکانە بێت کەپێی راهاتبوو وەکو سەردانی قاوەخانە نزیکەکانی کەنیسەی سان جێرمان، ئەو چرکانەش لەرۆمانی (Les mandarines)دا رەنگی داوەتەوە کەساڵی (١٩٥٤) خەڵاتی گۆنکۆری لەسەر وەرگرت، دوای ئەوە کتێبەکانی بەمجۆرە بەردەوام بوون: (١٩٥٧) (رێڕۆشتنێکی دوورو درێژ)، ساڵی

بۆرشاردۆ دەڵێ:
سیمۆن دو بۆڤوار
بەخانمی بزوتنەوەی
ژنان دادەنرێ
لەفەرەنسادا،
کاریگەری لەسەر
هەموو نەوەکەم
هەبوو،
کەسێتیەکی
گرنگ بوو هەر
بەتەنیا خاوەنی
فیکرێکی تیوری
نەبوو بەڵکو خاوەنی
میتۆدی خۆی بوو
لەهەڵسو کەوتو
کارەکانیدا
ژنێکی چالاک بوو،
خەباتێگرو عەقڵانی
بوو

(١٩٥٨) (یاداشتەکانی کچێکی بەرەوشت)، ساڵی (١٩٦٣) (جمیلە بۆپاسا) کەباس لەکچێکی خەباتێگری جەزائیر دەکات کەتووشی ئەشکەنجەدان بووە، ساڵی (١٩٦٠) (دەروازەی تەمەن) ساڵی (١٩٦٣) (هێزی شتەکان) هەر لەم ساڵەدا دایکی سیمۆن کۆچی دوایی دەکاو رەنگدانەوەی ئەم رووداوە لەرۆمانی (مەرگێکی زۆر هێمندا) دەبینین لەمبارەیەوە سیمۆن دەڵێ: (ئیتر سەبارەت بەکتێبەکەم نیگەرانیم نەما، دایکم بردە نەخۆشخانە، نەخۆشییەکەی و گیاندانی بەسەر بیرکردنەوەمدا زاڵ بوو، دوای ناشتنی بیرۆکەی ئەوەی کەهەموو ئەوە بنووسمەوە بەسەرما زاڵ بوو، من لەکاتە سەختەکاندا لەخۆمەوە شت دەنووسم کەنابێت کەس ببینێ، بەڵام ئەم جۆرە نووسینە ئەو ئارامییەم پێدەبەخشێ کە نوێژ دەیبەخشێتە ئیماندارەکان، ساڵی (١٩٧٠) کتێبی (پیریتی)و ساڵی (١٩٨١) (رێورەسمی ماڵئاوایی) نووسی.

ساڵی (١٩٦٤) لەگەڵ سارتەردا چوون بۆکییف لەسۆڤێت بۆئامادەبوونی یادی سەدو پەنجا ساڵەی شیفجستکۆی شاعیر، دوای سێ ساڵ هەردووکیان بەشداریان لەدادگای (رۆسیل)دا کرد کەدامەزرا بوو بۆلێکۆڵینەوە لەتاوانەکانی جەنگی ڤێتنام، ساڵی (١٩٦٨) رۆمانی (ژنێکی وردو خاش)ی دەرچوو، دوای ئەوە بەهاری ئەو ساڵە تێپەڕی لەمبارەیەوە دەڵێ (دانی پیادەنێم رووداوەکانی ئایاری ٦٨ـی فەرەنسا بەقووڵی کاری تێنەکردم وەکو چۆن رووناکبیرەکانیتری هەژاند) لەتشرینی دووەمی ئەو ساڵەدا واتە (١٩٦٨) هەردووکیان سەردانی پراگ- چیکۆسلۆفاکیا-ی ئەو سایان کرد.

ماڵئاوا سارتەر

رۆژی (١٥)ی ئایاری ساڵی (١٩٨٠) سارتەر کۆچی دوایی کرد، دوای ساڵێك واتە (١٩٨١) سیمۆن رۆمانی (رێورەسمی ماڵئاوایی) بڵاوکردەوە، تیایدا باسی ئەوەی کردبوو سارتەر چی بووە بەلای ئەمەوەو چۆن چۆنی لەهەموو رووداوەکاندا هاوبەشی سارتەری کردووە، ئیتر دوای مردنی سارتەر، هەرخۆی بەتەنیا بەرێك و پێکی بابەتی بڵاو دەکردەوە، کەهەواڵی سێکسی ئاسایی بوون تیایدا هەڵوێستێکی وەرگرتبوو کە لەبەرژەوەندی ئەو ژنانە بوو تووشی لێدان دەبوون، دوای ئەوە ئیتر سیمۆن بەتەنیا دەژیا بەڵام بەژیانی رۆژانەی ئاسایی خۆیەوە سەرقاڵ بوو تا دوا رۆژەکانی ژیانی دڵسۆزی رەگەزەکەی دووەم بوو.

ماڵئاوا سیمۆن

(فرانسوا لیتوار) وتی: سیمۆن دۆ بۆڤوار جێی هێشتین بەمە نێوەندی رووناکبیری فەرەنسی ژنێکی مەزنی لەدەستدا، ئەو ژنەی توانی وەکو کچێکی بەرەوشتی بێ گێرمەو کێشە بژی و خۆی بەخشییە ئەدەب

لە(١٤)ی نیسانی ساڵی (١٩٨٦)دا سیمۆن دۆ بۆڤوار لەتەمەنی (٧٨)ساڵیدا لەنەخۆشخانەی کۆشان لەپاریس کۆچی دوای کرد، بەهۆی تووش بوونی بەنەخۆشی ئاوبەندی سییەکان، دوای مەرگی چەند کەسایەتی ڕووناکبیرو سیاسیی فەرەنسی بەناوبانگ لەبارەیەوە دووان، لەوانە (فرانسوا لیتوار) کە وتی: سیمۆن دۆ بۆڤوار جێی هێشتین بەمە نێوەندی ڕووناکبیری فەرەنسی ژنێکی مەزنی لەدەستدا، ئەو ژنەی توانی وەکو کچێکی بەڕەوشتی بێ گێرمەو کێشە بژیو خۆی بەخشییە ئەدەب، دوای خۆشی چەندین بەرهەمی گرنگی بۆجێهێشتین وەکو ئەو ڕۆمانانەی تائێستاش سۆزی هەزارەها خوێنەر دەهەژێنێ، ئەو یاداشتانەی شایەتی بۆبلیمەتی ئەخلاقیو روناکبیری نەوەیەك دەدا، هەروەها ئەو لێکۆڵینەوانەی پێگەیەکی لەمێژووی فیکری فەرەنسیدا داگیر کردووە، سیمۆن بەکۆچی خۆی بۆشاییەکی گەورەی جێهشت، سڵاو لەیادی.

جاك لانج-ی وەزیری ڕۆشنبیری پێشووی فەرەنساش وتی:

بەمەرگی سیمۆن ژنێکی ناوازەمان لەدەستدا، قەت ئەوەم لەبیر ناچێتەوە چۆن پشتگیری سەرۆك کۆماری دەکرد، بەڕاستی هاوڕێیەکی گەورەمان لەدەستدا.

جاك شیراك-یش وتبووی: مەرگی سیمۆن دۆ بۆڤوار هێمایە بۆکۆتایی سەردەمێك، ئەدەبە مولتەزیمەکەی بەرجەستەی ئەو بزووتنەوەو بیرو باوەڕانەی دەکرد کەبوو بووە سیمای زەمەنێکی کۆمەڵگەکەمان، بەو بەهرەیەی خۆی بوو بە نووسەرێك کەخاوەنی پلەو پایەی خۆیەتی لەئەدەبی فەرنسیدا، بەناوی حکومەتەوە سڵاو لەیادی دەکەم.

جۆرج مارشێی حزبی شیوعی فەرەنسیش وتی (دۆ بۆڤوار بەرزترین کەسێتی ناو فیکری فەرەنسی)یە.

هەروەها یەکێتیی مافەکانی ژن لەفەرنسا پرسەنامەیەکی لەرۆژنامەکاندا بۆبڵاوکردەوە تیایدا دەڵێ: بەخەمو پەژارەیەکی قووڵەوە یەکێتی مافەکانی ژن پرسەی خۆی رادەگەیەنێ بەبۆنەی کۆچی دوای (سیمۆن دۆ بۆڤوار)ی سەرۆکیەوە، کەیەکێتییەکەمان بەهێمای ئیلتیزامی دادەنێت، ئەو ژنەی بەهرەی خۆی خستبووە خزمەتی کێشەکانی سەردەمەکەمانەوە، لەوانە کێشەی ژنان کە بەشێکی گەورەی ژیانی خۆی بۆتەرخان کردبوو، دڵنیاش بوو لەوەی ژنان لەگەڵ ئەو هەموو دەسکەوتەی بەدەستیان هێناوە هێشتا زۆریان ماوە تابتوانن ڕۆڵێکی چالاكو کاریگەریان هەبێت، بۆیە دۆ بۆڤوار پشتگیری یەکێتیو بزووتنەوەکانی ژنانی دەکرد ئەوانەی خەباتیان دەکرد بۆچاککردنی بارودۆخی ژنانو سەر بۆخۆبوونیانو دانانیان لەشوێنی بەرپرسێتیدا، کۆچی سیمۆن لای ژنانو لای هەموانیش زیانێکە کەقەرەبوو ناکرێتەوە.

جۆرج مارشێی حزبی شیوعی فەرەنسیش وتی (دۆ بۆڤوار بەرزترین کەسێتی ناو فیکری فەرەنسی)یە.

# چەمکی سیاسەت لای مەکیاڤیللی

## پێشەکی

تائەمڕۆش ناووناوبانگی مەکیاڤیللی وەك لایەنگرو بانگەشـەکەری سیاسـەتی هێزلەسـەرتاپای جیهاندا وەکو خۆی مـاوە.. نووسـینە سیاسییەکانی ئەو لەلایەن هەندێك رەخنەگرەوە بەوە لێکدراوەتـەوە کەلایەنگری بـەرژەوەندیی دەسـەڵاتدارانەو هـەموو وەسیلەیەکی بۆ گەیشتن بەدەسەڵات بەڕەوا زانیوە، بەڵام دووفاقیو دوو روخساریی ئەندێشەی مەکیاڤیللی، پێشاندەری بەسەرچوویی‌و نوێبوونی، پـاش بەسـەرچوونی پێنـج سـەدە، هێشـتا ئەندێشـە سیاسـییەکانی مـەکیاڤیللی لەلایـەن ئـەو کەسانەی کـەگرنگی بەسیاسـەت دەدەن، جێگای باس‌و لێکۆڵینەوەیە. ئەم نووسینەی ئێستا لەبەردەستدایە، هەوڵێکە بۆ تیشکخستنە سەر ئەندێشەکانی ئەم بیرمەندە گەورەیەی سـەردەمی رێنیسـانس‌و دەرخسـتنی پلەوپایـەی ئـەو لـەمێژووی ئەندێشەی بیری سیاسی.

## پێگەی مەکیاڤیللی لەمێژووی ئەندێشەی سیاسی

هێشتا ئـەو پرسـیارانەی کەمـەکیاڤیللی لەسـەرەتای سـەدەی شـازدەیەم خستوونیەتە روو، لەلایـەن بیرمـەندە سیاسـییەکانەوە جێگـای لێکۆڵینـەوەن. پرسـیارگەلێکی وەك: پـەیوەندیی نێـوان سیاسـەت‌و ئـەخلاق چییـە..؟و دەبێـت چـۆن بێـت..؟ ئایـا

نووسینی: شکوە مەحمود زادە
وەرگێڕانی: مەجید سالح

سیاسەتمەدارێك دەبێت تەنیا بیر لەسەرکەوتنی کارەکانی خۆی بکاتەوە، یان دەبێت پەیڕەویی یاساو ئەخلاقە گشتییەکان بکات..؟

تیۆری‌و فەلسەفەی سیاسی دەبێت بۆ کاری سیاسی چی ڕێسایەکیان هەبێت..؟

ئایا ڕێسای گشتی‌و پەسەندکراوو پەیڕەوکراو هەیە بۆ سەرکەوتنی کاری سیاسی یان سەرکەوتنی سیاسیی لەئەنجامی کاردانەوە لەبەرامبەر هەلومەرجە جیاجیاکاندا دێتە دەست..؟ ئایا مەسەلەیەکی پێشکەوتنی جیهانی لەمێژوودا هەیە یاخود هەرقۆناغەو پێشکەوتنی جیهانی لەمێژوودا هەیە یاخود هەر قۆناغەو پێشکەوتنی مێژوویی‌و پاشکەوتن‌و ڕۆچوونی خۆی هەیە..؟

هەر ئەو پرسیارانە دەگەڕێنەوە لای بیرمەندو تیۆرزانی فلۆرنسایی سەدەی شازدەیەم.

سپینۆزاو ڕۆسۆ بەردەوامیی لەفەلسەفەی سیاسیی خۆیاندا پەیڕەوییان لەمەکیاڤیللی کردووە، لەسەرەتای سەدەی نۆزدەیەمدا هیگڵ‌و نیتشە کەبەچاوی خۆیان هەڵوەشاندنەوەی ئیمپراتۆریای (رایش)ـی ئەڵمانیایان بینی، بۆ وەڵامی پرسیارە سیاسییەکانیان پەنایان بۆ مەکیاڤیللی برد.

لەسەدەی بیستەمیشدا هەم مۆسۆلۆنی‌و هەم گرامشی کە لەزیندانەکانی ئەودا بوو، خۆیان بەلایەنگری باوەڕەکانی ئەو دەزانی‌و لەلای مەکیاڤیللی‌دا بەدوای ئەندێشەی سیاسی‌و تێڕامانەکانیاندا دەگەڕان، کەواتە مەکیاڤیللی توانیی وەك "باوکی فکری" ڕێکخراوو کەسانی تەنانەت دژ بەیەك خۆی دەربخات.

ئەم دەرکەوتنانە لەهەندێك ڕووەوە ڕاستن، چونکە مەکیاڤیللی لەهەموو نووسینە سیاسییەکانیدا بەهیچ شێوەیەك بەتەنیا لایەنگری بۆچوونێکی سیاسی نەکردووە، لەنووسینەکانیدا دەتوانی ڕستەی ریفۆرمخوازانە یان شۆڕشگێڕانەو یاخود کۆنەپارێزانە بدۆزیتەوە.

زۆربەی پارێزگارانی بەریتانیاو ئەمریکا کتێبی "پەیڤەکان" دەکەنە سەرمەشقی خۆیان، کەچی شۆڕشگێڕەکانی وەك ڕۆسۆ، گرامشی‌و سیاسەتمەدارەکانی ئەوروپا زیاتر مەیلیان بەلای کتێبی "میر"ەوەیە، ئەم مەسەلەیە دوو فاقیی بابەتەکانی ئەو پێشاندەداو ئاشکراکردنی ئەوەش ئامانجی سەرەکیی ئەم بابەتەیە.

چ سیاسەتێك باشترین سیاسەتە..؟ ئەم پرسیارە بەلای مەکیاڤیللییەوە هیچ گرنگییەکی نەبوو، بەڵکو سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ هەلومەرجی سیاسیی ئەم کاتە.

لەوەش زیاتر: هەم ڕابەری شۆڕشی جیامپی لەئیتالیا کەدەیویست دەسەڵات بگرێتە دەست‌و هەم (سیزار بورژیا) کەدەیویست دەسەڵاتەکەی بپارێزێت، دەبنە جێگای سەرنج‌و تێڕامانی مەکیاڤیللی، شتێك کەزیاتر سەرنجی مەکیاڤیللی



ماکیاڤیللی

رادەکێشێت "هونەری راست"ـە کەلای مەکیاڤیللی ئەو کاری سیاسییەی کەدەبێتە هۆی سەرکەوتن. هەر ئەم بۆچوونانە وایکردووە تێزەکانی مەکیاڤیللی سەرنجی بزووتنەوە جیاجیاکان بۆلای خۆی رابکێشێت.


لەهەمان کاتدا پێکهاتەی سەرەکیی نووسینەکانی مەکیاڤیللی بۆچوونی کۆماریخوازانەیان زیاتر پێوەدیارەو رۆچووەتە ناو دیموکراسییەتی رۆژئاواوە. ئەم بۆچوونەی کەپێی وایە مەکیاڤیللی کۆماریخوازێکی مەزنە، لەوانەیە ناکۆك (پارادکس) بێت، چونکە هەم ژاکوبنییەکان‌و هەم ناپلیۆن کەڵکیان لەتێزەکان وەرگرتووە.

هەروەها لینین‌و مۆسۆلینی پەیڕەوییان لەهەندێك لەتیۆرییەکانی مەکیاڤیللی وەرگرتووە، بەڵام ئەگەر ئێمە مەکیاڤیللی بەباوکی فکریی حکومەتی تیرۆریستیی ژاکۆنییەکان‌و شەڕەکانی ناپلیۆن‌و کۆمۆنیزم‌و فاشیزم بزانین، ئەوا تێڕامانەکانی ئەومان وەك کاریکاتۆر لێکردووە. لێرەدا دەبێت لەگەڵ رۆسۆدا هاودەنگ بین‌و بڵێین: "مەکیاڤیللی بەبیانووی وتنەوەی وانە بۆ پادشاکان، وانەی بەگەلان وتووەتەوە. کتێبی میر لەڕاستیدا کتێبی کۆماریخوازەکانە"..

دەستکەوتە فکرییەکانی مەکیاڤیللی زیاتر لەبواری یاساکانی زاڵ بەسەر زانست‌و هونەری سیاسەتدا بووەو ئەو رێنماییانەی کەئەو بۆ سەرکەوتنی لەبواری سیاسەدا رێگای پێدەدا (سەرەڕای جیاوازییەکانیان) بەرەو دیموکراسی هەنگاوی ناوە.

لەڕێگای مەکیاڤیللییەوە گۆڕان لەفەلسەفەی سیاسیی کلاسیك بەرەو ئەندێشەی سیاسیی سەدەکانی نوێ روودەدات

مەکیاڤیللی پرۆتۆکۆلی مەسەلەی سیاسەت سەرلەنوێ دادەڕێژێت‌و پۆلێنی دەکات‌و جارێکی تر فۆرمەلەی دەکات‌و هەربۆیە دەکرێت ئەو بەباوکی سیاسەتی مۆدێرن بناسێنین.


لوتەر کینگ

## قاڵبناسیی قۆناغی رێنیسانس

یاکوب بورکهارت-ی بیرمەندی گەورەی سویسرایی لەکتێبە بەناوبانگەکەیدا "کولتووری رێنیسانس لەئیتالیا" دەڵێت: "رێنیسانس لاساییکردنەوەو کۆکردنەوەی دەستکەوتەکانی شارستانییەتی کۆن نییە، بەڵکو قۆناغی نوێبوونەوەو دووبارە دۆزینەوەی جیهان‌و مرۆڤە".. لەقۆناغی رێنیسانسدا بۆ یەکەمجار لەئەوروپاو رۆژئاوادا نەخشەی "مرۆڤی جیهانی-Unmouniversale" دارێژرا، هەرچەندە ئەو "مرۆڤی جیهانییە" دووبارە لەدایکبوونەوەی مرۆڤی رۆژئاوایی‌و ئەوروپایی بوو، بەڵام ئەم جارەیان باس لەجیهان دەکرێت، ئامانجی رێنیسانس

دیاریکردن‌و دەستنیشانکردنی تێکڕایی تیۆرییەکانی مرۆڤایەتی بوو. ڕێنیسانس ڕەوتی تاکگەرایی قۆناغێك بوو کەدەیویست خۆی وەك سەنتەری قورسایی بناسێنێت، لەلایەکی ترەوە خۆی لەجیهانی ئایینی دەوردەگرێت، تاکو جارێکی تر لەشێوەی ناتورالیستی (سروشتی)دا خۆی دەرخاتەوە.

لەم قۆناغەدا شێوەی دەستاوی سەدەکانی ناوەڕاست لەبەریەك هەڵدەوەشێتەوەو شێوەی پتەوی ژیانی قۆناغی نوێ دەستپێدەکات، دەکرێت لەهونەرو ئەدەبیات‌و فەلسەفەی ئەو قۆناغەدا پتەوییە بدۆزیتەوە، لەسەدەی چواردەیەمی زایینی بەولاوە بۆرژوازییەتی بازرگانی‌و سەرمایەداریی ئیتالیا، جگە لە"شوێن" کە لەسەدەکانی ناوەڕاستدا وەك زەویی کشتوکاڵی بەکەڵك بوو، توانیی "کات"یش بدۆزێتەوە.

چییتر زەنگی کڵێساکان بەتەنیا مانای ئایینیان نەبوو، بەڵکو ئەو زەنگانە هەموو سەری سەعاتێك تەنانەت لەشەوانیشدا، کاتیان پێشاندەدا.

لەم سەردەمەدا شار گرنگییەکی زۆرتری لەچاو گونددا پەیداکردو سەرمایەداریی بازرگانی لەڕێگای کڕینی زەوییەکانەوە دەرەبەگ‌و تەنانەت کڵێساشی خستە پەراوێزەوە. پاپا پۆڵسی دووەم لەم کاتەدا لەو بارەیەوە وتوویەتی: "لەئیتالیا هیچ شتێك بەجێگیری نامێنێتەوەو هیچ دەسەڵاتێکی کۆن نامێنێت، زۆر بەئاسانی دەکرێت کۆیلەیەك بکرێت بەپاشا"..

بۆ ئەوەی زیاتر گیانی ئەو قۆناغە بناسین، دەبێت پەنجە بۆ ئەو خاڵە رابکێشین کەیەکێك لەگەورەترین سەڕافەکانی ئیتالیا لەو قۆناغەدا لەسەر چەکوشەکانیدا دەینووسی: "بەناوی خواو قازانج" بەم جۆرە ئەم بۆرژوازییە جگە لەخوا، قازانجی لەبەرچاو بوو، تەنانەت دەیویست قازانج بخاتە پێش خواوە. فلۆرەنسا بوو بووە سەنتەری ئەو سەرمایەدارییە.

بنەماڵەی "میدیچی" گەورەترین بنەماڵەی دەسەڵاتداری فلۆرەنسا بوو.. "گوزیمو میدیچی" نەك بەتەنیا دەوڵەمەندترین پیاوی شارەکەی خۆی بوو، بەڵکو لەساڵی ١٤٣٤ەوە سیاسەتی شارەکەی دادەڕشت.. نەوەکەی (لۆرێنزۆ) بەناوبانگترین پیاوانی هونەرو ئەدەبیات‌و فەلسەفە بوو، لەکاتی ژیانیدا وەك میری شاری فلۆرەنسا حسابی بۆ دەکرا. مەکیاڤیللی کتێبی "میر"ی پێشکەشکرد، بۆ ئەوەی پلەوپایەیەکی پێببەخشێت. ساڵی ١٥١٣ کوڕەکەی لۆرێنزۆ (جیوانی) وەك پاپا لۆی دەیەم تاجی لەسەرناو پاش ماوەیەك (کلمنس)ـی حەوتەم کەئەویش مدیچی بوو کرا بەپاپا. ساڵی ١٥٣٣ نەوەی لۆرێنزۆ (کاترین دو میدیچی) لەگەڵ پاشای فلۆرەنسا هنریی دووەم زەماوەندی کرد. لێرەوە دەتوانین لەژیانی



سوقرات

بنەماڵەی میدیچیدا نموونەیەکی شایانی باسی ڕێنیسانسی ئیتالیا ببینین. پێشکەوتنی سەرمایەدارو خانەدان بۆ بنەماڵەیەکی ئەرستۆکراتی بەبیروباوەڕ فیوداڵی. ئەم "نوێکردنەوەی ئەرستۆکرات"ـیە لەبنەماڵەی بازرگانو خاوەن بانكو ئەفسەرەکانی ئیتالیا، دیاردەیەکی پارادۆکس لەڕێنیسانسی ئیتالیا دەخاتەڕوو. ئەندێشەی مەکیاڤیللی لەداڕشتنی تیۆریی حکومەتی مۆدێرن، لەزۆر ڕووەوە وەڵامێکە بۆ ئەو بۆچوونە پارادۆکسەی بۆرژوازیی ئیتالیا، لەپاڵ ئەم گەشەکردنەی بۆرژوازیی بازرگانی، پێویستە باس لەئومانیستەکانی سەردەمی ڕێنیسانس لەئیتالیا بکەین. ئەم ئومانیستانە لەگەڵ سەرمایەدارەکاندا دژی خانەدانەکانو کڵێساکان یەکیان گرت.

لەم قۆناغەدا یەکێتیی (پارەو ئەندێشە) پێکهات، یەکێتیی پارەو ئەندێشە لەململانێیەکی شارستانیدا توانییان ئەو توێژە بێبەشانەی کەتازە هاتبوونە مەیدان لەژیانی کۆمەڵایەتیدا بەشداری بکەن. لەم شەڕەدا ئەندێشەو فکر لایەنی پارەیان گرت، چونکە بیرمەندەکانی ئەم قۆناغە هەڵقوڵاوی چینی ناوەڕاستو خوارەوەی کۆمەڵگا بوون، ئومانیستەکان بەزمانی لاتین دەیاننووسی، بەڵام شێوازی لاتینییان باشترکرد، بەڵام لەسەردەمی "دانتیێ"وە زمانی خەڵکی ئیتالیا "تلیانی" توانیی زمانی لاتین لەبواری ئەدەبدا بردە دواوە. لەسەرەتای قۆناغی ڕێنیساندا (پترارك) هەیەو لەکۆتاییەکەیشیدا مەکیاڤیللی هەیە.

ئومانیستەکانی قۆناغی ڕێنیسانس دەیانویست "مرۆڤی جیهانی" بەئەندێشەی (Universal)دروستبکەن، مەکیاڤیللی وەك گەورەترین نوێنەری بیری ڕێنیسانس، لەهەمان ڕێچکەدایەو ئەویش لەبواری سیاسییدا (Universal) یونیڤێرساڵییانە بیردەکاتەوە.

## نەخشەی نوێی مەسەلەکان

هەرچەندە مەکیاڤیللی لەکەنارەکانی قۆناغی نوێدا دەژیاو لەسەرەتای ژیانیدا وەك دیپلۆماتێك کاری دەکردو سەرقاڵی مەسەلە سیاسییەکانی سەدەکانی ناوەڕاست بوو، بەڵام توانیی لەئەندێشەی سیاسیی خۆیدا خۆی لەسوننەتەکانی سیاسەتی سەدەکانی ناوەڕاست دوور بخاتەوەو تیۆری سیاسیو مێژوویی خۆی بەبنەماو کۆمەڵەی قۆناغی نوێ دابڕێژێت. گوتاری سیاسی لای مەکیاڤیللی بەشێوەیەکی یەکجارەکیو ڕادیکاڵانە لەگوتاری سیاسیی سەدەکانی ناوەڕاستو گوتاری یۆنانیو ڕۆمانی دادەبڕێتو دەروازەیەك بەڕووی قۆناغی نوێدا دەکاتەوە. ئەوەی مەکیاڤیللی لەجیهانبینییە سیاسییە-مێژووییەکانی سەدەکانی ناوەڕاست جیادەکاتەوە

ئومانیستەکانی قۆناغی ڕێنیسانس دەیانویست "مرۆڤی جیهانی" بەئەندێشەی (Universal) دروستبکەن، مەکیاڤیللی وەک گەورەترین نوێنەری بیری ڕێنیسانس، لەهەمان ڕێچکەدایەو ئەویش لەبواری سیاسییدا (Universal) یونیڤێرساڵییانە بیردەکاتەوە.

لەبەرچاو نەگرتنی "خواستی خوایی-Teleologisch,theologissh" (ویستراو) رادیکاڵییەکانییەتی لەداهاتی حکومەت دەبێت.

بەپێی باوەڕەکانی (سان گوشین) کە لەسەدەکانی ناوەڕاستدا بەڵگەنەویست بوو، مێژوو لەلایەن خواو بەویستی ئەو ئاراستە دەکرێت، بەڵام لای مەکیاڤیللی مێژوو دەرئەنجامی ئیرادەو کاری مرۆڤایەتییە. مێژوو لای مەکیاڤیللی حەقانییەتی خۆی لەلایەن خواوە بەدەست ناهێنێت، بەڵکو ئەو حەقانییەتە دەرئەنجامی پێکهاتەو پێداویستیی رەوتو رووداوەکانی خودی مێژوو خۆیەتی.

هەر لەبەر ئەوەیە لەکاتی نووسینەوەی "مێژووی فلۆرەنسا" دا مەکیاڤیللی نایەت وەك مێژوونووسە مەسیحییەکان لەبورجی بابلەوە لەعنەتی خوا لەخەڵکەوە دەستپێبکات، بەڵکو لەهێرشی جێرمەنەکان بۆ سەر ئیتالیا دەستپێدەکات، لای مێژوو نووسە ئیسلامییەکانیش مێژوو لەئادەمەوە دەستپێدەکاتو پاشان باسێك لەبارەی پێغەمبەرەکان دەکرێت تادەگاتە نووسینەوەی ئەو مێژووەی کەویستوویەتی.

لەوڵاتە ئیسلامییەکاندا تەنیا خواجە نیزامولمولك لەم سوننەتە بەدەرەو بەڕای من سیاسەتنامەکەی دەبێت لەبەردەستی مەکیاڤیللیدا بووبێت، بەڵام ئەو مەسەلەیە بۆ کاتێکی تر بەجێدەهێڵم.

مەکیاڤیللی هەموو رەگەزەکانی بیری باڵا (Tranzendental) لەتیۆرییەکەی خۆی دەردەکاتو قانوونمەندییەکانی رەوتی کامڵبوونی مێژوویی بەبێ گوشاری ئەندێشەی باڵا رووندەکاتەوە. بەم شێوەیە ئەو بەلەبەرچاو نەگرتنی قسەکردن لەسەر باڵایی مێژوو هەڵدەستێت بەئاسانکردنی (Kausal) لەلێکۆڵینەوەی مێژووییدا. لەوەوپاش چیتر دەستێوەردانی خواوەندییانە نابێتە هۆی ئاڵوگۆڕی مێژوویی، بەڵکو تەنیا سروشتو هەڵسوکەوتی مرۆڤ رەوتی مێژوویی دیاریدەکات. ئەم مەسەلەیە-دەستتێوەردانی مرۆڤ-دەبێتە شتێکی لۆژیکیو مەکیاڤیللی لەهەردوو بەرهەمی "میر"و "پەیڤەکان"دا بەکاریان دەهێنێتو بەم شێوەیە ئەو دەبێتە هۆی ئاوەژووکردنی نووسینەوەی مێژوو. لەپاڵ دوو چەمکی باوی رێنیسانس، واتا "مایە-Virtu"و "بەخت-Fortuna" مەکیاڤیللی چەمکی "زەرووڕەت-Hecessita" لەتیۆرییەکەی خۆی بۆ گوتاری سیاسی-مێژوویی بەکاردەهێنێت.

چەمکی زەرووڕەت لەو لایەوە پێویستبوو کەخواوەند وەك فاکتەری داڕێژەری مێژوو رۆڵی نەمابوو، کەواتە دەبوو لەجێگای ئەودا فاکتەرێکی تر وەك گرێدانی رەوتە مێژووییەکان دابنرێت، بۆ ئەوەی مێژوو دانەبەزێتە ئاستی تەماشاکردنی واقعەوە، ئەم

گوتاری سیاسی لای مەکیاڤیللی بەشێوەیەکی یەکجارەکیو رادیکاڵانە لەگوتاری سیاسیی سەدەکانی ناوەڕاستو گوتاری یۆنانیو رۆمانی دادەبڕێتو دەروازەیەك بەرووی قۆناغی نوێدا دەکاتەوە.

پێداویستییە، وەك پێوەرێك دەهاتە ژماردن و مەکیاڤیللی لەڕێگایەوە هەڵدەستێت بەسازدانەوەی پەیوەندیی دەروونی لەناو مێژوودا.

ڕێسای کارکردنی سیاسیی مەکیاڤیللی بەتەواوی لەسەر بناغەی ئەندازەگیریی ئەو پەیوەندییە دەروونییە مێژووییە بونیادنراوە.

تەنیا ئەو کەسەی کەقانوونمەندەو ڕەوت و ڕووداوە مێژوویی و سیاسییەکان دەزانێت، دەتوانێت بگات بەئامانجەکانی. خوێندنەوەی قانوونمەندییەکانی مێژوو ئەو توانایە دەدات بەمرۆڤ تاڕادەیەك خۆی لەهێزە قەدەرییەکان بەدوور بگرێت.

توانای زاڵبوون بەسەر مێژوو لەڕێگای ناسینەوەی قانوونمەندییەکانی دا ئەوە فۆرمەلە تیۆری و پراکتیکییە کەڕێنیسانسی ئیتالیا فێرمان دەکات: "حاکمەکانی ئێمە پاش چەندین ساڵ حکومەتکردن، سەروەریی خۆیان لەدەستداوە، نابێت بەو شێوەیە گلەیی لەچارەنووسی خۆیان بکەن، بەڵکو دەبێت گلەیی لەترسنۆکیی بکەن، چونکە لەسەردەمە ئارامەکاندا ئەوان بیریان لەوە نەدەکردەوە لەوانەیە هەندێك شت بگۆڕێت، ئەوە هەڵەیەکی گشتیی مرۆڤە کاتێك لەسەردەمە ئارامەکاندا دەریا بیر لەزریان ناکاتەوە ئەوکاتەش کەسەردەمی گرتنی لاسارەکان دێت ئەوان بیر لەهەڵهاتن دەکەنەوە، نەك بەرگریکردن"-میر ل١٠١.

لەکتێبی میردا ئامانجی مەکیاڤیللی خۆپارێزی (Selbsterhaltu) حکومەت و (بەرژەوەندیی حکومەت-Staatsrison)ەو بۆ ئەو خۆپارێزەش دێت و شایستەیی و سەلاحییەت پێکەوە متوربە دەکات.

ئەگەرهاتوو زەرووەتی مێژوویی نەناسرێتەوە یاخود سیاسەتمەدارەکان هیچ سەلاحیاتێکیان نەبێت، ئەوا زۆر بەئاسانی دەبنە قوربانیی گەمە ڕەش و نادیارەکانی چارەنووس، بەڕای مەکیاڤیللی ئەو جۆرە قوربانیبوونە، لەبەر نەناسینەوەی زەرووەتە لەناو فەلسەفەی مێژووداو نیشانەیشە بۆ نەبوونی شایستەیی سیاسیی ئەو گەلە یان نیشتمانە.

"ئەم هەڵسوکەوتە ئەو نەخۆشەیە کەتووشی سیل هاتووەو پزیشکەکان دەڵێن ئەم جۆرە نەخۆشییە لەقۆناغە بەراییەکاندا بەئاسانی تیمار دەکرێت، بەڵام سەخت دەستنیشان دەکرێت، بەڵام ئەگەر لێی قورسکردیت، ئەوا بەسەختی تیمار دەکرێت و بەئاسانی لەلایەن هەموو کەسێکەوە دەستنیشان دەکرێت، لەسیاسەتیشدا وایە..

"ئەو پشێوییانەی کە لەوڵاتدا سەرهەڵدەدەن، ئەگەر بەزووترین کات نەناسرێنەوە، تەشەنە بکەن، ئیتر هیچ دەرمانێك فریای چاکبوونەوەی ناکەوێت-میر-ل١٠"..

لێرەدا مەکیاڤیللی لەڕێگای جیاکردنەوەی (کەسێکی دانا)و هەر (کەسێك)ەوە هەڵدەستێت بەسەلماندنی ئەوەی کەسیاسەت هەم

لەپاڵ دوو چەمکی باوی ڕێنیسانس، واتا "مایە-Virtu"و "بەخت-Fortuna" مەکیاڤیللی چەمکی "زەرووەت-Hecessita" لەتیۆرییەکەی خۆی بۆ گوتاری سیاسی-مێژوویی بەکاردەهێنێت.

هونەرەو هەمیش زانست. سیاسـەت لای مـەکیاڤیللی یاساو ڕێسـای خۆی پەیدا دەکات، بۆئەوەی بگەین بەئامانجەکانمان دەبێت فـێری ببـین، لەمـەولا ئـەوە مەبەستی بـالا نییـە خەسـڵەتەکانی کەسـی سیاسـەتمەدار دیاریدەکـات، بـەڵکو ئـەوە توانـای بەدەسـتهێنانی سەرکەوتنە دەبێتە خەسڵەت بۆی.

تـەنیا لـەلای مـەکیاڤیللی سیاسـەت دەبێتـە "هونـەری بەدەستهێنانی ئەگەرەکانە، هەرچەندە لەلێکۆڵینـەوە سیاسییەکانی ئەندێشـەی مـەکیاڤیللی، بەکەسێکی پارێزگار یـان ریفـۆرم خـواز لەقەڵەمدراوە، بەڵام لەڕاسـتیدا ئـەو بیرمـەندە لەئەندێشـە سیاسـیو مێژوویـیـەکانیدا زۆر ریـالیزمی بـووە دژی هـەموو خواسـتێکی (Normativ)بـووە: "جیاوازییـەکی زۆر لـەنێوان ژیـان وەك ئـەوەی کەهەیەو ئەوەی کگەدەبێت ببێت هەیە، ئەو کەسەی تـەنیا بـیر لـەو ڕووداوانەی کـەدەبێت ڕووبـدەن بکاتـەوە، نـەك لـەو ڕووداوانـەی کە لەڕاستیدا ڕوودەدەن، بوونی خۆی بەرەو فەنا دەبات، ئـەو مرۆڤـەی کەتـەنیا شتە باشـەکانی دەوێت، بـەناچاری بەرامبـەر ئـەو هـەموو مرۆڤە خراپانەی کە لەڕاستیدا هەن، تێك دەشکێت-میر ل٦٣.

لەلای مەکیاڤیللی ئازارەکانی حەقیقەتو (PolitishelImperativ) ئاشکرا دەبن، ئەگەر لای ئـەفلاتوونو ئەرستۆ پێناسـەی سیاسـەتی واقعـی پـەیوەندە بەئەندێشـەی فەزیلـەتو خۆشـبەختی، بـەڵام مەکیاڤیللی خۆی لەخۆشبەختیی مرۆڤ دووردەخاتەوو تەنیا گرنگـی بەسـەقامگیریی سیاسـیی وڵات دەدات. ئـەم قسـە گوتـە رەقو بێبەزەییانە کەخۆشی دانی پێدا دەنێت، بووەتە هۆی بەدناوی بۆی، چونکە ئەو تەنانەت لەو جێگایەش کەدەستکەوتی خۆشـبەختیی بۆ مرۆڤ لەئارادایە، گوێی پێ نـەدراوەو تـەنیا بـیری لـە"خۆپاراسـتنو حکومەت پاراستنو" بەرژەوەندیی حکومەتو سەقامگیریی سیاسیی دەکاتەوە.

مەکیاڤیللی لەو باوەڕەدایە کـە: "کەسـانی ئـازاد بوونیـان نییـە، بەڵکو گەلانی ئازاد هەنو تاکەکەس تەنیا لەو کاتەدا دەتوانێت بڵێـت ئازادم کەسەر بەگەلێکی ئازاد بێت".

بـەلای مەکیاڤیللییـەوە تـێزی "چەسـپاویی سروشـتی مـرۆڤ" تـێزێکی گرنگـەو رەگـەزێکی سـەرەکیو نـەگۆڕی ئەندێشـەی مەکیاڤیللییـەو لەبەرامبـەریدا دەکرێـت گۆڕانکارییـە مێژوویـیـەکان بخرێتە بەر لێکۆڵینەوەی جدی. تاکەکەس لای مەکیاڤیللی یەکەیەکی چەپاوو نەگۆڕە، بەڵام مێـژوو لـەگۆڕانو بزاوتندایـە. تـەنیا لـەڕێگای ئـەم بنەمایـەوە (واتـا سـەقامگیریو نـەگۆڕیی سروشـتی مـرۆڤ) دەتوانین ئەو هەلومەرجە جیاوازەی کەئەو لێکـی دەداتـەوە، لەگەڵ یەکدا بـەراورد بکرێـت، مـەکیاڤیللی سروشـتە چەسپاوەکانی مرۆڤ دەباتە ژێر زەرەبینەوەو لەکاروکاردانـەوەکانی مرۆڤ لەهەلومەرجە

سیاسەت لای مەکیاڤیللی یاساو ڕێسای خۆی پەیدا دەکات، بۆئەوەی بگەین بەئامانجەکانمان دەبێت فێری ببین، لەمەولا ئەوە مەبەستی بالا نییە خەسڵەتەکانی کەسی سیاسەتمەدار دیاریدەکات، بەڵکو ئەوە توانای بەدەستهێنانی سەرکەوتنە دەبێتە خەسڵەت بۆی.

جیاجیاکاندا ورددەبێتەوە: "ئەوەی لەمێژووی هاوچەرخ و کۆنی مرۆڤی بکۆڵێتەوە، زۆر بەئاسانی لەوە تێدەگات کەهەموو نەتەوەو حکومەتەکان لەکۆنەوە خواستو رەفتارو هەڵسوکەوتی هاوشێوەیان هەبووە. ئەگەر بەوردی لەڕابوردوو بکۆڵینەوە زۆر بەسادەیی دەتوانین پێشبینیی ئاییندە بکەینو بەدوای چارەدا بگەڕێین، ئەگەر کەرەستەکانی رابوردوویشمان لەبەردەستدا نەبێت" —پەیڤەکان ل١٠٧.

فەلسەفەی سیاسیی لای مەکیاڤیللی، جگە لەتێزی نەگۆڕان لەسروشتی مرۆڤ، لەسەر تەوەری بەدبینی بەرامبەر بەمرۆڤایەتی بونیادنراوە، ئەمەش پێچەوانەی قۆناغی رۆشنگەرییە کەپێی وایە سروشتێکی باشی هەیە، بەڵام مەکیاڤیللیو لەگەڵیشیدا "هابس" پێیان وایە مرۆڤ سروشتێکی خراپو گەندەڵو شەڕخوازیی هەیە، هەردووکیان پێیان وایە بەکارهێنانی زۆر لەلایەن حکومەتەوە لەو سروشتە خراپەی مرۆڤەوە رەوایەتیی خۆی وەردەگرێت، هەر ئەوەش بووەتە خاڵی سەرەکیی بۆ ئەندێشەی سیاسیی دامەزراوەکانی مەکیاڤیللیو لەڕێگایەوە پێشنیاری ئەمە بۆ حکومەتی مۆدێرن دەکات، تاکو تەنیا لەڕێگای بەکارهێنانی زۆرو ناچارکردنەوە بەردەوامیی خۆی مسۆگەر بکات.

لێرەدا جیاوازیی سەرەکی "پێکەوە ژیانی سیاسی"ی قۆناغی ئێستاو قۆناغەکانی سەدەکانی ناوەڕاست دەردەکەوێت.

لەکاتێکدا لەسەدەکانی ناوەڕاست چەمکی "وەفاداری" بنەڕەتی کۆمەڵی سیاسیی پێکدەهێنا، کەچی دەوڵەتی قۆناغی مۆدێرن لەسەر بناغەی پشتبەستنو گومانکردن لەهاوڵاتیان بونیاتنراوە. ئەم بەدبینییەی مەکیاڤیللی بەرامبەر بەمرۆڤ دەکرێت هەم وەك پێشنیارێکی لۆژیکیو هەم وەك چەمکی قورسایی دابینکردنی رەوایەتی دەوڵەتی مۆدێرنو گەورەترین داهێنانی مەکیاڤیللی تەماشاو هەڵبسەنگێندرێتز

وەڵامی مەکیاڤیللی بۆ هەڵوەشاندنەوەی سیستمی سەدەکانی ناوەڕاستو هەڵوەشاندنەوەی دامەزراوەی بریتیبوو لە"خۆپاراستن"ی دەوڵەت بەهەر نرخو هەر وەسیلەیەك بێت، کەچی لەسەدەکانی ناوەڕاستدا، دەسەڵاتی کلێسا لەسەر چەسپاوییو لەسەر بناغەی دەسەڵاتی "رەها" دەسەڵاتی دەسەپاند، بەهۆی گەشەکردنی سەرمایەداری، پاساو قەیسەر رۆژ لەدوای رۆژ "دەسەڵاتی راستەقینەی" سیاسیو سەربازیی خۆیان لەدەستدەدا.

بەم جۆرە پەیوەندیی سەدەکانی ناوەڕاست کەپاپاو قەیسەر وەك دەسەڵاتی کلێساو دەسەڵاتی ناسراو لەلووتکەکەی بوون، لەقۆناغی رێنیسانسدا لەبەر یەك هەڵوەشایەوە، بەهاتنەئارای شارەکانو دروستبوونی وڵاتو نەتەوەکانی تر لەم قۆناغەدا پاپاو

مەکیاڤیللی لەو باوەڕەدایە کە: "کەسانی ئازاد بوونیان نییە، بەڵکو گەلانی ئازاد هەنو تاکەکەس تەنیا لەو کاتەدا دەتوانێت بڵێت ئازادم کەسەر بەگەلێکی ئازاد بێت".

قەیسەر هەلومەرجی پاراستنی دەسەڵاتی خۆیان لەدەستدا، بەم جۆرە گلۆڵەی مانەوەی سیستمی سەدەکانی ناوەڕاست کەوتە لێژیو پاشان لەبەریەك هەڵوەشایەوە، چونکە مانەوەی ئەو سیستمە تا ئەوکاتە قابیلی قبوول بوو کە "وروژاندنی بەها"و ئارمانجە پیرۆزەکان لەسەرچاوەیەکی دەسەڵاتەوە بۆ سەرچاوەیەکی تری دەسەڵات بگوازرێتەوە..

هەڵوەشاندنەوەی تێگەیشتنی سەدەکانی ناوەڕاست، واتە هەڵوەشاندنەوەی تەسەوری مرۆڤ بۆ جیهانو خوا، هەروەها لەناوبردنی سیستمی سیاسی سەدەکانی (١٤و١٥)ی ئەوروپا، لەناخی مرۆڤی ئەوروپاییدا هەستی نادڵنیاییەکی قووڵیە دروستکرد. سەدەی پازدەی زایینی بەتێکڕایی سەدەیەکی پڕ لەنائومێدیو بەدبینیی کۆمەڵایەتی بوو، تێکشکانی ئەندێشەکانی سەدەکانی ناوەڕاست بووە هۆی سەرهەڵدانی ڕەوتی ئەپیکۆریو ترسو دڵەڕاوکێ لەمردن.

لەهەناوی ئەو سیستمەی ئەندێشەی خواپەرستی نەیدەتوانی هیچ جۆرە دڵنیاییەك بدات بەخەڵك، دنیاو مێژوو بوو بوونە هەرەشەیەك بۆ سەر مرۆڤو خەڵك باوەڕیان بەجاویدانیی ڕۆح نەمابوو، مرۆڤ چیتر وەك رزگارکەر تەماشای مەرگیان نەدەکرد، بەڵکو وەك دوژمنی مرۆڤایەتی لێی رادەمان.

ئەم بەئاگابوونە لەفەنابوونی مرۆڤایەتی، چیتر وای لەمرۆڤ نەدەکرد بەنائاگایی سیستمە خواوەندییەکان قبوول بکات، بەپێچەوانەوە هەوڵی "خۆپاراستن"ی لای مرۆڤ دەوروژاند. مەکیاڤیللی توانیی تێزی "خۆپاراستن" بکاتە پێش مەرجی دەسەڵاتداریتیو ئەندێشەی پاراستنی دەسەڵات بەهەر شێوەو وەسیلەیەك بێت، لەجێگای ئەندێشەی سەدە ناوەندییەکان دابنێت. لەلای "تۆماس ئاکویناس"و فەلسەفەی ئیسکۆلاستیك-دا خێرو خۆشی بەختی روحی مرۆڤ وەك بڵندترین ئامانجی ژیان تەماشادەکراو "خۆپاراستن"و بوونی مرۆڤایەتی بەپلەی دووەم دەهاتن، بەڵام لای مەکیاڤیللی ئەم تێزە پێچەوانە دەبووەوە. لای مەکیاڤیللی "خۆپاراستن"ی دەوڵەت یەکەم دێتو گەوهەری ژیانی سیاسی پێکدەهێنێت، مەکیاڤیللی تەنیا لەو مرۆڤانەی کە"نیشتمانیان لەگیانیان خۆشتر دەوێت" ڕێزدەگرێت. تێڕوانینی مەکیاڤیللی بۆ ئایین تێڕوانینێکی بەرژەوەندییانەیەو پێی وایە ئایین وەسیلەیەکە بۆ دابینکردنی سەقامگیریی سیاسی وڵاتو چیتر وەك جاران وەك ئامانجێکی ژیان کاری پێنەدەکرا، لەسەدەکانی ناوەڕاستداو تەنانەت لای (لوتەر کینگ)یش دەوڵەت وەك نوێنەرایەتیی خوا لەسەر زەویی دەزانرا، مەکیاڤیللی سەربەخۆیی دا بەسیاسەت، پێویستە بوترێت لەکۆنو تەنانەت لەسەدەکانی

**ئەو گۆڕانەی کەمەکیاڤیللی لەمێژووی ئەندێشەی سیاسیدا دروستیکرد، لەو گۆڕانە دەچێت کە (کۆپەرنیک) لەجیهانی فیزیادا دروستیکرد.**

ناوەڕاستیشدا سیاسەت ئەو سەربەخۆییەی نەبوو، مەکیاڤیللی نەك هەر ئایینی لەسیاسەت جیاکردەوە، بەڵکو کردییە بەشێك لەئامانجە سیاسییەکان.

ئەو گۆڕانەی کەمەکیاڤیللی لەمێژووی ئەندێشەی سیاسیدا دروستیکرد، لەو گۆڕانە دەچێت کە (کۆپەرنیك) لەجیهانی فیزیادا دروستیکرد. (کۆپەرنیك) توانیی بیسەلمێنێت کەکۆمەڵەی خۆربەند هەیەو لەسەنتەرەکەیدایە، هاوتەریب لەگەڵ ئەوەدا مەکیاڤیللی یاسا مێژووییەکان لەدەستتێوەردانی خواوەند دووردەخاتەوە.

ئەو گۆڕانەی کە کۆپەرنیك سەبارەت بەگەردوون‌و یاسای سروشت دەیخاتە روو، مەکیاڤیللی سەبارەت بەمێژووی ژیانی مرۆڤایەتی دەیخاتەڕوو، چونکە مەکیاڤیللی مێژوو وەك رەوتی تەکاملبوونی مێژوو تێدەگات، لەجێگای "شاری خواوەندی" ئەو "زەروورەت" دادەنێت. مەکیاڤیللی لەژێر کاریگەریی قەیرانی دەسەڵات لەفلۆرەنسادایەو بەدوای ڕێگاچارەیەك بۆ دەربازبوون لەو قەیرانە سیاسییەدا دەگەڕێت، ئەو نایەت وەك بیرمەندانی ئیسکۆلاستیك یان بیرمەندانی جیهانی کۆن بەدوای ژیانێکی پڕ لەفەزیلەت‌و خۆشیدا بۆ هاووڵاتیان بگەڕێت، بەڵکو بەهەموو توانایەکییەوە هەوڵدەدات درێژە بەژیان‌و پەرەسەندنی وڵاتەکەی خۆی بدات‌و هەموو شتەکانی تر دوادەخات بۆ پاش بەدەستهێنانی "خۆپارێزی" و "بەرژەوەندیی" بۆ وڵاتەکەی، بەم جۆرە "پاراستنی خود" بۆ دەوڵەت، دەبێتە مەتریالترین گوتاری قۆناغی نوێ.

### هونەر (Virtu) لەجیاتیی شیاویی‌و شایستەگی

چەمکی (Virtu) گرنگترین‌و سەرەکیترین چەمکە کەمەکیاڤیللی لەفەلسەفەی سیاسیی خۆیدا لێی راماوە، هونەر لەزمانی ئیتالیاییدا هاوتایە لەگەڵ چەمکی لیاقەت، شایستەی‌و شیاویی، کارامەیی، توانا‌و هێزێکی پیاوانە.

ئەم چەمکە لەقۆناغی ڕێنیسانسدا لەلایەن زۆربەی تیۆریزانەکانەوە خرایە بەر لێکۆڵینەوەو لەلایەن مەکیاڤیللی دوایین فۆرمۆڵبەندی‌و پۆلێنی لەبارەی ئەم ئەمکەوە ئەنجامداوە. (Virtu)بەلای مەکیاڤیللییەوە "ئەو شتەیە" کەهەموو کەس‌و نەتەوەیەك هەیبێت، بۆئەوەی بگات بەدەستکەوتە باڵاکانی.

بەبۆچوونی مەکیاڤیللی بەبێ (Virtu) هیچ گەلێك، هیچ حکومەتێك ناتوانێت سەقامگیریی سیاسیی خۆی دابین بکات. هەروەها مەکیاڤیللی (Virtu) بەهێزی ژیان‌و توانای ئەنجامدانی کاری گەورەو شایستەیی‌و لیاقەت‌و ئەنجامدانی سیاسەتی گونجاو دەبەخشێت، هونەر (Virtu) مادەی خاوی سیاسەتەو دەبێت

بەبۆچوونی مەکیاڤیللی بەبێ (Virtu) هیچ گەلێک، هیچ حکومەتێک ناتوانێت سەقامگیریی سیاسیی خۆی دابین بکات.

دروستبکرێت، تاکو گەل یان نەتەوەیەك بتوانێت کاری مەزن ئەنجام بدات.

"کاتێك لەڕووداوەکانی پەیوەندیدار بەمرۆڤەوە دەکەینەوە، دەبینین دونیا هەمیشە بەیەکجۆر بووە، ڕێژەی باشییەکانی یەکسان بووە لەگەڵ ڕێژەی خراپییەکان، بەڵام خراپەو باشییەکان لەوڵاتێکەوە دەگوێزرێنەوە بۆ وڵاتێکی تر.

بۆ نموونە: دەزانین بەهۆی گۆڕان لەئەخلاقو دابو نەریت، هەردەم دەسەڵاتی وڵاتە گەورەکانیش گۆڕاون، بەڵام سەرەڕای ئەوانەش جیهان هەمان ئەو شتەبووەو نەگۆڕدراوە، تەنیا جیاوازییەکە لەوەدا بووە کەهێزە کەڵەکەبووەکان، سەرەتا لەئاشوور کاریگەریی داناوەو پاشان لەوڵاتی مادەکانو ئەنجا پارسەکانو دواتر گەیشتە ئیتالیاو ڕۆما، هەرچەندە پاش ئیمپراتۆرییەتی ڕۆما کەهەموو جیهانی دەگرتەوە، ئیمپراتۆرییەتێکی تر لەهەمان گەورەیی ئەو دروست نەبوو، بەڵام دەکرێت ئەو هێزانە بەشێوەی پەرت پەرت لەلای زۆر نەتەوەو گەلی تر بدۆزینەوە، بۆنموونە دەکرێت لەلای پادشاکانی فەرەنسا، ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیو سوڵتانی میسرو ئەڵمانیاو عەرەب کەتوانییان ڕۆمای ڕۆژهەڵات تێکبشکێنن، ئەو شتە ببینن. (پەیڤەکان–کتێبی دووەم ل١٩).

بەگشتی دەتوانین بڵێین هونەر بەلای مەکیاڤیللییەوە بریتییە لەو هێزو گوڕوتینەی کەمرۆڤ لەڕێگایەوە دەگات بەئامانجە سیاسییەکاني. بەم جۆرە سیاسەت لەچنگی ئەو کۆمەڵە کەسە تایبەتە کە "یەزدانیان لەپشتە" دەردەچێتو هەموو "کەسێك" دەتوانێت بەکاری بهێنێت، واتا هەر کەسێك کەهونەرو شایستەییو قابیلییەتی تێدا بێتو بتوانێت سەرسەختانە بکەوێتە دووی ئامانجە سیاسییەکانی، لەم تیۆرییەدا ئایدیای یەکسانیی مرۆڤەکان، شاراوەیە کەواتە "هەرکەس" و "هەر نەتەوەیەك" کەشایستەییو توانای هەبێت، دەتوانێت لەمێژووو سیاسەتدا کاری مەزن ئەنجام بدات، هەر دەبێت دەبێت بوترێت کەتیۆری گواستنەوەی هونەر لەمیللەتێکەوە بۆ میللەتێکی تر کە لەسەرەوە باسمان لێوەکرد، لەبنەڕەتدا تیۆرییەکی هیومانیستی مەکیاڤیللییەو بەهیچ شێوەیەك ڕەگەزپەرستیی تێدا بەدیی ناکرێت کە لەدواییدا بوو بەتایبەتمەندیی هەندێك لەو تیۆرییانەی کەئەوروپایان بەسەنتەر دەزانی. بەبۆچوونی مەکیاڤیللی هونەری شایستەیی دەکرێت لەهەموو نەتەوەکاندا بەدیی بکرێتو ئەرکی دەوڵەتە گەلەکەی لەسەر شایستەییو توانای ئەنجامدانی کاری گەورەو ئامانجی مەزن رابهێنێت، مەکیاڤیللی لەم چەمکەدا هەموو خەسڵەتە بناغەییەکانی پیاوو "ژنان"ی سیاسی کۆدەکاتەوەو پێی وایە بۆ سەقامگیریی و بەردەوامیی کۆمەڵگایەکی

بەگشتی دەتوانین بڵێین هونەر بەلای مەکیاڤیللییەوە بریتییە لەو هێزو گوڕوتینەی کەمرۆڤ لەڕێگایەوە دەگات بەئامانجە سیاسییەکانی.

سیاسی زەروورییەو ئەم مەسەلەیەش بێ لەبەرچاوگرتنی جیری حكومەت دروستدەبێت: "لەنەترسین ئارامی لەدایك دەبێت،و لەئارامییش تەمەڵی، لەتەمەڵییش ناچاری لەدایك دەبێت، لەناچارییش بێ نەزمیو لەبێ نەزمییش پەستی ( انحطاط )و لەهەناوی پەستییشدا نەزم سەرهەڵدەداتو لەنەزمیشدا نەترسین" مێژووی فلۆرانس—ل٢٩٨.

بەم جۆرە مەكیاڤیللی تەسەوری سیاسیی خۆی كامڵدەكاتو ئێستاش بووەتە بناغەیەك بۆ تیۆری ئەندێشەی سیاسیی مۆدێرن، هونەر بەلای مەكیاڤیللییەوە هەر لەبنەڕەتەوە بۆ بەدەستهێنانی ئامانجی باڵای سیاسی دانراوە، ئەو ئامانجە باڵایەش بریتییە لە"خۆپارێزی" كۆمەڵگای سیاسیو بەردەوامیو سەقامگیركردنی وڵات. سەقامگیریی سیاسی لەئەنجامی شایستەییو توانا و قابیلییەت، ئەو خەڵاتەیە كەڕێنیسانسی ئیتالیا داویەتە جیهان. مەكیاڤیللی بەو فۆرمۆلەكردنە بەناوبانگەی كەدەڵێت: "میر دەبێت هەم شێربێتو هەم ڕێوی" ئەو دەرئەنجامە سیاسییەی گەیاندە ترۆپك، واتە دەوڵەت دەبێت بەكارهێنانی زۆر لەگەڵ فێڵ تێكەڵ بكاتو تێڕوانینی سیاسی لەگەڵ ئیرادەی بڕیاردانو توانای سازشكردنی دیپلۆماسی لەگەڵ توانای سەربازی ئاوێتە بكات. بۆ ئەوەی بتوانێت سەقامگیریی ناوخۆیی خۆی مسۆگەربكاتو پەلهاویشتن بۆ دەرەوەی سنوورەكانی خۆشی جێبەجێ بكات. لەم گۆڕەپانەدا هێزی جیاجیای سیاسی ڕۆڵی هونەری سەرەكیی دەگێڕن.

"هەموو فەرمانڕەواكان، هەموو ئەو دەوڵەتانەی كەتاكو ئێستا خەڵك لەژێرسێبەریدا ژیاون، یان كۆماری بوون یان میرنشین، میرنشینەكان یان لەباوكەوە بۆ كوڕ بەجێماوە یان تازە دروستكراون، یان بەیاریی خەڵك چنگكەوتوون یان بەهونەر"—میر ل٤٢.

ئەم پۆلێنكردنەی مەكیاڤیللی تەنیا لەڕووی تەكنیكییەوە باشەو هیچ بەهایەكی نییە هەرچەندە مەكیاڤیللی پاشتر دەڵێت ئەو میرنشینانەی كەلەسەر هونەر دروستبوون ئەگەری بەردەوامیی سەقامگیریی زیاتریان هەیە لەچاو ئەوانەی كە لەسەر بناغەی بەخت دروستبوون، بەڵام مەكیاڤیللی لەجۆری دووەمیش ورددەبێتەوە.

لەكۆندا ئەرستۆ لەكتێبی "سیاسەت"دا سێ جۆرە حكومەتی باش دەستنیشان دەكات: "شانشینی (مۆنارشی)، ئەرستۆكراسیو دیموكراسی"، هەروەها سێ جۆرە حكومەتی خراپ باسدەكات كەدەرئەنجامی پەستی ئەو حكومەتانەی سەرەوەنو بریتین لە: "ئیستیبدادی، ئۆلیگارشیو ئەنارشی، كەدەرەنجامی زیادەڕۆیی لەدیموكراسی دروستدەبێت". ئەم پۆلێنكردنە ئەرستۆییانە

مەكیاڤیللی بەو فۆرمۆلەكردنە بەناوبانگەی كەدەڵێت: "میر دەبێت هەم شێربێتو هەم ڕێوی" ئەو دەرئەنجامە سیاسییەی گەیاندە ترۆپك.

پۆلێنێکی نۆرماتیڤو پرپایەخەو ئامانج لەدروستکردنی کۆمەڵگای سیاسی خۆشبەختیو فەزیلەیە، مەکیاڤیللی بەشێوەیەکی قەتعی خۆی لەم تێگەیشتنەی ئەرستۆ دادەبڕێت.

وەك لەسەرەوە دیمان مەکیاڤیللی دووجۆر حکومەت دیاریی دەکات:

دەوڵەتی فەردیو دەوڵەتی کۆ، ئەم پۆلێنکردنەش تەنیا پۆلێنکردنێکی تەکنیکیو ریالیزمییانەیەو بەهیچ جۆرێك بۆچوونو داوەریی تێدا بەدیی ناکرێت.

مەکیاڤیللی لەهەموو بەرهەمەکانیدا خۆی لەداوەریی بەهاکان دووردەگرێتو لەم مەیەلەیەدا بەپێشەنگی ماکس ویبەر لەقەڵەم دەدرێت.

لەجیهانی کۆندا ئەفلاتوونو ئەرستۆ پەیوەندیی نێوان زانستو سیاسەت بوونو لەقۆناغی نوێیشدا مەکیاڤیللی گەورەترین نوێنەری ئەو پەیوەندییەیە، مەکیاڤیللی زۆر بەوردی لەرێگای ناسینەوەی زەرووەرەتی مێژوویی‌و سیاسیی‌و شایستەیی‌و کۆنترۆڵکردنی هێزە رێکەوتەکانی بەختەوە، وەڵام بۆ ئەو پرسیارانەی کەبونیاتنەرن دەدۆزێتەوە.

بەمجۆرە سیاسەت وەك "هونەری دابینکردنی مومکینەکان" یان "هونەری دابینکردنی نامومکینەکان" دەردەکەوێتو کۆنەپارێزەکانو ریفۆرمخوازەکانو شۆرشگێرەکان، هەریەکەو بەپێی بەشی خۆی کەڵك لەمەکیاڤیللی‌و تیۆرییە سیاسییەکەی وەردەگرێت. ئەگەر بمەوێت تیۆرییە سیاسییەکەی مەکیاڤیللی لەرستەیەکدا چڕبکەمەوە، ئەوا دەبێت بڵێم: "سیاسەت لای مەکیاڤیللی واتە: چۆن دەسەڵات بەدەست دەهێنین..؟ چۆن دەسەڵات دەپارێزین..؟ لەچ کاتێکدا دەسەڵات لەدەست دەدەین..؟" مەسەلەی بەدەستهێنانی دەسەڵاتو پاراستنی دەسەڵات لەسەردەمی مەکیاڤیللی بەملاوە بووەتە مەسەلەیەکی سەرەکیی سیاسەتو لەم رێگایەشدا گۆڕانی "ئەمری مومکین بۆ "ئەمری واقیع" جێگای رامانو سەرنجە، لەلای مەکیاڤیللی زانستو سیاسەت گرێکوێرە دراوەو تاماوە ناکرێتەوە.

مەسەلەی بەدەستهێنانی دەسەڵاتو پاراستنی دەسەڵات لەسەردەمی مەکیاڤیللی بەملاوە بووەتە مەسەلەیەکی سەرەکیی سیاسەتو لەم رێگایەشدا گۆڕانی "ئەمری مومکین بۆ "ئەمری واقیع" جێگای رامانو سەرنجە، لەلای مەکیاڤیللی زانستو سیاسەت گرێکوێرە دراوەو تاماوە ناکرێتەوە.

## هاوسەنگیی هێزەکان

هەرچەندە مەکیاڤیللی لە"میر"دا بنەمای "خۆپاریزیی-Selbsterhaltung"ی دەوڵەت دەکاتە بابەتی سەرەکیو دەبێت بەهەر نرخێك بووە بەدەستی بهێنێت، بەڵام لە"پەیڤەکان"دا پشتیوانیی لەسیستمی کۆماریو هاوسەنگیی هێزەکان دەکات.

بارودۆخی سیاسیی لەئیتالیای کۆتایی سەدەی پازدەیەمو سەرەتای سەدەی شازدەیەم هێندە جێگای بێ ئومێدیو نیگەرانیی بوو مەکیاڤیللی بۆ چارەسەرکردنی ئەو دەردە واتا نەبوونی یەکێتی لەنێوان حکومەتەکانی ئەوکاتەدا، ژەهر بەباش دەزانێت بۆ رزگارکردنی وڵاتەکەی لەو هەلومەرجە.

بانگەوازەکەی مەکیاڤیللی بۆ رزگارکردنی ئیتالیا لەچنگی بەربەرەکان، کە لەکۆتایی کتێبی میردا هاتووە، هەر لەبەر ئەو مەسەلەیە بووە، لەو بانگەوازەدا مەکیاڤیللی هەموو توانا رەوانبێژیو وتاربێژییەکانی خۆی دەخاتە کار، لەوێدا داوادەکات: "پیاوێکی نائاسایی" و "پیاوێکی بەهونەرو شایستە" بێتو بەکارە نائاساییو هونەرمەندانەکانی، ئیتالیا یەکبخاتەوەو کۆتایی بەقەیرانی سیاسی ئیتالیا بهێنێت. قەیرانی سیاسیی ئیتالیا خاڵی خاڵی سەرەکیی تێرامانە سیاسییەکانی ئەوەو "میر"یش لەژێرکاریگەریی ئەو قەیرانە سیاسییەداو لەماوەی کەمتر لەچوار مانگدا نووسراوەتەوە.

بەپێچەوانەی "میر"ەوە مەکیاڤیللی پازدەساڵ لەسەر کتێبی پەیڤەکان کاری کردووەو بابەتەکەی بریتییە لەمێژووی ڕۆمو تیایدا مەکیاڤیللی لەچاو میردا زۆرتر لەسەر سیاسەت لێکۆڵینەوەی کرد. لەمیردا مەکیاڤیللی باس لەقۆناغە مێژووییەکانی قەیرانەکانی حکومەتو چۆنیەتیی دەربازبوون لێیان دەکات، بەڵام لەپەیڤەکاندا قۆناغەکان زۆر بەوردی دەخاتە بەر باسو لێکۆڵینەوە.

ئەندێشەی کۆنی "سووڕانەوەی شێوەکانی حکومەت" بۆ یەکەمجار لەلایەن "پۆلیبیۆس"و لەسەر تێڕوانین بۆ تیۆرییە سیاسییەکانی ئەرستۆ خرایەڕوو، ئەم سووڕانەوەیە بەسیستمی پادشایی دەستپێدەکاتو بەناچاری دەبێتە ملهوڕی یان تاکڕەویی، بەهاتنە مەیدانی گەل، حکومەتی دیموکراتی دروست دەبێتو پاشان لەڕەوتی دروستبوونیدا بەهۆی شەڕی ناوخۆوە دەگاتە ئاستی هەرجو مەرجو سەرلەنوێ رێگای هاتنە سەرکارەوەی شا واڵادەکات.

ئەم "سووڕی نەزمی بۆ بێ نەزمیو پێچەوانەیە" بووەتە بنەما بۆ فەلسەفەی سیاسیی لای مەکیاڤیللی لەکتێبی پەیڤەکاندا وڵاتەکان کردوویانە خوو بۆ خۆیانو لەنەزمەوە بەرەو بێ نەزمی دەچنو پاشان لەبێ نەزمییەوە بەرەو نەزم هەنگاودەنێن، سروشتی مرۆڤ وایەو ناتوانێت بەئارامی دابنیشێت" ل٧٧-مێژووی فلۆرەنسا.

لەپەیڤەکاندا مەکیاڤیللی پێی وایە هەموو ئەو جۆرانەی حکومەت کە لەسەرەوە باسمان لێوەکردن، قابیلی فەسادن، چونکە لەلایەك بێ دەوامو لەلایەمی ترەوە خراپن، بەڵگەی سەرەکییش بۆ ئەو تێزەی خودی خراپیی سروشتی مرۆڤە، رێگاچارەی ئەو دژوارییەش بەرقەرارکردنی "یاسای بنچینەیی یان دەستووریی تێکەڵاوە"..

بەپێچەوانەی "میر"ەوە مەکیاڤیللی پازدەساڵ لەسەر کتێبی پەیڤەکان کاری کردووەو بابەتەکەی بریتییە لەمێژووی ڕۆمو تیایدا مەکیاڤیللی لەچاو میردا زۆرتر لەسەر سیاسەت لێکۆڵینەوەی کرد.

یاسای بنچینەیی تێکەڵاو دەبێتە هۆی سەقامگیرکردنی کۆمەڵگای سیاسی لەناوەوەو بۆ دەرەوەش قابیلی پەرەسەندنە، وەك چۆن لەنموونەی ڕۆمای کۆندا روونیدەکاتەوە، تەنیا ئەو یاسای بنچینەییە تێکەڵاوە دەبێتە هۆی سەقامگیریی دەوڵەتەکان لەهەموو قۆناغەکاندا. بەبۆچوونی مەکیاڤیللی یاسای بنچینەیی دەتوانێت نهێنییەکانی سیاسەتو مێژوو بکاتەوە.

مەکیاڤیللی لەو باوەڕەدا بوو کەوا لەسیاسەتدا ناکرێت جیاوازییەکان هەڵبگریتو هەماهەنگییەکی تەواو بەرقەرار بکەیت. ئەو نەك هەر ململانێی ناو کۆمەڵگاو خەڵكو هەڵبژاردەکانی بەکارێکی پۆزەتیڤ دەزانێت، بەڵکو پێی وابوو ئەو کارە شتێکی زۆر زەروورییە بۆ "خۆپارێزی" دەوڵەتو حکومەت.

تەنیا ئەو دەوڵەتانەی کەدەتوانن هاوسەنگی لەنێوان هەڵبژاردەو گەل دروستبکەن دەتوانن هەلومەرجی سەقامگیریی ناوخۆیی دروستبکەنو ڕێگا بۆ پەلهاویشتنی دەرەوەش خۆشبکەن.

بە"هاوسەنگیی هێزەکان"و "یاسای بنچینەیی تێکەڵاو" مەکیاڤیللی دەیەوێت سەقامگیریی سیاسیی بۆ ماوەیەکی زۆر دابینبکات، ئەرستۆ هەبوونی چینێکی ناوەڕاست بەبەهێز بەهۆکاری سەقامگیریی شارو وڵات دەزانێت، بەڵام مەکیاڤیللی پێ لەسەر هاوسەنگیی هێزە سیاسییەکانو خەڵكو هەڵبژاردە دادەگرێت..

"من پێموایە ئەوانەی لەعنەت لەململانێی ئەرستۆکراتەکانو خەڵك دەکن، ئەو هۆکارانە مەحکوم دەکەن کە بەپلەی یەکەم بوونەتە هۆی پاراستنی ئازادیی ڕۆما" ئەوەی زیاتر گوێ لەهەراوهوریاو بگرەو بەردە دەگرێتو گوێ بەدەرەنجامە باشەکانی ناگرێت، بیر لەوەش ناکاتەوە کەهەر کۆمەڵگایەك خاوەن هەڵسوکەوتو خەڵكو گەورەیی تایبەت بەخۆیەتیو هەموو ئەو ململانێیانەش لەپێناوی ئەو یاسایانەی کەپەیوەندییدارن بەئازادییەوە، دروست دەبن"—پەیڤەکان—ل١٠١.

ئالێرەدایە مەکیاڤیللی لەململانێو هاوسەنگیی هێزەکاندا، ئەو ڕەگەزە دەدۆزێتەوە کەدەبنە هۆی ئازادیی سیاسیی.

## فەلسەفەی مێژوولای مەکیاڤیللی

بەشێوەیەکی گشتی لەبزاوتی تەکامولی مێژووییدا دووشت دەرکی پێدەکرێت: یەکێکیان ئۆلگۆی (Schema)یە کەهێڵێکەو مێژوو لەڕێگایەوە بەرەو ئامانجێك هەنگاو دەنێت کە لەپێشکەوتن یان کەماڵ پێکدێت، هەندێکی تر پێیان وایە مێژوو بەرەو داڕمانی مرۆڤ، بەرەو پەستی (Dekodnz)و فەنابوون (Untergang) ملدەنێت. لایەنگرانی بزاوتی مێژوو بەرەولای تەکامول، بیکن، ڕووناکبیرانی

تیۆری سیاسیو مێژوویی مەکیاڤیللی نەك هەر بەتەنیا لەسەر نەخشەیەکی گشتگیریی پێشکەوتنو کەماڵ لەمێژووی جیهانی ڕێکخراوە، بەڵکو لەسەر بناغەی سەرکەوتنێکی مەقتەعی بونیاتنراوە.

فەرەنساو هیگڵو مارکسو لایەنگرانی بزاوتی مێژوو بەرەو لای پەستیو فەنابوون، توینبیو ئەشپینگلرن، بەڵام مێژوو بەلای مەکیاڤیللییەوە بریتییە لەکۆمەڵە رووداوێك بەرەو لای تەکامولو پێچەوانەکەشی، مەکیاڤیللی باوەڕی بە "رۆلگۆڕکێی مێژوو" هەیەو تێیدا هیچ جۆرە پێشکەوتنێکی جیهانیو گشتی نابینێت، تیۆری سیاسیو مێژوویی مەکیاڤیللی نەك هەر بەتەنیا لەسەر نەخشەیەکی گشتگیریی پێشکەوتنو کەماڵ لەمێژووی جیهانی رێکخراوە، بەڵکو لەسەر بناغەی سەرکەوتنێکی مەقتەعی بونیاتمراوە، نەك پێشکەوتنێکی هەمەلایەنە، بەڵکو چەسپاندنی پێشکەوتنی جوزئی لەخاڵەکانی لووتکەی مێژووییدا، تیۆریی مەکیاڤیللی پێکدەهێنێت، واتە ناکرێت تیۆرییەکەی مەکیاڤیللی بەبەدبین یان خۆشبین دابنرێت، بەڵام دەکرێت بڵێین مەکیاڤیللی لەڕێگای ناسینەوەی یاساکانی مێژوو خۆی تەسلیم بەتیۆرییەك نەکردووەو لەوەش زیاتر تیۆریی رۆلگۆڕکێی مێژوویی کە بەلایەوە تیۆرییەکەی نەگۆڕە دەخاتەڕوو، ئەو پێی وایە لەڕێگای ئەم تیۆرییەوە مرۆڤایەتی بەسەر مێژوودا سەردەکەوێت، شیکردنەوەی یاساکانی قۆناغی مێژوویی بەلای مەکیاڤیللییەوە پێش فەرزێکەو حکومەتەکان دەتوانن لەڕێگایەوە خۆیان لەفەوزاو قەدەر بەدووربگرنو دەسەڵاتی خۆیان بپارێزن.

تیۆرییەکەی مەکیاڤیللی لەم لایەنەیانەوە خۆشبینانەیە، بەڵام بەدبینییەکەی لەکلیلی دوورنمای مێژووەوە دەردەکەوێت، دەوڵەتەکان بازۆر بەرێكوپێکی رێکخرابن، بەڵام ناتوانن بەشێوەیەکی هەمیشەیی خۆیان لەلووتکەی تەکاملی بهێڵنەوە، لەم گۆشەنیگایەوە تیۆرییەکەی مەکیاڤیللی بەدبینانەیە، تیۆرییەکەی هیگڵ واتە رەوتی پێشکەوتنی مێژوو بۆ مەکیاڤیللیو قۆناغی رێنیسانس بێگانەو نەناسراوبوو.

نووسینی مێژوو لەسەدەکانی ناوەڕاست کاری مێژووی لەنێوان دوور گرووپدا دابەشکردبوو، یەکێکیان مێژووی کڵێسایی کە لەسەر بنەمای کتێبی پیرۆز دەنووسرایەوە، تیۆری "شاری خودایی" ئۆگەستین ئەستێرەی رێنماییکردنی ئەو بۆچوونە بوو.


دووەمیان نووسینی مێژوو بەپێی رەوتی رووداوەکانی ئەم جیهانەی کەتەنیا بەتۆمارکردنی رووداوەکانەوە بەندە، مەکیاڤیللی خۆی لەو دوو رەوتە دادەبڕێتو دەگەڕێتەوە بۆ نووسینەوەی مێژوو لەلای هیرۆدۆتو پلوتارك لەیۆنانو رۆما.

مەکیاڤیللی لەژیاننامەکەی خۆیدا خەفەت بۆ ئەوە دەخوات کەقۆناغی رێنیسانس تەنیا لەئەدەبو هونەردا لاسایی کلاسیکیی یۆنانو رۆمایان کردووەتەوەو کەس لەبوارەکانی سیاسەتو مێژوودا لای بەلای نموونەکانی یۆنانییەکانو رۆمانییەکان نەکردووتەوە. ئەو

مەکیاڤیللی لەژیاننامەکەی خۆیدا خەفەت بۆ ئەوە دەخوات کەقۆناغی رێنیسانس تەنیا لەئەدەبو هونەردا لاسایی کلاسیکیی یۆنانو رۆمایان کردووەتەوەو کەس لەبوارەکانی سیاسەتو مێژوودا لای بەلای نموونەکانی یۆنانییەکانو رۆمانییەکان نەکردووتەوە.

سیاسەتی ڕۆمانەکان دەکاتە سەرمەشقی خۆیو لەکتێبی پەیڤەکاندا لەم نموونە سیاسییە پەیڕەویی دەکاتو شییدەکاتەوە، هەروەها لەکتێبی میردا داوای نوێکردنەوەی گەورەیی رابوردووی ئیتالیا دەکات بەدابڕان لەشێوازی نووسینەوەی مێژوو لەسەدەکانی ناوەڕاستو گەڕانەوە بۆ لای تیۆرییەکانی یۆنانو ڕۆما، مەکیاڤیللی پێ لەوە زیاتر دەنێتو بویادی تیۆریی مێژوو–سیاسەت لەقۆناغی مۆدێرن دەدۆزێتەوە، ئەم تیۆرییە هاوتایە لەگەڵ تیۆریی مێژوویی هیرۆدۆت کەپێی وایە مێژوو دەرئەنجامی کرداری پیاوە گەورەکانە.

لەقۆناغی ڕۆمای کۆنو بەتایبەت لەسەردەمی نووسینی مێژوو لەلای پۆلیبیۆسو توسیدیدو تاسیتوس بۆ یەکەمجار سیستەمەکانیو پێکهاتەی سیاسیی لەمێژوودا دەخرێتەڕوو. ئەم دوو تیۆرییە لەلای مەکیاڤیللی دەردەکەوێتن بەبۆچوونی ئەو تاك دەتوانێت لەڕێگای ناسینەوەی زەرووڕەتەکانو هەبوونی هونەر بەشداریی لەرەوتی ڕووداوەکانی مێژوودا بکاتو ئاراستەکەشی لەبەرژەوەندیی خۆیدا بچەرخێنێت.



ماکیاڤیللی

## دەرئەنجام

مەکیاڤیللی هەرگیز نەیتوانی دژایەتیی نێوان کتێبی میرو پەیڤەکان نەهێڵێت، لەمیردا کۆمەڵێك ڕێو شوێن بۆ پاراستنی دەسەڵات دیاری دەکاتو لەپەیڤەکانیشدا هاوسەنگیی هێزەکان لەسیستمی کۆماری دەستنیشان دەکاتو هەر ئەو دوالزمەش دەبێتە هۆی مۆدێرنبوونی تیۆرییەکەی. وادیارە ئەو وەڵامی ئەو پرسیارەی بەکراوەیە هێشتبێتەوە. مەکیاڤیللی مەسەلە سیاسییەکانو ژیانی سیاسیی لەهەموو کەس زیاتر لەژیانی خۆیدا ڕەنگداوەتەوەو لەهەمانکاتدا ڕێساو فرمانی بۆ پیاوانی سیاسەت دەرکردووەو دەرئەنجامی کارەکانیشی بەئاراستەی سیاسەتێکی سەقامگیر بردووە. ئەو پرسیارانەی کەمەکیاڤیللی لەنووسینە سیاسییەکانیدا خستوونیەتەڕوو تائەمڕۆکەش هێشتا تازەیی خۆیان لەدەستنەداوە. تا ئەوکاتەی حکومەت بمێنێتو سیاسەت وەك ڕوخسارێکی بنەڕەتی ژیانی مرۆڤایەتی بمێنێتن پرسیارو وەڵامەکانی مەکیاڤیللی دەمێنێت.

# نەتەوانی بووزی
# نەتەوانی مەسیحی
# نەتەوانی ئیسلام.. نەک نەتەوەی ئیسلام

فوئادی تاهیر سادق

لە نێو ئەو ئاینانەی کە هەن لەجیهاندا، سێ ئاینی گەورەو بڵاون کە شێوەی نەتەوانی‌یان وەرگرتووەو لە نێو نەتەوانی جیاوازەوە بڵاوبوونەتەوە: ئاینی بووزی، ئاینی مەسیحی‌و ئاینی ئیسلام.. ماوەی بوونی ئاینی بووزی ٢٤٦٠ ساڵە، هەرچی ماوە ئاینی مەسیحی‌یە ٢٠٠٠ساڵ پترە، کەچی تەمەنی ئاینی ئیسلام ١٤٠٠ ساڵ زیاترە.

ئاینی بووزی کە لە هەموویان کۆنترە لە نێو نەتەوانی هیندی (بەشێکی نەتەوەی هیند)، چینی، ژاپۆنی، ڤێتنامی، کۆری، کەمبۆدی، لاوسی، بۆرمی، مەنگۆلی، نیپاڵی، تایلاندی‌و نەتەوانی دیکەی باشووری خۆرهەڵاتی ئاسیا بڵاوبۆتەوە کە کۆی ژمارەی ڕۆڵەکانیان نزیکەی دوو بلیۆن (٢٠٠٠ملیۆن) کەسن.

هەرچی ئاینی مەسیحی‌یە کە بە پلەی دووەم دێت لە ڕووی ڕادەی بڵاوبوونەوەکەی لە ئەم وڵاتانەدا بڵاوبۆتەوە: کەندا، هەرێمی یەکگرتووەکانی ئەمریکا.. مەکسێك، ئەرجەنتین، ڤەنزویلا، بەرازیل، کوبا، دۆمنیك، وڵاتەکانی دیکەی ئەمەریکای باشوور.. بەریتانیا، فەڕەنسا، ئەڵمانیا، ڕووسیا، ئیتاڵیا، یۆنان، ئیسپانیا، وڵاتەکانی دیکەی ئەوڕوپا ئەلبانیاو کۆسۆڤۆو بۆسنەی لێ دەربچن.. هەروەها وڵاتی باشووری ئەفریکاو زۆربەی وڵاتانی ئەفریکی.. فلیپین‌وهەندێ یان بەشانێك لە وڵاتانی ئاسیا.. ئوستralیاو نیوزیلەندا.. لەگەڵ وڵاتانی دیکە کە سەرجەمی ژمارەی دانیشتووانەکانیان لە بلیۆن‌و نیو (١٥٠٠ملیۆن) تێدەپەڕێت.

نەتەوانی ئیسلامی نەتەوەی عەرەب، نەتەوەی فارس، نەتەوەی کورد، نەتەوەی تورك، نەتەوەی پاکستانی (کە بەشێکی نەتەوەی

هیندیەو ئاین جیای کردنەوە)، نەتەوەی بەنگلادیشی (کە هەروەها بەشێکی نەتەوەی هیندییەو ئاین جیای کردنەوە)، نەتەوەی ئندنوسی، بەشێکی نەتەوەی هیندی، نەتەوەی ئەفغانیو زۆر نەتەوانی دیکەی ئاسیاو ئەفریکا دەگرێتەوە ژمارەی دانیشتووانی بلیۆنو دوو سەد ملیۆنە (١٢٠٠ملیۆن)و بە پلەی سێیەم دێت لە رووی بڵاویەکەیەوە.


دەربارەی بووزیەکانو مەسیحیەکان، رۆژێك لە رۆژان لە پیاوانی ئاینی ئەو دوو ئاینە یان کاربەدەستێکی بووزی یان مەسیحی دەزگایەکی رێبەری ، رۆشنبیری، رامیاری، کۆمەڵایەتی میری یان نامیری وڵاتێکی بووزی یان مەسیحی نەمان بیست یان نووسینێکی ئەوانمان نەخوێندەوە کە سەرجەمی نەتەوانی بووزی یان نەتەوانی مەسیحی بە یەك نەتەوەی بووزی یان یەك نەتەوەی مەسیحی دابنێن.

کەچی دەبینین پیاوانی ئاینی عەرەبی رەگەزپەرست یان سەرانی پارتە ئیسلامیەکان بەتایبەتی ئەوانەی عەرەبی، هەموو نەتەوانی ئیسلامی بە یەك نەتەوەی ئیسلامی دادەنێنو زۆرجار دەڵێن یان دەنووسن (نەتەوەی عەرەب و نەتەوەی ئیسلامی).. نەتەوەی عەرەب دەخەنە پێش هەموو نەتەوانی ئیسلامەوە و بەرزی دەکەنەوە و هەروەك نەتەوەی عەرەب لە نەتەوانی ئیسلامەوە جیا بێت و بە نەتەوەیەکی رابەری دادەنێن و نەتەوانی دیکەی ئیسلامی بە یەك نەتەوەی ئیسلامی پاشکۆو ملکەچی نەتەوەی عەرەب دەناسێنن؟!.. مەبەستیان لە پێشخستنی نەتەوەی عەرەب و ناوبردنی بە شێوەیەکی سەربەخۆ و زەق ئەوەیە کە عەرەب بە نەتەوەی سەرکردە دادەنێن و سەرجەمی موسڵمانانی نەتەوانی دیکە ملکەچن و دەکرێت هەموویان بە یەك نەتەوەی ئیسلامی پاشکۆ بە خۆیان ژمێرە بکەن.

بەپێی داکەوت (Reality) و بیرسا (Logic) و چەمکی زانستی، راست نیە کە ژمارەیەکی زۆر لە نەتەوانی ئیسلامی خاوەن رۆشنبیریو زمانو شارستانێتی جیاواز بە یەك نەتەوەی ئیسلامی دابنرێن، ئیمرۆکە چەمکی "نەتەوە" لە ئەم سەردەمەدا زۆر جیاوازە لە چەمکی "نەتەوە"ی سەردەمانی کۆنو ناوەندیدا.

ئەوەی لە هۆنراوەکانی هۆنەرە عەرەبەکانی سەردەمی کۆنو قورئان وتراوەو هاتووە، کە لە ئەو ماوەیەدا رووبەری بڵاوبوونەوەی ئاینی ئیسلامی گوندی مەدینەو مەککەو تائیفی تێپەر نەکردبوو، واتای: هۆبە، دەستە، کەسان دەگەیێنن.

وشەی "نەتەوە" (أمە) کە لە ئەم دێرانەی (ایات) پارچە نووسراوەکانی (سورە) قورئان لە خوارەوە هاتووە، واتای: هۆبە، دەستە، کەسان دەگەیەنێت:



مەسیح

-پارچە نووسراوی مانگا، دێڕی ١٢٧: خوایە بمانکە موسڵمانو نەوەکانمان بکە کەسانێکی (أمە) موسڵمان..

-پارچە نووسراوی مانگا دێڕی ١٣٣و ١٤٠: کەسانێك (امە) بواری بۆ ڕەخسا بوو ئەوەی دەستیکەوت...

-پارچە نووسراوی مانگا دێڕی ١٤٢: هەروەها ئێوەم کردە هۆبەیەکی (أمە) میان بۆ ئەوەی ببنە دیتە لەسەر خەڵکی..

-پارچە نووسراوی بنەماڵەی عومران دێڕی ١٠٩: باشترین کەسانێك (أمە) بوون بۆ مرۆڤ پەیدابوون کە فەرمان بە چاکە دەدەنو ڕێ لە خراپە دەگرنو باوەڕ بە خوا دەکەن.......

-پارچە نووسراوی بنەماڵەی عومران دێڕی ١١٢: ئەوانەی خاوەن نووسراوەن دەستەیەکن (أمە) کە وتەکانی خوا دەڵێنەوە وەك یەك نین..........

-پارچە نووسراوی خوان دێڕی ٦٥: ............ لەوان دەستەی (أمە) میان بوون....

-پارچە نووسراوی دابەکان (الاعراف) دیڕی ١٦٣: کە دەستەیەك (أمە) لەئەوان وتیان بۆ ئامۆژگاری کەسانی تاوانبار دەکەن کە خوا لەناوبەریانەو ئەشکەنجەدەریانە..

-پارچە نووسراوی دابەکان (الاعراف) دێڕی ١٨٠: لە ئەوانەی دەستەیەکمان (أمە) دروستکرد کە ڕێی ڕاست دەگرن و پەیڕەوی دادوەری دەکەن....

-پارچە نووسراوی هەنگ دێڕی ٩١: ... دەستەیەك (أمە) زیاتر بێت...

-پارچە نووسراوی هەنگ دێڕی ١١٩: ئیبراهیم کەسێکی (أمە) ملکەچی خوا...

-پارچە نووسراوی باوەڕداران دێڕی ٤٢: کەسان (أمە) مەرگیان پێش ناکەوێتو دواش ناکەوێت.


-پارچە نووسراوی باوەڕداران دێڕی ٥١: ئەمە دەستەی (أمە) خۆتانە کە یەك دەستەیە (أمە) و من خواتانم لە خراپە دوور کەونەوە.....

هەرچی واتای نەتەوە (أمە) یان نەتەوان (أمم) کە لە ئەم دێڕانەی پارچە نووسراوانەی خوارەوە هاتوون واتای خێڵ، کۆمەڵ، کۆمەڵان دەگەیەنن:

-پارچە نووسراوی مانگا دێڕی ٢١٢: هەروەك کەسان یەك کۆمەڵ (أمە) بنو خوا پەیامبەرانی مژدەبەری بۆ ناردوون...

-پارچە نووسراوی ئافرەت دێڕی ٤٠: چۆنە ئەگەر لە هەر کۆمەڵێك (أمە) دیتەیەك بهێنین...

-پارچە نووسراوی دابەکان دێڕی ٣٧: وتی لە کۆمەڵانی (امم) جنۆکەو مرۆڤی پێش خۆتان بخەنە ناو ئاگر..


بوزا

-پارچە نووسراوی یونس دێڕی ١٨: مرۆڤ یەك کۆمەڵ (أمە) بوونو جیاوازییان تێکەوت..

-پارچە نووسراوی تریشقە دێڕی ٢٩: هەروەها لە کۆمەڵێك (أمە) تۆمان نارد بۆ ئامۆژگاری کردنیان بە ئەوەی پێمان ڕاگەیاندی کە کۆمەڵانی (أمم) پێشتر باوەڕیان پێ نەهێنا...

-پارچە نووسراوی هەنگ دێڕی ٣٥: لەهەر کۆمەڵێك (أمە) پەیامبەرێکمان نارد بۆ پەرستنی خوا...

-پارچە نووسراوی هەنگ دێڕی ٦٢: بە خوا پەیامبەرانمان بۆ کۆمەڵانی (أمم) پێش تۆ نارد کە شەیتان کارەکانیانی دەشێواند..

-پارچە نووسراوی هەنگ دێڕی ٨٣و ٨٨: ئەو ڕۆژەی لەهەر کۆمەڵێك (أمە) دیتەیەك دەنێرین..

-پارچە نووسراوی هەنگ دێڕی ٩٢: ئەگەر خوا بیویستبا دەیکردنە یەك کۆمەڵ (أمە).......

-پارچە نووسراوی سەردان (حج) دێڕی ٣٣: بۆ هەر کۆمەڵێك (أمە) قوربانگەیەکمان داناوە بۆ ئەوەی خوایان لە بیر بێت...

-پارچە نووسراوی باوەڕداران دێڕی ٤٣: لە پاشدانا بە دوای یەکدی پەیامبەرانمان دەناردنو ئەوەی پەیامبەری کۆمەڵێك دەیگەیاند بە درۆیان دەخستەوە...

-پارچە نووسراوی ڕاوێژ دێڕی ٧: ئەگەر خوا بیویستبا دەیکردنە یەك کۆمەڵ (أمە).

ئەوەی دەربارەی (نەتەوە) وەك کە لە هۆنراوەی عەرەبی سەردەمی کۆن یان ئەوانەی ناو قورئان هاتوون ئەم واتایانە دەگەیەنن: دەستە، هۆبە، هۆز، کۆمەڵ. بەڵام شایەتی وتنە کە دێڕی ١٢ی "پارچە نووسراو"ی (سورە) ژوورەکان (الحجرات) دەریدەخات کە مرۆڤ هۆزانو گەلان پێکدەهێننو یەك نەتەوە نین.. ئەمەش دەقی دێڕەکەیە:

"ئەی مرۆڤ ئێمە ئێوەمان لە نێر و مێ دروستکردووەو ئێوەمان کردوونەتە گەلانو هۆزان بۆ یەکدی ناسین، چاکترینتان ئەوانەن کە خوا بە ڕێكو پێکتان دادەنێت."

**لە سەدەی شازدەوە بیری کۆنو بیروباوەڕەکانی دەستیان کردە هەرەسهێنانو بایەخی ژیانی شار و نەرکی ڕۆشنبیر و پسپۆڕو بەشداریان لە کاروبارەکانی کۆمەڵدا پتر بوون.**

چەمکی (نەتەوە) لە ئەم سەردەمەدا لە ئەنجامی پەرەسەندنو پێشکەوتنی باری ئابووری -کۆمەڵایەتی _ ڕۆشنبیریی _ ڕامیاریی کۆمەڵانی مرۆڤایەتیو پێگەیشتنی سەرمایەداریو پووکانەوەی پێڕۆی (Regime) دەربەگایەتی _ ئاخوندی ئاینی، واتا و مەبەستی گۆڕاوە.. لە سەدەی شانزدەمەوە پێڕۆی کۆنو بیرو باوەڕەکانی دەستیان کردە هەرەسهێنانو بایەخی ژیانی شار و ئەرکی ڕۆشنبیر و پسپۆڕ و بەشدارییان لە کاروبارەکانی کۆمەڵدا پتر بوون.

نەتەوە و دەوڵەتی نەتەوەیی پێکهاتنو دامەزرەی سەردەمی نوێن.. هەرچی هۆزگەریو دەسەڵاتی بنەماڵە (Dynasty)و دەرەبەگایەتییە کە مۆرکی ئاینیشیان وەرگرتبوو، لە دیاردەکانی سەردەمی کۆنو ناوەندییە.

نەتەوان بە هۆکاری ئاین پێکنەهاتون.. نەتەوە کەسانی زۆرنو کۆمەڵێکی جیا و دیارییان لە ئەنجامی هۆکاری جوگرافی – مێژوویی _ کۆمەڵایەتی _ ڕۆشنبیریی _ دەروونی پێکیان هێناوە. بە جیاوازی ئەو هۆکارانە نەتەوانی جیا لە کێشوەرەکانی (continents) جیهان پەیدابوون.. لە مەرجە بنچینەییەکانی پێکهێنانی نەتەوە ئەمانەن:

١–نیشتیمانێکی هاوبە

ش بۆ دانیشتووانی.

٢–ڕۆشنبیرییەکی هاوبەش کە زمان لایەنێکی هەرە گرنگیتی.

٣–هاوچەشنی دەروونی ڕۆڵەکانی.

٤–ئابووریو بازاڕی هاوبەش کۆیان دەکاتەوە.

٥–مێژوویێکی هاوبەش کە ڕۆڵەکانی دروستیان کردووەو ناخۆشییان چێژتووەو خۆشییان نۆشتووە.

پیاوانی ئاینی عەرەب و سەرانی ڕێکخراو و پارتە ئیسلامییە عەرەبییەکان، ئیسلامو دروشمەکانی بۆ مەرامە عروبییەکانی خۆیان بەکاریان دەهێنن. لە ئاخاوتن و نووسینەکانیان دەستەواژەی "نەتەوەی ئیسلامی" دەکەنە پاشکۆی "نەتەوەی عەرەبی".. بە ناوی ئیسلام و "نەتەوەی ئیسلام (الأمة الاسلامية) بەرگری لە فەلەستینو لوبنانو سوریاو شوێنانی دیکە دەکەن، کەچی جارێك دژی خراپەکانی دەسەڵاتەکانی ئەنقەرەو تەهرانو بەغداو دیمەشقو ئەو ستەمکارییانەی کە لە کوردی دەکەن

> نەتەوەی کورد پاش یەکەم جەنگی جیهانیو تا ئیمڕۆ، لە ئەنجامی دابەشکردنی کوردستان لەلایەن بەریتانیاو هاوپەیمانەکانیو لکاندنی پارچەکانی بە تورکیا و ئێران و عێراق و سوریا بێ پێدانی مافی بڕیاردانی چارەنووس بە کورد، تووشی ئاوارەییو ڕاگوێزانەوەو کۆکوژیو تورکاندنو عەرەباندنو فارساندن هاتووە..

نەوەستان.. هەروەك چەوساندنەوەی كوردی موسڵمان لە لایەن عەرەب و تورك و فارس ڕەواو ڕێدراو بێت!!

نەتەوەی كورد پاش یەكەم جەنگی جیهانیو تا ئیمڕۆ، لە ئەنجامی دابەشكردنی كوردستان لەلایەن بەریتانیاو هاوپەیمانەكانیو لكاندنی پارچەكانی بە توركیا و ئێران و عێراق و سوریا بێ پێدانی مافی بڕیاردانی چارەنووس بە كورد، تووشی ئاوارەییو ڕاگوێزانەوەو كۆكوژیو توركاندنو عەرەباندنو فارساندن هاتووە.. ئیسلامییەكانو دانەرانی دروشمی یەك نەتەوەی ئیسلام تەنانەت بە وتنیش بەرگرییان لێنەكردووە. ڕۆژێك وشەیەكی ڕەوامان بە ناوی ئیسلام و نەتەوەی ئیسلامی لە كەسانی وەك یوسف قەرەزاویو نەصرولاو ئەحمەد كوبەیسیو زاریو ئاخوندە هەڵگرە نازناوە سەیرەكانی ئیسلامیو سەرانی ڕێكخراوە ئیسلامییەكان كە بۆ موسڵمانان دەگرین، نەبیست یان نەخوێندەوە كە بەرگری لە نەتەوەی كوردی ستەملێكراوی موسڵمان بكەن.. كەچی بە ئەو ناوە بەرگری لە هەموو موسڵمانانی ناكورد دەكەن! ئێمە لە ئەو جۆرە كەسانە دەپرسین، ئایا نەتەوەی كورد بەشێكی ئەو نەتەوە ئیسلامییانەی ئەوان نییە؟!.. یان ئەو عروبییە بەناو ئیسلامییانە، تەنیا كوردیان وەك ئامراز بۆ ڕاژەكردنی مەرامەكانی خۆیانیان دەوێت.. دەیانەوێت كورد نەتەوەیەكی ملكەچی خۆیان بێتو هیچی دیكە نا.. ڕۆڵەكانی كورد بە گیان و بە ماڵ بۆ ئەوان خۆیان بەخت بكەن هەروەك كە سەلاحەدینی ئەیووبی كردی. بەلای ئەوانەوە چی تێدایە عەرەبو توركو فارس كورد بچەوسێننەوەو كوردستان بە داگیركراوی ئەوان بمێنێتەوە!! پیاوانی ئاینی عەرەبی عروبی، (عروبە) بە ئیسلام و ئیسلام بە (عروبە) دەبەستنەوە.. ئەمە لە كاتێكدا كە كەسانی ساویلكەو نەزانی نا عەرەب بەدوایان كەوتوونو دروشمەكانیان دەڵێنەوەو پەیڕەوی بەرنامەیان دەكەن، بێ ئەوەی بە خۆیان بزانن كە بوونەتە داردەستی ئەو عروبییە ئیسلامییانە!

لە كۆتاییدا دەڵێم سەپاندنو زۆرداری بەرەو نەمانە.. ئازادیو دیموكراسی ڕوویان لە بەرزی و پیشكەوتنە.. موسڵمانانیش یەك نەتەوە نین، بەڵكو چەندین نەتەوەن.

ئازادیو دیموكراسی ڕوویان لە بەرزی و پیشكەوتنە.. موسڵمانانیش یەك نەتەوە نین، بەڵكو چەندین نەتەوەن.

# رۆشنبیرو کۆمەڵگا

و/ دلاوەر عەبدوڵڵا

بەهێنانەوەی سێ نمونە دەتوانرێت شوێنگەی ڕۆشنبیران،کەپرسێکی ئەمڕۆیە بەشێوەیەکی باش بخرێتەڕوو: سەرەتای سەدەی پێنجەمی پێش زایینی مەسیح، کەسانێکی‌کەبەشێوازێکی مەبەستدارەوە دەیانووت زانیاریی گشتگیرمان لایەودەستوری وتاربێژی دەزانن، لە(ئاتن) ئەوشارەی کەخاوەنی دیموکراسییەکی باڵایەودادەنیشتن و، لەوێوەپێکەوەزانیارییان فێری ئەوکەسەدەکردکەهەموویان بەهاوڵاتییان دادەنا – گەربیویستایەلەبەشی تایبەت یان لەناو چالاکیە گشتیەکاندا ڕۆڵی خۆی بەباشی بگێڕێت – ئەوانە جۆرێك قوتابخانەیان دادەمەزراند کە، وەچەی بەگزرادەکان ئەوانەی وایاندەزانی ئاییندە لەو دیموکراسییەوە دەسپێدەکات ،لاوانی تازە پێگەیشتوو، بازرگانەکان، پیشەوەرەگەورەکان و تەکنیکارانی خاوەن شارەزایی نوێ کەحەزیان دەکردوەچەکانیان بچنە دونیای سیاسەتەوە بەپەلەپڕوزێ پەیوەندییان بەوقەتابخانا نەوەدەکرد. خودی مامۆستاکانیش هەم خۆیان بە(سۆفیست) ناودەبرد، هەم (ئەفلاتون)یش ئەوناوەی پێدەوتن. بەسەرنجدان لەوشەی (SOPHOS) ی ئەوسەردەمەئایا گونجاوترین چەمکێکی کەبکرێت لێوەی بەدەسبهێنرێت وشەی (ئنتلکتوئل– ڕۆشنبیر)نییە ؟

لەسەدەی هەژدەدا– ئەمەش نمونەی دووەمە – لەپاریس و، لەشێوەیەکی تریدا – لەوانەیەلەڕوانگەی تیۆری پەتیەوە– لەئنگلستان ئەوبیریارانەی خۆیان بەفەیلەسوف لەقەڵەمدەدا دژبەپەیڕەوی کوێرانە(تقلید)، دامەزراوەپەروەردەییەکانی کڵێسا، میتافیزیك ومەزهەبی قەتیسی ناودەقەکان دەوەستنەوە. ئەمانەهیچ ڕوویەکی هاوبەشیان لەنێواندا نییەجگەلەکینەیان نەبێت بۆڕابردوو کەسەردەمی ئێستاخەفەدەکات هەروەها پابەندبوونیان بەوێنانوێیەکانی مەعریفەوە، واتەزانستی ئەزموونگەرایی‌و بەکارهێنانی هونەریانەی ئەو زانستانە. ئەوانەدەیانەوێت بەرامبەرئەم (مەدەنیەتە)نوێیەی کەنیوتن و پێشەنگەکانی دی ڕایانگەیاندووە، ڕێکخراوێکی دی بن لەکۆمەڵگای وەڵامدەرەوە.مێژووی هزرهەندێکجارئەوانەی بەنووسەرو هەندێکجاریش بەفەیلەسوف لەقەڵەم داوە، بەڵام ئایا لەیەکەم هەنگاوەوە ڕۆشنبیر نین؟

سەرئەنجام ئەم سەردەمەمان ئەودوونمونەیەی سەرەوە دەسەلمێنێت و جێگیردەکات، لەوێوە هەلومەرجی خۆی ڕووندەکاتەوە. ئەمجارەلەدەوروبەری ساڵانی(١٩٣٤=١٩٣٥) لەدیمکرسیەکانی لیبرالّدا کەئەوکەسانەی خۆیان بە(ئنتلکتوئیل) ناودەبەن گروپێك دروستدەکەن وبەرپرسیارێتی خۆیان دیاریدەکەن.


لەنێوململانێی ئەوبیریاروئەدیبان و هونەرمەندانەی کەمل بۆڕژێمەداپلۆسێنەرەکان نادەن جێگایەك داگیردەکەن و دەکەونە ناوگەمەسیاسیەکانەوە. بۆنمونە لەڕۆشنبیرانی فەرەنساولەنێوئەوانیشدا(ئەندرە ژید، ئەندرەمالرۆ، ژاك سوستیل) بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بەشداری چالاکیەکانی بەرەی خەڵکی دەکەن. پاش ئەوەش و دوای جەنگی دووەمی جیهان فەیلەسوفانی وەك(براتراند ڕاسڵ، ژان پۆل سارتەر)، فیزیکزانانی وەك (ئالّبرت ئانیشتاین)و بیرکارانی لەوێنەی(لۆران شوارتز) — کەئەمانەش خۆیان بەڕۆشنبیردادەنا — هەوڵی ئەوەیان دەدا دادگایەك دابمەزرێنن و بکەونە دادوەری کردن. لەویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا براوەکانی خەڵاتی نۆبڵ لەدەرئەنجامە جیهانیەکانی دۆزینەوەکانیان نیگەران بوون. گروپی(PUGWASH) پێکدەهێنن و،بەپشتیوانی ئەوزانیارییانەی هەیانە گۆڤارێك دەردەکەن. دەربارەی ئەو کارەساتانەی کەمومکینەلەبەکارهێنانی بێقەیدوشەرتی ئەوزانستەوە بکەوێتەوەو مرۆڤایەتی لەگیروگازەوە بئاڵێنێت قسەدەکەن.

ئایا زاراوەی ڕۆشنبیر کەلەدێرزەمانی مێژووەوە بەردەوام هەبووەمانایەکی هەیە؟

سەرەڕای جیاوازییەمێژوویەکان چۆن دەکرێت شتێك لەئارادابێت کەگۆرگیاس پیرلەگەڵ دیدرۆ، ئالّبرت ئانیشتاین و ژان پۆڵ سارتەرلەیەکتر نزیك بخاتەوە؟ ئایادەتوانرێت ئەوانەی بەڕۆشنبیرناودەبرێن، یان خۆیان بەڕۆشنبیردادەنێن لەچینێك یان توێژاڵێکی کۆمەڵایەتیدا کۆبکرێنەوە؟ ئەم کارەش بەجیا بکرێت یان لەیەك جێگادا؟ ئەگەر شتی لەم بابەتەمومکین نییە چۆن دەکرێت لەوەتێبگەین کەهەندێ‌کەسانی دیاریکراودەتوانن خۆیان بەدرێژەدەری پەیام یان(فەرمانێك) دابنێن؟ یان لەڕاستیدا هەربەوجۆرەشن؟ئەگەرگریمانەی لەوبابەتەئەگەری هەیە بڕیاری ناوخۆیی، شوێنگەی کۆمەڵایەتی ودەسەڵاتی ئەم گروپە کەبەرەواڵەت سنوروکەوشەنێکی دیاریکراوی نییە، چییە؟

بەکورتی پرسەکەئەمەیە کەبزانین ئایادەتوانین پێناسەیەکی(ڕۆشنبیر)بەدەستەوەبدەین ؟ یان پەی بەوپێودانگەمتمانەییەی کەئەو بەهۆیەوەلەناوکۆمەڵگادا شوێنگەیەکی تایبەتی گرتووە، ببەین؟


١- تاکی بێچین.



برتراند راسڵ

گەڕانەوە بۆسەرەتاکانی دروستبوونی کۆمەڵایەتی لەوانەیە دڵخۆشکەرنەبێت. پیاداچوونەوەی چ بەسەرسێ خولی مێژوویی کەوەك نمونەهێنامانەوەو، چ دۆزینەوەی ئامارژەکانی دی لەسەدەکانی شازدەیان نۆزدە دەبینین بەبژارکردن لەناوچینەکۆمەڵایەتیەکان ناتوانێت شوێنگەی ڕۆشنبیردیاریبکات. هەڵبەتە(پیریوردیۆ، ژاڵ کلۆدپاسرۆن)ئەوەیان سەلماندووە کەلەسەردەمی ئێمەدا کەموزۆر کەسانێك هەن بەشداری کاروبارەکانی ڕۆشنبیری دەکەن و، وەك ڕۆشنبیرناسراون ولەناوچینی (میراتگران) هاتوونەتە دەرەوە.ئەنجامگیرییەکی دروستە. پرسی ئامارژەی دانراو کەلەم بەرهەمەدا بەرکارخراون قایلکەرنین: خاوەن پیشە هزریەکان، ئەندازیاران، پزیشکان، تەکنیککاران، پایەوپلەبەرزەکان، تەکنۆکراتەکان، بەڕێوەبەرەکان، مامۆستایان هەمووئەمانەنایانەوێت بەڕۆشنبیر ناوببرێن. ئەوانەلەئاستی ڕۆشنبیریدان، بەڵام بەهیچ کلۆجێك ڕۆشنبیرنین. ئەی باشەڕۆشنبیرەگەورەکان چ جۆرە کەسانێك بوون؟ (پروتاگوراس)ی بێگانەلە(ئاتن) خاوەنی پلەوپایەبوو؛ دیدرۆو ڕۆسۆ میراتیان نەبوو، سارتەروڕاسڵ میراتێکی زۆریان لەپاش خۆیان بەجێهێشت؟ بۆئەوەی بەزمانێکی پاراوتربێت باشترە بڵێین بۆبوو نەڕۆشنبیر دەبێت ڕابردوو کەموزۆر لەشوێنگەدا فاکتەری ئاگایشی هەبێت. بەدڵنیاییەوەئەم فاکتەرەلەناو فەرهەنگی باودا شوێنی خۆی دەبینێتەوە. لەگەڵ هەمووئەمانەشدا ئەم فاکتەرە پێویستە، بەڵام بەسیش نییە.

ئایا دەبێت پرسی کار بخزێنرێتەئەم نێوەندەوە؟ ئاشکرایە کەکۆمەڵناسی کاری دەستیو کاری هزری لەبەرامبەریەکدیدا دادەنێت و ئەم یەکدی تەواوکردنە پێشینەیەکی دووری هەیە: لەیونانی کۆندا تەنهائەوچالاکیانەیان بەکارناودەبرد کەجەستەی شەکەت دەکردوکاری هزرییان بەلەڕیزی سەرگەرمی حساب دەکرد. بەڵام ئەمەش ڕاستییەکی تێدایەکەئەم دابەشکردنە- کە ڕەخنەی مارکسیزم بەتیۆریو پراکتیکانەدژی وەستایەوە- بەجۆرێکی سەرسوڕهێنەرانەلێڵە. ئەمڕۆچەندی بیانەوێت ڕوونی بکەنەوە دژیەیەکی زیاتر سەرهەڵدەدات. ئایا کاری پەیکەرتاش و کیمیاگەرو نەشتەرگەری هزرییە یان جەستەیی؟ لەم حاڵەتەشدا پێناسەیەکی دروست بەدەستنایەت: ئاشکرایەکەگوزەرانی ڕۆشنبیر لەڕێگای ماسولکەکانیەوە نییەو، شەکەتی ئەم جیاوازە لەشەکەتی بارهەڵگرانی بەندەرەکان، بەڵام ئەمە خستنەڕوویەکی ئاڵۆزترە کەتەنها بەگەڕانەوە بۆسەرچاوەی کارکردن ناتوانرێت چارەسەربکرێت.هەروەها بەگەڕانەوەش بۆپلەی کۆمەڵایەتی کەئاستی ژیانەئەنجامێکی باشتری لێناکەوێتەوە. کاتێك باس باسی گوندنشینەکانە، جیاوازی لەنێوان هەژارو مامناوەندیو دەوڵەمەندان


ئالبرت ئاینشتاین

دەلالەت لەدۆخێکی دیاریکراوی کۆمەڵگادەکات. کاتێك دەوترێت ڕۆشنبیرلەڕووی دەرامەتەوە سەربەچینی ناوەندە دەربارەی شوێنگەو چالاکیەکانی هیچ نەوتراوە. تەنها باس لەوەکراوە کەلەڕووی چینایەتیەوە دەبێت لەڕەفاهیەتدابێت، هەڵبەتە لە خۆشگوزەرانییەکدا کەهەمیشە لەبەردەم هەڕەشەدایە. ڕۆشنبیرانی دەوڵەمەند هەن کەلەهەمان کاتیشدا خۆیان لەڕیزی ڕۆشنبیرانی چالاك دادەنێن و هەروەها ڕۆشنبیرانی هەژاریش لەئارادان کەبەهیچ جۆرێك پرسسازنین.

ئایا باشترنییە کەپرسەکە لەسەرئەوشێوازی لێکۆڵینەوەبنەڕەتیانەی کە(مارکس)پێشنیازی کردووە ئەنجام بدەین: واتە ئەمەی کەڕۆشنبیر چ کاریگەرییەك(یان کاریگەرییەکانی)لەپڕۆسەی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتیداهەیە؟ ئاشکرایەلەم دیدەوە دەکرێت لەنزیکەوە لە پرسەکەبکۆڵرێتەوە، لەگەڵ ئەوەشی کەبەئەڤەرێکی زۆرەوە دەرئەنجامەکە لێڵ دەبێت. ئەو هەنگاوەجەسورانەیەی کەبەجۆرێکی سەرسوڕهێنەرانە لەئەمریکا، فەڕەنسا، ژاپۆن، ئیتالیا، چیکۆسلۆڤاکیاو ئەڵمانیای فیدراڵدابەهیمەتی مامۆستاو خوێندکارانی زانکۆ، واتە ڕۆشنبیران، ئەنجامدران دەکرێت ئەو وێنایە بەرجەستەبکات کەلەم ڕوانگەتایبەتەوەگروپێکی کۆمەڵایەتی بەپەیامێکی دیاریکراوەوەدروستبووە. بەمجۆرە هەموو ئەولێکۆڵینەوانەی کەدەربارەی ڕووداوەکانی مانگی (مایس وحوزەیران/١٩٦٨)لەفەڕەنساڕوویدا، ڕۆڵی لاوانی ڕۆشنبیری لەو ڕووداوانەدا شیکردۆتەوەو کاریگەرییەکی کۆمەڵایەتیانەی تایبەتی لەڕێچکەی بەرهەمهێناندا بەم چینەبەخشیوە..

بەپێچەوانەوە، ئەولێکدانەوانەی کەمۆرکی بێچەندوچوونی مارکسیزمیانەوەیان پێوەیەو هەندێکیشیان تاڕادەیەك لەڕاستییەوە نزیکن ئەوخاڵە لەبەرچاودەگرن کەتەنها چینی کرێکاران و جوتیاران دەکرێت بەبەرهەمهێنەردابنرێن، بەهیچ جۆرێك ڕۆشنبیران ناتوانن بەرهەمیان هەبێت و بەپێی دەستکەوتێکی مادیانەی ورد بەڕێوەدەبرێن ، جوانتردەکرێن، چاکدەکرێنەوە، دەگوازرێنەوە و ئامادەدەکرێن.. ئایا ئەوانە لەکوێدان؟ لەنێومووچەخۆران کەپراکتیکانە(پڕۆلیتاریان)، بەڵام بەسەرنجدان لەوکارەی کەهەیانە باجدەرو سەربەچینی دەسەڵاتدارو ئایدیۆلۆژییەکەین. بەمجۆرەبەلێکۆلینەوە لەوانە(ڕۆشنبیران)بەپێی کاریگەرییان لەبواری بەرهەمهێناندا دەرئەنجامێکی کاریگەرانە بەدەستەوە نادات.

٢-تێزێکی سیاسیانە بۆ واقیعگەرایی:

لەحاڵەتی لەمجۆرەدا دەبێت شیکارکردن بەلایەنی کەمەوە بەجۆرێکی کاتی شوێنگە لەناوەوەبخوێنێتەوە، واتەسەرنج




سارتەر

لەمەبەستەکانی خودی ڕۆشنبیری چالاك بدات–لەوکاتەی لەمشتومڕیاندا هەوڵ دەدەن باری خودی خۆیان وەسف بکەن– . بەوردبوونەوە لەوسێ گروپەمێژووییەی باسمان کردن هەرلەسۆفیستەکانی یونانی کۆنەوە بیگرەتا فەیلەسوفانی سەدەی هەژدەو دادوەرەکانی دادگای ڕاسڵ، ڕۆشنبیرواتەمامۆستاونوێنەری بەرگریکاری ئازادی سیاسی ومافەکانی تاکەکەس، ئەندازیاری کۆمەڵگایەکی شەفاف کەتیایدا تاکەکەس و هاوڵاتی لەسەداسەد یەك مانایان هەیە. هەڵبەتەبەپێی شوێنگە لەوانەیە یەکێك لەم لایەنانە باڵادەست بێت، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی جۆری دامەزراوەکەبەردەوام دەبێت، کەبەپێی ئەوە لەوانەیەبتوانرێت بەشێوەیەکی ڕووکەشانەو بەردەوام ڕۆشنبیران وەك گروپ و نمونەپێناسەبکەین.

ئەوەی ڕۆشنبیر،کەلەڕووی ئاگایی و مەعریفەوەسەبارەت بەخۆی دەیخاتەڕوو، دیاریدەکات ئەمەیە کەئەو(لایەنگری)دەکات؛ بەڵام لەوساتەوەی کەملتەزم دەبێت مەترسی ئەوکارەی بەگیانی خۆی دەکرێت. لەبەشداریکردن لەڕیزی هەرپارتێکدا– بەمانا ڕاستەقینە سیاسیەکەی– خۆدەپارێزێت. گورگیاس و پرۆتاگوراس وەك دیدرۆ،وەك ڕاسڵ وسارتەر لەنزیکەوە بەشداری ململانێ سیاسیەکانی ڕۆژگارەکەیان دەکەن: ئەوانە خۆیان بەسیاسی دەروەی بازنەی سیاسەت دادەنێن. لەلای ئەوان مەسەلەکە بەوجۆرەیە کەپەیڕەویکردن لەڕێکخراوێکی سیاسی بەپێی پێویست جۆرێك لەداوەری پیشەکیانەدەسەپێنێت و، ئەم حوکمدانە پێشەکیە دەبێتە ئاستەنگی بەردەم ئازادی بیروڕالەساتێکی دیاریکراودا.

ئەوان حەزدەکەن لایەنگربن نەك ئەندامی پارتێك.لایەنگرییان بریتییەلەوەی کەنەبنەئەندامی هیچ کام لەوپارتەجیاوازانەی کەئەمان لایەنگری بیروڕایانن، تاباشتر بتوانن بەرگری لەوبیروباوەڕانە بکەن و ڕۆشنگەری زیاتردەربارەیان بکەن. ئەگەر بمانەوێت بەزمانێکی سایکۆلۆژییانەبدوێین دەبێت بڵێین بەردەوام لەنێوان لایەنگری و بەدگومانیدا لەبزاوتدان.

لەگەڵ هەمووئەمانەشدا توندوتۆڵی بیروڕای ڕۆشنبیری(ملتزم)مایەی سەرنجدانە: گورگیاس هەڕەشەی دوورخستنەوەی لێدەکرێت، دیدرۆ دەخرێتە زیندانەوەو،ڕژێمی سەڵتەنەتی نۆرلیبراڵی بەریتانیاش دووجارکانت و ڕاسڵ دەخاتەزیندانەوە. فاکتەری هەمووئەم ڕووداوانە ئەمەیەکەخودی ڕۆشنبیر دژبەپیرۆزکردنە، واتە دژبەکۆمەڵگایەکەکەحەقیقەت وشەفافیەتی لاپەسندنییە، لەکاتێکدا بەتەوای قبوڵێتی کەپرنسیپە بنچینەییەکەی بریتییە لەودووهۆکارە. لەمڕووەوەئەرکی ڕۆشنبیرهەڵوەشاندنەوەی ئەفسونگەرایی کۆمەڵگاوهەنگاو



مارکس

بەرەوڕۆشنگەرایيە: واتە ئەركەكەی بينين و ئاشكراكردنی ئەوبۆشاييەيە لەنێوان بەهاگەلێكی كە(هەمەگی كۆمەڵگا)- واتەسيستمی دەسەڵاتدار- بەپێويست و بێچەندوچونيی ناساندوە، بەديهاتنی ئەوەلەكاروباری دادوەری و ئيداری و كۆمەڵايەتيدا واتەڕەخنەكردنی ئەوواقيعە لەڕێگای وتارو نوسين و بەناوی ئازادييەوە.


کانت

لەم ساتەبەدواوە پيشەی فێركار، زانا، لێكۆڵيار، هونەرمەند، مافزان و پزيشك بۆ ڕۆشنبيروەك خاڵێكی پشتگيری سادەدەردەكەوێت. ئەودەسەڵاتەكەی لەبواری پسپۆڕی پيشەوەبەدەسناهێنێت. لەلای ئەوپسپۆڕی لەپيشەكەيدا تەنها پلەيەكی كۆمەڵايەتيە، كەبۆئەوەی گوێ لەبيروڕاكانی بگيرێت پێويستی پێيەتی. يان باشتربڵێين كاروپلەی بەرزی ڕۆشنبيرلەكۆمەڵدا جێگايەكی پێدەبەخشێت كەبەپێی نۆرمە پەسندكراوەكانی ناوكۆمەڵگا مۆڵەتی دادوەريكردنی پێدەدەن. بەڵام خودی ئەو بەهيچ جۆرێك نايەوێت لەوشوێنگەيەوە دادوەری بكات: بەتەوای دەيەوێت لەپشتی پسپۆڕێكەيەوە قسەی خۆی بكات. ئەم پرسەش لەڕۆژگاری ئێمەدا ئاشكراتربووە. واتەكاتێك كە(ئالبرت ئانيشتاين) لێبڕاوانە دژبەبەكارهێنانی ستراتيژييانەی وزەی ئەتۆمی وەستا بەدڵنياييەوە وەك پسپۆڕو، وەك كەسێكی شارەزابەجۆری دەرئەنجامەكان بەشداريكرد، بەڵام لەڕاستيدائەوەی دەيڵێت لەزانيارييەكی جديانەی سەرلاپەڕەی ڕۆژنامەيەك تێناپەڕێت. هەروەها كاتێك(ژان پۆڵ سارتەر) بەرپرسيارييەكانی جەنگی ڤێتنام شيتەڵ دەكات، يان بەرگری لەئازادی چاپەمەنی دەكات، بەتەواوی لەسەربنەمای ئەوەی لەبوون و نەبوون، ڕەخنەی ديالكتيكدا دەيخاتەڕوو كارناكات. كارەكانی فيزيكزانێك يان لێكۆڵينەوەكانی فەيلەسوفێك لێرەدا وەك خۆبەخۆ، يان باشترەبڵێين شاراوە كاردەكات. بەڵام دەربارەی ناوەڕۆكی لايەنگريەكان دەبێت بووترێت كەلەسەرئاستێكی ديدايە، كەبەتەواوی ئاستی هزرە.

سەرئەنجام هزرمەند نەفەيلەسوفە، نەزاناونەهونەرمەند، بەڵكوبەشداری هەمووچالاكييەكی پەيوەست بەدۆزينەوەو نقارەوە دەكات، يان لەوانيش تێدەپەڕێت. ڕۆشنبير(Intellectuel)كەناگەهان بۆتەئەمينداری بەرپرسيارێتيەكی گەورەتربەناوی ئەودەسەڵاتەوەيە دەجولێت. گورگياس نوێنەری زۆرينە، كەنەخاوەنی توندوتيژی دروستكراوی ئەرستۆڤانەونەزمانشيرينی سوكرات ، وەك نوێنەری هاوڵاتيانی ناوەند دەبێتەبەڵێندەر.ديدرۆو كندرسە مامۆستايانی كرانەوەن. دادوەرەكانی دادگای ڕاسڵ بەشێوەيەكی مەترسيدارانەلەبەردەم(لايەنی مێژوو)دا دادەنرێن. بەمجۆرە ڕۆشنبير خۆی بەبەرپرس دادەنێت: نەك بەهۆی زانست و ئيمان و عەقيدە،

نەبەهۆی لێهاتویی کەسێتی تایبەت، بەڵکوبە پەیڕەویکردن لەویست(ارادە).

٣-بەرئەنجامێکی کەلەهەلومەرجێکی تایبەتدا کاردەکات:

مەبەست ئەمەیە دەبێت ئاشنای سروشتی ئەم ویستەبین و بزانین لەچ زەمینەیەکدا ڕیشەدادەکوتێت. لێرەدا دەبێت یەکەم گریمانەبخەینەڕوو. ئەم ویستی پرسیارکردنە بونیادێکی دی جگەلەخۆی نییەو، هیچ پێویستیشی بەشوێنگەیەك نییەبۆ داکوتینی ڕیشەو، تەنانەت هێزی ڕیشەداکوتانیش نەیاری چەمکە واقیعیانەکەیەتی. بۆنمونە، بەوجۆرەدەبێت کەپانتایی ڕۆشنبیری لە(کانت)ەوەسەرچاوەدەگرێت (ئایا نابێت بوترێت کەبەلایەنی کەمەوە لەسەردەمی مۆدێرنەدا هەموورۆشنبیرێك کەمونۆر(کانت)ییە؟)،بۆیەلەژێر ڕۆشنایی ئەوهەلومەرجەدا ئەوپرسیارەی کەدەکرێت بێناوەڕۆك دەبێت. تەنهائەوکەسە دەمێنێتەوە کەچارەسەرکردنی ئاسان نییە. چۆن دەتوانرێت لەجموجۆڵێکی ڕەوادا لەچالاکیەکدا، شیکردنەوەی کانتی و- کەپابەندی ڕیشەییە - لەگەڵ دیالکتیکی مارکسیزم- کەلەوێنەیەکی تیۆرییەوەبەرەپراکتیك بەرجەستەدەبێت- لەیەك بزاوت و ڕەواییدا لەپاڵ یەکتیریدا دابنرێن. ئەگەر دەمودەست ئەوکەیسانەی (مارکس)دەیانخاتەڕو و لەپانتایی جەنگی چینایەتیدا بەرجەستەدەبن پەسندبکەین، چۆن دەتوانین بێلایەنی کراوەیی کەچەمکی پەیمانێکی نایاب نەنوسراوەقبووڵ بکەین؟ ئایا دەکرێت لەوەدوودڵ بین کەدۆخێکی لەوجۆرە دژیەیەکەپەسندبکرێت؟ ئیتر شاراوەنییە کەکەسانێکی وەك(ژان پۆڵ سارتەر)لەدۆخێکی لەوجۆرەدان.

هەلومەرجێکی دژوارە، هێندەش سەختە کەتیۆردانەرانی فەرهەنگ ویستوویانە پشتگوێی بخەن. لەمڕووەوە(کارمانهایم)و بەگشتی پسپۆڕانی کۆمەڵناسی هەوڵیانداوە پێناسەیەك لەمەڕ ڕۆشنبیر کاکڵەبکەن، کەبەبەرهەمی کۆمەڵایەتی دادەنێن و، لەهەمان کاتیشدا بەرامبەر بەتوێژەکانی دی کۆمەڵگا شوێنگەیەکی باڵاتری پێدەبەخشن. ڕۆشنبیرلەلای کەسانی دی تاکێکەلە(دەرەوەی چین -EX-CLASSE)ە، تاکێك کەپێکهاتەو نووسراوەکانی بەجۆرێك لەجۆرەکان لەدەرەوەی ئەوگروپانەی دادەنێت. بەجۆرێکی کەبتوانێت بەرمەبنای شوێنگەکەی بەشێوەیەکی جدیانە پابەندبێت یان حوکمدانێکی ناملتەزمانەی هەبێت. هیچ دڵنیاییەك لەوەدانییە کە(ماکس فیبەر)لەلایەك و(لینین)و(گرامشی)یش لەلایەکی دییەوە - کەهەرسێکیان بڕوایان بەگرنگی ململانێی چینایەتی هەیەو بەرامبەر بەڕۆڵی ڕۆشنبیران لەخولەجیاوازەکاندا هەیانبووە هەستیارن- لەکۆتاییدا ئەم دەرئەنجامە هەمەکییە پەسندنەکەن.



لینین

بەڵام ڕوون نییە- کەبەبێ پەسندکردنی دیدی کۆمەڵناسێکی ئەزموونگەرولایەنگری چینایەتی- دەبێت چ شوێنگەو سوژەیەك بەڕۆشنبیربدرێت؟ خودی ڕۆشنبیران دەڵێن کەڕۆشنبیر دڵنیانییەو ناجێگیرەو، ئەمەش لەوانەیە زۆرڕاست بێت. بەڵام لەهەمان کاتیشدا وێنایەکی زۆر نادروستیش لەئارادایە، ئەویش ئەمەیەکەڕۆشنبیر لە هەمووسەردەمەکاندا بەناوی مرۆڤایەتی وپەیامی فەرهەنگی تاکێتیو گشتییەوە قسەی کردووە. ڕۆشنبیر بەرهەمێکە، ئەوەی ئەودەیەوێت بەرەوپێشەوەی بەرێت لەناو ئەو ململانێ چینایەتیەدایە کەڕۆڵی ئەوتیایدا گرنگە. چین وتوێژی ڕۆشنبیربوونی نییە: شوێنگەی هەستیاربوونی هەیە- بەجۆرێکی سەرسوڕهێنەرانە بانگەشەکردن بۆشۆڕش- کە لەناوجەرگەی ئەوێدا تاکەکەس (یان فۆرمەکانی تاکێتی کە بەتەواوی بەپێی شوێنگەکانیان دیاریکراون) بەشداری دەکەن: ناتوانرێت گشتگیری بەسەر دەرئەنجامەکانی ئەوبەشداریکردنەدا بسەپێنرێت: چونکەبەقوڵی هاوبەندی شوێنگەیە.ڕۆشنبیر هەندێکجار نمایندەو هەندێکجاری دی میانجیگەرە. پەیامەکەی بەردەوامییەکی ناڕاستەوخۆیە، هەرچەندە ئێستاولەم کاتەدا ئەم ڕۆشنبیرانە، گورگیاس و دیدرۆو لینین پەیامێکی ئاشکرایان هەبێت. ڕۆشنبیر بەپێی شوێنگە بوونی هەیە. هەرگیز خۆبەخۆ هەنگاونانێت.. بۆیە مرۆڤ بەناچاری لەخۆی دەپرسێت کەئایا ڕاڤەی سیاسی وکۆمەڵایەتی، پاش ئەمە ئارەزووی ...ئەوە ناکات کەئەم چەمکەبەگشتی بەلاوەبنێت؟

---

*روشنفكروجامعه؛ فرانسوا شاتله؛ ترجمه(رضاسيدحسيني)

# شانۆیی ئەوەتان مرۆڤ‌و شیکردنەوەیەکی رەخنەیی

پێشەکی:

بەپێویستی دەزانم لەم بابەتە رەخنەییەدا لەسەر نمایشی شانۆیی (ئەوەتان.. مرۆڤ) ، لەدەقی (چوار سندوقی) (بەهرامی بەیزائی)و دەرهێنانی (لاوان عوسمان)و نواندنی (رێکەوت حەمە تۆفیق، رزگار جەلال، زانیار فەتاح سۆزان بابا عەلی، نەوشیروان غەریب) کە لە رۆژی ٢٠٠٤/٤/٢٤ لە هۆڵی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانی نمایش کرا، زیاتر جەخت بکەمە سەر ئەو لایەنە سیاسییە بەرچاوەی کە لەنێو نمایش‌و دەقدا بوونی هەیە، چونکە ئەو گەمەو دیمەنانەی نمایش دەتوانم بڵێم پەیوەندییەکی راستەوخۆی بە باری سیاسی ئێستای میللەتەکەمانەوە هەیە..هەروەها لەدەقی نمایش‌و لەدەقی نووسەردا، ئەو حاڵەتە سیاسییە زۆر دیارو بەرچاوە بۆیە دەمەوێ بیکەمە فاکتەری سەرەکی بۆ نووسینی ئەم بابەتە رەخنەییەو شیکردنەوەو رەڤەکردنی دیمەنەکانی نمایش ...

دەق هەڵبژاردن:

هەڵبژاردنی دەق لەلایەن دەرهێنەرەوە هەڵبژاردنێکی زۆر عەقڵانەیە، چونکە لەهەموو روێکەوە دەتوانم بڵێم پەیوەندییەکی راستەوخۆی بەسەردەمی ئێستای کۆمەڵگای کوردییەوە هەیە، ئەم خاڵە زۆر گرنگەو دەگەڕێتەوە بۆ (ئەم نزیکییە جوگرافییەی نێوان نووسەری دەق‌و دەرهێنەر).. لەبەر ئەم خاڵە هەڵبژاردنی دەق بە عاقڵایەتییەکی دەرهێنەر دەزانم..

زیرەکی دەرهێنەر لە هەڵبژاردنی دەق لەم خاڵە سەرەتایەی ئیشکردن دەردەکەوێت، دەقێك هەڵدەبژێرێت کە پەیوەندی راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆی بە کێشەی

نوسینی / زانا خەیلانی



کۆمەڵگای دەرهێنەرەوە هەبێت، لەزۆربەی بوارەکـان وەك (کۆمەڵایـەتی، ئـابووری، سیاسـی... هتـد).. ئەمـە خـاڵێکی سـەرەکییە بـۆ زیـاتر قووڵبوونەوەی دەرهێنەر لـەدەق و ون نـەکردنی بنـەما دراماتیکیـیەکانی دەق لەنمایشدا..

نمایش:

دەرهێنـەر دووبـارە دەقـی ئامادەکردۆتـەوە بـۆ نمـایش، لەگـەڵ ئامادەکردنەوەدا سەربەستی بـەخۆی داوە لەدەستکاری کـردن و تێکـەڵ کردنـی چـەند دیالۆژێك کە لەخزمـەتی دروستکردنی پـەیوەندی بێـت، لـەنێوان ئێسـتای کۆمـەڵگای دەرهێنـەرو دەقـی نووسـەر. ئەمـەش ئەگەڕێتەوە بۆ دەستکاری کردنی دەق لەلایەن دەرهێنەرەوە، بۆ نموونـە ئەو کاتەی کەسییەتی سوور کـە (ڕێکـەوت حەمـە تۆفیـق) بەرجەستەی دەکرد لە دیالۆژێکدا دەڵێت: (بەردەم ئوتێل پالاس گیراوە) ئـەم دیالۆژە دروسـتکردنی ئـەو پەیوەندییەیـە لـەنێوان دەق و نمایشـدا .. کەواتـە دەرهێنەر مەبەستییەتی ئێراندنێکی تەواو بەسـەر دەقـدا بێنێـت، کـەچی خۆی لەبنەڕەتدا پێویستی بـەو ئێراندنـە نییـە. چونکـە وەك لەسـەرەوە باسمان کرد نزیکی سنوری جوگرافـی نێـوان نووسـەری دەق و دەرهێنـەر زۆرێك لەو پەیوەندییانە لەدەقدا بەدی دەکرێن..

بەم پێیەش دەرهێنەر تەنها ئێسـتاندنی بەسـەر دەقـدا هێنـاوە چونکـە ئەم دەقە پێویستی بەئێراندن نییە.. بـەو مانـا پـڕەی ئـێراندن.. چونکـە هیـچ جیاوازییـەکی ئـەوتۆ نـابینین لـەنێوان ئـێرەی دەرهێنـەرو ئـەوێی نووسەر..

دەرهێنەر زۆر بەوریایی دروستکردنی دیکتاتۆرێکمان لـەڕێی نمایشـەوە پیشـان دەدات، چۆن دروسـت دەبـێ لەبنەڕەتـەوە تـا پێگەیشـتنی..

زیرەکی دەرهێنەر لە هەڵبژاردنی دەق لەم خاڵە سەرەتایەی ئیشکردن دەردەکەوێت، دەقێک هەڵدەبژێرێت کە پەیوەندی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆی بە کێشەی کۆمەڵگای دەرهێنەرەوە هەبێت.

> **لەنمایشدا بینیمان هەموویان کۆکن لەسەر دژ وەستانیان بەرامبەر بەداهۆڵ لەکۆبوونەوەکەدا بەڵام لەو لاوە دڵیان بۆ خیانەت لێدەدات**

تاکەکانی کۆمەڵگە هەمووی بەشدارن لە دروستکردنو بنیاتنانی دیکتاتۆرێك.. دیکتاتۆر بەو چەمکە پڕ مانایەی خۆیو بەهەموو پێکهاتە سلبییەکانی، گەر وتمان دیکتاتۆر واتە نەبوونی ئازادی، نەبوونی دیالۆژکردن سەرەڕای ئەمانەش خوێن رشتنو داپلۆسینو زەوت کردنی مافی تاکەکەسی لەکۆمەڵگادا..

لەنمایشدا کەسیەتییەکان داهۆڵێك دروست دەکەن میهرەبان بێت بۆخۆیان، بەڵام ترسێنەرو تۆقێنەر بێت بۆ دوژمنەکانیانو پارێزگاریان لێ بکات، لەو بەربەستو کیشانەی کەتووشیان دەبێت..

هەرکەسایەتییەو باس لەپێویستی دروستکردنو بوونی داهۆڵ دەکات.. هەر کەسایەتییەو باس لەو شوێنە دەکات کە پێوەی لکاوەو بیروباوەڕیەتی!! کەسییەتی سەوز کەسییەتییەکی ئاینییە بوونی داهۆڵ بە باش دەزانێت بۆ پاراستنی شوێنە
پیرۆزەکانو بەرز راگرتنی مزگەوتو محراب. بەهەمان شێوە کەسییەتی سوور کەسییەتییەکی بازرگانە بۆ پاراستنو باشترکردنی بازاڕو بازرگانی بوونی داهۆڵ بە پێویست دەزانێت.. بەهەمان شێوە کەسییەتییەکانی تریش بەشدارن لەدروستکردنی داهۆڵ !


کەسیەتی زەرد کە دانەری فیکرەی دروستکردنی داهۆڵە لەدیالۆژێکدا دەڵێت: (دەبێ لەناوەوە میهرەبان بێت بۆخۆمانو بەڕووکەش ترسناك بۆ دوژمنان) کەواتە کە لەکۆمەڵگایەك یان دەوڵەتێك دیکتاتۆرێك دروست دەبێت بەرهەمو دروستکراوی دەستی تاکی ئەو کۆمەڵگایەیە، یان دانیشتوانی ئەو دەوڵەتەیە کە دیکتاتۆرەکە تیایدا سەریهەڵداوە..

لێرەدا گەربێین جیاوازی بکەین لەنێوان نمایشو واقیعی ژیان دەبینین جیاوازییەکی وا نییە لەدروستکردنی دیکتاتۆرێك، چونکە زۆربەی تاکەکان بەشدارن لەدروستکردنی داهۆڵێك!! سەرەنجامیش پەشیمان بوونەوەیە لێی، چارەش بۆ نەهێشتنی تەنها شۆڕشو قوربانیدانە بۆ ئەو هەڵەیەی کە دەیکەن..

لەدوای دروستبوونو چڕنوکدانی داهۆڵ لەدەسەڵات، بەهەمان شێوەی داهۆڵە واقیعییەکانی ژیان داوا لەئەکتەرەکان دەکات سەمای بۆ بکەن.. ئەکتەرەکان لەسەرەتادا رەفزی ئەو سەمایە دەکەن.. تاوەکو رووە ترسناکەکەی داهۆڵ دەبینەنو بۆیان دەردەکەوێت داهۆڵییەتی بەدەرە لەسۆز، دەستدەکەن بەسەماکردن.. ئەو سەمایەی کە بەسیمای ئەکتەرەکانەوە دیارە دەسەڵاتێك، بەزۆر سەمایان پێدەکاتو ئەو دەسەڵاتەش دروستکراوی دەستی خۆیانە..

کەسییەتییەکان کۆبوونەوەیەك دەکەن بۆ چارەسەرکردنی ئەم بارە تێکەوتووەی خۆیان لەسەر دروستکردنی داهۆڵ! کە ئەنجامی تەنها بەخیانەت لەیەك کردن دەکەوێتەوە، لەنمایشدا بینیمان هەموویان کۆکن لەسەر دژ وەستانیان بەرامبەر بەداهۆڵ لەکۆبوونەوەکەدا بەڵام لەو لاوە

دڵیان بۆ خیانەت لێدەدات.. داهۆڵیش دەیەوێ بەردەوام بێت لەسەر لەیەکتر دابڕینیان‌و سیخوڕی بۆ بکەن..



چەند جارێك لەنمایش ئەم جۆرە کۆبوونەوانە دووبارە دەبنەوە، بەڵام تەنها بە مۆز خواردن کۆتایی بەکۆبوونەوەکان دەهێنن.. دەرهێنەر دەیەوێ لەڕێی ئەم بینراوەدا دیوی ناوەوەی کۆبوونەوەکانی ئاشتی نێوان دوو حیزبە سەرەکییەکەی کوردستان پیشان بدات، کە ژمارەی کۆبوونەوەکان لەژماردن نایەت تا ئێستا بەچی گەیشتووە، لەنێو کۆبوونەوەکاندا باسی چ مەسەلەیکی چارەنووسساز کراوە جگە لەمۆزخواردن‌و خواردنەوەی ئاوی کانزایی...

هەموویان لەکۆبوونەوەدا کۆکن لەسەر لەناوبردنی داهۆڵ‌و لێسەندنەوەی ئەو کەرەستانەو تەنانەت ژیانیش کە پێیان داوە، بەڵام ئایا دەتوانن.. گەر بشتوانن داهۆڵ لەناوبەرن خۆشیان لەناودەچن.. گەرلە ناویشی نەبەن هەموویان بەرەو کەنارەکانی لەناوچوون دەچن‌و لانەیەکییان نامێنێت بۆ ژیان.. هەروەها دوژمنایەتیکردنی داهۆڵ کارێکی ئاسان نییە، بەڵام لەهەموو کاتێکدا شۆڕش کردن لەدژی دکتاتۆر پەسەندترە لەژیان لەژێر دەسەڵاتی دیکتاتۆرێك ..

لەیەکێك لەبینراوەکاندا دەرهێنەر داهۆڵ بەجل‌و بەرگێکی مۆدێرن دێنێتەوە سەر تەختەی شانۆ گەربێتو ئێمە ئەم حاڵەتە ببەستینەوە بەئێستای واقیعی کۆمەڵگای کوردییەوە دەبینین کە زۆر حاڵەتێکی بەرچاوەو بوونی هەیە لەنێوماندا، هەموو ئەوانەی دوو ڕۆژ لەپشتی مێزێکەوە دادەنیشن دەبنە نیمچە داهۆڵێك لەنیشتماندا کە بە مشەخۆری گەیشتوونەتە ئەو کورسی‌و مێزەو خەمیان تەنها دەوڵەمەندبوون‌و ڕێك کردنی بۆینباخەکانیانەو لەبەردەم کامێراو ڕۆژنامەنووسەکاندا خۆیان بەکارگوزارێکی ئەم نیشتمانە دەزانن..

لەیەکێك لەبینراوەکانی تر ئەکتەرەکان دەبینین زیندانن‌و هەریەکێکییان لەنێو سندوقێکدا زیندان کراون، کە بەشێوەیەك زیندان کراون کە تەنانەت مافی ڕووناکی بینینشیان نییە. داهۆڵ لە پەیوەندیدا لەگەڵ زیندانەکاندا، ئەو زیندانەی کە وشەی تیا ناوترێ وشەی تیا نانووسرێ ڕای تیا ناگۆڕدرێتەوە، داهۆڵ بانگەشەی دیموکراسیی‌و ئازادی ڕادەربڕین‌و ڕێکوپێکی شەقامەکان دەکات کەچی لەبنچینەدا بوونی نییە... ! !

بێبەشکردن‌و لێسەندنەوەی مافی تاکایەتی، تاك تووشی یاخی بوون‌و شۆڕش دەکات. بۆیە بینیمان دوای هاتنە دەرەوەی ئەکتەرەکان لەزیندانەکانیان بڕیاری شۆڕش‌و یاخیبوون دەدەن لەگەڕانەوەیان بۆ ناو سندوقەکان.... واتە ڕەفزکردنی دەسەڵات‌و دووبارە دروست نەکردنەوەی دەسەڵاتێك.. ئەنجا لەنمایشدا دەبینین کێشە لەسەر زووتر شکاندنی سندوق هەیە، لەنێوان ئەکتەرەکاندا.. کەچی کەسیەتی ڕەش خۆی پێش دەخات‌و یەکەم شکێنەر دەبێت.. دیسان خیانەت! ئەو وشەیەی بەردەوام ناخی کەسییەتییەکانی داگیرکردووەو دەبینین کەسییەتییەکانی

تر ئامادەنین بە شکاندنی سندوقەکانیان واتە دوای کەسییەتی رەش شکێنەر نییە!

دوایی لەبینراوێکدا دەبینین کەسییەتی سور چەند جارێك لەهەوڵدا پەشیمان دەبێتەوە لەشکاندنی سندوقەکەی ئەمەش قبوڵکردنی دەسەڵاتی داهۆڵە.. بەڵام یاخی بوونو هاندانی هاوەڵەکانی نابنە هۆی ئەوەی کەسییەتی سوور سندوقەکەی بشکێنێتو یاخی بوونی خۆی رابگەیەنێت..

*خاڵێکی زۆر گرنگ لەنمایشدا بەرچاو دەکەوێت.. ئەوش کردنی کەسییەتی زەرد بەکچ لەلایەن دەرهێنەرەوە. بۆچی؟

—ئەمەش بەڕای من دەرهێنەر لەڕێی کردنی کەسییەتی زەرد بەکچ دەگەڕێتەوە بۆ بەشدارییپێکردنی رەگەزی مێینە لەفکرەی دانانی شۆڕشێك، یان بوون بەڕابەری هەڵگیرساندنی شۆڕشێك، گەربێتو ئێمە سەیری کەسیەتی زەرد بکەین دەبینین بەشدارە لەهەموو فکرەو دانانو هەڵگیرسانی شۆڕشەکانی نێو نمایش.. کەواتە دەرهێنەر مەبەستییەتی ئافرەت بەشدارییپێبکات لەو مەسئەلانەی کە واباوبووە رەگەزی نێرینە دروستکەرو داهێنەرو هەڵگیرسێنەری بێت، دەرهێنەر دەیەوێ ئەو جیاوازییە رەگەزییە نەمێنێت لەنێوان رەگەزی نێرینەو مێینەدا ..

*خاڵێکی تر کە شایانی باسکردنە، رەشکردنی تەختەی شانۆیە، دەرهێنەر پێمان دەڵێت ئێستاو ئایندەمان، یان هیواکانمان بەڕەشی لەدایك بوونو هەر بەڕەشیش بوونیان نامێنێت..



نواندن:

نواندن رەگەزێکی زۆر سەرەکی نمایش بوو، ئەکتەرەکان توانیبوویان لەگەڵ حاڵەتەکاندا هاوشان بڕۆن.. بۆ نموونە کە کەسییەتی سەوز ئەوکاتەی پێدەکەنێ جۆرە نواندنێکە ئەو کاتەی وتار ئەخوێنێتەوە جۆرە ئیلقاو نواندنێکی تری هەیە، یان ئەو کاتەی لەخودا ئەپاڕێتەوە، یان کەسیەتی سور بەدوو جۆر بینیمان: یەکەمیان ئەوکاتەی لەگەڵ هاوڕێو هاوسەنگەرانی بوایە جۆرە نواندنێکی هەبوو کە خۆی بە پاڵپشتی هاوەڵەکانی دەزانی، دووەمیان ئەو کاتەی لەگەڵ داهۆڵە تەنها کەسییەتیەکە بۆ ماستاوو مەرایی دروستکراوە بۆیە ئەتوانم بڵێم کەسییەتییەکی دوو فاقەیی بوو..

بەڵام کەسیەتی زەرد، بینیمان چ لەگەڵ داهۆڵو چ لەگەڵ هاوەڵەکانی یەك بیرو راو یەك کەسییەتی هەبوو..

لێرەدا ئەتوانم بڵێم کە ئەکتەرەکان لەزۆربەی دیمەنەکاندا توانیبوویان کەسییەتیەکان بەشێوەیەك بەرجەستە بکەن کە نزیکبوونەوەی تەواوبێت لە سروشتو سایکۆلۆژییەتی کەسایەتییەکانی نێو دەق.. هەم لەڕووی جەستەوە هەم لەڕووی دەنگەوە لەباربوونو توانیبوویان کەسیەتیەکان بەشێوەیەکی جوان پیشان بدەنو لەو قاڵبە تەقلیدییەی نواندن بچنە دەرەوە کە زۆربەی ئەکتەرەکانمان خویان پێوە گرتووە.


# گەشتی ڕوناکبیریی

گەشتی ڕوناکبیریی گەشتی ڕوناکبیریی گەشتی ڕوناکبیریی
گەشتی ڕوناکبیریی گەشتی ڕوناکبیریی گەشتی ڕوناکبیریی گەشتی ڕوناکبیریی
گەشتی ڕوناکبیریی گەشتی ڕوناکبیریی گەشتی ڕوناکبیریی گەشتی ڕوناکبیریی

سەرپەرشتی/ کاوە حاجی عزیز

- پێشگەشت.
- هەڵبژاردنی دەستەی بەڕێوەبەری بنکەی ئەدەبیو ڕوناکبیریی گەلاوێژ - لقی کەرکوک.
- یەکەمین فێستیڤاڵی گەلاوێژ — لقی کەرکوک.
- هەڵبژاردنی دەستەی بەڕێوەبەری بنکەی ئەدەبیو ڕوناکبیریی لقی — کەلار.
- چالاکیەکانی بنکەی ئەدەبیو ڕوناکبیریی گەلاوێژ.
- خەڵات کردنی نەجیب مەحفوز.
- بلآوکراوەکانی بنکەی ئەدەبیو ڕوناکبیریی گەلاوێژ.
- فەرید زامدار لەپێشانگایەکی تایبەتدا.
- وێنەیەک بەپێنووس.
- شێرو شیتاڵی شاهان - خۆناسەکان سێ شانۆنامەی خۆماڵییە.
- گەلەری ئارام.
- کەنار.






## پێشگەشت

# ڕۆژنامەوگۆڤارەکانیش جۆرێك لەئاگادار کردنەوەی دەوێ!!

گومان لەوەدا نییە هەرلەدوای ڕاپەڕینەوە، (ئازاد کردنی عێراقیش لەگەڵدابێت) زۆرێك لەڕۆژنامەو گۆڤارو کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بەڕادیۆو تەلەفزیۆنیشەوەهاتنە ئاراوە، لەوانەیە تاکو ئێستا کەناڵەکانی وەك ڕادیۆو تەلە فزیۆن لەچوار چێوەی دەزگایەکی حیزبیانە کاربکەن، وهەموو تەمویلێکیان لەلایەن حیزبەوە دەستەبەر دەکرێت. گەرچی ڕۆژنامە کامیش لەم حاڵەتە بەدەرنین، کوردەواری،بگرە لیبراڵیانەش دەنووسن و لەوباوەڕەشدام هەندی ڕۆژنامەی وا هەیە کە کەمەقەستی بەکار ناهێنن وخودی نووسەر چی بنوسی وەك خۆی بۆی بلاو دەکەنەوە. ئەگەرچی رشۆژنامەوگۆڤارە کانمانتابلێی زۆرن من ناڵێم بۆرن!! لێرەدا نابمە کوێخاو ڕیچساو یاساش بۆهیچ ڕۆژنامەو گۆڤارێك دانانێم، بگرە حەدی ئەوەشم نییە بەلام وەك خولیلیەك هەندی جار بەخایەڵم دادێت و ئازادییەکەش وای لێکردوکم کەبڵێم. ئەگەر ڕۆژنامەیەك یاگۆڤارێك نەتوانێت هێڵیخۆی نوسین و بابەتی تر هەتا بە(تصمیم)یش جیانەکاتەوە ئایا دەرچونی باشترە یادەرنەچوونی!!

ئەگەر ڕۆژنامەیەك دوور لەمەودای ئەخلاقیەتی نووسین و تێفکرین لەدروشمی هەواڵ و ڕوناکبیری زیاتر، وسنورەکانی جوینەوەو تانەو تەشەر نەبەزێنێ دەرچونی باشترە یادەرنەچوونی.

لەوانەیە ئەگەر ڕۆژنامەیەك یاگۆڤارێك لەم ولاتەدا دابخری ئەواجۆرێك لەهەڵایەکی گەورەی بۆدەکرێ کەلەوانەشە وانەبێت و حیسابێکی تری بۆ دەکرێو بەجۆرێکی تر دەخوێندرێتەوە لێرەوەدپرسم ئایاناکرێ جۆرێك لەئاگادار کردنەوە لەلایەنێکی بەرپرسیاری وەك وەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بکرێ ئەو پەشیچوییەی ئێستا بلاو کردنەوەکان جوانترو باشتربێت و کەسانێکیش بزانن کەلێپرسینەوەیەك هەیە بەهیچ جۆرێکیش زیان بەپرۆسەی دیموکراسی ناگەیەنێت.

کارەحاجی عزیز

## هەڵبژاردنی دەستەی بەڕێوەبەری بنکەی ئەدەبی و ڕوناکبیریی گەلاوێژ لقی کەرکوک







ڕۆژی (٢٠٠٣/١٢/٥) لەهۆڵی شەهید (سیوان تاڵەبانی) بەمەبەستی هەڵبژاردنی دەستەی بەڕێوەبەری بنکەی گەلاوێژ لقی کەرکوک لەکۆی(٦٠)نوسەرو شاعیرو ڕوناکبیر (٢٣)کەس خۆیان کاندید کرد پاشان پرۆسەی هەڵبژاردن بەسەر پەرشتی پارێزەر (عومەر جەباری)بەڕێوە چوو. هەریەك لەم بەڕێزانەوەك دەستەی بەڕێوەبەر هەڵبژێردران.

١) فەیسەڵ تاهیر هەمەوەندی ٣٣دەنگ
٢) دانا عەسکەر ٣١دەنگ
٣)بورهان ئەحمەد ٢٩دەنگ
٤)ڕێبوار ڕەشید (سەراب) ٢٥دەنگ
٥) ستار شێخانی ٢٢دەنگ

وە هەریەکە لەم دووبەڕێزانەش وەك ئەندامی یەدەك هەڵبژاردن

١)ئاوێزان نوری ١٨دەنگ
٢) سەیفەدین سابیر ١٨دەنگ

هەرلەمیانەی ئەو پرۆسەیەدا ئەرکەکانی لقی کەرکوك - بنکەی گەلاوێژ بەم شێوەیە دابەشکرا.

١) فەیسەڵ هەمەوەندی لێپرسراوی بنکە
٢)بورهان ئەحمەد جێگر
٣)دانا عەسکەر سکرتێری ئەدەبی و ڕوناکبیری
٤) ستار شێخانی سکرتێری دارایی
٥) سەراب ئیدارەو پەیوەندیەکان

### یەکەمین فێستیڤاڵی گەلاوێژ — لقی کەرکوك.

لەدرێژەی چالاکیەکانی بنکەی ئەدەبی و ڕوناکبیری گەلاوێژ/کەرکوك یەکەمین فێستیڤاڵی ئەدەبی بۆئاشتی و ئازادی سازکرا بەدروشمی ((ڕەنگاڵەکانی کەرکوك بەستەی ئازادی دەچڕن)) بۆیەکەم جار دوابەدوای ئازاد کردنی هەموو شارو شارۆچکەکانی تری کوردستان.
کەرکوك بەڕەنگێکی شەفافی ئەدەبی پێشوازی لەمیوانەکانی کرد بەم بۆنەیەوە ڕۆژانی ٢٤ و ٢٠٠٤/٤/٢٥ کەرکوك ئاهەنگی کردنەوەی یەکەمین فێستیڤاڵی سازدا،

کاتژمێر((١٠))ی سەرلەبەیانی بەئامادە بوونی بەڕێز عبدالرحمن مستەفا پارێزگاری کەرکوك و زۆربەی نووسەران و روناکبیرانی شاری کەرکوك و دەوروبەری‌و.. میوانە بەڕێزەکانی هەولێرو سلێمانی لەهۆڵی شەهید سیروان تاڵەبانی، سەرەتا.. وتاری هەردوو بنکەی گەلاوێژی کەرکوك وسلێمانی‌و ناوەندی رێکخراوە دیموکراتیەکان خوێندرایەوە پاشان میوانەکانی فێستیڤال دڵشاد عەبدوڵڵاو ڕۆژ هەڵەبجەیی‌و فریاد شوانی شیعریان خوێندەوە.

دوابەدوای ئەوان لەیەکەمین دیداری شیعر بۆشاعیران ((ئەسیری — ژیلای حوسێنی))

شاعیران :

بورهان بەرزنجی هیجران شێواو ئاوێزان نوری عبدالقادر ضائب ئەحمەد محەمەد..

شیعریان خوێندەوە کۆڕەکەش لەلایەن ((دانا عەسکەر)ە وە بەڕێوە چوو.

هەرهەمان ڕۆژ کاتژمێر ((٤))ی ئێوارە لەدووەمین دیداری شیعر بۆشاعیران ((لەتیف هەڵمەت — مەستورەی ئەردەلانی) شاعیران...

عبدولرحیم سەرەڕۆ زیاد عەبدوڵڵا ئومێد مەحمود رووزار ئەحمەد خالید مجید شوانی ... شیعریان خوێندەوە کەکۆڕەکەش لەلایەن ((رزگار شوانی)) بەڕێوە چوو.

ڕۆژی دووەم ٢٠٠٤/٤/٢٥ کاتژمێر ((١٠))ی سەرلەبەیانی

شوێن: هۆڵی شەهید سیروان لەیەکەمین دیداری چیرۆك بۆچیرۆك نووسان ((لەتیف حامید–موکری)) چیرۆك نووسان.

سالار ئیسماعیل سەمین ٢)عەلی عومەر ئەحمەد ٣) عیسا شێخانی ٤) زیاد عەبدوڵڵا چیرۆکیان خوێندەوە.

کۆڕەکەش لەلایەن ((بورهان ئەحمەد))ە وە بەڕێوە چوو هەرهەمان ڕۆژ کاتژمێر ((٤))ی ئێوارە لەیەکەمین دیداری لێکۆڵینەوە بۆ نووسەران ((مەسعود محەمەد — عەلادین سەجادی)) نووسەران..

شوان خورشید عەبدلستار جەباری لێکۆڵینەوەیان خوێندەوە.

کۆڕەکەش لەلایەن ((ئاوێزان نوری) بەڕێوە دەچوو. پاشان خەڵات بەسەر سەرکەوتوان و چەند دەزگایەکی ڕۆشنبیری‌و کەسایەتی ئەدەبی شاری کەرکوك دابەشکرا.

خەلاتی یەکەمی شیعر درابە رووزار ئەحمەد. هەریەك لەشاعیران (ئاوێزان نوری) و بورهان بەرزنجی)خەڵاتی سێیەمی شیعر درابە (عەبدولرەحمان سەرەڕۆ — خالید مەجید شوانی)








خەڵاتی دووەم.. بەخشرایە..
لەبواری چیرۆك.. خەڵاتی یەکەم بەخشرایە بەڕێز سالار ئیسماعیل سەمین.
خەڵاتی دووەم بەخشرایە زیاد عەبدڵلا.
خەڵاتی سێیەم عەلی عومەر ئەحمەد
هەروەها هەردوو نووسەر شوان خورشید و.. عەبدولستار جەباری خەڵاتی لێکۆڵینەوەیان پێ بەخشرا.
هەرلەمیانەی فیستیڤاڵەکەدا چەندین کەسایەتی ئەدەبیو دەزگای رۆشنبیری لەشاری کەرکوك خەڵاتکران. پاشان بەوتاری کۆتایی..بنکەی ئەدەبیو ڕوناکبیری گەلاوێژ/کەرکوك کۆتایی بەیەکەمین فێستیڤاڵی ئەدەبی کەرکوك بۆئاشتیو ئازادی هات.

## بنکەی ئەدەبیو ڕوناکبیری گەلاوێژ لقی کەلار – لەهەڵبژاردنێکی نوێدا

لەڕۆژی ٢٠٠٤/٥/١ بنکەی ئەدەبیو ڕوناکبیری گەلاوێژ لقی کەلار بەئامادەبوونی سەرجەم ئەندامانی لق و بەسەر پەرشتی دادوەر ێکی یاسایی هەڵبژاردنی دەستەی بەڕێوەبەری لق ئەنجامدراو ئەم بەڕێزانە بوونە دەستەی بەڕێوەبەر.

| | |
|---|---|
| ئاسۆ وەهاب | بەرپرسی لق |
| کاروان یاروەیس | سکرتێری ڕوناکبیری |
| ئاریان رەئوف | سکرتێری دارایيو ئابووری |


د. محەمەد کەمال

## چالاکیەکانی بنکەی ئەدەبیو ڕوناکبیری گەلاوێژ

–ڕۆژی سیشەممە ٢٠٠٤/٤/١٣کۆڕێکی شیعر خوێندنەوەی بۆهەردوو شاعیری لاو (ئیدریس عەلی،هێمن حمە جەزا) لەهۆڵیدیالۆگ رێك خست و هەریەك لەشاعیران چەند قەسیدەیەکی خۆیان خوێندەوە.
–ڕۆژی ٢٠٠٤/٤/١٤ هەرلەدرێژەی چالاکیەکانیدا کۆڕێکی لێکۆڵینەوەی بۆبەڕێز د. محەمەد کەمال بەنا و نیشانی (شیعرو فەلسەفە لەبەر رۆشنایی بۆچونەکانی ئەفلاتون هاید گەردا) ڕێکخست، شایەنی باسە د. محەمەد کەمال (مامۆستای فەلسەفەی ڕۆژ هەڵاتە لەزانکۆی مالبۆرن–ئوسترالیا)
–لەڕۆژی ٢٠٠٤/٤/١٨ لەیادی مەرگی مامۆستا (هێمن)ی شاعیر، پەیمانگای مەڵبەندی مامۆستایان بەهاو کاری بەشی ڕوناکبیری بنکەی گەلاوێژ کۆڕێکی شیعر خوێندنەوەی بۆچەند خوێندکارێکی پەیمانگا لەهۆڵی ئامادەیی برادۆستی کچان ڕێکخست شایەنی باسە جەماوەرێکی یەکجارزۆر ئامادەی ئەم کۆڕە شیعریە بوون وێڕای ئەوەی کەخەڵات بەسەر خوێندکارانی بەشداربوو دابەشکرا، چەندین شیعری مامۆستا هێمن خوێندرایەوە کۆڕەکە نزیکەی ١/٣٠ ی خایاند

-سەرلەئێوارەی ڕۆژی ٢٠٠٤/٥/١١ لەهۆڵی دیالۆگ هەرلەدرێژەی چالاکیەکانی بنکەی گەلاوێژ کۆڕێکی بۆبەڕێز (ڕێبوار عارف) سازکرد بەناونیشانی (کەمپینی-هەڵمەت- ی دادگایی سەدام و سەرانی بەعس).
-ڕۆژی ٢٠٠٤/٥/١٩ هەرلەدرێژەی چالاکەکانیدا کۆڕێکی لێکۆڵینەوەی بۆبەڕێز سامی داود بەزمانی عەرەبی سازکرا بەناونیشانی (سیرورة التكوين البصري في اعمال شێركۆ بێكەس -مرايا صغيرة- اناء الالوان نموذجا.



هێمن موکریانی

## خەڵاتکردنی نەجیب مەحفوز

-ڕۆژی ٢٠٠٤/٥/٨ سەفیری ئیتاڵیا ئەنتۆن بادینی قەڵەمێکی بەنرخی پێشکەش بەنووسەری گەورەی میسر (نەجیب مەحفوز) کرد کەلەئەڵماس دروست کراوە.

نەخشە سازی ئیتاڵی بەناوبانگ (كليو موناری) بەهاوکاری لەگەڵ چوار نەخشە سازی تردا نەخشاندویانە ئەم قەڵەمە هاوکاری پەیوەندی نێوان ئەندازیاریو نەخشە سازیو ئەدەب دەردەبڕێت، ئەمەش لەچوار چێوەی بەرنامەیەکدایە بەناونیشانی (نووسەرانی پێنج قەڵەمەکە) پێشکەش دەکرێت بەپێنج نووسەر کەخەلاتی نۆبڵیان وەرگرتووە.



## فەرید زامدار
## لە پێشانگایەکی تایبەتدا
## (گەورەترین درۆ دەستنیشان کردنی وشەکانە)

بەسەرپەرشتی ناوەندی هونەری هەولێر فەرید زامداری شاعیر سێیەمین پێشانگای خۆی لەگەلەری مۆزەخانەی سلێمانی لەرۆژانی ١٠/٥تا ٢٠٠٤/٥/١٤ بەناونیشانی (گەردوون لەپیلانێکی شیعریدا) کردەوە. بە باشمانزانی ئەم دوو پرسیارەی ئاراستەبکەینو سەرەتا لێمان پرسی:

*گەمەکانی رەنگ لای فەرید زامدار چیدەگەیەنێ؟

–رەنگ زمانی یەکەمی سروشتو بوونو خاکو ژیانە، زمانی سەرووتری مرۆڤو گەردوونو شتەکانی تری ئامادەبوونی بەردەوامی جوڵەکانی کاتو زەمەنە.

لەمەودا نادیارەکاندا مەلەو گەمەی تایبەتمەندیانەی خۆی دەکات، کاریگەری گەمەکانی رەنگ لەسەر رەوتی ژیانو سروشتی مرۆڤو روانینەکانیدا زۆرن، رەنگ زمانی بەهاورێ بوونی جوانیەکانە یان لەگەڵ جوانیەکاندا دۆستێکی جوانو، جوانیە بێرەنگەکانیش لای من جوانترن.

من گەمەکانی خۆم لەدەرەوەی نەخۆشیەکانی رەنگ پیادە دەکەم من وەکو (بێکاسۆ) ناگەرێم، دەدۆزمەوە، ماناکان دەست نیشان ناکەم، گەورەترین درۆ لەهونەردا دەست نیشانکردنی ماناکانە، تەنیا لەحاڵەتی کارەساتە مرۆییەکاندا نەبێت.

ژیان زۆرجار گەمەیەکی جوانە، زۆرجاریش نەخۆشو ناشرین، من لەنێوان هەردووکیاندا گەمەکانی خۆم بەنادیاریو لەماڵەکانی فەزا چێدەکەم.


من دەمەوێ بەسنورە گەردوونیەکانی رەنگ بگەمو رەنگی نوێتر بدۆزمەوەو بیکەمە دیاری روانینە نەخۆشەکانی مرۆڤ.

ئەستەمە تۆ (شین بەمۆرو سپی بەسوورو سوور بەسەوزو سەوز بەزەردو زەرد بە پەمەیی) لەچاوەکانتا تێکەڵ ببنو لەناو ئاڵۆزی رەگەکاندا خوێندنەوەی خۆت نەبێ.

من لەشەڕی رەنگەکاندا زۆرجار برینداڕو زۆرجاریش بەئاشکرا تیرۆر دەکرێم، هیچ رەنگێك بەناوی خۆی بانگ ناکەمو هیچیشیان بەنووستوویی ناوزەدناکەم هەمیشە لەسەنگەرەکانی پێشەوەی شیعرو شێوە لەجەنگدام.

ئەوە چ جەنگەڵێکی نامۆیە بەو ناوچانەی یەکێتی شێوەکان بەناو وڵاتی رەنگەکانو بەرامبەر بەسروشتەگیانیەکانی روانین تەماوی تر دەبێ؟!





ئا/کارە


*ئایا وشە لای فەرید زامدار رەنگە یان واتایە؟

—من نە لەشیعرو نەلەشێوەکاری کار لەسەر بەواتابوونو بەمانابوون ناکام. لەدەرەوەی ئەواندا؛ جیهانێکی جیاتر دەخوڵقێنمو زمانێکی ترو جیاتر بەو مەخلوقە جیاوازانەی گەردوون دەبەخشم، کە لەئاسمانی دیدگاو خەونەکانم دێنە خوارەوە، زۆرێك لەو چەمکە باوو سواوانەی ژیان بەوشەو رەنگو دیدگاکانم تا پێم بکرێ وردوخاشیان دەکەمو روانینەکانیشم بەشێوەیەکی تردا بەش دەکەمو بۆ ئەو واقیعە راوەستاوو چەقبەستووە تەرجەمەی دەکەمو گۆمە مەنگەکانی بیرکردنەوەش تاسەر ئێسقان دەشلەقێنم، چاوی نۆژەن بۆ ئێسکەکانی ئاو دەکەمەوە، روانین دەدەم بەپێیەکانی بەردو بە پەنجەکانی خۆڵ گوڵەکانی شەو دەنێژمو مرۆڤیش دەبەخشمە چۆڵاییو بیابانە ئاوییەکانی تینیوێتی.

ئەرێ تۆ لەپانتاییەکانی بیرو دیدگاو روانینەکانی منو شەڕەکانیان چیت لەچاوە تیژەکانی خەیاڵی من دەوێ؟!

ئەرێ تۆ بۆ ئەوەندە لێم نزیك دەبیتەوە تامن زیاترو دوورتر بکەومەوە؟ ئەوەنییە لەو ساتە دیدگاییەدا لەناو ماناکانی ژیانو بوون بەرەو سەرەوەکانی گەردوون دەڕۆمو لەوێوە سەیری رووخسارە لێکچووەکان دەکەمو خەریکی گۆڕینی شێوەو دەمامکە ئاوێنەییەکانم!!

خەریکی خوڵقاندنی زمانێکی ئاویمو، لەناو زەمەنە بێزمانەکاندا مەلە دەکەم.





فەرید زامدار

# فەرید زامدار
## ئەو پیاوەی لەڕەنگدەچێت

ناسینی من و فەرید زامدار، تەمەنێکی دوورو درێژی نیە، بەڵام هەناسە دانم لەبەر دەم ئاوێنە ڕەنگاو ڕەنگەکانی شیعری زامدار، بۆزەمەنێکی دوورتر دەگەڕێتەوە: بەتایبەتیش ئەوساتانەی لەبەردەم شەقامە پایزییەکەی یەسینینی شاعیردا، زۆرم حەز لەتەنیاییگەلاو، لەتەنیایی پیاسەی ئەوشەوانە دەکرد، کەتەنیاو، تەنیا، پایزو تەئەمولاتم تیا خۆشویست. ئەمیش ویستگەیەکی تربوو لەئاشنابوونم بەو دیوانە بێناو نیشانەی فەریدی شاعیر کەزۆرغەریبانە ڕۆیشت و زۆر غەریبانەش، کەس ئاوڕێکی جیدی لێنەدایەوە. پێم وایە، هەڵچونێکی ئێجگار گەورەی شیعرییەتی زامداربوو، زامدار لێرەوە، لەبەردەم بەرەنگبوونی وشەکاندا لەبەردەم باڵندەیی ئەوهەناسە شیعرانەدا. بەکورت بونی وێنەکان– بەکورتر کردنی ڕێگای ڕەنگەکان، بەئاسمانی کردنی شیعرو خۆشەویستی. خۆمانی پێناساند، بەڵام لەوساوە، بەتوڕەبونێکی سەرخۆشانە، قاقای بۆمەعریفە لێدەداو دەیوت، تەنیا خەیاڵ و ئەندێشە، دەتوانێت دەقی جوان وداهێنەرانە وەبەر بێنێ، ئەوانی تر بابچنەوە، باخچە ڕازاوەکانی بێدەنگی.. ئەم هاوڕێیەمان هێمنانە ڕێدەکات و، شاعیرانەش سەیری وەرزەکانی ڤیڤاڵدیو، سەیری سمێڵە قنجەکەی سلفادۆر دالی دەکات، لەنێو شەپۆلە سەرمەستەکانی ڕۆمانیشدا هێندە وشەی تیاخۆش دەوێت، خەریکە بۆدواجار ئاوێزانیان دەبێت. بەوشە، بەشوشە سەرمەستەکان دەڵێت: کەی وادەی ڕوت بوونەوەی ئێوەش دێت، بۆیە لەنێو ڕوناکی تابلۆکاندا، دواسەمای زۆربا دەکات و ئەمیش هیچ واتایەکی پێناڵێت، بەڵکو لەدواساتی مژی جگەرەکەوە، بەدوکەڵێکی خەستەوە دەڵێت، خۆئەمانەوشەی شیعرین، کتومت زەمانە ئاڵۆزاوەکەی شیعرە، دەبیان خوێنەوە، کەی ئەمانە واهیمەکانی ڕەنگن.

هاوڕێم.. لەنێوان ڕەنگ و وشەدا، سنورێکی تر نادۆزینەوە، لەئامێزی نامۆ بونێکی ترمان بگرێت، جگە لەو وڕێنانەی تەنیا خۆمان دەزانین چەند لەزەتێکی ئەزەلی هەیە، ئەوانیش کەوالەودیوی ئەو لەزەتەن، تەنیا خۆر بارانی زەمەن دەیان دوێنێو هیچیتر نا.هاوڕێم.. لەزەمەنە تاریکەکاندا، بەشیعر بەگژ ڕەوتە سەلەفیەکاندا چویتەوە. هەرزوو، شەپۆلی زمانی خۆت دۆزییەوە، بەشیعر لەوڵاتی جیاوازییەکاندا. بونت هەیە، بەڵام ڕەوتی بەدوادا چوون و بەسەرکردنەوەی ڕەخنەو تێڕامانی ڕەخنەیی، تاکو ئەمڕۆشی لەگەڵدابێت. لەئاستی ئەم دەنگە پڕلە ڕەنگە، ئێجگار بێدەنگە، ئەمەیە غەدری وشەو داهێنان.



بەپێنوسی - سامی هادی

## شرۆشیتاڵی شاهان

## لەبڵاوکراوەکانی بنکەی ئەدەبیو ڕوناکبیری گەلاوێژ

کاوە حاجی عزیز

جاندەمۆ

وەرگێڕانی عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی





شرۆشیتاڵێ شاهان ناونیشانی ئەو پارچە شیعرەی جان دەمۆیە کەوەرگێڕ: عەبدوڵلاتاهیر بەرزنجی کردویەتیە ناونیشانی کتێبێک کەتایبەتە بەو، واتە جان دەمۆی شاعیری ئاشوری شاری کەرکوك (١٩٣٨ — ٢٠٠٣). جگە لەپێشەکی وەرگێڕ وچەند شیعرێکی وەرگێڕاوی جان دەمۆ دوونوسین کەلەلایەن (عبدالقادر الجنابی، فاطمە المحسن) نوسراون، هەروەها چاو پێکەوتنێك کەلەگەڵ جان دەمۆدا کراوە کراونەتە کوردی، لەخوێندنەوەیاندا جۆرێك لەتام و چێژێکی ئەدەبی لەلای خوێنەر جێدێلێت و واهەست دەکەیت کەلەبەردەم شاعیرێکدا وەستاویت کەهەم ڕەفتارو هەم وشەکانی بەمانای وشە شیعرن وبەخوێنی دڵ نوسراون، هەرچەندە خۆشی دەڵێ (تاکەڕەنگێك کەبوونی نییە: خوێنە). شیعرەکانی جان دەمۆ بەخوێنەر دەڵێ: لەژیان تێبگەو سەرشۆڕ مەبەو باپەراوێزیش بیت، زۆر لەوەباشترە لەبەردەم کەسانێکا بچوك بچوك بیتەوە ! ! نووسین بۆئەو گەورەترین ئارامە پێبەخشیوەو دەڵێ (بەلای منەوە هەموو شیتێك لاوەکیە تەنها نووسین نەبێت). جان دەمۆ شان بەشانی گرینگترین بزوتنەوەی شیعری لەمێژووی شیعری عێراقی نوێدا شیعر دەنوسێ واتە لەشەستەکانەوە. سەربەئەزمونێکی جیامەندەو بەو ئەزمونەش دەوترا کۆمەڵەی کەرکوك لەپاڵی جان دەمۆدا (سەرکۆن بۆڵس وفازل عەزاوی و سەلاح فائیق وئەنوەر غەسانی و موئەیەد الراوی) تیادابوو کەجۆرێکی تایبەتیان دەنووسی، هەرچەندە ئەم شاعیرە زۆر شیعری نەنووسیوە بەڵام ئەوەشی کەبڵاوی کردونەتەوە پارچە کارێکی شیعری گەورەیە، لێرەدا دەردەکەوێت کەجان دەمۆ سودمەند ترە بگرەباڵای لەوانە بەرزترە کەدرێژ دادڕن وزۆر دەڵێن وزۆریش دەنووسن وەلێ هیچ ناڵێن.. ئەم زۆر ناڵێ بەڵام کورتییەکەی بەقەد باڵای ناسینی بووە کەکاری لەهەست و ناخی خۆیدا کردووە هەرئەوەش بووە کەتەنها رەوشت وئاکارەکاری لەژیانیدا بۆتە چەند دیوانێکی لەیەکتر نەچوو.

ئەوەتا دەڵێ (من ناتوانم زۆر بڵێی وچەنەبازی بکەم، ناتوانم وڕێنە بکەم چونکە هەمووشتێك لەلام بەوردییەکی زۆر و گەورە حیسابی

بۆكراوه) هەرچەندە نەیویستووه هیچ پلەو پایەیەكی پێ ببەخشرێت بەپێچەوانەوه، وەك خۆی دەڵێ: (لەهیچ مەخلوقێكم گەرەك نییە پایەیەكم پێببەخشێ چونكە من خۆم پایە بەكەسانی تر دەبەخشم).

هەرئەوەندە ماوه لەگەڵ ئەو بڵێم:

ئاخۆ بۆمنداڵەكانمان چی جێدێڵین
چیان بۆجێدێڵین لەسەدەی داهاتودا
ژەهری گەرم!
مردنی ئامادەكراو!!
یاتەرم...




## خۆناسەكان

لەدووتوێی (١٧٧) لاپەڕەدا، مامۆستای چیرۆك نوس (محەممەد ڕەشید فتاح) كتێبێكی شانۆیی بەناو نیشانی (خۆناسەكان) بڵاو كردۆتەوه، ئەم كتێبە، پێك هاتووه لەسێ دەقی شانۆی كوردی كەڕوداوەكانی بیرو زادەی كۆمەڵی كوردەواریدا هەڵقوڵاون، سێدەقەكەش لە بریتین لە (خۆناسەكان، قەوانە شكاوەكان، دوێنێی ئێستا) شایەنی باسە مامۆستای چیرۆك نووس ئەمە دەیەمین كتێبێتی كەلەبواری چیرۆك و شانۆو ڕۆماندا بڵاوی كردۆتەوه هیوادارین بەرهەمە وەرگێڕاوەكانیش كۆبكاتەوەو كتێبخانەی كوردی پێ دەوڵەمەند بكات.

# گەلەری ئارام
# ماڵێکی ترە بۆ شێوەکاران

هەرگەشتیارێك لەدنیادا کەسەردانی وڵاتان و نەتەوەجیاوازەکان دەکەن پێش هەموو شتەکان وێڵی ئەوەن کەبزانن ئایا لەو شارەدا یاخود لەوناوچەیەدا چەند گەلەری بوونی هەیە، واتا بەرچاوترین ناسنامەی ئەو وڵات و نەتەوەیەیە کە دەکرێت نەتەوە کان خۆیانی پێبناسێنن، هەرلەودیدەشەوە لەشاری سلێمانیدا گەلەری زاموا دامەزرێنراو ئەمساڵ شێوەکار (ئارام عەلی) بەشێکی ماڵەکەی خۆی کردە گەلەرییەك، تاکو بتوانێت ماڵێکی تر بۆشێوەکاران زیادبکات.

گەلەری ئارام بەهاو کاری وەزارەتی رۆشنبیری دامەزرێنراوە (ئارام عەلی)گشت تواناکانی بۆسەرخستنی ئەو ماڵەنوێیەی شێوەکاران خستۆتەگەڕ، بۆزیاتر ئاشنابوونمان بەشێوازی دامەزراندنی گەلەری ئارام عەلی ئەم دیدارەمان لەگەڵ شێوەکار (ئارام عەلی)دا سازکرد.

- سەرەتا با لەچۆنێتی بیرۆکەی دروستکردنی گەلەرییەکەوە دەست پێبکەین؟

* سەرەتا پێم خۆشە ئەوە بڵێم دیارە من لەبواری هونەری شێوەکاریدا دەڵێم کەهەموو هونەرمەندێك خەونی ئەوەی هەیە کەگەلەرییەکی تایبەتی خۆی هەبێت، من ئەم جێگایەم هەبوو، دەمێکیشبوو پێم خۆش بوو کەکارێکی لەو جۆرە بکەم، بۆخۆشم لەبوارەکەدا کاردەکەم، سەرەتا لەگەڵ کۆمەڵێك لەهونەرمەندە شێوەکارەکان گفتوگۆم کرد لەگەڵیاندا کەداخۆ گەلەرییەکە چۆنبێت وچۆن کاری بۆبکرێت، دیارەئەوان

بیرۆکەکەیان زۆر پێخۆش بوو،یەکێك لەوانە مامۆستا (سەروەت ئەنوەر سەون)بوو کەچەند جارێك قسەمان کرد لەسەر چۆنێتی گەلەرییەکە، هەڵبەتە هاندانی هونەرماندان و هاوڕێیان شتێگی گەورە بوو بۆدروستکردنی گەلەرییەکە.


- هاوکاری کردنی وەزارەتی رۆشنبیری تاچ ئاستێك بوو؟




سازدانی - بەختیار سەعید

* پێم خۆشە سەرەتا زۆر سوپاسی بەڕێز کاك (فەتاح زاخۆیی) وەزیری ڕۆشنبیری بکەم، کەکەسێکە زۆر پشتگیری زۆری هونەرمەندان دەکات و زۆر دڵسۆزە، دیارە ئێمە زیاتر ڕاستەو خۆ پەیوەندیمان بەوەوە هەیە، من دەتووانم لەسەر کاك فەتاح ئەوەبڵێم کەزۆر پشتگیری کردوم، بە کارێکی باشی دەزانی هەربۆیەکە چوەلای راستەوخۆ ئەندازیارەکانی نارد بۆئەوەی شوێنەکە ببینن و تا مەسحی هۆڵەبکەن، واتا زۆر بەباشی هاوکاریان کردوم وزۆر سوپاسیان دەکەم ودەست خۆشیان لێدەکەم.

- یەکەم خولی گەلەرییەکە بەبەرهەمی چەند هونەرمەند کرایەوە؟









* پێش ئەوەی قسەلەسەر ئەوەبکەم کەچەند هونەرمەند بەشداری کردووە، من دەمەوێ لێرەوە داوای لێبوردن لەهەندی هونەرمەند بکەم، کەهونەرمەندی زۆرباشمان هەیەو کەزۆربەسەلیقەو بەتوانان کەنەمتوانی بۆئەم خولە بانگهێشتیان بکەم، ئەوەش بۆئەوە دەگەڕێتەوە کەمن زۆر بەخێرایی ئیشم لەگەلەرییەکەدا کرد، کاری زۆری دەویست ئەوەش بوو هۆی ئەوەی کەنەتوانم هەموو هونەرمەندان بەشداری بکەن.

ئەوەی لەم خولەدا بەشداریان کردووە (٤٩)هونەرمەندن زۆر سوپاسیان دەکەم کە هاوکاری گەلەرییەکەیان کردوم، کەمن دوو داواکاریم هەبوولەوکارانەی کەدەیانەوێت بەشداری بکەن کەدەبێت کارەکان نوێبن هەروەها چوارچێوەکانی داربێت نەك ئەلەمنیۆم بێت، تەنها دووهونەرمەند نەبێت کەکاری کۆنیان هێناوە کەئەوانیش (ئیسماعیل خەیات، عەلی جۆڵا)کەبەدوو کاری کۆن بەشداریان کرد، مامۆستا (ئیسماعیل خەیات) بۆخۆم داوام لێکرد کەکارێکی کۆنم بۆبهێنێت بەومەبەستەی نەوەیەك هەیە کەکارە کۆنەکانی مامۆستا (ئیسماعیل خەیات) یان نەبینیوە، لەهەمان کاتدا لەبەرنامەدایە کەلەئایندەدا کاری کۆنی هونەرمەندان نمایش بکەم.

یەکێك لەوخالانەی کەدەمەوێت باسی لێوە بکەم دەربارەی ئەو هونەرمەندانەی کەبەشداریان کردووە لەوانە مامۆستا سەروەت کە لەسەرەتای دروست بوونی گەلەرییەکەوە ئاگاداربوو هەروەها زۆری پێخۆش بوو، بەڵام بەداخەوە توشی ئەو کارەساتە بوو، کەنەیتوانی گەلەرییەکە ببینێت بۆیە شایەنی ئەوەبوو کەخولی یەکەم بەناوی ئەوەوە بێت، هەڵبەت من لەوەزیاترم بۆنەدەکرا بۆمامۆستا سەروەت.

- بوونی گەلەری ئەهلی بەلای (ئارام عەلی)یەوە چی دەگەیەنێت؟

* هەڵبەت بوونی گەلەری بۆخۆی نیشانەی پێشکەوتنەو بوارە هونەرییەکە بەرەو پێشەوە دەبات گەر ئەهلی بێت یان حکومی، من

دەتوانم دەست خۆشی لەوانەبکەم کەگەلەری دەکەنەوە لەشارەکەماندا کەپشتگیری هونەرمەندان دەکەن، یەکێك لەو گەلەرییانەی کەپێم خۆشە باسی بکەم گەلەری زاموایە، کەیەکێکە لەو گەلەرییە زۆرباشانەی کەبۆتە مالّی هونەرمەندان، هەربۆیە دەمەوی دەست خۆشی لەبنەمالّەی مامۆستا (برایم ئەحمەد) بکەم کەکارێکی زۆر پیرۆزو باشیان کردووە بۆهونەرمەندانی شێوەکار، گەرقسە لەسەر گەلەری شەخصی بکەین، گەلەری شەخصی بۆخۆی ڕۆڵی خۆی دەبینێت.

- ئەوجیاوازیانە چییە کەلەبوونی گەلەری ئارام و گەلەرییەکانی تری شاری سلێمانی دا هەیە؟

* گەلەری بۆخۆی ئەرکی نیشاندانی کاری هونەرییە، لەوبڕوایەدام گەربەشێوەیەکی گشتی سەیری بکەین هەموویان یەك خزمەت دەکەن، بەلاّم دەکرێت ئەو لەپەیڕەوی ناوخۆیی گەلەرییەکە جیاوازییەك هەبێت، کەلەوانەیە گەلەرییەك کاری لاواز لەخۆ نەگرێت، بەڵکو گەلەرییەکی تر بەشێوەیەکی گشتی کاری هونەرمەندان وەردەگرێت من بۆخۆم حەزدەکەم لەم گەلەرییەدا تازەگەرییەك بکەم، کەئەویش هونەرمەندان بۆخۆیان بڕیاردەربن کەلەخولەکاندا چی نیشان بدرێت وە پڕیژەی خۆیان پێشکەش بکەن، من لەلای خۆمەوە بەزۆری هونەرمەندانم ووتووە کەلە خولی داهاتودا پڕۆژەیەك پێشکەش بکەن کەخولی ئایندە چۆن بێت باشترە، یاخود چ جۆرە ستایلێکی هونەری بۆخولی ئایندە بەلایانەوە پەسەندە یاخود چەند هونەرمەند بەشداربێت باشترە، ئەم پڕۆژانە لەدانیشتنێکدا پێشکەش دەکرێت و ئەنجامی یەکێکیان بەزۆرینەی دەنگ هەڵدەبژێردرێت.

- بەدیدی ئێوە گەلەری پێویستە چ ئەرکێك لەئەستۆ بگرێت جگە لەئەرکە هونەرییەکە؟

* بەبڕوای من هونەرمەند پێویستی بەشوێنێکە تیایدا کۆبێتەوە، بەتایبەت بۆ هونەرمەندانی شێوەکار، بۆخۆم لەکوێ کاری هونەری نیشان بدەن لەوی دادەنیشم، وەهەر لەوێ گفتوگۆ لەنێوان هونەرمەنداندا دروست دەبێت، من پێش ئەوەی ئەم گەلەرییە بکەمەوە زۆربەی کات لەگەلەری زاموا دا دەنیشتم پاشان ئێستاش بەپێی توانا هەرسەردانی دەکەم، هەربۆیە سەردانی هونەرمەندان بۆگەلەرییەکان بەزەرورەتی دەزانم و بیکەنە جێگای دانیشتنی خۆیان تاکو ڕاگۆڕینەوە بکرێت و ئەنجام کاری باش ئەنجام بدرێت.

لەهەمان کاتدا بوونی گەلەری وەك پاڵپشتێك بۆهونەرمەند دەکرێ کاری هونەری لێ بفرۆشرێت ئەوەش دەبێتە هاندەرێك بۆبەردەوامی کارکردن.









- هەموو گەلەرییەك خاوەنی ئەرشیفێکی هونەری شارەکەی یاخود نەتەوەکەیەتی، ئێوە بیرتان لەبوونی ئەرشیفێکی لەوجۆرەتان کردۆتەوە؟

* ئەوەی دەکرێت لەپڕۆژەی داهاتووی گەلەرییەکەدا جدی تر کاری بۆبکرێت چونکە بوونی هەموو جۆرە ئەرشیفە زەرورەتێکی حەتمییە.

- هاندەری سەرەکی بۆدروست کردنی گەلەری ئارام چی بوو؟

* بوونی بیرۆکەکە لەلام و هاندانی هاوڕێیان و خێزانەکەم هاندەری سەرەکیم بوون، هەرچەندە من بۆخۆم بەزەرورەتێکی دەزانم

- بەرنامەی داهاتوت بۆگەلەرییەکە چییە؟

* بۆهەموو خولێك دانیشتنێك هەیە لەسەر ئەو بەرهەمانەی کەنمایش کراون، یاخود نمایشی سیدی یاخود ڤیدیۆیی لەهەمان کاتدا گفتوگۆ لەسەر ئەو نمایشانە کەبڕیارە لەداهاتودا کاری بۆبکەم.

- زۆر سوپاست دەکەم بەهیوای گەشەکردنی ئارام و گەلەری ئارام

* سوپاس بۆگۆڤاری (گەلاوێژی نوێ).

**گەلەری بۆخۆی ئەرکی نیشاندانی کاری هونەرییە، لەوبڕوایەدام گەربەشێوەیەکی گشتی سەیری بکەین هەموویان یەک خزمەت دەکەن، بەڵام دەکری ئەو لەپەیڕەوی ناوخۆیی گەلەرییەکیە جیاوازییەک هەبێت**




## جارێ کەس ڕاست ناکات!

مرۆڤ لە سەرەتای پەیدابونییەوە لە کێشە و ململانێ دایە. کێشەی مرۆڤ بەردەوام و ئاڵۆزە. ململانێی بەردەوام بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و دابینکردنی خۆشگوزەرانی و ئاسودەیی هەمیشەیی. ململانێ بە دوو ئاراستە دا: یەکەم، ململانێی مرۆڤ لەگەڵ سروشتدا بۆ زاڵبوون و کۆنترۆڵکردنی سروشت و دیاردەکانی. دووەم، ململانێی مرۆڤ لەگەڵ مرۆڤدا بۆ دۆزینەوەی ڕەوتێکی پێکەوە ژیانی گونجاو و سیستەمێکی بەڕێوەبردن کە خۆشگوزەرانی

ڕەها بۆ مرۆڤ ( تاك ، خێزان، کۆمەڵ) بهێنێتە دی.

ململانێی مرۆڤ لەگەڵ سروشتدا بە درێژایی مێژوو لە بەرەوپێشچووندایە، بۆ زیاتر زاڵبوون و کۆنترۆڵکردنی سروشت و دیاردەکانی و خستنەگەڕی بۆ بەرژەوەندی خۆی و سود لێوەرگرتنی بۆ بەدیهێنانی ژیانی خۆشگوزەرانی بەردەوام. لە ئەنجامی هەوڵدان و پشکنین و تاقیکردنەوە و کەڵەکەبونی مەعریفەی زانستی بۆ دۆزینەوە و شیکردنەوەی نهێنیەکانی سروشت و دیاردەکانی ، مرۆڤ گەیشتۆتە دۆزینەوەی کۆمەڵێك هاوتا و یاسای زانستی کە بونەتە بنەمای ڕەها بۆ زانستەکانی سروشت، ئەو هاوتا و یاسایانە لە تاقیگەی زانستی و بواری پراکتیکدا سەد دەر سەد مەبەستیان پێکاوە و زانستەکانی وەك( ماتماتیك، فیزیا، کیمیا، بایۆلۆجی...هتد) لێهاتۆتە کایەوە، کە بە زانستی تیۆری ناسراون. و لە مانەشەوە کۆمەڵێ زانستی تر هاتۆتە کایەوە وەك زانستی (پزیشکی، ئەندازە، دەرمانسازی، کشتوکاڵ، پیشەسازی...هتد) کە بە زانستی پراکتیکی ناسراون و ڕۆژانە بۆ بەدیهێنانی خۆشگوزەرانی ژیانی مرۆڤ و کۆمەڵ بەکاردەهێنرێن و سودی تەواویان لێوەردەگیرێت و سەد دەر سەد ئامانج و مەبەستەکانیان بەدیدەهێنن. ئەو هاوتا و یاسا زانستیانە نەگۆڕن. ڕێژەیەکی کەمیان نەبێت کە بە پێی شوێن و کات گۆڕانیان بەسەردا دێت. ئەم زانستانە هیچ مرۆڤێك لە جیهاندا نکۆڵی لە ڕاستی و دروستیان ناکات و پەیڕەوی تەواویان دەکات و لە کار و چالاکی ژیانی ڕۆژانەدا هاوتا و یاساکانیان پیادە دەکات. ململانێی مرۆڤ لەگەڵ سروشتدا بەردەوامە و لەبەرەو پێشەوە چوون و پەرەسەندن و سەقامگیربوندایە. بواری ململانێکە بەرەو



ئەم جارە تەیب جەبار نووسیویە

ڕێڕەوگرتن و زاڵبوونی مرۆڤ بەسەر سروشتدا دەچێت، بۆ بەدیهێنانی خۆشگوزەرانی ڕەها بۆ خۆی.

بەلاّم لەبواری ململانێی مرۆڤ لەگەل مرۆڤدا، واتە ململانێی مرۆڤ لەگەڵ ناخی خۆی، ململانێی مرۆڤ لەگەڵ مرۆڤ وەك تاك، وەك خێزان، وەك كۆمەڵ هێشتا پر كێشەو ئاڵۆزەو ململانێیەكی توند و تیژ و بێچارەسەرە. لە ئەنجامی هەوڵدان و لێكۆڵینەوەی ورد و دید و بۆچوونی جیاواز بە درێژایی مێژوو و كەڵەكە بوونی مەعریفەی مرۆڤ لە بواری زانستەكانی كۆمەڵدا تا ئیستا هیچ چارەسەرێك لە شێوەی هاوتا و یاسا بۆ چارەسەری ئەو كێشانە نەدۆزراوەتەوە. هەموو هەوڵدان و پشكنین و تاقیكردنەوەكان لە بواری تاقیكردنەوە و بەراوردكردندا مەلە دەكەن و هیچ ئەنجامێكی ڕاست و دروستیان لێنەكەوتۆتەوە.

بەپێی بۆچونی ئێمە، مەعریفەی مرۆڤ بۆ چارەسەری كێشەكانی مرۆڤ و كۆمەڵ بەسێ قۆناغی سەرەكیدا تێپەڕیوە و هیچ ئەنجامێكیان نەبوە.

قۆناغی یەكەم، قۆناغی مەعریفەی ئەفسانەییە، كە بە پێی بۆچوون و تێڕوانینی ئەفسانەیی باو لەسەردەمەكەیدا چارەسەری بۆ كێشە و ململانێكان داناوە و مێژووش دەیسەلمێنێت كە خۆشگوزەرانی ڕەهای بۆ مرۆڤ دابین نەكردوە.

قۆناغی دووەم، قۆناغی مەعریفەی ئایینی، مێژوو دەیسەلمێنێت كە خۆشگوزەرانی ڕەهای بۆ مرۆڤ بەدینەهێناوە و ئەم قۆناغەش بەردەوامە.

قۆناغی سێهەم، قۆناغی فەلسەفەیە، كە ئێستا زیاتر باو و بەردەوامە، فەلسەفە دید و بۆچونی مرۆڤی تاكە یاخود كۆمەڵێك مرۆڤە كە دید و بۆچونیان لەیەكەوە نزیكە و قوتابخانەیەكی فەلسەفی پێكدەهێنن. دەیان دید و بۆچوون و لێكۆڵینەوە و شیكردنەوەی جیاواز هەیە بۆ چارەسەری كێشە و ململانێكانی مرۆڤ و كۆمەڵ. مێژووی كۆن و نوێش دەیسەلمێنی كە ئەم قۆناغەش تا ئێستا نەیتوانیوە خۆشگوزەرانی ڕەها بۆ مرۆڤ دابین بكات

تا ئێستا، لە ئەنجامی كەڵەكەبوونی مەعریفەی مرۆڤ بە هەر سێ قۆناغەكە، هیچ یاسا و هاوتایەك نە دۆزراوەتەوە كە ببێت بە بنەما و دەستورێك بۆ دانانی سیستەمێكی كۆمەلاّیەتی ڕەها كە خۆشگوزەرانی ڕەها بۆ مرۆڤ دابین بكات، وەك لە زانستەكانی سروشتدا هەیە، لەبەر ئەوە جارێ كەس ڕاست ناكا. بەلاّم پرسیارەكە ئەوەیە ، تۆ بڵێی ڕۆژێك بێت مرۆڤ بگاتە ئاستێكی مەعریفی وەها كە یاسایەكی ڕەها بۆ ژیان و بەڕێوەبردنی مرۆڤ (تاك ، خێزان، كۆمەڵ) بدۆزێتەوە. كە خۆشگوزەرانی ڕەهای بۆ دابین بكات؟ ئێوە ئەڵێن چی؟

**تۆ بڵێی ڕۆژێک بێت مرۆڤ بگاتە ئاستێکی مەعریفی وەها کە یاسایەکی ڕەها بۆ ژیان و بەڕێوەبردنی مرۆڤ (تاک ، خێزان، کۆمەڵ) بدۆزێتەوە.**